# هاملێت

شـــازادەی دەنیمارک

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ولیام شێکسپیر

# هاملێت

## شـــازادەی دەنیمارک

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

دوکتۆر سەلاح بابان

پێداچوونەوەی

مامۆستا کەمال مەحموود فەرەج و

دوکتۆر مارف خەزنەدار

ناوی کتێب: هاملێت – شازادەی دەنیمارک
نووسینی: ولیام شێکسپیر
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: دوکتۆر سەلاح بابان
پێداچوونەوەی: مامۆستا کەمال مەحموود فەرەج و دوکتۆر مارف خەزنەدار
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٧٣
هەڵەگری: بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٥٩٩ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

مافی چاپکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە بۆ وەرگێڕ خۆیەتی

# پێڕست


وتەی وەرگێڕ ..... 7
دەربارەی شێکسپیر ..... 9
چیرۆکی هاملێت بە کورتی ..... 15
شانۆگەری هاملێت – شازادەی دەنیمارک ..... 21
پەردەی یەکەم ..... 25
دیمەنی ١–١ ..... 27
دیمەنی ٢–١ ..... 46
دیمەنی ٣–١ ..... 72
دیمەنی ٤–١ ..... 84
دیمەنی ٥–١ ..... 93
پەردەی دووەم ..... 111
دیمەنی ١–٢ ..... 113
دیمەنی ٢–٢ ..... 124
پەردەی سێیەم ..... 187
دیمەنی ١–٣ ..... 189
دیمەنی ٢–٣ ..... 209
دیمەنی ٣–٣ ..... 247
دیمەنی ٤–٣ ..... 258
پەردەی چوارەم ..... 281
دیمەنی ١–٤ ..... 283
دیمەنی ٢–٤ ..... 288
دیمەنی ٣–٤ ..... 291
دیمەنی ٤–٤ ..... 298
دیمەنی ٥–٤ ..... 304
دیمەنی ٦–٤ ..... 323

دیمەنی ٧-٤ ..... 326
پەردەی پێنجەم ..... 345
دیمەنی ١-٥ ..... 347
دیمەنی ٢-٥ ..... 376
پاشکۆکانی شانۆگەرییەکە ..... 417
پاشکۆی ١ ..... 419
پاشکۆی ٢ ..... 422
پاشکۆی ٣ ..... 425
پاشکۆ ٤ ..... 434

## وتەی وەرگێڕ

ئەمە دووەم جارمە کە کارێکی ئەدەبی وەربگێڕم بۆ کوردی و بڵاوی بکەمەوە. پێش ئەمە، ساڵی ٢٠٠٧ ، "مەکبێس"م بڵاو کردەوە. نیازم وایە چەند شانۆگەرییەکی تری شێکسپیر وەربگێڕم بۆ کوردی. یەکێک لەوانە "شا لییەر"ە کە ئێستە پێوەی خەریکم.

بۆ ئەوەی، ئەگەر هەڵەیەک یاخۆ کەموکورتییەک لەم وەرگێڕانەدا هەبێت چاکیان بکەمەوە، ئەم بەرهەمەم، چونکە من جگە لە ئیگلیزی، عەربی و رووسیش دەزانم ، بەراورد کردووە لەگەڵ سێ تەرجومەی عەرەبی و دووانی "رووسی"دا. ئەوەی راستی بێت، من سوودم لە هەمووویان وەرگرتووە. بەڵام خۆشم هەڵەم لەوانەی ئەواندا دۆزیوەتەوە، لەو باوەڕەدام کە زۆر گرانە یەکێک کارێکی ئاوا بکات و هەڵەی تێدا نەکات. لەم کارەی منیشدا، بێگومان، هەڵە و کەموکورتی، لەو جۆرانەی کە خۆم نایان بینم، هەر دەبێت هەبێت. لەبەرئەوە زۆرم پێ خۆشدەبێت رەخنەی خوێنەری بەرێزم پێ بگات، بەڵکو سوودیان لێ وەربگرم بۆ جاری داهاتوو.

– وەرگێڕانی هاملێت، بەم شێوەیەی دەیبینن، بەدەستمەوە نزیکەی سێ ساڵی کێشاوە. هەمدیسانەوە، وەکو جاری پێشوو، کە بە "مەکبێس"ەوە خەریک بووم، بە درێژاییی کارکردنەکەم، مامۆستا "کەمال مەحموود فەرەج" یارمەتی دەدام لە کوردییەکەیدا؛ وەکو مامۆستایەکی دڵسۆز دێر بە دێر چەند جارێک هەمووی خوێندووەتەوە و بەراوردی کردووە لەگەڵ ئینگلیزییە رەسەنەکەی و تەرجەمە عەرەبییەکانیدا. لە زۆر جێگەدا رەخنەی لێ گرتووە و زۆریشمان پێکەوە چاک کردووەتەوە. لێرەدا پێویستە بشڵێم کە لە چەند جێگەیەکدا، چەند دێریک هەیە، هەر دارشتنی مامۆستا کەمال خۆیەتی. ئەمە ئەرکێکی ئاسان نییە. بێگومان، زۆر زۆر سپاسی دەکەم.

هەروەها زۆر سوپاسی مامۆستا دوکتۆر مارف خەزنەدار دەکەم. ئەویش پێییدا چووەتەوە و لە چەند جێگەیەکدا رەخنەی لێ گرتووە و پێکەوە چاکمان کردوونەتەوە.

– لە چەند جێگەیەکدا نەبێت، شێکسپیر "هاملێت"ی، وەکو شانۆگەرییەکانی تری، بە شیعر نووسیوە. منیش، بە پێی توانام، هەوڵم داوە کە دەستەواژەکانم هۆنینەوە و سەروایان بدەمێ.

ئیتر ئومێدم وایە ئەم بەرهەمە، سوودێکی هەبێت بۆ دەوڵەندکردنی کتێبخانە و ئەدەبی کوردی. هیوادارشم خوێنەری بەڕێز پەسەندی بکات.

سەلاح بابان

بەرمەنگهام ٢٠٠٨/١٢/١٢

E-mail: sbaban2000@yahoo.co.uk

## دەربارەی شێکسپیر

هەرچەندە میللەتی ئینگلیزی شاعیری باشی زۆر هەیە، بەڵام ولیام شێکسپیر، بە بڕوای زۆر کەس، لە شیعردا، باڵای لە هەموویان بەرزتر و بەناوبانگترە. سەرەڕای ئەوەی کە شێکسپیر شاعیربووە؛ شانۆگەریی نووسیوە و ئەکتەریش بووە. هەروەها بەڕێوەبەری تیپێکی شانۆگەری بووە و خاوەند بەشێکیش بووە لە شانۆی گڵۆب "Globe"، کە یەکێکە لە دەسگا هونەرییە هەرە باشەکانی لەندەن.

شێکسپیر، لە نیسانی ساڵی ١٥٦٤ دا، لە شاری ستراتفورد، لە دایک بووە. ستراتفورد، شارێکی بچووکە لەسەر رووباری ئەیڤۆن "Avon"، نزیکەی سەد میلێک لە باکووری رۆژهەڵاتی لەندەنەوەیە. رۆژی لە دایکبوونی بەتەواوی کەس نایزانێت. بەڵام دەزانین کە لە ٢٦ ی نیسانی ساڵی ١٥٦٤ دا، لە کەنیسەی ستراتفورد، ناوی بە مەسیحی تۆمار کراوە. ئەوسا، بە پێی ئاسایی، سێ رۆژ دوای لەدایکبوون منداڵیان لە کەنیسەدا تۆمار دەکرد. لەبەرئەوە بە لای زۆرەوە لە ٢٣ ی نیسانی ساڵی ١٥٦٤ دا لە دایک بووە. وا رێک کەوت کە هەر لەو رۆژەشدا، لە یادی رۆژی لەدایکبوونیدا، لە ساڵی ١٦١٦ دا، لە تەمەنی ٥٢ ساڵیدا، بمرێت. وە لەو کەنیسەیەشدا، لەوەی کە بە منداڵی ناوی بە مەسیحی تۆمارکرابوو، دوای ٥٢ ساڵ بنێژرێت.

ولیام، کوڕە گەورەی "جۆن شێکسپیر"ە. دوو خوشکی دەبێت لە خۆی گەورەتر، سێ برا و دوو خوشکیش، لە خۆی منداڵتر. "جۆن"ی باوکی، بە پیشە، دەستکێش دروو دەبێت• بەڵام، لە هەمان کاتدا کشتوکاڵی دەکرد و بازرگانیشی لە خوری و پێستەدا کردووە. جار بە جار، لە گەنم و جۆشدا.

جۆن، نە لە زەنگینەکان و نە لە هەژارەکان بووە؛ لە چینی ناوەند بووە. بەڵام ژنەکەی، کە ناوی "مێری" دەبێت، لە بنەماڵەیەکی خاوەند زەویوزار دەبێت. جۆن، لەوان زەویی بەکرێ دەگرت بۆ کشتوکاڵی.

سەرەڕای ئەوانە، جۆن، چالاکییەکی زۆریشی لە ئیشی کۆمەڵگەییدا هەبووە، تا هەڵبژێرراوە بە سەرۆکی شارەوانیی "Mayer"ی شاری ستراتفۆرد. بۆ کاتێکیش هەڵبژێرراوە ببێت بە دادوەری ئاشتیی شارەکە.

یەکێک لە خوێندنگە(*) هەرە باشەکانی ئەوسای ئینگلتەرە، لە شاری ستراتفورد دەبێت. ئەو خوێندنگەیە، بۆ منالانی کاربەدەستە بەرزەکانی شارەکە، بە خۆڕایی بووە. ولیام شێکسپیر، زۆر لەوە دەچێت لەوێ خوێندبێتی. چونکە لەو خوێندنگەیەدا، بایەخیان زۆر بە زمان و ئەدەبی گریکی و لاتینی دەدا. "شێکسپیر"یش بە نووسینەکانیدا دیارە کە پلینی و ئۆڤید و سێنێکا و هۆمیرۆس و "پلووتارخ"ی خوێدبێتەوە و کاریان تێ کردبێت.(**)

ستراتفورد، هەرچەندە، وەکو باسمان کرد، شارێکی گەورە نەبووە و ئێستاش گەورە نییە، بەڵام لەوە دەچێت، دوورنییە بە هۆی ئەو خوێندنگەیەی کە باسی کرا، بایەخیان زۆر بە هونەر و شانۆگەری دابووبێت؛ هەرلەوساوە شانۆیەکی باشی تێدا هەبووە کە هێشتا ماوە. ئێستا پێی دەڵێن" شانۆی شێکسپیر" کاتی خۆی پێش ٤٠٠ ساڵ زیاتر، شێکسپیر خۆی، تەمسیلی تێدا کردووە. نزیکەی ساڵی ١٥٧٧، جۆن، باوکی ولیام شێکسپیر، لە بازرگانییەکەیدا نابووت دەبێت.

بە ناچاری هەر چییەکی دەبێت دەیفرۆشێت یان دەیدات بە رەهن. لەبەرئەوە پارەی نابێت "ولیام"ی کوڕی بنێرێت بۆ زانکۆ، خوێندنەکەی تەواو بکات.

---

(*) خوێندنگە؛ مەکتەب، قوتابخانە، فێرگا.

(**) پلینی، ئۆڤید، سێنێکا، هۆمیرۆس، پلووتارخ:

١– پلینی (Gaius Plinius) (Pliny) : نووسەرێکی بەناوبانگی سەدەی یەکەمی (٦٢– ١١٣) رۆمانییە. هەر لە تەمەنی ١٤ ساڵییەوە تراجیدی نووسیوە.

٢– ئۆڤید (Publius Ovidius Naso) (Ovid): شاعرێکی رۆمانییە. ٤٣ پ. ز. لە دایک بووە و ١٧ ز (ساڵی ١٧ دوای زاینی مەسیح) لە تەمەنی شەست ساڵیدا مردووە. تراجیدی (میدیا) یەکێکە لە بەناوبانگەکانی.

٣– سێنێکا (Lucius Annaeus) (Seneca) : نووسەر و رامیار و فەیلەسووفێکی رۆمانییە. لە ئیسپانیادا لە ساڵی ٤ پ. ز لە دایک بووە، لە ٦٥ پ. ز لە تەمەنی ٦٩ ساڵیدا خۆی دەکوژێت. فێرکەری (مامۆستای) نیرۆن بووە. نیرۆن لە دواییدا کە دەبێت بە قەیسەری رۆما، چەند کەسێک، بۆ ئەوەی رۆما لە دەست ئەو ستەمکارە رزگار بکەن، پیلانێک دادەنێن بۆ کوشتنی. نیرۆن پێی دەزانێت. بۆی دەرکەوت کە یەکێک لەو پیلانگێڕانە سێنێکایە. چونکە سێنێکا کاتی خۆی فێرکەری بووە، نیرۆن، نەیدەویست لە خاچی بدات. رێی دایە کە بەدەستی خۆی، خۆی بکوژێت. ئەویش بە ناچاری خۆی کوژێت. پاشکۆی (٤)ی ئەم پەرتووکە دەربارەی نیرۆنە.

٤– هۆمیرۆس (Homer) : شاعیرێکی یۆنانیی زۆر کۆنە لە سەدەی هەشتەمی پ. ز. ژیاوە. لە نووسینەکانی دوو مەلحەمەی بەناوبانگ هەیە: یەکێکیان (ئیلیادە Iliad ) یە، باسی کەوتنی شاری تەروادە دەکات، ئەوەکەی تریان (ئۆدیسا Odysseus) یە.

٥– پلووتارخ (Plutarch) : مێژوونووس و فەیلەسووفێکی یۆنانییە لە سەدەی یەکەمدا (٤٦– ١٢٠) ژیاوە.

ساڵی ١٥٨٢، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا، شێکسپیر ژن دەهێنێت. ژنەکەی کە ناوی "ئان هاتەوەی" دەبێت، هەشت ساڵ لە خۆی گەورەتر دەبێت. کاتی مارەکردن، سکی سێ مانگان دەبێت بە یەکەم منداڵی شێکسپیر. دوای شەش مانگ کچێکیان دەبێت ناوی دەنێن "سوزان". ساڵی ١٥٨٥ ژنەکەی، کوڕ و کچێکی بە سکێک دەبێت. کوڕەکە ناودەنێن "هامنێت" و کچەکە "جوودێت". چونکە شێکسپیر پارەی نابێت، لەبەرئەوە، بە ناچاری، خۆی و ژن و ماڵەکەی لەگەڵ ماڵی دایک و باوکیدا دەژیان.

لە ساڵی ١٥٨٦ دا، باوکی بێ ئیش دەمێنێتەوە. بە هۆی ئەو شانۆیەی کە لە شاری ستراتفورددا هەبوو، ساڵی سێ چوار جار، لە لەندەنەوە تیپی شانۆگەری دەهات لەوێ تەمسیلیان دەکرد. هەر لەو ساڵەدا، شێکسپیر توانی، لەگەڵ یەکێک لەو تیپانەدا، ئیشێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە. ئیتر لەوەوە وردە بە وردە ئیشی بەرەو باشی دەڕوات. لە دواییدا لەگەڵ یەکێک لەو تیپانەدا دەچێت بۆ لەندەن. بۆ ئەوەی لەوێ، لە شانۆکانیدا ئیش بکات و شانۆگەرییان بۆ بنووسێت. تا بەرەو ساڵی ١٥٩٢، پێی دەکرێت ئەوەندە پارە کۆ بکاتەوە کە باوکی خۆی لە نابووتی ڕزگار بکات.

ساڵی ١٥٩٦ "هامنێت"، ئەو تاکە کوڕەی کە هەیبوو، نەخۆش دەکەوێت و دەمرێت. بۆ ساڵی دوایی شێکسپیر چیرۆکی "شا جۆن" دەنووسێت. لەوێدا، باسی پەژارەی یەکێک دەکات کە جەرگی بە مردنی ڕۆڵەکەی سووتاوە. ئینجا لە زمانی ئەوەوە، شێکسپیر، باسی سوێداری دڵی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

پەژارە ژووری
ڕۆڵەکەی منی داگیر کردووە،
لە نوێنەکەیدا، لەوێ خەوتووە،
بۆ سەرەوە بێت، یان بۆ خوارەوە،
بۆ هەرچ کوێ بڕۆم، ئەو لەگەڵما دێت(*)
ڕوو شیرینەکەی
ئەو لەبەر دەکات.(**)
وتەکانی ئەو دووبارە دەکات.
هەموو ئەندامە جوانەکانی ئەو،

---

(*) ئەو؛ مەبەستی لە پەژارەیە.

(**) ئەو؛ مەبەستی لە ڕۆڵەکەی خۆیەتی.

دەهێنێتەوە بەر دیدەی بیرم؛

لە خۆی، پەیکەری

ئەو دروست دەکات،

جل و بەرگەکەی دەکاتە بەری.

کەوابێت بۆنەم هەیە ئەگەر من،

شەیدای پەژارە و سوێداری خۆم بم.

بۆ ساڵی ١٥٩٢ شێکسپیر دەبێت بە شاعیر و ئەکتەرێکی تەواو بەناوبانگ. لەو کاتەدا سەرلەنوێ لە لەندەن تاعوون بڵاو دەبێتەوە. بۆ ئەوەی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە کەم بکرێتەوە یان کۆنترۆڵ بکرێت، بۆ دوو ساڵ هەموو شانۆکانی لەندەن دادەخرێن. لەو دوو ساڵەدا شێکسپیر دوو چیرۆکی درێژ بە شیعر دەنووسێت؛

– ڤینۆس و ئەدۆنیس (Venus and Adonis)

– ئەو زۆردارییەی کە لە نامووسی لوکرێشیا کرا (The rape of Lucrece)(*)

کە شانۆکان، لە ساڵی ١٥٩٤ دا، دەکرێنەوە، شێکسپیر، دەبێت بە یەکێک لە خاوەندەکانی تیپێک بە ناوی "چێمبەرلەین". لە ماوەی چوار پێنج ساڵی دواهاتوودا، شێکسپیر فریا دەکەوێت ئەم هەموو شتە بۆ تیپەکەی خۆیان بنووسێت:

– بازرگانی ڤێنیس (The merchant of Venice)

– خەونی شەوێک لە ناوەڕاستی هاویندا(A midsummer nights dream )

– ژنە شادمانەکانی وندزۆر (The merry wives of Windsor)

– هەراوهوریایەکی زۆر دەربارەی هیچ (Much ado about nothing)

– وەک چۆن پێت خۆشە (As you like it)

– "ریچارد"ی دووەم (Richard the second)

---

(*) تارکوین، کوڕی حەوتەمین شای رۆما دەبێت، لە سەدەی شەشەم پێش لەدایکبوونی مەسیح، شەوێک بە دزییەوە دەڕوات بۆ ژووری نوستنی لوکرێشیا ("لوکریس"یشی پێ دەڵێن)، ژنی ئامۆزاکەی خۆی و دەستدرێژی لە نامووسی دەکات. لوکرێشیا، پێش ئەوەی، لە داخا خۆی بکوژێت، بە مێردەکەی و باوکی خۆی دەڵێت. ئەم رووداوە جەنگێکی گەورە دەنێتەوە لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەی شادا. گەلەکە، سوود لەو ئاژاوەیە وەردەگرێت و رادەپەڕێت دژی رژێمی شا. شا، ڕادەکات. ئیتر گەلەکە، خۆی پەرلەمانێک هەڵدەبژێرێت حوکمی وڵاتەکە بکات. ئیتر بەم جۆرە، ئەو رووداوە دەبێت بە هۆی دامەزراندنی یەکەم رژێمی کۆماری لە رۆمادا.

- "هێنری"ی چوارەم (Henry the fourth)

- رۆمیۆ و جوولێت (Romeo and Juliet)

لە ساڵی ١٥٩٩ دا تیپی "چێمبەرلەین" شانۆیەکی تایبەت بۆ خۆی بینا دەکات لەسەر قەراغی رووباری تێمس لە لەندەن. بە ناوی شانۆی "گلۆب". ئەو شانۆیە، ئەوەندە گەورەبووە؛ ٣٠٠٠ کەسی گرتووە. ئینجا، خوێنەری بەڕێز، بزانە تا چ رادەیەک، هەر لەوساوە، شانۆگەری لە ئینگلتەرەدا باوی هەبووە. شابانوو "ئەلیزابێس" یەکێک بووە لەوانەی کە حەزیان لە شانۆ دەکرد و بەشێکی زۆری لە شانۆگەرییەکانی شێکسپیر بینیوە. لە ساڵی ١٦٠٣ دا، کە ئەلیزابێس دەمرێت، "جێمس"ی یەکەم دێتە جێی. جێمس، لەویش زۆرتر حەزی لە هونەر دەکرد. هونەرمەندەکانی، بە تایبەتی شێکسپیری، زۆر لە خۆی نزیک کردبووبووەوە. تا داوای لە تیپی "چێمبەرلەین" کرد کە ناوی تیپەکەی خۆیان بگۆڕن و بیکەن بە تیپی "شا". ئەوانیش، بێگومان، پێیان خۆش بوو؛ بە پێی ئارەزووی شا، ناوی تیپەکەی خۆیان گۆڕی. زۆر جار شا، بانگی دەکردن کە لە کۆشکەکەی خۆیدا تەمسیل بکەن.

لە ساڵی ١٦١١ دا لە تەمەنی ٤٧ ساڵیدا شێکسپیر واز لە شانۆگەری دەهێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی "ستراتفورد". لەو کاتەدا شێکسپیر خاوەن سامانێکی زۆر دەبێت. ئەو خانووەی تێیدا دەژیا لەگەڵ خێزان و منداڵەکانیدا بە تایبەتی بۆ خۆیانی دروست کردبوو.

لە شانۆی "گلۆب"، "فلێچەر"ی هاوڕێی جێگەکەی دەگرێت بۆ بەڕێوەبردنی شانۆ و تیپەکە. چیرۆکی "هێنریی هەشتەم" کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٦١٣ دا تەمسیل کرا لە شانۆی "گلۆب"، زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە خۆی و "فلێچەر" پێکەوە نووسیبێتیان.

لە کاتی یەکەم تەمسیلکردنی ئەم چیرۆکە، شانۆکە گڕ دەگرێت. سەرتاپا هەمووی دەسووتێت. بەڵام خۆشبەختانە کەس ئازاری پێ ناگا. هەر وا بە سووتاوییەوە دەمێنێتەوە تا دوای ٣٨٤ ساڵ، لە ساڵی ١٩٩٧ دا، سەرلەنوێ بینا دەکرێتەوە. ئێستا، دیسانەوە، یەکێکە لە شانۆ باشەکانی لەندەن.

ساڵی ١٦٠٧ سوزانی کچی شوو دەکات بە پزیشکیک بە ناوی "جۆن هۆڵ". خانووەکەیان هێشتا لە ستراتفورد ماوە و بە یەکێک لە میراتییەکانی شێکسپیر دادەنرێت. لە ساڵی ١٦١٦ دا، چەند مانگێک لە دوای شووکردنی "جوودێت"ی کچی، شێکسپیر دەمرێت.

ئاخر شعری شێکسپیر گوایە ئەمەیە، کە لەسەر کێلی گۆڕەکەی نووسراوە:

هەر لە رێی مەسیح، دۆستە باشەکان،
نەکەن دەستکاری ئەم خۆڵەم بکەن.
رەحمەت بێ لەوەی کە ئاگەدارییی
جێ و بەردەکانی گۆڕەکەم دەکات.
وە هەزار لەعنەت
لەوەی دەستکاری
ئێسکوپروسکی من لێرە دەکات.

کەس بە تەواوی هۆی مردنەکەی نازانێت. بەڵام، بنەماڵەی شێکسپیر، هیچیان زۆر نەژیاون؛ هەر سێ براکەی، کە لە خۆی گەنجتر بوون لە پێش خۆیدا دەمردن: "گلبێرت" بە ٤٦ ساڵی، "ریچارد" بە ٣٩ ساڵی، "ئێدمەند" بە ٢٧ ساڵی.

شێکسپیر، بەر لە مردنی، هەموو موڵک و سامانەکانی خۆی دەکات بە وەقف بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت بیان فرۆشێت و هەر بە ناوی بنەماڵەکەی خۆیەوە، بۆ نەوەکانی، بمێننەوە. بەڵام، "ئەلیزابێس" کە تاقانە کچی "سوزان"ی کچی دەبێت، بە داخەوە ساڵی ١٦٧٠ بەبێ مناڵ دەمرێت. "جوودێت"ی کچی، سێ مناڵی دەبێت، هەرسێکیان بە گەنجی دەمرن. لەبەرئەوە لە بنەماڵەی ولیام شێکسپیر، کەس نەمایەوە لەو سامانانە سوود وەربگرێت.

جگە لە نووسینەکانی تری، شێکسپیر ٣٨ شانۆگەریی نووسیوە. ١٨ ی لە کاتی ژیانیدا بڵاو کراونەتەوە. لە ساڵی ١٦٢٣ دا، حەوت ساڵ لە دوای مردنی، دوو لە دۆستە نزیکەکانی، هەموو شانۆگەرییەکانی ئەویان لە یەک کتێبدا بڵاو کردەوە. پێش ئەوە، بە چەند مانگێک، لە هەمان ساڵدا، لەو کەنیسەیەی کە تێیدا نێژراوە پەیکەرێکی بۆ دروست دەکرێت.

# چیرۆکی هاملێت بە کورتی

هاملێت، کوڕی شای دەنیمارک دەبێت، باوکەکەی، کە ئەویش هەر ناوی هاملێت دەبێت، لەپڕێکدا دەمرێت. گوایە بە هۆی پێوەدانی مارێک لە کاتی نوستنیدا لە باخی کۆشکەکەی خۆیدا. هاملێت، لە پێشا، بەو چیرۆکە بڕوا دەکات. بەڵام کە "کلۆدیۆس"ی مامی دەکرێت بە شا و "گێتروود"ی دایکی لە دوای دوو مانگێک شووی پێ دەکات، هاملێت، جگە، لەوەی کە زۆر پێ ناخۆش دەبێت کە دایکی وا زوو شوودەکاتەوە و شوو دەکات بە برای مێردە مردووەکەی، کە بە پێی دینی مەسیحی بە برا دادەنرێت و پێی ناشێت، گومانێکی زۆریش دەکەوێتە دڵییەوە کە مردنەکەی باوکی، دەستکرد بووبێت و لەوانەشە نەک تەنیا مامی بەشداری تێدا کردبێت، بەڵکو دایکیشی. ئەو گومانە، مرۆڤایەتی و دنیای لە بەرچاو دەخات؛ تووشی دڵتەنگییەکی زۆر قووڵ دەبێت؛ تا بیریش دەکاتەوە کە خۆی بکوژێت. بەڵام ناوێرێت، چونکە بە پێی دینی مەسیحی خۆکوشتن حەرامە. سەیری دێری ١,٢,١٢٩ بکە. لەوێدا دەڵێت:

ئای خوایە، خۆزگە
ئەم لەشە زۆر زۆر توند و پتەوەم،
دەتوایەوە،
شی شی دەبووەوە و دەبوو بە شەونم.
یاخۆ، ئەوەی کە
دەمێنێتەوە، تا هەتا هەتا،(*)
دژی خۆکوشتن، یاسای نەدەبوو.
ئای خوایە، خوایە،
چەند تەنگ و پەست و ناخۆش و بێ سوود،
دێتە بەرچاوم، ئەم دنیایەمان.

(*) مەبەستی لە خوایە.

دەک هەر وێران بێت؛ باخێکە، تەنیا
هەر دڕکوداڵی تیا گەورە دەبێت،
بۆ تۆو هەڵهێنان.(*)
شتی زۆر پیس و دڕندە و بۆگەن،
سەرتاپا هەمووی داگیر کردووە.

شەوێکیان لە کاتی پاسەوانیدا، ئێشکگرەکان تارمایی شا مردووەکە دەبینن، بە جلی سەربازی و زرێپۆشەوە، بەبەردەمیاندا تێپەر دەبێت. هیچیان ناوێرن لێی نزیک بنەوە و لەگەڵیدا بدوێن. بۆ دووەم شەو، لە هەمان کاتدا، دیسانەوە دێتەوە. ئەو رووداوە بۆ "هۆراشیۆ"ی دۆستی هاملێت، دەگێڕنەوە و لێی داوا دەکەن کە بێت بەچاوی خۆی بیبینێت و بەڵکو بشوێرێت لەگەڵیدا بدوێت. هۆراشیۆ، پیاوێکی رۆشنبیر و زیرەک دەبێت؛ بڕوایان پێ ناکات تا بۆ شەوی دوایی لەگەڵیاندا دەچێت بۆ پاسەوانی و بەچاوەکانی خۆی دەیبینێت. تارماییەکە هەمدیسانەوە لە هەمان کاتدا، بەو جۆرەی باسیان بۆ کرد، دێتەوە. هۆراشیۆ، هەرچەندە زۆر دەترسێت، بەڵام هەر دوای دەکەوێت و هەوڵ دەدات لەگەڵیدا بدوێت. تارماییەکە هەر دەڕوات و قسە ناکات. لە دواییدا روو دەکاتە هۆراشیۆوە و جووڵەیەک دەکەوێتە دەموچاوییەوە، بە جۆرێک، وەکو بییەوێت بدوێت. بەڵام، ئا لەو کاتەدا، دەنگی خوێندنی کەڵەشێرێک دێت. تارماییەکە وەکو بترسێت، زوو پێی هەڵدەگرێت و لە تاریکییەکەدا خۆی بزر دەکات و دەڕوات. بۆ شەوی دوایی هاملێت، خۆی دەچێت لەگەڵ ئێشکگرەکاندا بۆ پاسەوانی. کە تارماییەکە دێت، هاملێت، دوای دەکەوێت. کە هەندێک دوور دەبنەوە تارماییەکە پێی دەڵێت؛ "هاملێت، من روحی باوکتم. من مار پێوەی نەداوم، ئەوە درۆیە. "کلۆدیۆس"ی مامت لە کاتی نوستنەکەمدا، هات ژەهری رۆکردە گوێچکەمەوە و کوشتمی. بەو جۆرە، ئەو بێ ویژدانە، ژن و تاج و مەملەکەتەکەی لێ داگیر کردم. دەمەوێت تۆ، تۆڵەم بسەنیتەوە. بەڵام، ها، نەکەیت ئازاری دایکی خۆت بدەیت. ئەوە، دابنێ بۆ خوا، با خۆی سزای بدات." لە قسەکانی تارماییەکەوە، هاملێت، بۆی دەردەکەوێت کە دایکەکەی، تا لە کاتی ژیانی باوکیشیدا، پێوەندی دڵداری هەبووە لەگەڵ "کلۆدیەس" دا.

هاملێت، بەڵێنی دەداتێ کە تۆڵەی بۆ بسەنێتەوە بەو جۆرەی دەفەرمووێت.

هاملێت، تۆزێک گومانی دەکرد کە ئەو تارماییە روحی باوکی نەبێت؛ شەیتان بێت؛ دژی

(*) هەر بۆ ئەوەی گەورە ببن و تۆو هەڵبهێنن و مرۆڤی بەدی و بێ کەڵکی تری، وەکو خۆیان، بهێننە ئەم دنیا ناخۆشە بێ مانایەوە.

مام و دایکی خۆی بیورووژێنێت. لەبەرئەوە بڕیار دەدات کە خۆی، توێژینەوە لە بارودۆخی مردنی باوکەکەی خۆی بکات.

بۆ ئەوەی بتوانێت بگاتە ئەو ئامانجە، هاملێت، بە باشی دەزانێت کە خۆی بکات بەشێت؛ یەکەم، بۆ ئەوەی مامەکەی لێی نەترسێت و بیکوژێت؛ چونکە پیاو، بە ئاسایی، گوێ ناداتە مرۆڤی شێت. دووەم، بۆ ئەوەی بەبێ ترس بتوانێت هەموو جۆرە قسە و پرسیارێک بکات.

دوای بینینی تارماییەکە، هاملێت، زیاتر دنیای لە بەرچاو دەکەوێت و زۆری پێ ناخۆش دەبێت کە ئەو ئەرکە گرانەی تۆڵەسەندنەوە، هاتە سەر شانی. لە دێری ۱۸۸ ,۵ ,۱ دا دەڵێت:

زەمان لە جمگەی خۆی ترازاوە:(*)
لەعنەت لەو پەرژەی(**)
لە دایک بووم تیای،
تەنیا بۆ ئەوەی
من، گەردەکانی چاک بکەمەوە.(***)

هاملێت، کچێکی دۆستی دەبێت بە ناوی ئۆفێلیا. یەکتریان زۆر خۆشدەویست و زوو زوو یەکترییان دەبینی و کاتێکی زۆریان پێکەوە رادەبوارد. باوکی کچەکە، کە ناوی پۆڵۆنیەس دەبێت، وەزیر و ئامۆژگاری کلۆدیەس "شا" دەبێت. پیاوێکی زۆر دووڕوو و مەراییکەر دەبێت. چونکە خۆی لە بنەماڵەی شا نابێت، دەترسا کە شا و شاژن، پەسەندی ئەو دۆستایەتییەی هاملێت و ئۆفێلیا نەکەن و پێیان ناخۆشبێت. لەبەرئەوە لە کچەکەی خۆی داوا دەکات کە خۆی لە هاملێت، دوور بخاتەوە. کچەکەش ناوێرێت بە قسەی باوکی نەکات؛ نەختە بە نەختە خۆی لە هاملێت دوور دەخاتەوە. ئیتر هاملێت، بەو کارە، هەر بەجارێک دنیای لە بەرچاو دەکەوێت. تا بڕوای بە ئۆفێلیا، کە کچێکی زۆر باش و جوان و ناسکۆڵە دەبێت و زۆر زۆری خۆشدەویست، ئیتر نامێنێت.

رۆژێکیان، هاملێت، بە هەڵە "پۆڵۆنیەس"ی باوکی ئۆفێلیا دەکوژێت(****). لەسەر ئەوە،

---

(*) جمگە؛ ئەنجامە، رەزە.

(**) پەرژ؛ کات، سات، خولەک (دەقیقە).

(***) گەرد؛ عەیب، خراپە.

(****) ویستی شا، بکوژێت. بەڵام بەهەڵە، کلۆدیەسی کوشت.

هاملێت، نەفی دەکرێت بۆ ئینگلتەرە. ئیتر بەو کارە، ئۆفلیای داماو، هەرە خۆشەویستەکانی خۆیی لە کیس دەچێت؛ باوکەکەی و هاملێت. ئەوە دەبێت بە هۆی شێتبوونی. لە داخا، خۆی هەڵدەداتە رووبارێکەوە و دەخنکێت.

گێرتروود، دایکی هاملێت، ئۆفێلیای خۆشدەویست و زۆر حەزی دەکرد کە رۆژێک ببێت بە ژنی هاملێتی کوڕی. لە کاتی ناشتنیدا (سەیری دێری ۲۱۰، ۱، ٥ بکە) گوڵ هەڵ دەدات بۆ سەر تابووتەکەی ئۆفێلیا، بۆ ناو گۆڕەکەی و دەڵێت:

گوڵە جوانەکان،

لەگەڵ ئەو جوانە، دەی ئێوەش بڕۆن.

خواتان لەگەڵبێت.

(ئەمجا، روو دەکاتە تابووتەکەی ئۆفێلیا، کە لە ناو چاڵەکادایە و دەڵێت:)

ئومێدم وابوو کە رۆژێک ببیت،

تۆ، بە هاوسەری هاملێتی کوڕم.

بەم گوڵانەشم،

کیژە جوانەکە، گیانەکەی گیانم،

نوێنی هاوسەری تۆ برازێنم.

نەک هەڵیان بدەم بۆ ناو گۆڕەکەت.

هاملێت، جگە لەوەی کە گەنجێکی دادپەروەر و ئازا و دڵ پاک دەبێت، گەلێکیش روشنبیر دەبێت؛ زۆر حەزی لە شیعر و ئەدەب و ساز و ئاواز دەکرد؛ خاوەن هەستێکی ناسک دەبێت. تۆڵەسەندنەوە بۆ دەروونێکی ئاوا ناسک و پاک، شتێکی ئاسان نییە. ئەوە، بۆی دەبێت بە کێشەیەکی دەروونیی زۆر گران.

چیرۆکی هاملێت، یەکێکە لەوانەی کە دەروونناسەکان دەیخوێنن و هەمیشە هەوڵ دەدەن، هەر کەس بە پێی بیروباوەڕی خۆی، دەروونی ئەو گەنجە، شی بکاتەوە و لێی تێ بگات. ئومێدم وایە، خوێنەری بەڕێز، ئێوەش، لەو هەوڵدانەدا هاوبەشییەکتان هەبێت.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە، بگرە هەموو نووسەر و روشنبیرێکی ناسراو دەربارەی هاملێت، بیر و بارەڕی خۆی دەربڕیوە؛

– فرۆید(*) دەڵێت؛ شێکسپیر، درامای هاملێتی نووسیوە یەکسەر لە دوای مردنی باوکی

(*) فرۆید Sigmund Freud 1856-1939؛ دەروونناسێکی نەمساوی زۆر بەناوبانگە. دەتوانم بڵێم بەناوبانگترین دەروون ناسی جیهانە؛ ئەو بناغەی علمی دەروون شیکردنەوەی داناوە.

خۆی ، له ساڵی ١٦٠١ دا، وه به ماوەیەکی زۆر نا له دوای مردنی کوڕە تاقانەکەی، کە لە تەمەنی یانزە ساڵیدا، لە ساڵی ١٥٩٦ دا دەمرێت. کوڕەکەی ناوی "هامنێت" دەبێت. تکایە، خوێنەری بەڕێز تێبینی ناوەکانیان بکەن؛ هاملێت و هامنێت Hamlet/Hamnet. ئەو دوو رووداوە، دیارە کە کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە بەسەر شێکسپیردا، لە کاتی نووسینی ئەم درامەیەدا.

– نیتشە(*)، دەڵێت؛ هاملێت، نموونەیەکە لەو جۆرە کەسە هەست ناسکە هەڵچووانەی کە توانیویانە توێژی خەیاڵ، ئەوەی بە هۆیەوە، بە هۆی خەیاڵەوە، هەموومان دەژین، کوون بکات و لەو کوونەکەوە سەیری دنیای راستی بکات. کە دەیبینێت چۆنە، لە بەرچاوی دەکەوێت و ئومێدی نامێنێت بەوەی خۆی یان کەسێکی تر بتوانێت چاکی بکاتەوە. لەبەرئەوە دوودڵ دەمێنێتەوە و هیچی پێ ناکرێت.

– گۆتێ(**)، دەڵێت؛ هاملێت، بە جەوهەر، چیرۆکی مرۆڤێکی دڵناسک و دەروون پاکە. دەزانێت پێویستە چی بکات. بەڵام، ئەو دەمارە پتەوەی نییە کە بتوانێت بیان هێنێتە دی.

رەنگە گۆتێ، لەمەدا راستبێت؛ سەیری دێری ٣,٢,٣٥٥ بکە؛ دوای ئەوەی کە بەتەواوی بۆی دەردەکەوێت کە باوکی، بە دەستی کلۆدیەسی مامی کوژراوە و لەوانەیە دایکشی هاوبەشی لەو تاوانەدا کردبێت، بە رێگەوە دەبێت دەچێت بۆ لای دایکی و لەبەر خۆیەوە بیر دەکاتە و دەڵێت:

لەگەڵ دایکما، درندە دەبم.
زۆر درندەش نا؛
لە رادەی یاسا و ئاسایی دەرچم:
من، وتەکانم، دەکەم بە خەنجەر،
بەڵام قەت خەنجەر، بە کار ناهێنم.
لە مەدا ئێوە، روح و زمانەکەم،
با درۆزن دەرچن.
هەرچەند و هەر چۆن،

---

(*) نیتشە (Friedrich Nietzche 1844-1900 ) فەیلەسووفێکی زۆر بەناوبانگی ئەڵمانییە. (زەردەشت، ئاوای دەگوت) یەکێکە لە نووسنە بەناوبەنگەکانی.

(**) گۆتێ (Johann Wolfgang Goethe 1749-1832) شاعیر و فەیلەسووفێکی بەناوبانگی ئەڵمانییە. شانۆگەریی (فاووست) ، کە یەکێکە لە هەرە بەناوبانگەکانی دنیا، ئەو نووسیوێتی.

به وشه و به دەم، من سزای بدەم،(*)

بەڵام، دڵەکەم،

نەکەیت، ها، نەکەیت،

رازی بیت؛ مۆری خۆتی پێوەکەیت.(**)

– کۆلێریج(***)، دەڵێت؛ ئەوە نییە کە بڵێین هاملێت، لە ژێر باری گراندا دەچەمێتەوە و پێی هەڵناگیرێت، نا: هاملێت تەنیا لە خەیاڵی خویدا دەژێت؛ بە خەیاڵ هەموو شتێک دەکات و باشیشی دەکات. بەڵام بە کردەوە نا: کە بزانێت شتێک پێویستە بکرێت، ناچێت دەستبەجێ بیکات. ئەو دەچێت بە لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوە لەو شتە و چۆنیەتیی بەدیهێنانی هەموو کاتەکەی دەکوژێت و ئینجا لۆمەی خۆی دەکات کە نایکات. لە دواییشدا هەر نایکات.

«مەگەر شتەکە خۆی بێتە بەردەمی و ناچاری بکات. وەکو چۆن لە دواییدا تۆڵەی خۆی لە کلۆدیەس سەندەوە. "وەرگێڕ"»

(*) من سزای بدەم؛ من سزای دایکم بدەم.

(**) هاملێت، هەرچەندە دڵی لە دایکی شکاوە، بەڵام هێشتا هەر زۆری خۆشدەوێت.

(***) کۆلێریج (Samuel Tayler Coleridge 1772-1834)؛ شاعیرێکی ئینگلیزی زۆر بەناوبانگە.

# هاملێت

شازادەی دەنیماک

## ليستی کەسایەتییەکان

| | |
|---|---|
| هاملێت | شازادەی دەنیمارکە |
| کلۆدیەس | شای دەنیمارکە و مامی هاملێتە |
| گێرتروود | بانووشای دەنیمارکە و دایکی هاملێتە |
| تارمایی | تارمایی باوکی هاملێتە، شای پێشووی دەنیمارک |
| پۆڵۆنیەس | ئامۆژگاری شایە |
| لێرتێس | کوڕی پۆڵۆنیەسە |
| ئۆفێلیا | کچی پۆڵۆنیەسە |
| رەینالْدۆ | پیاوی پۆڵۆنیەسە |
| هۆراشیۆ | دۆستی هاملێتە و هاوڕێیەکی زانکۆیەتی |
| مەرسێلەس | ئەفسەری ئێشکگرییە |
| بەرنارردۆ | ئەفسەری ئێشکگرییە |
| فرانسیسکۆ | ئەفسەری ئێشکگرییە |
| ڤۆلتێماند | نووێنەری شایە بۆ نەرویج |
| کۆرنێلیەس | نووێنەری شایە بۆ نەرویج |
| رۆزنکرانتز | کۆنە هاوڕێی هاملێتە، لە خوێندنگەی منالّییەوە |
| گلْدنستێرن | کۆنە هاوڕێی هاملێتە، لە خوێندنگەی منالّییەوە |
| فۆرتنبراس | شازادەی نەرویجە |
| کاپتن | کاپتنێکە لە سوپای نەرویجی |
| ئۆزریک | خانەدانێکی دەنیمارکییە |
| لۆرد | خانەدانێکی دەنیمارکییە |
| خانەدان | خانەدانێکی دەنیمارکییە |
| گۆڕهەڵکەن | |

| | |
|---|---|
| ئەوەکەی تر | گۆڕهەڵکەنەکەی تر |
| دەریاوان | |
| پەیامبەر | |
| قەشە | |
| نوێنەر | نوێنەری شای ئینگلتەرە |

# پەردەی یەکەم

# دیمەنی ١-١

شەوێکی زۆر ساردە، فرانسیسکۆ ئێشکگری دەکات
لە کۆشکەکەی شا "ئێلسینۆر"، بەرناردۆ دێت جێگەی بگرێت.

بەرناردۆ:
کێ لەوێیە؟
فرانسیسکۆ:
نا، تۆ وەرامی من بدەرەوە.
ئەرێ بوەستە!
پێم بڵێ؛ خۆت کێیت؟
بەرناردۆ:
هەر بژێت پاشا.[١]
فرانسیسکۆ:
بەرناردۆ، ئەتویت؟
بەرناردۆ:
خۆیەتی.
فرانسیسکۆ:
هەر رێک لە کاتی
خۆتدا، تۆ، هاتیت.
بەرناردۆ:
سەعات دوانزە، ها،
ئێستاکە لێی دا.
فرانسیسکۆ، تۆ، بچۆ بۆ جێگە.[٢]

(١) هەر بژێت پاشا: ئەمە وتەی نهێنی "کەلیمەی سری" ئەو شەوە بووە.
(٢) بچۆ بۆ جێگە: برۆ بۆ خۆت بنوو.

فرانسیسکۆ:

سوپاست دەکەم،
لە دەست ئێشکگری، منت نەجات دا؛
زۆر بێزار بووبووم، گەلێکیش ساردە.

بەرناردۆ:

ئێشک گرتنەکەت،
ئایا خامۆشبوو؟

فرانسیسکۆ:

تاکە یەک مشکیش نەجووڵایەوە.

بەرناردۆ:

دەی باشە، شەو باش.
ئەگەر لە ڕێگە
تووشی هۆراشیۆ و "مەرسێلەس"یش بوویت،
کە هاوکارمن لە ئێشکگرتندا،
پێیان بڵێ با
بەڵکو خێرا بکەن.

فرانسیسکۆ:

وا بزانم من، گوێم لە دەنگیانە.
(هۆراشیۆ و مەرسێلەس دەردەکەون)
ئەرێ بوەستن! ئایا ئێوە کێن؟

هۆراشیۆ:

دۆستی ئەم خاکەین.

مەرسێلەس:

پیاوی دڵسۆزی شای دەنیمارکین.

فرانسیسکۆ:

دەی، شەوباشیتان ئیتر لێ دەکەم.

مەرسێلەس:

برۆ، خوات لەگەڵ، سەربازی دڵسۆز.

کێ جێگەی گرتیت؟

فرانسیسکۆ:

بەرناردۆ، ئێستا،

هات جێی منی گرت.

دەی ئیتر شەوباش. (فراسیسکۆ دەڕوات)

مەرسێلەس:

هێی، هێی، بەرناردۆ!

بەرناردۆ:

ئەرێ هۆراشیۆ، لەگەڵتانایە؟

هۆراشیو:

هەر پارچەیەکی.[١]

بەرناردۆ:

سڵاو هۆراشیۆ، دەک بەخێر هاتیت.

ئەتۆش مەرسێلەس، ١,١,٢٠

سڵاو کوڕی باش.

مەرسیلەس:

ئەرێ ئەو شتە،

هەم دیسانەوە، ئەمشەویش دەرکەوت؟

بەرناردۆ:

من هیچم نەدی.

مەرسیلەس:

هۆراشیۆ، دەڵێت؛

هەر بە خەیاڵمان ئەوە دەبینین.

نایەڵێت ئیمان،

بەو بینیاییە سامناکەی ئێمە،

کە دوو جار دیمان،

(١) هەر پارچەیەکی؛ دیارە مەبەستی ئەوەیە، کە لەبەر سەرما هەر پارچەیەکی ماوەتەوە، ئەوانەی تری تەزیوون.

بە سەریا زاڵبێت.
من، لەبەر ئەوە، لێی پاڕامەوە؛
لەگەڵمانا، بێت.
تاکو ئێشکگری گشت خولەکێکی[(١)]
شەوەکە بکات.
هاتیشو،
ئەم تارماییيە، دیسانەوە هات،
ئەوسا پەسەندی چاوانمان دەکات.[(٢)]
لەگەڵیشیدا، دەتانێت بدوێت.

هۆراشیۆ:

هێـی، هێی؛
ئەو شتە، نە دێ و
نە دەردەکەوێت.

بەرناردۆ:

دانیشە تاوێک، با جارێکی تر،
هێرش ببەینە سەر
ئەو گوێچکانەی تۆ،
ئەوانەی کە وا بەربەستکراون
دژ ئەو ڕووداوەی،
ئەوا دوو جارە، بە شەو دەیبینین.

هۆراشیۆ:

دەی، با دانیشین
گوێ لە بەرناردۆ،
بگرین بۆمانی بگێڕێتەوە.

بەرناردۆ:

شەوی ڕابوردوو،

---

(١) خولەک؛ دەقیقە.
(٢) ئەوسا بڕوا دەکات کە چاوەکانی ئێمە، شتی ڕاستی دەبینن.

هەر کە ئا ئەوە، ئەو ئەستێرەیە،
ئەوەی دەیبینی لە دیوی چەپی
ئەستێرەی قوتبی،
ڕێگەی خۆی بڕی
بۆ ئەو پارچەیەی
ئاسمان، کە ئێستا
دەسووتێت تێیدا، ڕووناکی بکات،
من و مارسێلەس،
هەر لەو کاتەی کە
یەکی لێ دەدا ....[١] (تارماییيەکە دێت)

مەرسێلەس:

وس، دەنگتان نەیەت. ١,١,٤٠
سەیریکەن ئەوا،
دیسان هاتەوە.

بەرناردۆ:

بەژنوباڵاکەی،
هەر وەکو هی شای
خوا لێ خۆشبووە.

مەرسیلەس:

هۆراشیۆ، بڕۆ، وەک رۆشنبیرێک،
لەگەڵیا بدوێ.[٢]

بەرناردۆ:

هەر لە شا، ناچێت؟
هۆراشیۆ، تۆ باش سەرنجی لێدە.

هۆراشیۆ:

گەلێک لەو دەچێت.

---

(١) زەنگی سەعاتەکە، یەکی لێ دەدا «سەعات یەکی شەو» . دیسان، هەر وەکو دوێنێ، لە هەمان کاتدا، سەعات یەکی شەو، تارماییيەکە هاتەوە.

(٢) هۆراشیۆ لە هەموویان خوێنەوارترە، رۆشنبیرە، دانایە و شتی زۆر خوێندووەتەوە.

سەرم سوڕماوە و من سام دەمگرێت.

بەرناردۆ:

حەز دەکات کەسێک لەگەڵیا بدوێت.

مەرسێلەس:

هۆراشیۆ، دە دەی،
لێی بکە پرسێک.

هۆراشیۆ:

(روو دەکاتە تارماییيەکە)
ئایا ئەتۆ کێیت،
ئەم کاتەی شەوت داگیر کردووە،
لەگەڵ ئەو جلە
سەربازییە جوانەی کە لەبەرتایە.[١]
ئەوەی کە پاشای
نێژراو جار جار،
دەیکردە بەری لە کاتی رەوتدا؟[٢]
بە ناوی یەزدان، لە تۆ دەخوازم،
بدوێیت لەگەڵمان.

مەرسێلەس:

تووڕەبوو، تۆرا.[٣]

بەرناردۆ:

سەیری! ئەوەتا
هەنگاوی گەورە، بە سەربەرزییەوە،
هەڵدەهێنێت و دوور دەبێتەوە.

هۆراشیۆ:

بمێنەرەوە،

---

(١) ئەو جلەی لەبەرتایە، لە شا، داگیرت کردووە.

(٢) رەوت؛ مارش؛ رۆیشتن لەسەر شێوازی عەسکەری.

(٣) تۆرا، چونکە پێی گوت کە ئەو جلە جوانەت داگیر کردووە، هی خۆت نییە.

من لێت دەخوازم، بە خاتری خوا،
دە شتێک بڵێ! (تەرماییەکە دەڕوات)

مەرسێلەس:
ئەوا ڕۆیشتەوە،
بێ ئەوەی وەرام هیچ بداتەوە.

بەرناردۆ:
ها، هۆراشیۆ، تۆ،
ئێستا دەڵێیت چی؟
گیانت دەلەرزێ و زەرد هەڵگەڕاویت.
بڵێیت ئا ئەمە،
لە خەیاڵ زیاتر هیچی تر نەبێت؟
چۆن ئێستا بیری لێ دەکەیتەوە؟

هۆراشیۆ:
بەخوا من بڕوام نەدەکرد بەوە،
ئەگەر چاوەکانی خۆم نەیان دەدی.

مەرسێلەس:
زۆر لە شا، ناچێت؟

هۆراشیۆ:
مەرسێلەس، هەندەی
تۆ، لە خۆت دەچیت.
ئەو زرێیەشی لەبەرکردبوو،[١]
کاتی جەنگینی
لەگەڵ ئەو "شا"یە بەرزخوازەی نەرویج.
بەو جۆرەش برۆ و دوو چاوەکانی
جارێکیان گرژ کرد،
لە کاتی وتەی گەرم و تووڕەیی،
کە هەڵی کوتایە سەر پۆلۆنییەکان،

---

(١) زرێ؛ زرێپۆش.

ئا ئەوانەی کە گالیسکەکانیان،
بەسەر سەهۆڵدا هەڵدەخلیسکان.[١]
شتێکی سەیرە.

مەرسێلەس:

دوو جار، پێش ئێستاش،
هەر بە تەواوی،
ئا لەم سەعاتە مات و مردووە،
کاتی ئێشکگری ئێمە هاتووە.
ئاواش بە رەوتی سەربازییەوە،
بە بەر چاوماندا ئەو، تێپەڕبووە.

هۆراشیۆ:

من بە تایبەتی نازانم لە چی
بیر بکەمەوە،
بەڵام باوەڕم،
هەر بە جۆرێکی گشتی، بەوەیە؛
ئەمە، هێمایە بۆ ئاشووبێکی
نامۆ کە تووشی
وڵاتەکەمان وا دیارە دەبێت.

مەرسێلەس:

توخوا دانیشن،
ئەوەی دەزانێت با بە من بڵێت؛
لەبەر چی دەبێت،
ئاوا گشت شەوێک،
بە پاسەوانیی گەلێک تیژ و توند
وە تێبینینی ناخۆشی ورد ورد،
گەلی ئەم خاکە بێزار بکرێت؟[٢]

---

(١) گالیسکە؛ عەرەبانە. ئەم جۆرە گالیسکەیە پێچکەی نییە. زستانان کە دنیا دەیبەستێت بەسەر سەهۆڵدا ڕادەکێشرێت.

(٢) خەڵکەکە بە تەفتیشکردن لە ڕێگەکاندا، بێزار دەکرێت.

بۆچی لەبەر چی،
وا هەموو ڕۆژێک،
تۆپهاوێژ، لە زەرد،[١]
دادەڕێژرێت،
لە بازاڕانی خاکی بێگانەش
ئامرازی جەنگ و چەک دەکڕرێت؟
بۆچی زۆرداری لە کەشتیکەران
ئاوا دەکرێت،
ئەوانەی ئەرکە گرانەکەیان،
یەکشەمەکانیان،
جیا ناکاتەوە لە حەفتەکانیان؟[٢]
ئایا ئێمە چی چاوەڕوان دەکەین
تا ئەم پەلەیە، ئارەق پێکەرە،[٣]
شەو ناچار بکات
کە لەگەڵ ڕۆژدا، هاوکاری بکات؟[٤]
کامتان دەتوانێت تێم بگەیەنێت؟

هۆراشیۆ:

ئەمن دەتوانم. هیچ نەبێت بەپێی
ئەوەی کە خەڵکی،
بە چرپە بە گوێی یەکتری دەڵێن:
دویەمین "شا"مان،
ئەوەی هەر ئێستا، هاتە بەرچاومان،
جەنگی کردووە، وەکو دەزانن،
لەگەڵ فۆرتنبراس، شای نەرویجییەکان،

---

(١) لە زەرد؛ لە براس، لە مسی زەرد.

(٢) ئەوانەی کە کەشتی دروست دەکەن "کەشتیکەران" ئەوەندە زۆر ئیش دەکەن، ئەرکە گرانەکەیان، ڕۆژی یەکشەمە لە حەفتەکان، جیا ناکاتەوە بۆ حەسانەوە.

(٣) پەلەی ئارەق پێکەر؛ پەلە کردنێک کە زۆر ئارەق بە مرۆڤ بکاتەوە.

(٤) ئەگەر مرۆڤ بە شەو و ڕۆژ هەر ئیش بکات، وەکو شەو ناچار کرابێت لەگەڵ ڕۆژدا هاوکاری بکات وایە.

ئەوەی خۆی گەلێک بە زل دەزانی و
ڕەشکێکی زۆری بە "شا"مان دەبرد.[١]
هات بەرەنگاری پاشای ئێمەی کرد
بۆ جەنگی تاکی.
"هاملێت"ی خۆشمان، وەکو پاڵەوان–[٢]
دە بۆیە خەڵکی
دیوی ئەمبەری خاکانی جیهان،
ئەوانەی ئێمە شارەزاین لێیان،
ڕێزی زۆر دەگرن؛–[٣]
فۆرتنبراسی،
لە جەنگەکەدا بەزان و کوشتی.
بە پێی ئەو مەرجەی،
لە نێوان خۆیان
مۆریان کردبوو و
پەسەند کرابوو،
بە پێی ئاسایی و قانوونی زەمان؛
لەگەڵ ژیانی،
هەموو خاکان و سامانەکانی،
بە "شا"مان دۆڕان.
بەرامبەر ئەوە،
شایەکەی خۆمان،
هەندەی دانابوو لە خاک و سامان،
بگونجێن لەگەڵ ئەوانەی ئەودا.
تا ئەگەر دۆڕانی، ببێت بە موڵکی
فۆرتنبراس خۆی.

---

(١) ڕەشک؛ حەسوودی.

(٢) هاملێت، ناوی باوکیشی هەر (هاملێت) بووە.

(٣) لە هەموو ئەوروپا و ئەفریقا و ئاسیادا. «لە هەموو جیهاندا جگە لە ئەمەریکا و ئوستralia.»

وەک چۆن بۆ هاملێت،
مانەوە خاک و سامانەکانی.
"فۆرتنبراس"ی
گەنج، بەگ، ئێستاکە،
ئەم سەربزێوە مەعدەن ناپاکە،[١]
لەملا و لەولاوە،
لە دەورووپشتی
نەرویج، کۆمەڵێک
بێ زەویوزاری کۆکردووەتەوە،
ببن بە خۆراک،
بۆ سەرکەشییەک.[٢]
یەکێک کە گەدەی لە ناودا هەبێت.[٣]
بۆ هیچی تر نا
وڵاتەکەمان دەزانێت بەوە–[٤]
جگە لەوەی کە
بیسەندێتەوە،
بە دەستی توانا و مەرجی زۆر گران،
ئەو زەوییانەی، کە ئێستا گوتمان،
باوکی دۆڕانی.
ئەمەیە، وەکو ئەمن تێ دەگەم
گەورترین هۆی
ئامادەبوون و ئەم ئێشکگرتنە و
سەرچاوەی هەموو

(١) سەربزێو؛ هاروهاج. "فۆرتنبراس"ی گەنج؛ ئەمە، کوڕی ئەو "فۆرتنبراس"ەیە کە کوژرا. لە ئەوروپادا، زۆر جار، کوڕ بە ناوی باوکەوە ناو دەنێن.
(٢) سەرکەشی؛ سەرەڕۆیی، موغامەرە.
(٣) گەدە؛ مەعیدە. گەدەی لە ناودا هەبێتب؛ ئامادە بێت بۆ خواردن «ئەوانەی لە جەنگدا دەکوژرێن دەبن بە خۆراک بۆ جەنگەکە».
(٤) وڵاتەکەی ئێمە، ئاگەدارە و دەزانێت کە ئەو بە تەمای سەرکەشییەکی ئاوایە.

ئەم جموجۆڵە و
ئاژاوەکانی وڵاتەکەمان.

بەرناردۆ:

منیش، لام وایە، تەنیا ئەوەیە،
هیچی تر نییە.
لە بەر ئەوەشە ئەم تارمایییە
سەیرە بەیوومە،
کاتی ئێشکگرتن، لە زرێپۆشدا،
دێت دەردەکەوێت،
بە شێوەیەک وا لەو "شا"یە دەچێت،
ئەوەی کە هۆ بوو،
ئێستاش هەر هۆیە،
بۆ ئەم جەنگانە.[١]

هۆراشیۆ:

ئەمە، تەڵەزمە،
تا دیدەی مێشک پێی تاریک ببێت:[٢]
لە بەرزترین و هەرە زاڵترین
وڵات ، لە رۆما.[٣]
هەر کەمێک، بەر لە
کەوتنی یولیەس،
کە بەهێزترین شای سەر زەمین بوو،[٤]

(١) شا کۆنەکەی ئێمە، ئەوسا هۆ بوو، ئێستاش هەر ئەو هۆیە بۆ جەنگانەوە. لەوە ناچێت کە شا کۆنەکەی خۆیان زۆر خۆشبوێت (وەرگێڕ).

(٢) تەڵەزم؛ پارچە پووشێک یان تەلاشێکی بچووک. ئەگەر چاوی "دیدەی" مێشک تەڵەزمێکی تێ بکەویت، تاریک دەبێت شت بە روونی نابینێت. ئەم تارماییە دێت بۆ ئەوەی سەرمان لێ بشێوێنێت.

(٣) بەرزترین و هەرە زاڵترین وڵاتی دنیا؛ ئەوە ئیپراتۆرییەی ڕۆمانییە.

(٤) یولیەس قەیسەر، دکتاتۆری رۆما بوو. دوای کوشتنەکەی لە ساڵی ٤٤ پ. ز. جەنگی ناوەخۆ دەست پێ دەکات و کەسێکی زۆر دەکوژرێت. کوشتنی یولیەس باسی کراوە لە پاشکۆی (٣) ی ئەم پەرتووکەدا «یولیەس قەیسەر و ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترە»

گۆڕەکان هەموو، بەتاڵ مانەوە، ١,١,١١٥
کە مردووەکانیان، بە کفنیانەوە،
لێیان دەرچوون و
لەناو کۆڵان و شەقامەکانی
رۆما دەگەڕان.
بە دەنگی بەرز و گەلێک زیقەوە،
چەنەبازییان دەکرد پێکەوە.
لە هەمان کاتدا،
ئەستێرەکانی ئاسمان دەکشان،
کلکێکی ئاگر بە دوایانەوە.
لە ناو رۆژیشدا دەکولا بوڕکان.
لە جێی ئاو، خوێن بوو
شەونمی بەیان.
ئەستێرەی تەڕیش،[١]
ئەوەی کە لەسەر تەنیا هێزی ئەو،
دەوڵەتی "نیبتوون" خۆی راگرتووە،
وا بیمار بووبوو؛ ١,١,١٢٠
گیرا، دیار نەما،
بگرە تا رۆژی لێپرسینەوە.[٢]
هەر بە تەواوی، ئێستاش وەک ئەوسا؛
بەر لە ڕووداوی سامناک و سەختدا،
لە جێی پەیامبەر،
هێمای ئاوا دێت تا پێمان بڵێت،
کە زەمانێکی پڕ لە تەنگاوی،
بە رێوەیە، دێت.

---

(١) ئەستێڕەی تەڕ؛ مەبەستی لە "مانگ"ە، بۆ ماوەیکی زۆر درێژ گیرا و دەرنەکەوت. نیبتوون کە خوای دەریاکانە، لە کۆنەوە وایان دەزانی، کە لە کاتی مەد و جەزردا هێزی خۆی لە مانگەوە وەردەگرێت.
(٢) رۆژی لێپرسینەوە؛ رۆژی قیامەت.

زەمین و ئاسمان، بەم جۆرە هەردووک،
ئەمە دەنووێنن
بۆ ناوچەکان و گشت ڕۆڵەیەکی
وڵاتەکەمان. (تارماییەکە دێت)
لەسەرخۆ، وسبن!
تەماشای بکەن،
هەم دیسانەوە، ئەوەتانێ دێت.
ئێستاکە، شەرتبێت،
ئەگەر دەستیشم لێ بوەشێنێت،
بەسەر ڕێگەیدا، هەر تێدەپەڕم.(1)
(تارماییەکە بازووەکانی دەکاتەوە وەکو بیەوێت بفرێت)
مەڕو تارمایی!
ئەگەر دەتوانیت دەنگ بەکار بێنیت،
لەگەڵما بدوێ.
ئەگەر کارێکی
چاک، تۆ دەزانیت باشە بکرێت،
تاکو تۆ بەوە، بارت سووک ببێت،
منیش لە خواوە، ئەجرێکم بۆ بێت،
بە منی بڵێ.(2)
ئەگەر ئاگەداری تۆ لە پەنهانی
ئەو وێرانییەی
وڵاتەکەتان کە تووشی دەبێت،
وە بە زانینی،

---

(١) جاران دەیانگوت؛ ئەگەر یەکێک لە بەردەمی خێو و جنۆکە و شەیتان و شتی وا، بەسەر ڕێگەکەیاندا بپەڕێتەوە، ئەو کەسە، لەعنەتی ئەوانی بۆ دێت.

(٢) دەڵێن، گوایە، دوای ئەوەی کە مرۆڤ دەمرێت، ئەگەر لە کاتی ژیانیدا، کاری بەدی کردبێت، پەشیمان دەبێتەوە و زۆر جار گیانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جێگەیەی کە ئەو کارە بەدەی تێدا کردووە. بەڵام چونکە مردووە، ناتوانێت ئەو کارە بەدە بە ئیشێکی باش بشوات. لەبەرئەوە ئەو کارە باشە دەبێت کەسێکی زیندوو بۆی بکات. بەوە گوناحی مردووەکە دەشوات و خواش ئەجری دەداتێ.

ئەگەر بەختیار بین،
دەزانین کە چۆن گورێز دەکرێت،[١]
ئاخ، دە بەمنی،
بە منی بڵێ!
یاخو ئەگەر تۆ، کاتی ژیانت،
بە فرِوفێڵ و گزی و زۆرداری،
گەنجینەی زێرِت کۆکردووەتەوە و
شاردووتنەتەوە لە ژێر زەمیندا،
لەو جۆرەی، دەڵێن،[٢]
کە روحەکانتان
دەگەرِێنەوە و بۆیان دەگەرِێن،
پێم بڵێ لە کوێن. (کەڵەشیر دەخوێنێت)
بمێنەرەوە و لەگەڵمان بدوێ.
مەرسێلەس، رێگەی لێ بگرە نەرِوات.
مەرسێلەس:
بە "رِم"ەکەی خۆم، لێی بدەم ئێستا؟
هۆراشیۆ:
لێی بدە ئەگەر هات و نەوەستا.
بەرناردۆ:
لێرەیە، لێرە.
هۆراشیۆ:
لێرەیە، لێرە. (تارماییيەکە دەرِوات)
مەرسێلەس:
ئەوەتانێ رۆیشت.
نارِەوایە ئەگەر بەم جۆرە ئێمە،
مامەڵەی بکەین؛

(١) گورێزکردن؛ تەجەنوبکردن، to avoid
(٢) لەو جۆرەی؛ لەو جۆرە گەنجینانەی.

ناگونجێت لەگەڵ پایەی بڵندی،
ئەگەر توندوتیژی وای لەگەڵ بکەین.[١]
ئەو وەک "با" وایە،[٢]
لێدانەکانمان کاری تێ ناکات،
بێ سوودە، تەنیا
کارێکە پەست و بێزاری دەکات.

بەرناردۆ:

کەمێکیی مابوو کە قسە بکات،
ئەو کاتەی خوێندی کەڵەشێرەکە.

هۆراشیۆ:

هەر گوێی لە دەنگی
بوو، ڕاچڵەکی.
وەک تاوانبارێک،
کە بانگ دەکرێت،
بۆ ژووانێکی سامناکی گرینگ.[٣]
بیستوومە دەڵێن گوایە کەڵەشێر،
کە زوڕناژەنی بەری بەیانە،[٤]
بەدەنگی بەرزی گەرووە زیقەی
خوای ڕۆژ لە خەو ڕادەپەڕێنێت.
جا، بەو ئینزارە،
روحی تاوانبار
لە هەرچ کوێیەک بێت؛
لە ناو دەریا بێت، لە ئاگردا بێت،
لە ناو هەوابێت، یان لە خاکدا بێت،

(١) ئەمە "شا"یە، نابێت وا بەم جۆرە بە توندوتیژی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.
(٢) ئەو، روحە، وەکو "هەوا" وایە، تەنی نییە.
(٣) ژووان؛ مەوعد.
(٤) زوڕناژەن؛ بلوێر، زوڕنا. کەڵەشێر وەکو بلوێر، بەیانییان خەڵکی لە خەو هەڵدەستێنێت.

ئەگەر لە سنووری خۆی تێپەڕی بێت،
زوو بەرەو جێگەی بەندییەکەی دەچێت.
ڕاستییەکەی ئەمە،
ئەوەی کە دیمان، لە پێش تۆزێکدا،
باش دەیچەسپێنێت.[١]

مەرسێلەس:

هەر لەگەڵ دەنگی کەڵەشێرەکە،
ون بوو دیار نەما.
هەندێ کەس دەڵێت؛
کاتی ئاهەنگی لەدایکبوونی
ڕزگارکەر، کە دێت[٢]
باڵندەی شەبەق،[٣]
بە درێژاییی
شەو، تا بەیانی،
گۆرانی دەڵێت.[٤]
لەو کاتانەدا دەڵێن کە گوایە؛
روح نییە زاتی هەبێ بوێرێت
پێی لە سنووری خۆی دەربهێنێت.
بای شەوەکانی پا و سازگار دەبێت.[٥]
ئەستێرەکانی،
بەر یەک ناکەون.
نە خێو نە پەری،

(١) دەیچەسپێنێت؛ دای دەچەسپێنێت، ئیسپاتی دەکات. تارماییەکە، هەر کە گوێی لە دەنگی کەڵەشێرەکە بوو، لە ترسی خوای رۆژ، زوو رۆیشت و خۆی ون کرد.

(٢) ڕزگارکەر؛ حەزرەتی مەسیح.

(٣) باڵندەی شەبەق؛ کەڵەشێر.

(٤) گۆرانی دەڵێت؛ دەخوێنێت. بۆ ئەوەی، لەو کاتە پیرۆزانەدا، خێو و جنۆکە و شتی وا، نەوێرن دەرکەون، کەڵەشێر لە ئێوارەوە تاکو بەیانی بەردەوام هەر دەخوێنێت.

(٥) پا؛ پاک

لەو کاتانەدا، دەست دەوەشێنێت.
ئەفسوونبازەکان،
لە جادووگەری پەکیان دەکەوێت،[١]
هەندە پیرۆز و بەڕێز و شەنگن
ئا ئەو کاتانە.
هۆراشیۆ:
بیستوومە منیش تا رادەیەکیش،
بڕوای پێ دەکەم.
بەڵام، سەیر بکەن؛
ئەوا بەیان هات،
بە کراسێکی سوورەوە دەڕوات
بەسەر شەونمی
ئەو گردە بەرزەی بەرەو رۆژهەڵات.
کاتی ئێشکگری، وا کۆتایی هات.
بە ئامۆژگاری من، هەرچێمان دی،
ئەمشەو لێرەدا،
با بۆ "هاملێت"ی
گەنج، بەیەکەوە،
بیگێڕینەوە.
ئەمن سوێند دەخۆم،
بە ژیانی خۆم؛
ئەم تارماییەی،
کە لەگەڵ ئێمە، لاڵ و بێدەنگە،
دەدوێت لەگەڵ ئەو.[٢]
لەگەڵما رازین؛

(١) ئەفسوونباز؛ جادووگەر. لەو کاتە پیرۆزانەدا، جادووگەر پەکی لە جادووگەری دەکەوێت، نوشتە یان جادوو ناتوانێت بکات.
(٢) ئەو؛ مەبەستی لە "هاملێت"ە.

به یەکترییان ئەگەر بناسێنین؟
لام وایە "وام"ی خۆشەویستییە و
ئەرکە لەسەرمان.[١]

مەرسێلەس:

با وای لێ بکەین، توخوا تکایە.
دەزانم لە کوێ و لە چ شوێنێکی
گونجاو دەتوانین،
بیدۆزینەوە ئەم بەیانییە.

---
(١) وام؛ قەرز، وامە لەسەرمان؛ قەرزە لەسەرمان.

# دیمەنی ٢-١

کلۆدیەس "شـای دەنیمـارک"، گێـرتروود "شـاژن"، هـاملێت بـەجلی رەشـەوە، پۆلۆنیەس، لێرتێس، ئۆفێلیا، ڤۆلتێمان، کۆرنێلیـەس لەگەڵ چەند خانەدانێک دەردەکەون.

کلۆدیەس:

هەرچەندە یادی
مردنی برا شیرینەکەمان،
هاملێت، هێشتاکە سەوز و تازەیە،
تەنیا لێمان دێت
دڵێک هەڵبگرین
پڕ لە خەفەت بێت.
وڵاتەکەشمان،
هەمووی بە جۆرێک
کرژ ببێتەوە
وەک یەک رووی گرژی
کلۆڵی لێ بێت.
بەڵام هێشتا هەر
ژیری لە دژی
سروشت دەوەستێت؛[١]
بۆیە دەتوانین لە براکەمان
بە داناترین مەراقی پڕ سوێ
بیر بکەینەوە و

(١) سروشت دەیەوێت کە هەر سوێ بخۆین، ژیریش دەڵێت دەبێت بیر بکەینەوە لە دوارۆژی وڵاتەکەتان.

خۆشمان لە بیر بێت؛[١]
ئەوەتا ئەوەی
بە خوشکم دەشیا،
ئێستا بانووشای وڵاتەکەیە.
هاوبەشیم دەکات
لە فەرمانداری
ئا ئەم وڵاتە،
جەنگاوەرەی کە ئێمە هەمانە.
بڕیارمان داوە–
بە شادییەکی دڵشکاوەوە؛
بە دوو چاوەوە؛
یەکیان ئومێدی هەر پێ دەبینێن،
ئەوەکەی تریان پڕە لە ئەسرین،[٢]
لە کاتی شیندا، شادی دەنووێنێن،
لە کاتی شاییش،
شین دەکەین دەگرین.[٣]
دوای ئەوەی هەردووک؛
پەژارە و شادی،
لە ناو تەرازوو هاوتا کێشانمان–
ببێت بە ژنمان.[٤]
ئا لەم بارەوە ڕێ کرابووەوە
بۆ ئامۆژگاری
دانا و بەنرخی ئێوە هەمووتان.
کە بە سەربەستی،

(١) خۆشمان لە بیر بێت؛ ئەرکی خۆشمان بەرامبەر گەل و وڵاتەکەمان، لە بیر بێت.

(٢) یەکیان؛ یەکێکیان. ئەسرین؛ فرمێسک.

(٣) لە کاتی شینکردن بۆ براکەم، شایی دەکەین «ژنی برا مردووەکەی خۆی دەهێنێت» لە کاتی شادیشدا، شین دەکەین و دەگرین «بۆ براکەم».

(٤) ببێت بە ژنمان؛ ئەمە دێرەکەی سەرەوە تەواو دەکات، کە دەڵێت؛ بڕیارمان داوە.

بیر و رای خۆتان
بە ئێمە گوت و
پەسەندتان کرد و بە باشتان زانی.
سوپاستان دەکەین گەلێک بۆ ئەوە.[١]
نۆرەی هات باسی ئەمەیان بکەین:
وەکو دەزانن؛ "فۆرتنبراس"ی
گەنج–
یان لەبەرئەوەی نرخمان نازانێت
یان وا دەزانێت لەبەر مردنی
ئەم ئەزیزەمان، جمژگەکانی
پەیکەری هەموو وڵاتەکەمان،[٢]
لە جێی خۆیاندا گشت ترازاون–
ئێستا پەیمانی لەگەڵ خەیاڵی
سەیری بەرزخوازی
خۆیدا بەستووە و
پەیامەکانی،
ئێمەی بە جارێک بێزار کردووە:
دەخوازێت لێمان، ئەو زەوییانەی
کە ئەوسا باوکی
بە پێی پەیمان و یاسا دۆڕانی
بە برا ئازا جوامێرەکەمان،
بیاندەینەوە.
دەربارەی ئەویان،[٣]
تەنیا ئەوەبوو

(١) دیارە پێش ئەوەی بڕیار بە تەواوی بدات کە ژنی برا مردووەکەی خۆی بهێنێت، بە خزم و دۆست و وەزیرەکانی گوتووە و کەس دژی ئەوە نەوەستاوە و ئەو فکرەیان پەسەند کردووە.
(٢) جمژگە؛ جمگە، ئەنجامە. ئەگەر پەیکەرێک جمژگەکانی بترازێت، دەڕوخێت.
(٣) ئەویان؛ مەبەستی لە "فۆرتنبراس"ی گەنجە.

ئەوەی کە دەمویست من پێتان بڵێم.
ئێستاش دەربارەی
خۆمان و ئا ئەم کۆبوونەوەیە؛
کاروبارەکە ئێستا ئاوایە:
لەم نامەیەدا، ئەمن نووسیومە
بۆ نەروێج، مامی[١]
"فۆرتنبراس"ی گەنج،
ئەوەی کە ئێستا، لەبەر بێ هێزی،
شەو و ڕۆژ لە ناو جێگە کەوتووە–[٢]
زۆر لەوانەیە، نەشیبیستووە
برازای گەنجی بە تەمای چییە–
هەتاکو بەڵکو ڕێگەی لێ بگرێت،
نەیەڵێت بەرەو ئێمە زیاتر بێت.
بۆ ئەم کارە، ئەو،[٣]
سەربازەکانی هەڵبژادووە
تەنیا لەوانەی
کە پیاوی خۆیین. (ڕوو دەکاتە ڤۆڵتێماند)
ئێستاش لێرەوە، ڤۆڵتێماند، ئێوە؛
خۆت و کۆرنێلیەس،
ڕەوانە دەکەم (نامەیەک لە گیرفانی خۆی دەردەهێنێت)
ئەم دروودانەم[٤]

(١) نەروێج؛ شای نەروێج.
(٢) پەکی کەوتووە؛ مەبەستی لە مامی "فۆرتنبراس"ی گەنجە. دیارە دوای ئەوەی باوکی هاملێت، باوکی "فۆرتنبراس"ی گەنج دەکوژێت، براکەی، کە مامی "فۆرتنبراس"ی گەنجە، دەکرێت بە شای نەروێج. چونکە باوکی فۆرتنبراس، ئەویش هەر ناوی فۆرتنبراس بووە، لەبەرئەوە دەڵێین "فۆرتنبراس"ی گەنج، بۆ ئەوەی دیار بێت مەبەست لە کامیانە. باوکی "هاملێت"یش هەر ناوی هاملێت دەبێت. لە ئەورووپا ئێستاش شتێکی ئاساییە کە کوڕ بە ناوی باوکییەوە ناوی لێ بنێن.
(٣) ئەو؛ مەبەستی لە "فۆرتنبراس"ی گەنجە.
(٤) ئەم دروودانەم؛ ئەم سڵاوانەم. ئەو سڵاوانەی کە لە ناو نامەکەمدا نووسیومە.

بە نەرویجی پیر ڕابگەیەنن.[١]
بە ئێوە، هێزی تر نەدراوە،
جگە دەربارەی
ئەوەی لێرەدا،
بەفراوانی، باسی کراوە،
کە لەگەڵ "شا" دا،
گفتوگۆ بکەن.
دەی برۆن ئێستا، خواتان لەگەڵ بێت.
تەنیا پەلەیی،
سەرداری کار و ئەرکەکەتان بێت.[٢]

کۆرنێلیەس و ڤۆلتێماند:
لەمەدا و لە گشت کارێکی تردا
ئامادەین ئەرکی
خۆمان بنووێنین.

کلۆدیەس:
هیچ گومانێکم نییە لەوەدا.
خواتان لەگەڵ بێت. (کۆرنێلیەس و ڤۆتێماند دەرۆن)
ئێستاش تۆ، لێرتێس،
باسی چیت پێیە؟
گوتت خوازگاریت، لێرتێس، تۆ هەیە.
چییە پێم بڵێ ئەو خوازگارییە؟
ئەگەر دانا بێت،
ئەو دەنگەی زارت دەری دەهێنێت،
بێ سوود گوم نابێت.[٣]
ئا ئەوە چی بێت،

(١) نەرویج؛ شای نەرویج.
(٢) پەلەیی، سەردار بێت؛ لەم کارەدا، با پەلەکردن لە هەموو شتێکی تر گرینگتربێت لاتان.
(٣) ئەو دەنگە بەخۆڕایی لە کیس ناچێت.

لێرتێس، ئەوەی تۆ
داوای بکەیت و
خواستی خۆم نەبێت؟
نە سەر لەگەڵ دڵ
مەیانەترە[١]
نە دەست بۆ خزمەت-
کردنی دەممان، ئامادەترە،
لە سەولەجان و تەختی دەنیمارک،
بۆ ئەو باوکەی تۆ.[٢]
لێرتێس،
خوازگارییەکەت، چییە؟ پێم بڵێ.

لێرتێس:

بەگم، من هاتم ئیزن بخوازم
تا بۆ فەرەنسا، بگەڕێمەوە.
هەرچەند لەوێوە، بۆ ئێرە هاتم
بە ئارەزووی خۆم،
تاکو دڵسۆزی و ئەرکم بنووێنم
بۆت، لە ئاهەنگی تاج لەسەرکردن،
بەڵام دوای ئەوەی کردم ئەرکەکەم،
دیسان من بیری فەرەنسا دەکەم.
زۆر بە سەرکزی،
من داوای ئیزن و لێبووردن دەکەم.

کلۆدیەس:

باوکت ئیزنی دایت؟

---

(١) سەر؛ سەرۆک، بێگومان، مەبەستی لە خۆیەتی. دڵ؛ مەبەستی لە ئەو ئەنجوومەنەیە کە شا، کاتی پێویستی، ئامۆژگاری لەگەڵدا دەکات. پۆڵۆنییەس، کە باوکی "لێرتێس"ە، ئامۆژگاری شایە.

(٢) دەست، چۆن، هەمیشە، ئامادەیە کە خزمەتی دەم بکات (خواردنی بداتێ)، سەولەجان و تاجی دەنیمارک، لەوە زۆرتر ئامادەن خزمەتی ئەو باوکەی تۆ بکەن.

پۆلۆنیەس، دەڵێت چی؟

پۆلۆنیەس:

بە پاڕانەوە و هەندێک زۆرداری،
وردە بە وردە من، بە ناچاری،
مۆرم پێوە نا.[١]
تکات لێ دەکەم تۆش ئیزنی بدەیت،
با بۆ خۆی بڕوات.

کلۆدیەس:

لێرتێس، تۆ ساتی
جوانی خۆت بەرە، بەکاری بێنە.[٢]
کات، کاتی خۆتە،
بە ئارەزووی خۆت
ئەدای دەروونت، بڕۆ بنووێنە.[٣]
بەڵام ئێستا تۆ،
هاملێت،
ئامۆزا و کوڕم-[٤]

هاملێت: (لەبەر خۆیەوە)

لە خزمایەتی ئێمە زۆرترە،
خۆشەویستیشمان لەوە کەمترە.[٥]

کلۆدیەس:

چۆنە، تا ئێستا،
هەور، دای پۆشیویت؟[٦]

---

(١) مۆرم پێوەنا؛ رازی بووم «مۆرم کرد».

(٢) ساتی جوانی؛ کاتی گەنجی.

(٣) ئەدای دەروونت، بڕۆ بنووێنە؛ شۆخ و شەنگی دەروونت برۆ بە کاری باش، پیشانیان بدە.

(٤) ئامۆزا، زۆر جار لەباتی 'خۆشەویست' یاخۆ 'ئازیز' بەکار دەهێنرا.

(٥) خزمایەتی ئێمە، لەوە کەمترە کە پێم بڵێیت " کۆڕم" و ئەو خۆشەویستییەی هەیە لە نێوان ئێمەدا کەمترە لەوەی کە بە من بڵێت "ئامۆزام".

(٦) هەور، دایپۆشیویت؛ جلی ڕەشت لەبەرایە.

هاملێت:

وا نییە، بەگم؛

لە ژێر هەتاوم زیاد لە پێویستی.[١]

گێرتروود:

کوڕی باش، هاملێت،

جلی شەو- ڕەنگی خۆت فڕێ بدە[٢]

چاوەکانت با

سەیری دەنیمارک، وەک دۆستێک بکەن.[٣]

پێویستی ناکات، تا هەتا هەتا،

پێڵوی چاوانت

نزمکەیتەوە و لە خۆڵەکەدا،

بگەڕێیت بەشوێن باوکی هێژاتدا.

خۆ تۆ دەزانیت

ئەمە شتێکی ئاسا و گشتییە؛

هەموو زیندوویەک پێویستە بمرێت،

بە ناو ژیاندا، بپەڕێتەوە و

بچێت بۆ بوونی هەتا هەتایی.

هاملێت:

بەڵێ، خاتوونە، وایە، گشتییە.

گێرتروود:

ئەگەر وابێت بۆچی، وا دەردەکەوێت،

بۆ تۆ شتێکی زۆر تایبەتی بێت؟

هاملێت:

وا، دەردەکەوێت؟

---

(١) لە ژێر هەتاوم زیاد لە پێویستی؛ وەکو بە شا، بڵێت' تۆ ڕۆژیت، هەتاوەکەی تۆ زۆر لە من دەدات' ئەمە، بێگومان، بە گاڵتەپێکردنەوە دەیڵێت.

(٢) جلی شەو ڕەنگ؛ ئەو جلەی کە ڕەنگەکەی، وەکو ڕەنگی شەو، ڕەشە.

(٣) دەنیمارک: شای دەنیمارک.

بۆ من، خاتوونە، وا دەرناکەوێت،
خۆی چۆنە، وایە.
دایکە باشەکەم، ئەمانە هیچیان؛
نە کەوای ڕەشی سوێداری بەرم،
نە جل و بەرگی مەرەکەباویم،[1]
نە داخ کێشان و هەناسەی ساردم،
نە دوو ڕووباری خوڕی چاوانم،
نە دیمەی پەستم،
نە ڕووی کەساسم.[2]
نا، نا، هیچ جۆرە هێمای سوێداری،
ڕاست بە تەواوی،
پەژارەی دڵی من نانووێنێت.
ئەمانە، چونکە کردەوەن، دیارن،
خەڵک دەیان بینێت،
بەڵام لە ناوما، هەیە ئەوانەی
قووڵترن لەوەی کەس بیانبینێت.
ئەمانەی دیارن،
تەنیا هەر توێژ و بەرگی پەژارەن.
کلۆدیەس:
ئا، ئەم سروشتە شیرینەی هەتە،
بە ڕاستی، هاملێت،
جێی ستایشتە؛
کە تۆ وا ئەرکی
شین و سوێداری
باوکت هەڵبگریت.
بەڵام پێویستە کە تۆ بزانیت،

(١) مەرەکەباوی؛ ڕەنگی مەرەکەب "ڕەش".
(٢) دیمە؛ دەموچاو.

باوکی تۆش باوکی،
هەر کە هات کاتی،
گەشتی کرد، ون بوو.
ئەو باوکەش باوکی
خۆیی بەم جۆرە،
ئاوا، لێ ون بوو.
ئەوەی دەمێنێت، لە رۆڵەکانی،
پێویستە ئەرکی، بەرامبەر باوکی،
بهێنێتە دی.
خەفەتی دڵی
بۆ دەمێک دەبێت هەندێک دەربڕێت.
بەڵام بەم جۆرە، وا بە لاساری،
لە سوێداریا، هەر بەردەوامبێت،
ئا ئەمە، هاملێت،
ڕێگەی کەسێکی لەخواترس نییە.
سوێدارییەکی پیاوانە نییە.
ئەمە، ویستێکی
نادروست دژی ئاسمان دەنووێنێت،
دڵێک کە بەربەست هیچ نەکرابێت،
مێشکێکی زۆر سادە و بێئارام،
لە دنیا فێری هیچ نەکرابێت.
چونکە ئەو شتەی هەموو دەزانین؛
هەیە و ئاسایە و پێویستە هەبێت،
بۆ بە ڕوویەکی پەست و گرژەوە،
دژی بوەستین؟
تفوو؛
ئەمە، هەڵەیە دژی ئاسمانمان،
ئەمە، هەڵەیە دژی مردووەکە،

ئەمە، هەڵەیە دژی سروشت خۆی.
دانایی، بەوەی
هەر شیوەنکردن بۆ باوک کاری بێت،
پێکەنینی دێت.
هەر لە یەکەمین تەرمی دنیاوە،[١]
هەتاکو ئەوەی
کە ئەمرۆ گیانی لێ کێشراوە،
هەر هاوار دەکات؛
"ئەمە هەر دەبێت
ئا بەم جۆرە بێت."[٢]
تکات لێ دەکەین؛
ئەم سوێ بێ سوودەت،
بدە بە خاکدا[٣]
وەکو باوکی خۆت،
تۆ سەیرمان بکە.
بۆ هەموو دنیا،
با ئاشکرا بێت؛
نزیکترین کەس، لە تەختی شاوە،
هاملێت، تەنیا تۆیت.
ئەوەندەش ئەڤین،[٤]
ئێمە لە جەرگدا،
بۆ تۆ، هەڵدەگرین،
کەمتر نا لەوەی هەرە باشترین،
باوک هەڵی دەگرێت بۆ ڕۆڵەکەی خۆی.

(١) یەکەم تەرمی دنیا: ئەوە، تەرمەکەی "هابیل"ە، کوڕی ئادەم و حەوا، ئەوەی کە "قابیل"ی برای کوشتی.
«باوکی هاملێتیش بە دەست براکەی خۆی کوژرا»
(٢) دانایی، هەر هاوار دەکات دەڵێت "مردن پێویستە هەبێت"
(٣) ئەم سوێ بێ سوودە بدە بە خاکدا؛ بەسەریا زاڵ ببە، بیدە بە ئەرزا.
(٤) ئەڤین؛ خۆشەویستی.

دەربارەی ئەوەی؛
کە تۆ، ئێستا وا ئارەزوو دەکەیت
بگەڕێیتەوە بۆ خوێندنگەکەت،
لە دێی "وتنبێرگ".
دەبێ بزانیت کە ئەمە گەلێک
دژی ئارەزوو و ویستی ئێمەیە.
جا لەبەر ئەوە، دەپاڕێینەوە؛
بمێنیتەوە،
تا چاومان بەوە، ڕوونببێتەوە،
هەی نزیکترین کەسی خزممان،
برازاکەم و ڕۆڵەکەی خۆمان.[1]
گێرتروود:
نەیەڵیت، هاملێت،
نوێژەکانی
دایکت، بە بێسوود، لە کیسی بچێت.
تکات لێ دەکەم:
لێرە لە گەڵمان بمێنەرەوە.
مەگەڕێرەوە تۆ بۆ "وتنبێرگ".
هاملێت:
بە هەموو توانام،
خاتوون، هەوڵ دەدەم بە قسەت بکەم.
کلۆدیەس:
لام وایە ئەوە،
وەرامێکی پڕ ئەڤین و جوانە. (ڕوو دەکاتە هاملێت)
لە دەنیمارکدا،
هەر وەک خۆمان بە.[2]

(١) برازاکەم؛ ئازیزەکەم
(٢) لەگەڵ ئێمەدا هاوپایە ببە.

دەی خاتوون بڕۆین.
ئا ئەم وەرامە، ناسک و نیانە،
ئەمەی کە هاملێت،
بە ئارەزووی خۆی، لە دەمی دەرکرد،
هەندە لام جوانە،
وەک دانشتبێت لە بەرانبەرم،
پێکەنێت لەگەڵ دەروون و دڵم.
هەر لەبەر ئەوە،
ئەمڕۆ دەنیمارک، مەی ناخواتەوە،
بە نۆشی کەسێک،(١)
ئەگەر لە دوای ئەوە،
گرمەی تۆپێکی مەزن دەرنەچێت،
بەرەو رووی هەور دەنگ بداتەوە،
هەر لەوێشەوە، لە ئاسمانەوە،
دەنگی ئاهەنگی شا، دیسانەوە
گرمەگرمەکەی، نەگەڕێتەوە،
لە سەر زەمیندا دەنگ بداتەوە.
دەی ئیتر بڕۆین. (هەموو دەڕۆن، هاملێت هەر خۆی دەمێنێتەوە)

هاملێت:

ئای خوایە، خۆزگە
ئەم لەشە زۆر زۆر توند و پتەوەم،
دەتوایەوە،
شی شی دەبووەوە و دەبوو بە شەونم.
یاخۆ، ئەوەی کە
دەمێنێتەوە، تا هەتا هەتا،
دژی خۆکوشتن، یاسای نەدەبوو.(٢)

---

(١) دەنیمارک؛ شای دەنیماک، مەبەستی لە خۆیەتی.

(٢) ئەوەی دەمێنێتەوە تا هەتا هەتا؛ خوا. دەڵێت خۆزگە خوا یاسای "قانوونی" دژی خۆکوشتن نەدەبوو. بە پێی ئینجیل ئەوەی خۆی بکوژێت، خوا، سزای دەدات، دەیخاتە جەهەننەم.

ئای خوایە، خوایە،
چەند تەنگ و پەست و ناخۆش و بێسوود
دێتە بەرچاوم، ئەم دنیایەمان.
دەک، هەر وێران بێت؛
باخێکە، تەنیا
هەر دڕکوداڵی تێدا گەورە دەبێت،
بۆ تۆو هەڵهێنان.[1]
شتی زۆر پیس و دڕندە و بۆگەن،
سەرتاپا هەمووی داگیر کردووە.
ئاخر چۆن دەبێت،
بگاتە ئەمە و ئەنجامی وابێت!
هەمووی دوو مانگە، دوومانگیش نابێت،
کە ئەو مردووە.
ئەو شا نایابە، بەراوردکرێت
لەگەڵ ئەمەیان،
وەک هیپریۆن و "ساتیر" بن ئاوان.[2]
ئەوەندە دایکی منی خۆشدەویست؛
لە بایەکانی یەزدان یەکێکیان،
ئەگەر ئاستەمێک
زبر ببینێت
نەیدەهێشت بەر ڕووی دایکم بکەوێت.
ئاسمان و زەمین،
پێویستە کە من، ئەمەم، لە بیر بێت؟[3]

(١) ئەم دنیایە، هەر کەسانی بەد و دڕ زاڵبوون بە سەریا، کە گەورەش دەبن تۆو دەگرن و ئەو تۆوانە پیاوی بەد و دڕندی تر دەهێننە دنیاوە.

(٢) هیپریۆن؛ ناوەکەی تری "هیلیەس"ە. یەعنی ڕۆژ، یاخۆ خوای ڕۆژ.. بەڵام "ساتیر"، لە ئەفسانەی یۆنانییەکاندا، بوونەوەرێکە، نیوەی پیاوە و نیوەی بزن. وە جگە لەوەی کە پیاوێکی تەواو نییە، قەشمەرێکی ئارەق خۆریشە. بەم جۆرە هاملێت، باوکی خۆی لەگەڵ (کلۆدیەس) ی مامی بەراورد دەکات.

(٣) بۆچی پێویستە من ئەم شتانەم هەر لەبیر بێت؟ بۆ ئەوەی خەفەت بخۆم؟

ئاخر دە بۆچی
ئاوا بەوەوە، خۆی هەڵدەواسی،[١]
وەک بە خواردنی، زۆرتر چڵێسی
بکرێتەوە.
لەگەڵ ئەوەشدا، لە ماوەی مانگێک– ١,٢,١٤٥
بەسە، با بیری لێ نەکەمەوە.
زەعیفە، بۆیە
ناوێکی ژنە.[٢]
هەمووی مانگێکە، مانگێکی گچکە.
هێشتا پێش ئەوەی ئەو پێڵاوانەی
کە لە پێی دابوو، کاتی رویشتنی
بە دوای تەرمەکەی
باوکی هەژارما و وەکو "نیۆبی"،[٣]
دەگریا و گیانی هەمووی فرمێسک بوو،

---

(١) بەوەوە؛ بە باکمەوە. بۆچی دایکم بە باوکمەوە خۆی هەڵدەواسی، ئەگەر خۆشی نەدەویست.

(٢) بۆیە یەکێک لە ناوەکانی ژن "زەعیفە" یە؛ مەبەستی ئەوەیە چونکە ژن مرۆڤێکی زەعیفە بە ئاسانی کاری تێ دەکرێت. بۆیە کلۆدیەس توانی بیخەڵەتێنێت.

(٣) نیۆبی؛ بە پێی میپیۆلۆجی یۆنانی، ژنی شایەکی یۆنانی بووە. حەوت کوڕ و حەوت کچی هەبووە. هەموویان زۆر جوان و زیرەک و بە هونەر بوون. (لێتۆ)ش، کە ئافرەتێکی زۆر جوان بووە، دایک و باوکی دێو و درنج بوون، یەکێک بووە لە دڵدارەکانی زیوس، گەورەترین خوای یۆنان. کوڕ و کچێکی لە زیۆس بووە؛ کوڕەکەی ناوناوە "ئەپۆڵۆ" کە خوای هونەرە و راوکردن بووە، کچەکەشی ناوناوە ئەرتێمس (دەیانا)، کە بانووخوای و ژنێتی راوکردن بووە. چونکە هەردووکیان خوای راوکردن بوون؛ قەت تیرێکیان هەڵنەدەدا بەر ئامانجەکەی نەکەوێت.

نیۆبی، رۆژێکیان بە مناڵەکانی خۆیەوە، خۆی هەڵدەکێشاوە و گاڵتەی بە لێتۆ کردووە و گوتوێتی "لێتۆ چییە، ئەو هەمووی دوو مناڵی جوان و بە هونەری هەیە، من چواردەم هەیە" ئەم قسەیە دەگاتە لێتۆ. هەرچەندە لێتۆ، بانووخوایەکی زۆر بەڕەحم بووە، بەڵام ئەم قسانەی نیۆبی، زۆر تووڕەی دەکات. رۆژێکیان کە کوڕەکانی نیۆبی لە راوکردن دەبن، لێتۆ، ئەپۆڵۆی کوڕی دەنێرێت هەر حەوت کوڕەکانی نیۆبی لە دەشتەکەدا دەکوژێت. وە "ئەرمێتس"ی کچشی دەنێرێت هەر حەوت کچەکانی لەماڵەوە دەکوژێت. نیۆبی، کە پێی زانێت، دەست دەکات بەگریانێکی زۆر و پرچڕنینەوە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ، تا لێتۆ، وا تووڕە دەبێت، دەیکات بە بەرد. بەڵام دوای ئەوەی کە بووش بە بەرد، هەر دەگریا. ئێستاش، بە بەردی، هەر فرمێسک لە چاوەکانییەوە دێتە خوارەوە.

نەختێک کۆن ببێت.
ئاخر ئەو، بۆچی ئای خوایە، خوایە،
تاکو دڕندەش،
کە کەم دانستی لە مێشکدایە،[١]
هێشتا شیوەنی درێژتر دەبوو–
شووی کرد بە مامم، بە برای باوکم،
لە کاتێکدا ئەو، زۆرتر لە باوکم
ناچێت لەوەی من لە هێرقل دەچم.–[٢]
لە ماوەی تەنیا تاکە مانگێکدا،
تاکو پێش ئەوەی،
بزر ببێت خوێی فرمێسکی درۆی،[٣]
لە چاوە سوورە ئێشاوەکانی،
ئا ئەو شووەی کرد.
ئاخ، خێرایی بەد،
دەبێت چەند بەدبیت
تاکو بتوانیت، وا بە پسپۆری،
دایکم بنێریت بۆ ناو چەرچەفی
زینا و ناپاکی.[٤]
ئەمە نە باشە، نە ئەنجامێکی
باشی قەت دەبێت.
وێران بە جەرگم،

---

(١) دانستی؛ بڕیاردان بە دانایی.

(٢) هێرقل؛ بە پێی ئەفسانەی یۆنانی، پاڵەوانێکی زۆر بە دەسەڵات و ئازا بووە. نموونەی پیاوێکی تەواو بووە. لێرەدا هاملێت دەڵێت؛ مامم ئەوەندە لە باوکم دەچێت، ئەوەندەی کە من لە هێرقل دەچم. «دیارە هاملێت، خۆی بە پیاوێکی لاواز و بێ دەسەڵات دادەنێت».

(٣) بزر ببێت؛ گوم ببێت، دیار نەمێنێت. مەبەستی ئەوەیە؛ دایکم کە شووی کرد هێشتا فرمێسکی چاوەکانی وشک نەبووبووەوە.

(٤) بۆ ناو چەرچەفی؛ بۆ ناو نوێنی. هاملێت، ئەم هاوسەرییە بە زینا دەزانێت، چونکە مامەکەی بە برای دایکی دەشێت. لە ئەوروپا بە برای مێرد دەڵێن برا.

چونکە زمانم،
دەبێت رابگرم لە دەمی خۆمدا.[١]
(هۆراشیۆ، مەرسێلەس، و بەرناردۆ دەردەکەون)

هۆراشیۆ:
مەرحەبا، بەگم.

هاملێت:
پێم خۆشە کە من، باشت دەبینم.
ئەرێ "هۆراشیۆ"ی،
یاخۆ من سەرم وا لێ شێواوە.

هۆراشیۆ:
بەڵی، من ئەوم.
هەمیشە، بەگم،
هەر ئەو نۆکەرە هەژارەت دەبم.

هاملێت:
گەورەم، دۆستە باشەکەم،
ئەو ناوە لەگەڵ
ئێوەدا ئەمن دەگۆڕمەوە.[٢]
هۆراشیۆ، ئەرێ
لە "وتنبێرگ"ەوە، چێ ئێوەی هێنا؟[٣]
ئای، مەرسێلەس، تۆش؟[٤]

مەرسێلەس:
بەڵی، سەروەرم.

هاملێت:
زۆرم پێ خۆشە کە بتان بینم. (روو دەکاتە بەرناردۆ)

---

(١) وێران بە، جەرگم؛ وێران بە، چونکە من نابێت ئەم باسە لای کەس بگێڕمەوە.

(٢) ئەو ناوە؛ مەبەستی لە "نۆکەر"ە. دەڵێت؛ لەمەولا من دەبم بە نۆکەری تۆ.

(٣) وتنبێرگ؛ ناوی ئەو شارەیە کە هاملێت و برادەرەکانی لە زانکۆکەیدا دەخوێنن.

(٤) ئای، مەرسێلەس، تۆش هاتویت؟

ئێوارە باش، بەگ.
بەڵام، پێم بڵێن بە ئیمانتان چی،
لە "وتنبێرگ"ەوە، وا ئێوەی هێنا؟

هۆراشیۆ:

بەگم، ئارەزووی خۆ دزینەوە.

هاملێت:

لە دوژمنیشتان،
من گوێم نەدەگرت
ئەگەر ئاوا بڵێت.
ئێوەش ناتوانن زۆرداری بکەن
لە گوێچکەکانم، کە بڕوا بکەن
بە راپۆرتێک وا دژی خۆتان بێت.
دەزانم خۆتان نە دزیوەتەوە.
بەڵام، چی ئێوەی،
بۆ ئێلسینۆر، هێنا؟[1]
بەر لەوەی ئێوە، بگەڕێنەوە،
فێرتان دەکەین چۆن
باش بخۆنەوە.[2]

هۆراشیۆ:

بەگ، بۆ ناشتنی باوکت من هاتم.

هاملێت:

هاوڕێی خوێنکارم، زۆر تکادارم،
بەم جۆرە گاڵتەم لەگەڵدا نەکەیت.
من وا بزانم،
بۆ زەماوەندی دایکم، تۆ هاتوویت.[3]

---

(١) ئێلسینۆر؛ ناوی کۆشکەکەی شای دەنیمارکە. هاملێت، لەو کۆشکەدا دەژێت.

(٢) پێش ئەوەی بگەڕێنەوە، دەبێت باش بەیەکەوە بخۆینەوە.

(٣) زەماوەند؛ شایی

هۆراشیو:

بەڕاستی، بەگم،

زۆر زوو دوای ئەوە، ئەمەیان کرا.[١]

هاملێت:

ڕژدی، هۆراشیۆ، ڕژدی، ئابووری؛[٢]

گۆشت، خواردەمەنی،

لە شیوەنەکە،

هەرچی مایەوە، هەر وا بە ساردی،

دانرایە سەر مێزی هاوسەری.[٣]

هۆراشیۆ، خۆزگە، لە ناو بەهەشتدا،

دوشمنی هەرە بەدی خۆم دەدی،

بەڵام ئەو ڕۆژەم من قەت نەدەدی.[٣]

لام وایە باوکم، باوکم دەبینم.

هۆراشیۆ:

لە کوێدا، بەگم؟

هاملێت:

هۆراشیۆ، لەبەر دیدەی خەیاڵم.

هۆراشیۆ:

من جارێکیان دیم. شایەکی باش بوو.

هاملێت:

ئەی،

ئەگەر بە جۆرێکی گشتی سەیری کەیت،

---

(١) زۆر زوو لە دوای مردنی باوکت، دایکت شووی کرد.

(٢) رژدی؛ رەزیلی. ئابووری؛ پاشەکەوتکردن. بێگومان لێرەدا هاملێت، گاڵتە دەکات، دەڵێت؛ زوو زەماوەندەکە کرا، بۆ ئەوەی ئەو خواردەمەنییەی لە شیوەنەکە مایەوە، بە خسار نەچێت.

(٣) مێزی هاوسەری؛ مێزی ئاهەنگی ژنهێنان "شایی".

(٤) هاملێت، لای وایە دوژمنەکانی هەموو دەچن بۆ جەهەننەم، لەبەر ئەوە ئەگەر یەکێکیان لە بەهەشت ببینێت زۆری پێ ناخۆش دەبێت. بەڵام، هەر لای باشترە لەوەی، کە بەو جۆرە، شایی دایکی خۆی ببینێت.

ئەو، گەڵێک پیاوبوو.
چاوەکانی من، هەرگیز یەکێکی
تر لە جۆری ئەو، نابیننەوە.

هۆراشیۆ:
دوێنێ شەو، بەگم، وا بزانم دیم.

هاملێت:
دیت؟ ئایا تۆ کێت دی؟

هۆراشیۆ:
گەورەم، باوکت، شا.

هاملێت:
باوکم، شا؟

هۆراشیۆ:
حەپەسانەوەی
خۆت، بۆ ماوەیک،
هێمنکەرەوە و گوێ لە من، بگرە.
تا لە بەرچاوی ئەم دوو گەواهە،(١)
باسی ئەو شتە سەیرەت بۆ بکەم.

هاملێت:
دە دەی، گوێم لێتە، بیکە لە رێی خوا!

هۆراشیۆ:
دوو شەو لە سەر یەک، کاتی ئێشکگری
ئەم دوو هاوڕێیەم؛
مەرسێلەس و بەرناردۆ،
لە نیوەشەوی ماتی مردوودا،
وێنەی پەیکەرێک لە شێوەی باوکت،
سەرتاپا لە ناو زرێپۆشێکدا،
لە بەردەمیاندا لەپڕا دەرکەوت.

---

(١) گەواهـ؛ شاهد.

بە ڕەوتی کەشخەی سەربازییەوە
بە بەرچاوانی حەپەساویاندا،
لەسەرخۆ، سێ جار، هات و تێپەڕ بوو.
مەودای دوورییەکەی؛
هەندەی درێژی،
ئەو گۆچانەی کە بە دەستییەوە بوو.[١]
ئا لەو کاتەدا ئەمان لە ترسدا،
لە جێی خۆیاندا،
دەتوانەوە و دەبوون بە فرنی.[٢] ١,٢,٢٠٥
وەکو لاڵ وەستان.
کەسیان نەیوێرا، بدوێت لەگەڵی.
ئەمەیان بۆ من، بە نهێنییەوە،
زۆر بە ترسەوە، بەگ، گێڕایەوە.
سێیەمین شەوی،
خۆم لەگەڵیاندا، چووم بۆ ئێشکگری.
هەر وەکو ئەوان گێڕایانەوە،
بە کات و شێوە،
ڕاستبوون هەردووکی.[٣] ١,٢,٢١٠
تارماییەکە، هات.
باوکتم دەناسی،
ئەم دوو دەستەی من،
هیچ زۆرتر لەوان
لە یەکتر ناچن.[٤]

---

(١) دیارە گۆچانێکی بەدەسەوە بووە.

(٢) فرنی؛ فالۆزە، جێلی.

(٣) بە کات و شێوە؛ مەبەستی ئەوەیە کە تارماییەکە لەو کاتەدا هات کە ئەوان گوتیان و لە شێوەی باوکشتدا بوو.

(٤) ئەوەندەی من دەستەکانم لە یەکتری دەچن، ئەوەندەش ئەو بینیاییە و باوکت لە یەکتری دەچوون.

هاملێت:

بەڵام لە کوێدا ئا ئەمە، رووی دا؟

مارسێلەس:

لە سەر سەکۆکەی
کە ئێمە لێوەی، ئێشکگری دەکەین.

هاملێت:

ئەی هیچ لەگەڵیا قسەتان نەکرد؟

هۆراشیۆ:

بەڵی، بەگ، کردم.
بەڵام، وەرامی هیچ نەدامەوە.
هەرچەند، لام وایە،
سەری هەڵبری و
جووڵەیەک کەوتە
ناو دیمە و دەمی،[١]
وەکو بیەوێت قسەیەک بکات.
بەڵام وا رێککەوت، ئا لەو کاتەدا،
کەڵەشێرەکەی بەربەیان خوێندی.
کە دەنگی بەرزی هاتە گوێیەوە،
زوو بە خێرایی،
خۆی کرژ کردەوە و لە بەرچاوماندا،
گومبوو دیار نەما.

هاملێت:

شتێکی گەلێک سەیر و نامۆیە.

هۆراشیۆ:

وەک من چۆن زیندووم، بەگی بەرێزم،
ئەوەندەش ڕاستە ئەوەی کە گوتم.
ئێمە بە ئەرکی خۆمان دەزانین
ئەوەی کە دیمان، پێتانی بڵێین.

---
(١) دیمە؛ روو، دەموچاو.

هاملێت:

بێگومان، وایە، بەڕێزەکانم.

بەڵام هەندێک من، پێی نیگەرانم.

ئەم شەو ئێشک دەگرن؟

مارسێلەس و بەرناردۆ:

ئا، بەڵێ، بەگم.

هاملێت:

لە زرێپۆشدا، گوتتان هاتبوو؟

مارسێلەس و بەرناردۆ:

بەڵی سەروەرم، لە زرێپۆشدا.

هاملێت:

گوتتان لە تەپڵی

سەرییەوە تا پێی؟

مارسێلەس و بەرناردۆ:

هەر لە سەرییەوە، بەگم، تاکو پێی.

هاملێت:

کەوابێت ئێوە، دیمەیتان نەدی؟[١]

هۆراشیۆ:

با، گەورەم، دیمان،

دەمامکەکەی خۆی بەرز کردبووەوە[٢]

هاملێت:

رووی چۆن بوو، گرژبوو؟

هۆراشیۆ:

رووی، گەورەم، زیاتر

سوێی پێوە دیاربوو

لەوەی تووڕەیی.

---

(١) دیمە؛ روو.

(٢) دەمامک؛ رووپۆش، ماسکە.

هاملێت:

سووربوو یاخۆ زەرد؟

هۆراشیۆ:

نا، گەلێک زەرد بوو.

هاملێت:

چاوی تێ بڕین؟

هۆراشیۆ:

هەموو کاتەکە سەیری دەکردین.

هاملێت:

خۆزگە لەو کاتە لەگەڵتان دەبووم.

هۆراشیۆ:

بەگم، هەر گەلێک دەیحەپەساندیت.

هاملێت:

ئا، لەوانەیە، زۆر لەوە دەچێت.
گەلێک مایەوە؟

هۆراشیۆ:

ئەوەندەی یەکێک،
لەسەرخۆ تاکو سەد بژمێرێت.

مارسێلەس و بەرناردۆ:

نا، زیاتر، زیاتر.

هۆراشیۆ:

لەو جارەدا نا، کە من ئەوم دی.

هاملێت:

ئایا ردێنی، هیچ سپی بووبوو؟

هۆراشیۆ:

هەر وەکو کاتی ژیانی وابوو؛
ماش و برنج بوو.

هاملێت:

منیش ئەم شەو دێم بۆ ئێشکگری.

بەڵکو بێتەوە.

هۆراشیۆ:

ئەمن، ئەوەت بۆ مسۆگەر دەکەم.[١]

هاملێت:

ئەگەر لە شێوازی
باوکی خانەزای منا هاتەوە،
دەدوێم لەگەڵی،
ئەگەر دۆزەخ خۆشی، دەم بکاتەوە
بڵێت؛ وسبە، ها،
نەکەیت دەنگ بکەیت.
ئەگەر دەربارەی ئەم بینیاییە،
هەتاکو ئێستا،
لە لای هیچ کەسێک باس نەکراوە،
من لە هەمووتان، زۆر تکا دەکەم ،
با بە نهێنی بمێنێتەوە.
ئەگەر ئەم شەویش شتی تر رووی دا،
بیری بدەنێ بەڵام زمان نا.[٢]
مافی دڵسۆزی هەمووتان، ئێوە،
من دەدەمەوە.
ئیتر بە خواتان رادەسپێرم.
لە سەر سەکۆکە،
من دەتانبینم،
لە نێوان سەعات یانزە و دوانزەدا.

هەموویان:

ئێمە هەمیشە
هەر لە خزمەتی جەنابتان دەبین.

---

(١) دڵنیا بە، تارماییەکە ئەمشەو هەر دێتەوە.

(٢) بیری لێ بکەنەوە بەڵام لای کەس باسی مەکەن.

هاملێت:

هەندەی کە ئێوە منتان خۆشدەوێت،
منیش ئەوەندە ئێوەم خۆشدەوێت.
خواتان لەگەڵ بێت.
(هەموویان دەڕۆن، هاملێت هەر خۆی دەمێنێتەوە)
تارمایی باوکم- لە زرێپۆشدا!
ئەمە باش نییە، بەیوومە ئەمە.
من گومان دەکەم،
کە گەمەیەکی
نەگریس و گەنگ بێت.[١]
خۆزگە شەو، زووتر دادەهاتەوە.
تاکو ئەوسا دێت، ١,٢,٢٥٥
دڵەکەم، کپ و کڕ دابنیشە.
کردەوەی بۆگەن، هەر سەردەکەوێت،[٢]
چاوی خەڵکەکە، ڕۆژێک دەیبینێت،
ئەگەر داشپۆشرێت،
بە هەموو خۆڵ و
خاکی سەر زەمین.[٣]

---

(١) گەنگ: بۆگەن.

(٢) سەردەکەوێت بۆ سەرەوە. ئەو بوونەوەرەی لە ناو ئاودا دەخنکێت، دوای ئەوەی لەشی بۆگەن دەکات، سەر ئاوەکە دەکەوێتەوە.

(٣) کردەوەی بۆگەن هەر بۆگەنی دێت ئەگەر داشبپۆشرێت بە خۆڵ و خاکی هەموو سەر زەمین.

## دیمەنی ٣-١

لێرتێس و "ئۆفێلیا"ی خوشکی دەردەکەون.

لێرتێس:

پێویستییەکانم، هەموو بارکران،

ئیتر بە خواتان من دەسپێرم.

خوشکم، هەرچ کاتێک،

(با) ی سوودمەند هەبێت،

کەشتیش دەستکەوێت،

نەنویت، بنووسە.

با گوێم لە دەنگ و

باستان هەر هەبێت.

ئۆفێلیا:

ئایا گومانت لەوەدا هەبوو؟

لێرتێس: (نامەیەکی هاملێت، بەدەست خوشکەکەیەوە دەبینێت)

دەربارەی هاملێت و ئەڤینی پووتی،

هەر وەک گەمەیەک، تۆ سەیری بکە،

لە نێوان خوێن و دەروونی گەنجی.

زۆر بە گرینگی، بیری لێ مەکە؛

وەنەوشەیەکە، دەگەشێتەوە

لەگەڵ سەرەتای بەهاری عومری.

هەر لە دوای تاوێک، سیس دەبێتەوە.

نامێنێتەوە،

شێوەی کەیلان و بۆنی شیرینی.

بۆ خولەکێکە، لەوە زیاتر نا.

ئۆفێلیا:

لەوە زیاتر نا، تەنیا هەر ئەوە؟

لێرتێس:

لەوە بەولاوە، بیری لێ مەکە.
پیاو لە سروشتدا، کە گەورە دەبێت،[۱]
تەنیا هەر بە لەش، خۆ گەورە نابێت؛
هرزی هەناو و بیر و باوەڕی،
ئەوانەش لەگەڵ لەش گەورە دەبن.[۲]
دوور نییە ئێستا، ئەو، تۆی خۆشبوێت؛
ئارەزوو و ویستی، یاخۆ مەبەستی،
ئا لەم کاتەدا، لەکەدار نەبێت.
بەڵام پێویستە
کە تۆ لە پایەی بەرزی بترسیت؛
ئارەزوو و ویستی بەدەست خۆی نییە.
چونکە ئەو، بەندەی
ئەو بنەماڵە رەسەنەیەتی،
ئەوەی لە ناویا لە دایک بووە.
ئەو، پێی ناکرێت وەکو بێ نرخێک،[۳]
ئەوەی بیەوێت، هەڵی بژێرێت.
هەر لەبەرئەوەی
کە ئاسایش و تەندروستییەکەی
گشت وڵاتەکە،
دەوەستێت لە سەر هەڵبژاردنی.
ئاخر دە بۆیە پێویستە و دەبێت
هەڵبژاردنی سنووری هەبێت.

(۱) لە سروشتدا؛ لە ژیاندا.
(۲) هرز؛ هۆش، هەست، بیر، شعوور، بیرکردنەوە. هرزی هەناو؛ بیر و بیرکردنەوەی دەروون.
(۳) وەکو بێ نرخێک؛ وەکو کەسێک لە ناو بنەماڵەیەکی رەمەکیدا "ئاساییدا" لە دایک بووبێت.

به دەنگ و مۆری،
ئەو تەنەی کە خۆی سەرەکەیەتی،[١]
پەسەند کرابێت.
ئەوسا ئەگەر بە تۆی گوت خۆشم دەوێیت،
دانستە ئەگەر بڕوای پێ بکەیت.[٢]
بە پێی ئەوەی ئەو، تا چ رادەیەک،
گفتی زمانی خۆی دەپارێزێت.[٣]
دەشبێت بزانی، کە بە هیچ جۆرێک،
ئەودیو سنووری پەسەندکردنی
کاربەدەستانی دەنیمارک نابێت.
ئینجا لە بیری خۆتا بیپێوە؛
بزانە ئابڕووت
تا چ رادەیەک نرخی کەم دەبێت،
ئەگەر گوێچکەکانت، زۆر بە بڕواوە،
گوێ لە ئاواز و
گۆرانییەکانی ئەو پیاوە بگرێت.
یان بە تەلیسمی، دڵی تۆ بەرێت.
یاخوت گەنجینەی پاکیزەیی خۆت،
بکەیتەوە بۆ داخوازییەکانی،
لە کاتێکدا هیچ
بە دەست خۆی نەبێت.
بترسە لەوە
ئۆفێلیا، خوشکم، دەبێت بترسیت.
لە ئەڤینەکەی دڵی خۆتەوە،
تۆ لە پشتەوە دەبێت بوەستیت؛[٤]

(١) ئەو تەنەی کە خۆی سەرەکەیەتی؛ وڵاتەکە هەمووی.

(٢) دانستە؛ بڕیاردانێکی باشە، مەعقوولە.

(٣) گفت؛ بەڵێن، وەعد

(٤) خۆشت بوێت، بەڵام پەلە مەکە، ئاگەدار بە؛ خۆت هەڵمەدەرە ناوی، جارێ لە دوورەوە بوەستە.

دوور لە مەترسی تیری ئارەزوو.
هەرە پاکترین کچ ئەگەر هات و
بۆ تریفەی مانگ، جوانی دەربخات،
ئەوە شتێکی زۆرە ئەگەر بیکات.
چونکە پاکێتی، خۆشی ناتوانێت
لە دەمی بوختان، رزگاری ببێت.
بێچووڵەی بەهار، بە جارەهای جار،
کرم تێی دەدات،
بەر لەوەی، هێشتا، خونچە دەربکات.
لە بەرەبەیانی لاویی شەونمدار،[1]
نەخۆشی و ئازار،
گەلێک زۆرتر جار،
پیاو، تووشی دەبێت.
بۆیە پێویستە ئاگات لە خۆت بێت؛
هەرە باشترین پاراستن، ترسە.
گەنجێتی، زۆر جار،
ئاڵۆش دەیگرێت
بێ ئەوەی کەسیک نزیکی کەوێت.[2]

ئۆفێلیا:

کاریگەری ئەم
وانەیە باشە، رادەگرم ببێت[3]
بە پاسەوان و ئێشکگری دڵم.
بەڵام، براکەم، برا باشەکەم،
تۆ وەکو قەشەی بێ ویژدان نەکەیت؛
بەرەو بەهەشتدا،

---

(١) بەرەبەیانی لاویی؛ شەبەقی گەنجی. شەونمدار؛ ئەوەی هێشتا شەونمی پێوە هەیە، تازەیە.
(٢) پیاو، لە کاتی گەنجیدا، زۆر جار، ئاڵۆش دەیگرێت، بەبێ خۆشەویستی.
(٣) کاریگەری ئەم وانەیە باشە؛ کار تێ کردنی ئەم دەرسە باشە.

ڕێی دڕکاوی و سەخت پیشان دەدات،
لە هەمان کاتدا،
خۆی بە فیزەوە،
وەکو هەڵەشەی بەرەڵای ئازاد،
بە ڕێی فەساد و گوڵزاردا دەڕوات؛[١]
دێت ئامۆژگاری ئەموئەو دەکات،
بەڵام خۆی کەچی،
ئەو ئامۆژانە، فەرامۆش دەکات.[٢]

لێرتێس:

لە من، مەترسە. (پۆلۆنیەس دەردەکەوێت)
گەلێک مامەوە،
ئەوا باوکم هات. (ڕوو دەکاتە باوکی)
بە درووودبوونم، بۆ دووەمین جار،
دووبارە ئەمن بەهرەمەند دەبم.
شانس، پێ دەکەنێت
بۆ ماڵئاوایی دووەمین جارم.[٣]

پۆلۆنیەس:

لێرتێس، هەر لێرەی؟
شەرم و شوورەیی، سواربە ڕۆڵە دەی.
(با)، لە سەر شانی چارۆکەکانی
کەشتێکەی تۆدا، چاوەڕوان دەکات.[٤]
(لێرتێس، چۆک دادەنێت لەبەر پێی باوکیدا، ئەویش دەست دەخاتە سەر سەری)
دەی بە درووودبی.[٥]

---

(١) هەڵەشە؛ سەرچڵ، بێ ئارام. گوڵزار؛ کەیف و خۆشی.

(٢) ئامۆژ؛ نەسیحەت. فەرامۆشکردن؛ ئیهمال کردن.

(٣) شانسم هەڵساوە بۆیە تۆ دوو جار خواحافیزیم لێ دەکەیت.

(٤) با؛ هەوا. چارۆکە؛ بایەوانی کەشتی، شیراع. هەموو جۆرە بایەک نا گونجێت بۆ گەشتکردنی کەشتی؛ دەبێ نە زۆر خێرابێت نە هێواش. دیارە بایەکی گونجاو چاوەڕوانی دەکات، بۆیە پۆلۆنیەس دەیەوێت کوڕەکەی خێرا بکات.

(٥) دەی بە درووودبیت؛ دەی خوا حافیزت بێت.

ئامۆژەکانم، ئەمەیە؛ دەبێت،
لە ناو مێشکتدا، باش دابچەسپێت:
بیرکردنەوەت، زمانی نەبێت،
نەشیکەیت بە کار، پێنەگەیشتبێت.
لەگەڵ خەڵکیدا، سادە و ئاسانبە
بەڵام، هەندە نا، نرخت کەم ببێت.
ئەو دۆستانەی کە
تۆ هەتە و تاقیت کردوونەتەوە،
بە ئەلقەی پۆڵا، بیانبەستەوە
توند بە گیانتەوە.
بەڵام تۆ دەستی خۆت ماندوو مەکە
بە دەستگووشینی
مرۆڤی تازە لە هێلکە دەرچووی
تووک لێ نەهاتوو.
زۆر ئاگەدار بە؛
لە وتووێژدا، مەکە بەشداری.
ئەگەر بە ناچاری کەوتیتە ناوی،
بە جۆرێ بیکە؛
ئاگەدار بێت لێت ئەوەی کە دژتە.[١]
بە هەموو کەسێک، گوێچکەی خۆت بدە،
بەڵام دەنگی خۆت، بە کەمیان بدە.[٢]
گوێ لە را و رەخنەی هەموو کەس بگرە،
بەڵام هەمیشە، خۆت بڕیار بدە.
بە پێی گیرفانت جلک بکڕە.[٣]
پڕ بە ئەدا بێت؛

(١) ئەوەی کە دژتە دەبێت ڕێزت بگرێت.
(٢) گوێ لە هەموو کەسێک بگرە، بەڵام خۆت کەم قسە بکە.
(٣) جلک؛ جل و بەرگ.

ڕەنگاوڕەنگ نەبێت، نرخت کەم بکات.
چونکە جل و بەرگ زۆر جار دەبێژن؛
کێ دادەپۆشن.
لە فەڕەنسادا، ئەوەی کە پایەی
کۆمەڵایتی بەڕێز و بەرزە،
لە جلوبەرگدا، سەخی و پسپۆرە.
وام، نە وەربگرە، نە بیدە بە کەس،
چونکە وام،[١] زۆر جار،
خۆی و دۆستەکەت پێ دەدۆڕێنێت.
وامکردن تیغی
پاشەکەوتکردن کۆدەکاتەوە.
گرینگترین شت ئەوەیە کە تۆ،
لەگەڵ دەروونی خۆتدا ڕاستگۆبیت.
دوای ئەوە؛ وەک چۆن
لە دوای ڕۆژ شەو دێت،
لەگەڵ گشت کەسێک
ڕاستگۆ و پاک دەبیت.
دەی خوات لەگەڵ بێت.
دووعا و درودم، ئامۆژەکانم،
لە دەروونتدا، پێ بگەیەنن.[٢]

لێرتێس:

من ئیتر، بەگم،
بە سەرکزییەوە، ڕوخسەت وەردەگرم.

پۆلۆنیەس:

کات، پەلەیەتی.

---

(١) وام؛ قەرز. ئەگەر قەرز بکەیت ئەوساکە فێری پاشەکەوتکردن نابیت.

(٢) دوعا و دروودم؛ دوعا و تەبریکاتم. خوا بکات بە دوعا و تەبریکاتم، ئامۆژەکانم "ئامۆژگارییەکانم"، لە ناو دەروونتدا، پێ بگەن «وەکو چۆن میوە، پێ دەگات»

نۆکەرەکانت، چاوەڕوانتن.

لێرتێس:

ئۆفێلیا، ئیتر
دەی، خوای لەگەڵ بێت،
ئەوەی پێم گوتی لە بیرت نەچێت.

ئۆفێلیا:

لە ناو بیرمدا کلیل دراوە،
کلیلەکەشی بە تۆ دراوە.

لێرتێس:

خوا حافیزتان بێت.

پۆلۆنیەس:

ئۆفیلیا، چییە، ئەوەی پێی گوتوویت.

ئۆفیلیا:

ئەگەر پێت خۆشە، گەورەم، بزانیت؛
یەک دوو وتەبوو،
بە "هاملێت"ەوە پێوەندی هەبوو.

پۆلۆنیەس:

بە مەریەم، باشبوو ئەوەی پێی گوتیت.
کچم، ئۆفیلیا،
پێم گوتراوە؛ لەم دواییەدا،
زوو زوو بۆ لات دێت،
لەگەڵتا گەلێک
کاتی بەتاڵی خۆی رادەبوێرێت.
بە ئارەزووەوە، تۆش رووی دەدەیتێ
زیاد لە پێویستی.
ئەگەر ئاوابێت، وەکو بیستوومە،
بۆ ئاگەداری، دەبێت پێت بڵێم؛
دیارە بە روونی ئەتۆ نازانیت

چی لە کچی من، دێت و دەگونجێت،
چیش لە ئابڕووی تۆ.
لە نێوان ئێوە چی هەیە؟ بیڵێ،
راستییەکەی بڵێ.

ئۆفێلیا:

لەم دواییەدا، گەورەم، چەند جارێک،
بە وتەی گەلێک نیان و ناسک
خۆشەویستی خۆی، بۆ دەربڕیوم.

پۆلۆنیەس:

خۆشەویستی؟ بە وتەی ناسک؟
هـــای، های،
وەکو کچێکی سەوزی تەواو زرک،[1]
کچم، تۆ دەدووێیت.
فەریکە کچێک،[2]
باری گێژەنی وای نەچێژابێت.[3]
ئایا بەو وتە نەرم و ناسکەی،
وەک ناوی دەنێیت، هیچ بڕوا دەکەیت؟

ئۆفێلیا:

بەگم، نازانم، من چۆن پێویستە،
بیر بکەمەوە.

پۆلۆنیەس:

بە مەریەم، ئێستا من فێرت دەکەم:
وا بزانە تۆ، کە ساوایەکیت.
نەرم و ناسکیت، لێ وەرگرتووە
لەباتی پارە.

---

(١) سەوزی تەواو زرک؛ سەوز و پێنەگەیشتوو.

(٢) فەریکە کچ؛ کچێکی پێنەگەشتوو.

(٣) گێژەن؛ خەتەر. بارێکی ئاوا پڕ لە گێژەنی؛ وەزعێکی ئاوا خەتەر.

دوایی دەبینیت، ئیستەرلینی نین.[١]
دەبێت وریا بیت؛ بە گوێرەی ئەوە،
هێژایی و نرخت بەرز بکەیتەوە.

ئۆفێلیا:
بەگ، جارەهای جار،
بە شێوازێکی جوان و ئابڕوودار،
خۆشەویستیی خۆی بۆ دەربڕیم.

پۆلۆنیەس:
ئەرێ،
بە شێوازێکی جوان و ئابڕوودار،
ئەوە، ناو دەنێیت.
بڕۆ، دەی بڕۆ.

ئۆفێلیا:
نەک هەر بە زاری،
گەورەم، بە دیمە و دوو چاوەکانی.
بگرە بە هەرچی
سوێندی پیرۆزی ئاینی هەیە.

پۆلۆنیەس:
ئەی، لەباتی داو،
بۆ مەلی ڕیژگاو.[٢]
من خۆم دەزانم؛
کە خوێنی گەرم، ئاگر دەیگرێت،
روح،
لە پەیماندانا،
چەند سەخی دەبێت، لەگەڵ زمانا.[٣]

---

(١) پارەی ئیستەرلینی؛ پارەی ئاڵتوون، پارەی راستی.
(٢) ئەی، ئەو سوێندانە بەکار دەهێنێت لە باتی داو (تەڵە) بۆ ئەوەی مەلی بێ مێشکی پێ راو بکات.
(٣) روح، رێ دەدات بە زمان، هەموو جۆرە بەڵێنێک بدات.

کچم، ڕووناکی،
زۆرتر لە گەرما،
لێیان دەردەچێت ئەو کڵپەیانە.
وە هەردووکیشیان دەکوژێنەوە،
لەو کاتەی هێشتا کە بەڵێن دەدات.
کچم، ئەوانە،
تۆ قەت بە گڕی ڕاستی مەزانە.
ئا لەم ئاستەوە،
هاتووچووت دەبێت
کەم بکەیتەوە،
گفتوگۆ بکەیت،
لە پایەیەکی بڵندترەوە؛
لەوەی فەرمانت بۆ دەرکا و بچیت
بۆ لای بیبینیت.
بە هاملێت، دەبێت
تەنیا ئەوەندە تۆ بڕوات هەبێت؛
کە ئەو گەنجێکە،
بە ڕەشمەیەکی درێژترەوە،
دەڕوات و دەچێت،
لەوەی کە، کچم، بە تۆ دراوە.[1]
ئیتر بە کورتی، ئۆفێلیا، دەبێت
بە سوێندەکانی ئەو بڕوات نەبێت.
چونکە ئەوانە، تەنیا دەلاڵن،[2]
ڕەنگی ڕاستییان،
جیاوازە لەوەی

(١) ئەو هەر تۆزێک لە تۆ سەربەستترە. «ئەویش ڕەشمە کراوە، بەڵام ڕەشمەکەی ئەو تۆزێک لەوەی تۆ درێژترە».
(٢) ئەو سوێندانە، تەنیا دەلاڵن "گەوادن". کارەکەیان ئەوەیە گەوادی بکەن لە نێوان تۆ و ئەودا.

کە بەرگەکەیان، پیشانی دەدات.[1]
ناوەندییارن[2]
بۆ ڕێکخستنی کاری ناپیرۆز:
وەکو لەخواترس، دەپاڕێنەوە،
تا باشتر بەوە، بتخەڵەتێنن.
ئەوە پێت دەڵێم بە ئاشکرایی،
دووبارەی ئیتر من ناکەمەوە؛
ئا لەم ئاستەوە،
دەبێت بزانیت؛
نابێت یەک پەرژی کاتی بەتالیت،[3]
لە گەڵ "هاملێت" دا، ئیتر بکوژیت،
نە بۆ ژووان چوون، نە چەنەبازی.[4]
ئیتر برۆ دەی، ئەوا پێم گوتی.
ئۆفێلیا: هەمیشە، بەگم،
گوێڕایەڵ دەبم.

(١) بڕوا بەو سوێندانە، مەکە، چونکە ڕەنگی دەرەوەیان جیازە لەوەی کە لە ناوەوەیە.
(٢) ناوەندییار؛ ئەوەی ناوەندی لە نێوان دوو لادا دەکات «وەکو دەڵاڵ یاخۆ گەواد»
(٣) پەرژ؛ کات، تاو، دەقیقە.
(٤) ژووان؛ مەوعد

## دیمەنی ٤-١

هاملێت و هۆراشیۆ و مەرسێلەس دەردەکەون.

هاملێت:

هەواکەی گازی تیژ لە پیاو دەگرێت،

هەر گەلێک ساردە.

هۆراشیۆ:

ئای، ئای کە ساردە، دەڵێی دەتبڕێت.

هاملێت: سەعات چەند دەبێت؟

هۆراشیۆ:

لام وایە کەمی ماوە بۆ دوانزە.

مارسێلەس:

نا،

دوانزە، لێی دا.

هۆراشیۆ:

ئەرێ، بە ڕاستی؟

من گوێم لێ نەبوو.

کەوابێت کاتی پیشەی گەڕانی

روحەکە، وا دێت.

(دەنگی بلوێر دێت لەگەڵ گرمەی دوو تۆپ)

سەروەرم، ئەوە، بە رای تۆ، چیبێت؟

هاملێت:

ئەمشەو، شا، درەنگ دەچێتە جێگە،

ئاهەنگی بادە و هەڵپەرکێ دەکات؛

لە دوای گشت جارێک،
کە لە بادەی راین، قوت دەدات جامێک،[١]
دەهۆڵ گرمەی دێت،
زوڕناش، زاڵبوونی
بەڵێنەکانی بۆ دەزەڕێنێت.[١]

هۆراشیۆ:

بۆ ئەمە، باوە؟

هاملێت:

بەڵێ، بە مەریەم،
بەڵام بە رای من،
هەرچەندە کە من، خەڵکی ئەم شوێنەم،
لەم نەریتەشدا لەدایک بووم،[٣]
جوانترە ئەگەر گورێز بکرێت،[٤]
لەوەی کە یەکێک پێیەوەی بنووسێت.
بە بەزم کردن وا زۆر بە بادە،
لە ناو گەلاندا،
لە رۆژهەڵات و لە رۆژئاوادا،
ئابڕوومان دەچێت؛
بە ئارەقخۆرمان دادەنێن ئەوان،
بە بەراز ناومان لایان دەردەچێت.
بەرهەمەکانمان،
هەرچەندە بەرزبێت،

---

(١) بادەی ڕاین؛ مەیی ناوچەی رووباری ڕاین، لە ئەڵمانیادا.

(٢) لە دێری ١,٢,١٢٥ دا، شا، بڕیار دەدات کە ئاهەنگێک بگێرێت و بەڵێنی دا لە دوای گشت جامێک بادە، دەهۆڵ و زوڕنا لێ بدرێن و تۆپ بەرەو رووی هەور بتەقێنرێت. ئێستا، زوڕنا، جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی بۆ جارِ دەدات (بۆ دەیزەڕێنێت). هاملێت، وشەی "زەڕین، زەڕینی کەر" بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی ڕسوای شای پێ بکات.

(٣) نەریت؛ عادەت.

(٤) گورێزکردن؛ فەرامۆشکردن، ئیهمالکردن.

بێگومان، بەمە،
کرۆکی دەڕوا و کەل و پووت دەبێت.
لەگەڵ هەندێ پیاو، وا ڕێک دەکەوێت؛
لە سروشتەوە،
هەر لەگەڵ ئەوەی لە دایک دەبێت،
خاڵێکی ستەم، لە ناویا دەڕوێت.(١)
بە بێ ئەوەی ئەو،
هیچ تاوانێکی خۆیی تێدا هەبێت.
چونکە سروشت، خۆ
بەدەست خۆی نییە،
تان و نەژادی خۆی هەڵبژێرێت.(٢)
بە گەورەبوونی، زیاد لە ئاسایی،
یەکێک لەوانەی
مرۆڤ، ڕەوتاری لێی دروست دەبێت،(٣)
زۆر جار، ستوون و
پەرژینەکانی خۆی دەرووخێنێت.(٤)
یان ئەگەر خوویەکی دزێو هەوێنی
زۆر تێ کرابێت، وا دەئاوسێت،
شێوەی لە رادەی مەعقوول دەردەچێت.(٥)
ئەو مرۆڤەی کە خەوشی وای هەبێت؛(٦)

---

(١) خاڵێکی ستەم؛ عەیبێکی خراپ، ناشیرین.

(٢) شێکسپیر، زۆر جار وشەی سروشت بەکار دەهێنێت لەباتی زیندوو یاخۆ ژیان. لێرەدا دەڵێت؛ زیندوو (پیاو) بەدەست خۆێ نییە بچێت رەگەز و ئەسڵی "تان و نەژادی" خۆی هەڵبژێرێت.

(٣) جاران وایان زانیوە کە رەوتاری مرۆڤ لە چوار مادەی شل دروست دەبێت: خوێن، بەڵغەم، لەگەڵ دوو بابەت ئەنزیمی تر کە جگەر و پەنکریاس دروستیان دەکەن. ئینجا کامەیان زۆرتربێت لەوانەی تریان، کاریگەری ئەوەیان زۆرتر دەبێت بەسەر رەوتاری مرۆڤدا.

(٤) ستوون؛ کۆڵەکە.

(٥) خوویەکی دزێو؛ عادەتێکی ناشرین. هەوێن دەیئاوسێنێت، هەوێن زل و گەورەی دەکات.

(٦) خەوش؛ گەرد، نوون، عەیب.

ئیتر ئەو خەوشە؛ بەرگی سروشتبێت،
یاخۆ ئەستێرەی بەختی ڕەشی بێت،[١]
هەر چەند جوانێتی و
ناسکی و ئەدای تری تێدا هەبێت،
بەو تاکە خەوشە، هەمووی تێک دەچێت.[٢]
(تارماییەکە دەردەکەوێت)

هۆراشیۆ:

سەیریکە، بەگم، ئەوەتانێ دێت.

هاملێت:

فریشتەی هەڵکەوت، پێغەمەرەکان،
بمانپارێزن! (روو دەکاتە تارماییەکە)
ئەگەر روحێکی سازگار و پاکبیت،
یاخۆ شەیتانی لەعنەت لێکراوبیت،
لەگەڵ خۆتدا ئەگەر
هەوای فێنکت، لە بەهەشتەوە،
یاخۆ زریانت لە دۆزەخەوە،
بۆمان هێنابێت،
باش بێت نیازت یاخۆ خراپ بێت،
بە شێوەیەکی سەیرەوە هاتوویت.
وا لە من دەکات بدوێم لەگەڵتا.[٣]
پێت دەڵێم "هاملێت"؛[٤]
باوکم و "پاشا"ی خاکی دەنیمارک.
تا، لە مەراقدا، دڵم نەتەقێت،

(١) بەرگی سروشت بێت؛ هەر لە سروشتەوە هەیبێت

(٢) هاملێت، لێرەدا مەبەستی لە گەلی دەنیمارکە، دەڵێت بە تاکە خەوشێک (عەیبێک)، هەرچی باشی تری هەیە، هەمووی تێک دەچێت. «هاملێت، مەبەستی لەوەیە کە دەنیمارکییەکان، عەیبێکیان هەیە کە زۆر دەخۆنەوە».

(٣) ناچارم دەکات؛ ئەو شێوەیە ناچارم دەکات.

(٤) پێت دەڵێم، "هاملێت"؛ ناوت دەنێم "هاملێت" . هاملێت، ناوی باوکیشی هەر "هاملێت" دەبێت.

وەرامم دەبێت تۆ بدەیتەوە.
تەنیا پێم بڵێ،
ئێسکوپروسکی پیرۆزکراوت[١]
کە کفن کران لە دوای مردنت،
بۆ کفنەکانی
خۆیان دڕاند و دەرچوون لە ناوی؟
بۆچی ئەو گۆڕەی، ئەوسا تۆمان دی
چەند بە هێمنی دەچویتە ناوی،
شەویلکەی بەردی خۆیی کردەوە،[٢]
تا دیسانەوە لێوەی دەربچیت.
ئەمە مانای چی؛
تۆ، تەرمی مردوو،
هەم دیسانەوە، بەو جلانەوە،
سەرتاپا پۆلا،
هاتویتەتەوە بۆ سەرلێدانی
تریفەی مانگ و نیگای شەوانی.[٣]
شەوەکانمانی،
پێ سامناک دەکەیت.
ئێمەش ئەوانەی،
بوونەوەرانی سادەی سرورشتین،[٤]
ئاوا، لە ترسدا، هەموو دەلەرزین
بە بیر و فکرێک،
هەندە لە رادەی
روحی و دەروونی ئێمەوە دووربێت؟

---

(١) لەشی مردوو، بە نوێژ و خوێدنەوەی ئینجیل بەسەریا، پیرۆز دەکرێت.
(٢) شەویلکە؛ شەویلاگە، فەک (Jaw)
(٣) نیگای مانگ؛ سەیرکردنی مانگ «سەیرکردنەکانی مانگ، لە ناو هەورەکانەوە»
(٤) بوونەوەری سادە؛ مەخلووقاتی ساکاری بەسەزمان.

ده پێمان بڵێ،
ئەمانە چین و چیت لێمان دەوێت؟
(تارماییەکە، بە دەست ئاماژە بۆ هاملێت، دەکات کە دوای بکەوێت)
هۆراشیۆ:
ئاماژە دەکات کە دوای بکەویت.
وەکو بیەوێت
کە شتێک تەنیا هەر بە خۆت بڵێت.
مەرسێلەس:
تەماشای بکە، چەند بە ناسکی،
ئاماژە دەکات لەگەڵیا بچیت.
بۆ جێگەیەکی چۆل و نەختێ دوور.
بەڵام، ها، نەکەیت لەگەڵیا بچیت.
هۆراشیۆ:
نا، بە هیچ جۆرێک.
هاملێت:
دیارە، نایەوێت، لێرەدا بدوێت.
دەبێت دوای کەوم.
هۆراشیۆ:
ها، نەکەیت، بەگم.
هاملێت:
بۆچی،
من لە چی دەبێت بترسم؟
نرخی ژیانم،
من، لە دەرزییەک کەمتر دەزانم.
دەربارەی گیانم،
ئەو، چی دەتوانێت بکات لە گیانم،
وەک ئەو، نەمرە.
(تارماییەکە، دیسانەوە، ئاماژە بۆ هاملێت، دەکات)

ئەوەتا، دیسان، بانگی من دەکات.
وا دوای دەکەوم.

هۆراشیۆ:

چی دەکەیت، بەگم،
ئەگەر هات و لاست پێ بدا و بتبات[١]
بەرەو لافاو، یان
بەرەو لووتکەکەی سامناکی بەرزی،
ئەو کەندەڵانەی[٢]
نوشتاوەتەوە بەسەر دەریاوە.
لەوێشدا بچێت شێوەی بگۆڕێت
بە شێوەیەکی
هەندە چەپەڵ سامناک و کرێت[٣]
ژیریت لێ سەنێت، بتگۆڕێت بە شێت؟
پێویستە لەوە، بیر بکەیتەوە.
هەر خۆی، جێگەکە،
بەبێ هیچی تر،
تۆوی کلۆڵی،
دەڕوێنێت لە ناو بیری هەرچ کەسێک،
کە لە بەرزایی گەلێک مەترەوە،
بڕوانێت و گوێی
لە نەڕە و گرمەی دەریاکە ببێت.

هاملێت:

هێشتا ئاماژەم بۆ دەکات بچم. (روو دەکاتە تارماییەکە)
دەی بڕۆ، ئەوا من دوات دەکەوم.

مەرسێلەس:

نا، گەورەم، ناچیت.

---

(١) لاس پێدان؛ قایلکردن.
(٢) کەندەڵان؛ لووتکەی بەرز لە کەناری دەریا.
(٣) کرێت؛ ناشرین.

هاملێت:

دەستت لابەرە!

هۆراشیۆ:

ئاخر گوێ بگرە، نایەڵین بچیت.

هاملێت:

من چارەنووسم هانم پێ دەدات؛[١]
لە ئەم لەشەمدا،
دەمارە هەرە بچووکەکانمی
وا جیڕ کردووە؛
وەک پەیی شێری[٢]
نمیان، پتەو و توندی کردووە.[٣]
ئەوەتا، هێشتا، هەر بانگم دەکات.
دەستان لابەرن، خانەدانەکان!
ئەوەی ڕێم بگرێت، ١,٤,٨٥
بە حەقی ئاسمان،
لێرەدا دەیکەم بە تارماییەک. (ڕوو دەکاتە تارماییەکە)
دەی فەرموو، بڕۆ،
بە دواتەوە دێم. (هاملێت و تارماییەکە دەڕۆن)

هۆراشیۆ:

بیر و خەیاڵی،
بەجارێک سەری لێ شێواندووە.

مەرسێلەس:

دەی با دوای کەوین،
لە کاتی وادا،

---

(١) چیم بۆ نووسراوە، من ئەوە دەکەم.

(٢) پەی؛ دەمار، عەسەب.

(٣) شێری نمیان؛ شێرێکە لە ئەفسانەی یۆنانیدا باسی کراوە. گوایە شێرێکی ئەوەندە بەهێز بووە، پەیەکانی ئەوەندە جیڕبوون، کەس نەیتانیوە بەسەریا زاڵبێت یاخۆ ئازاری پێ بگەیەنێت.

نا دروستە ئەگەر بە قسەی بکەین.

هۆراشیۆ:

دەبێت دوای کەوین،

تاکو بزانین چی لێ دەردەچێت.[١]

مارسێلەس:

له دەنیمارکدا، ١,٤,٩٠

شتێکی گەندەڵ، دیارە کە هەیە.[٢]

هۆراشیۆ:

خوا یاری دەبێت.

مارسێلەس:

نا، با دوای کەوین.[٣] (دەڕۆن)

---

(١) چی لێ دەردەچێت؛ ئەم رووداوە چی لێ دەردەدەچێت، یان بە چی دەمانگەیەنێت.

(٢) گەندەڵ؛ بۆگەن. لە دەنیمارکدا، دیارە فەسادی هەیە، بۆیە خوا ئەم تارماییيەمان بۆ دەنێرێت.

(٣) با دوای هاملێت، بکەوین.

# دیمەنی ٥-١

هاملێت و تارماییەکە دەردەکەون

هاملێت:

من، بۆ کوێ دەبەیت؟
ئاخر پێم بڵێ،
لەمە، دوورتر من، یەک هەنگاو ناڕۆم.

تارمایی:

گوێ لە من، بگرە.

هاملێت:

بەڵێ، گویم لێتە.

تارمایی:

کاتی من، بگرە، وا تەواو دەبێت؛[١]
دوای ئەوە دەبێت
تەسلیم بم بچم
ئازار بچێژم،
لە ناو ئاگر و گڕی فۆسفۆری.[٢]

هاملێت:

هەژار، تارمایی، داخت بە جەرگم.

تارمایی:

بەزەییت بە من، با نەیەتەوە.
بەڵام گوێچکەتم بەرێ دەمەوێت
تۆ، بە گرینگی گوێ بگریت لەوەی

---

(١) بگرە؛ تەقریبەن.

(٢) ئاگری فۆسفۆری؛ ئاگری جەهەننەم.

که ئێستا بۆتی دەگێڕمەوە.

هاملێت:

فەرموو، گوێم لێتە.

تارمایی:

دوای ئەوەی ئەمەم، تۆ لێ دەبیستیت،
پێویستە تۆڵەم، بسەنیتەوە.

هاملێت:

ئایا، تۆڵەی چی؟

تارمایی:

من خێوی باوکتم، حوکم دراوم؛
که بۆ ماوەیەک، کاتی شەوانم،
بسووڕێمەوە.
بە ڕۆژیش دەبێت، بە برسێتییەوە،
لە ناو ئاگردا، ئازار بچێژم.
تا گشت تاوانە بۆگەنەکانم،
ئەوانەی کردم کاتی ژیانم،
دەسووتێ و گیانم پاک دەبێتەوە.
ئەگەر ڕێ دەدرام پەنهانەکانی
بەندیخانەکەم،
بگێڕمەوە،
سووکترین وشەی، جەرگی دەکێڵایت.
خوێنی لاوێنیت، دەیبەست و خۆشتی
وا دەحەپەساند؛
دوو چاوەکانت، وەک دوو ئەستێرە،
هەر یەک لە سوڕگەی خۆی دەردەپەراند.[١]
پرچەکانتی، پرش دەکردەوە؛
هەر دانە موویەک لە موویەکانی،

---

(١) سوڕگە؛ مەدار، چاڵی چاو.

وەکو شوژنێک، ڕەپ ڕەپ دەوەستاند،
هەر وەکو دڕکی
سیخوڕ لە کاتی وورووژاندنی.
بەڵام پەنهانی
ژیان و دنیای هەتا هەتایی،[1]
نابێت و ناشێت
بەگوێچکەی گۆشت و خوین بگوترێت.[2]
ئاخ، گوێم لێ بگرە، هاملێت، گوێ بگرە؛
قەت ئەگەر ڕۆژێک،
باوکی شیرینی خۆت، خۆش ویستبێت–

هاملێت:

ئای خوایە، گەردوون.

تارمایی:

تۆڵەی کوشتنی،
من،
بەو جۆرە پیسە، نا ئاساییە،
دەبێت بە جۆرێک بسەنیتەوە.

هاملێت:

کوشتنی؟

تارمایی:

هەرە باشتری، چەپەڵ و پیسە.[3]
بەڵام ئەمەیان، ئیتر بەجارێک
نائاسا و گەلێک پیس و نەگریسە.

هاملێت:

خێرا، پێم بڵێ، تێم بگەیەنە!

---

(١) دنیای هەتا هەتایی؛ دنیای پاش مردن.

(٢) گوێی مرۆڤی ئەم دنیایە لە گۆشت و خوێن پێک هاتووە. دوای مردن، پیاو، لەشی دەڕزێت هەر گیانی، دەمێنێتەوە. گوێچکەکانی، ئەگەر گوێچکەی هەبێت، لە گۆشت و خوێن نابێت.

(٣) هەرە باشتری؛ هەرە باشترین کوشتن.

تا بە دوو باڵی
گۆرج، وەک خەیاڵی عەشق و دڵداری،
بفڕم تۆڵەت بسێنمەوە.[١]

تارمایی:

بۆم دەردەکەوێت، ئامادە و خێرایت.
بێ کەڵکتر دەبوویت،
لە قەوزەکانی لیتاوی (لیزی)،[٢]
ئەگەر ئەمە تۆی نەورووژاندایە.
ئێستاکە، هاملێت، گوێی خۆتم بەرێ؛
ئاوا بڵاوە؛ گوایە کە مارێک،
کاتی نووستم،
لە باخچەکەمدا، پێمەوەی دابێت.
ئا بەم چیرۆکە دروستکراوە،
دەربارەی جۆر و بۆنەی مردنم،
گوێچکەی دەنیمارک،
سەرتاپا هەمووی،
بە شێوەیەکی گەند و ناڕەوا،
تەفرە دراوە.[٣]
گەنجی خانەدان، دەبێت بزانیت؛
ئەو کوڵەمارەی،
کە بە ژیانی باوکتییەوەی داوە،
تاجەکەی ئەوی لەسەر خۆی ناوە.

هاملێت:

خۆیەتی، مامم!
ئاخ، دڵم، دڵم، خۆ تۆ پێت گوتم.

---

(١) هاملێت، هەستی دەکرد کە غەدر لە باوکەکەی کراوە. حەزی دەکرد زوو تۆڵەی خۆی بسەنێتەوە.

(٢) لیزی؛ رووبارێکە لە جەهەننەم. قەوزەکانی دەوری، وەک هەموو قەوزەیەکی تر، ژیانێکی تەمەڵی و بێکەڵک رادەبوێرن.

(٣) تەفرە دراوە؛ خەڵەتانراو. دەنیمارکییەکان خەڵەتانراون.

تارمایی:

ئەی،
ئەو بێناموو‌سە،
ئەو دڕندەیە، ئەو داوێن پیسە.
داخەکەم، توانی.
بێت بەتەلیسمی
مێشکی زیرەک و بە بەهرەکانی–[١]
دەک بە لەعنەت بن
مێشکی بەد و بەهرەی ستەمکار،
بە هێزەکانی ئێوەبوو توانی
شاژنەکەی من،
ئەوەی بە گەلێک پاکم دەزانی،
بخەڵەتێنێت،
بیکات بە بەندەی ئالۆشی زینای–
ئاخر، هاملێت، ئای،
چۆن کەوتنێکە:[٢]
کە لە منەوە،
ئەوەی ئەڤینی، وا بە بژوینی،
دەست لە ناو دەست بوو
لەگەڵ ئەو گفتەی،[٣]
کە دای لە کاتی مارەبڕیندا،
بکەوێتە دەست
یەکێکی ڕسوا. گشت بەهرەیەکی
لە من کەمتر بێت.

(١) تەلیسمی مێشک؛ سحری مێشک.

(٢) مەبەستی لەو کەوتنەیە کە پیاو، لە بەرزییەکەوە دەکەوێتە ناو چاڵێکی بۆگەن. ئای چ کەوتنێکی خراپە؛ کە لە منەوە، بکەوێتە دەست یەکێکی ئاوا ریسوا.

(٣) من، ئەوەی هەرچی بەڵێنێکی دڵداریم دا بە ژنەکەی خۆم، کاتی مارەیی، هەمووییم بە پاکێ (بە بژوینی) جێبەجێ دەکرد.

بەڵام چۆن، ئابڕوو،[١]
نا جووڵێتەوە لە شوێنی بەرزی،
خوای دەکرد زینا،
لە شێوەی پەری ئاسماندا دەهات
تا لاسی بدات.[٢]
واش، ئاڵۆشاوی؛[٣]
لەگەڵ هاوسەرێک پێوەندی هەبێت
هەرە گەشترین پەری ئاسمان بێت،
لە نوێنی بەهەشت، هەر کە تێر دەبێت،
دەچێت لە زبڵا، بۆ ڕاو دەگەڕێت.[٤]
بەڵام لە سەرخۆ،
لام وایە بۆنی هەوای بەیان دێت،
خێرا و بە کورتی، دەیگێڕمەوە:
بە پێی ئاسایی، وەک هەموو ڕۆژێک،
دوای نیوەڕۆکەی،
لە ناو باخەکەی خۆمدا نوستبووم.
مامەکەی تۆ هات، زۆر بە دزییەوە،
بۆ ناو ئەو ساتە ئاسایشتەی من،
لەگەڵ شووشەیەک
گوشراوەی (هێبنون)[٥]
ئا ئەو شلەکە گەڕکەرەی هێنا،
ڕۆی کردە گوێچکەم.[٦]

(١) ئابڕوو؛ شەرەف (یان پیاوی بەشەرەف).
(٢) لاس دان؛ قایلکردن. لاسی بدات؛ قایلی بکات.
(٣) واش ئاڵۆشاوی؛ ئاواش پیاوی بە ئاڵۆش (مێباز)
(٤) ئەگەر لەناو زبڵیشدابێت، ژنباز، هەر بەشوێن ژنی تردا دەگەڕێت، ئەگەر ژنەکەی خۆی باشترین و جوانترین پەری ئاسمانیش بێت.
(٥) هێبنون؛ دیارە جۆرە بەرێکی ژەهراوی درەختە.
(٦) شلەک؛ سائل. گەڕکەر؛ مرۆڤ گەڕ دەکات.

ئینجاکە خوایە،
کاریگەرییەتی ئا ئەو شلەکە
چەند لەگەڵ خوێنی پیاودا نارێکە؛
رێی خۆی دەبڕێت تیژتر لە جیوە
بە ناو دەمار و کۆڵانەکانی
لەشی مرۆڤدا.
وەک شیر، کە ترشی تێدا دەکرێت؛
هەر لە پرێکدا،
ئەو خوێنە شلە سازگارە جوانە،
توند دەمەیەنێت.
ئاواش لە خوێنی مندا کاری کرد؛
بە گەرمەژنە، پیاو یەکسەر لەشی
سوور هەڵدەگەڕێت،
پێستی کرژ دەبێت،
هەر وەکو تووشی گەڕێتی بووبێت؛
ئەو پێستە لووسە،
بە تۆێکلێکی زبری پڕ زیپکە
زوو دادەپۆشرێت.
ئیتر بەو جۆرە کاتی خەوەکەم،
بە دەستی برا،
ژیان و تاج و بانووشایەکەم،
هەمووی بەجارێک، لە من سەندرا.
ڕاست لەو کاتەدا، منیان بڕییەوە
کە گۆپکەکانی تاوانەکانم،
تەواو بە گەشی، کرابوونەوە.[١]
فریا نەکەوتم

---

(١) منیان بڕیوە؛ وەکو درەختێک بێت و بیبڕنەوە، لە کاتێکدا کە تاوانێکی زۆری کردبوو و خونچەکانی ئەو تاوانانە بەگەشی کرابوونەوە. (نەیتوانی، لە خوا، بیان شارێتەوە.)

نوێژی تۆبە، یان شتێک بکەم،
بیانشۆمەوە.
هەر یەکسەر ئاوا،
بەو هەموو عەیب و کەموکورتییەوە،
بۆ دادگای خوا ڕەوانە کرام.
ئای کە ترسناکە، ئای ترسناکە.
ئەگەر هەر هەستێکی
سروشتی لە ناو دەروونتا هەیە؛
لێیان نەبووریت.[١]
نەیەڵیت نوێنی پاشای دەنیمارک،
بۆ زیناکردن ببێت بە لانە.
جا بە هەر جۆرێک،
ئەتۆ ئەم ئەرکەت، بە دی بهێنیت،
بیرنەکەیتەوە، ئاستەمێکیش،
ئازار بە دایکی خۆت بگەیەنیت.
واز لەو بهێنە،
بۆ یەزدانی خۆی، وە پێوەدانی
ئەو دڕکانەی،
کە لە ناو دڵ و دەروونیا دەژین.
دەی ئیتر بڕۆ، ئەسپەردەی خوا بیت.
گوڵە ئەستێرە، وا پیشان دەدات؛
نیزیک بووەتەوە کاتی بەیانی؛
تیشکی فانۆسی کز کز بووەتەوە.[٢]
دەی خوات لەگەڵ بێت.
منت، لە بیر بێت. (تەرمایییەکە دەڕوات)

(١) پیاو، ئەگەر غەدری لێ بکرێت، هەوڵ دەدات تۆڵەی خۆی بسەنێتەوە. ئەوە هەستێکی سروشتییە.
(٢) گوڵە ئەستێرە، کاتێک کە دنیا هێندیک ڕووناک دەبێتەوە، ئەو ڕووناکییەی کە بە گوڵە ئەسێرەوە هەیە، تینی کەم دەکات.

هاملێت:

ئاخ، سوپاکانی
ئاسمان،
ئاخ، زەمین!
ئیتر چی ماوە؟
لای جەهەننەمیش، من شکات بکەم؟
ئای، تفوو، تفوو.
دڵ، بە ئارامبە،
ژێکانم، نەکەن یەکسەر پیرببن،
خۆتان رابگرن!
تاکو بەپێوە من توند هەڵبگرن.[١]
من، تۆم، لە بیربێت؟
هەژار، تارمایی، تۆم لە بیر ناچێت
تا بیرەوەری،[٢] (بە هەردوو دەست، سەری خۆی دەگرێت)
لە ناو ئەم کەللە شێواوەیەدا،
شوێنێکی هەبێت.
من تۆم لە بیربێت؟
بەڵێ، تارمایی،
لەسەر لاپەڕەی بیر و خەیاڵم،
هەرچییەک هەبێت؛
شتی بێ نرخ، یان
پەندی ناو پەرتووک[٣]
گشتی بەجارێک، دەسڕمەوە.
لەگەڵیشیاندا،
چ پەی و وێنەی منالّی و گەنجی[٤]

(١) لەشم هەڵبگرن تاکو نەکەوم.
(٢) بیرەوەری؛ زاکیرە.
(٣) پەندی ناو پەرتووک؛ قسەی نەستەقی کتێب.
(٤) پەی؛ شوێن پێ، ئاسار.

رابووردووم لەوێ، تۆمار کرابێت.
فەرموودەکانی هەر تۆ، بەتەنیا،[1]
لەمەولا دەژین
لە ناو دەفتەر و پەرتووکی بیرم.
تا تێکەڵ نەبن
لەگەڵ ئەوانەی، بە نرخ، کەمترن.
بەڵێ بە ئاسمان من ئەوە دەکەم.
ئای،
بێناموسترین ژنی سەر زەمین.[2]
ئەتۆش، سەرسەری.
هەی بێویژدانی دەم بە پێکەنین.[3]
کوایت، یادنامەکەم؟[4]
ئەمە دروستە کە من بینووسم؛
"پیاو، رێک دەکەوێت، ویژدانی نەبێت
بەڵام رووی خۆشبێ و دەمی پێکەنێت."
هیچ نەبێت لێرە، لە دەنیمارکدا،
وا، رێک دەکەوێت، دڵنیام لەوە. (دەست دەکات بە نووسین)
مامە، ئەوەتا،
بەو جۆرە من تۆم، تۆمار کردووە.
وتەی نهێنی من، ئێستا بووە؛
"دەی خوات لەگەڵ بێت. منت لە بیربێت."
سوێندم خواردووە.
هۆراشیۆ و مەرسێلەس: (بە هاوارەوە دێن)
بەگم، سەروەرم. (هۆراشیۆ و مەرسیلەس، دەردەکەون)

(١) فەرمووده؛ داخوازی.
(٢) مەبەستی لە دایکێتی.
(٣) مەبەستی لە مامێتی.
(٤) یادنامە؛ بیرنامە.

مەرسێلەس:

هاملێت، سەروەرم!

هۆراشیۆ:

خوا، بیپارێزیت.

هاملێت:

دەی خوایە، ئامین.

هۆراشیۆ:

هیلۆ، هۆ، بەگم. ١,٥,١١٥

هاملێت:

هیلۆ، هۆ، کوڕە!

دەی باڵندەکە، وەرە بۆ ئێرە.[(١)]

مارسێلەس:

ها، چۆنبوو، گەورەم؟

هۆراشیۆ:

چ هەواڵێکت، گەورەم، پێ هەیە؟

هاملێت:

ئای، زۆر دایلانە.[(٢)]

هۆراشیۆ:

بەگی بەڕێزم، بیگێڕەرەوە.

هاملێت:

نا، من دەترسم،

ئێوە، لای خەڵکیی باسی بکەنەوە.

هۆراشیۆ:

من، نا، سەروەرم.

---

(١) هیلۆ، هۆ؛ ئەم هاوارە بە ئاسایی، دەکرێت بۆ بانگکردنی یەکێک دووربێت، یاخو دیار نەبێت. هەر ئەو هاوارەش بە کار دەهێنرێت بۆ بانگکردنی هەڵۆ، لە کاتی ڕاوکردندا. بۆیە هاملێت، بە گاڵتەوە، دەڵێت؛ دەی باڵندەکە وەرە بۆ ئێرە.

(٢) دایلان؛ نامۆ و گەلێک جوان.

سوێندت بۆ دەخۆم بە ئەو ئاسمانە.
مارسێلەس:
گەورەم، منیش، نا.
هاملێت:
باشە، با وا بێت، وەک ئێوە دەڵێن.
قەت جارێک دڵی
پیاو، لە شتی وا، بیر دەکاتەوە![١]
نەهێن، ڕادەگرن؟
هۆراشیۆ و مارسێلەس:
ئا، بەگ، بە ئاسمان.
هاملێت:
نییە ناکەسێک،
لە هەموو خاکی دەنیمارکادا ئەگەر
بێویژدان نەبێت.
هۆراشیۆ و مەرسێلەس:
پێویستی ناکات، بەگم، تارمایی،
هەڵسێت لە گۆڕی دەربچێت و بێت
تا تەنیا ئەوە، بە ئێمە بڵێت.
هاملێت:
تۆ، ڕاست دەبێژیت.
ئیتر بەبێ هیچ لێکۆڵینەوە،
من بە دروستی دەزانم ئێمە،
ئێستاکە دەستی
یەکتر بگوشین و جیاببینەوە.
ئێوە بەو لایەی
ئارەزوو و سوودی خۆتان دەتانبات
چونکە هەر کەسێک،

(١) باشە پێتان دەڵێم. بەڵام ئەمە شتێکی ئەوەندە سەیرە، قەت نایەت بە خەیاڵی مرۆڤدا بیری لێ بکاتەوە.

ئارەزوو و کار و باری خۆی هەیە،
جێبەجێیان بکات،
ئیتر هەرچییەک بن–
منیش لەمەدا،
بەشی سادەی خۆم، بەدی دەهێنم؛
ئەوەتا دەچم بۆ نوێژکردن.[١]

هۆراشیۆ:
ئەمانە، بەگم،
تەنیا هەر وشەی
ورووژاو و زۆر ئاڵۆزاو دیارن.[٢]

هاملێت:
پێم ناخۆشە کە دڵتان دەشکێنن،
بە هەموو دڵمەوە.
ئا، بە ئیمانم، بە هەموو دڵمەوە.

هۆراشیۆ:
نا، نا، سەروەرم، ١,٥,١٣٥
دڵشکاندنی ئەمە تیا نییە.

هاملێت:
بەڵێ، هۆراشیۆ، بە گیانی پاتریک،[٣]
زۆرشی تێدایە.
بەڵام دەربارەی ئەم بینیاییە،
من پێتان دەڵێم؛
تارماییەکی پاک و ڕاستگۆیە.
بەڵام ئەوەی کە ئارەزووی دەکەن؛

(١) منێش ئیشێکی سادەم "ساکارم" هەیە دەبێت بچم بیکەم. دەچێت نوێژ بکات و لە خوا بپاڕێتەوە، یارمەتی بدات، تا بتوانێت سوێندەکانی خۆی جێبەجێ بکات.
(٢) لەم قسانەت، ئێمە تێ ناگەین.
(٣) پاتریک؛ ناوی قدیسێکە. زۆریشی تێدایە؛ زۆریش دڵشکاندنی تێدا هەیە.

بزانن چی بوون
ئەوانەی لە نێو ئێمەدا رووی دا،
بە پێی سروشی دەروونی خۆتان،[١]
هەڵیان بهێن.
ئێستاش، ئەی دۆستە باشەکانی من،
ئەوەندەی دۆستمن،
ئەوەندەش ئێوە سەرباز و سەیدان،[٢]
دەخوازم لێتان؛
گفتێکی سادە و بچووکم بەنێ.

هۆراشیۆ:
چییە، سەروەرم؟ ئێمە ئامادەین.

هاملێت:
ئەوەی کە ئەمشەو لێرەدا دیتان،
مەهێڵن کەسێک قەت پێی بزانێت.

هۆراشیۆ و مەرسێلەس:
بەگ، بە کەس ناڵێین.

هاملێت:
نا، ئاخر دەبێت سوێندم بۆ بخۆن.

هۆراشیۆ
بەگ، بە ئیمانم. لە من، دەرناچێت.

مارسێلەس:
لە منیشەوە، گەورەم، دەرناچێت.

هاملێت:
بە شمشێرەکەم.

مارسێلەس:
تازە، سوێندمان خوارد.

---

(١) سرووش؛ ئیحاء. دەڵێت؛ من، خۆم، ناتوانم پێتان بڵێم. دەروونتان چیتان پێ دەڵێت، وا بیری لێ بکەنەوە.
(٢) سەیدا؛ زانیار، رۆشنبیر.

هاملێت:

نا، بە کردەوە؛ بە شمشێرەکەم.[١]

تارمایی: (لە ژێر شانۆکەوە هاوار دەکات)

سوێندەکە، بخۆن.

هاملێت:

ها، ها، کوڕەکە، تۆش ئاوا دەڵێیت؟
دۆستی دڵسۆزم، هێشتا هەر لەوێیت؟
دە دەی، سوێند بخۆن،
خۆ ئێوە، گوێتان لە کابراکەیە،
لە "سەرداب"ەکەی ژێرمانەوە دێت.
دە دەی، سوێند بخۆن.

هۆراشیۆ:

چی بڵێین، گەورەم، سوێندەکە چۆن بێت؟

هاملێت:

ئەوەی کە دیتان،
کە بۆ هیچ کەسێک، نەگێڕنەوە.
دە دەی، سوێند بخۆن بە شمشێرەکەم.

تارمایی:

دە دەی، سوێند بخۆن (سوێند دەخۆن)

هاملێت: (لە تارماییەکە دەپرسێت)

لێرەدا و لە گشت شوێنێکی تردا؟[٢]
کەوابێت جێگەی خۆمان دەگۆڕین؛
وەرن بۆ ئەملا، کوڕە باشەکان.

---

(١) بەکردەوە؛ پیشانم بدەن. بەکردن نە تەنیا بە قسە. هاملێت، دەیەوێت کە لە بەرچاویدا سوێند بخۆن. دەسکی شمشێر وەکو خاج "سەلیب" وایە.

(٢) هاملێت، لە تارماییەکە دەپرسێت ئایا هەر لێرەدا سوێند بخۆن یاخۆ لە جێگای تریشدا. چونکە خوا و شەیتان لە هەمان کاتدا هەردووکیان، لە هەموو جێگەیەکدان لەبەرئەوە ئەو سوێندە دەبێت لە هەموو جێیەکدا هێزەکەی هاوتا بێت.

دەی دیسانەوە،
دەستتان بخەنە سەر شمشێرەکەم؛
کە هەرگیز باسی ئەوەی کە بیستتان،
بۆ هیچ کەسێکی نەگێڕنەوە.

تارمایی:
دە دەی، سوێند بخۆن. (سوێند دەخۆن)

هاملێت:
زمانت خۆشبێت، مشکە کوێرەی پیر.[١]
چۆن پێت دەکرێت وا بە خێرایی،
لە بن خاکەوە، ڕێی خۆت هەڵکەنیت؟
پێشڕەوی چاکیت![٢]
دەی جارێکی تر برادەرەکان،
با جێگەکانی خۆمان بگۆڕین.

هۆراشیۆ:
ئای،
ڕۆژان و شەوان،[٣]
بەڵام بە ڕاستی ئەمە، شتێکی
دایلان و گەلێک سەیر و نامۆیە.[٤]

هاملێت:
کەوابێت لەبەرئەوەی نامۆیە،
دەبێ رووی بگرین.
لە ناو ئاسمان و لەسەر رووی زەمین،
هۆراشیۆ:، گەلێک شت زۆرتر هەیە،
لەوەی لە خەوتدا،
ئەتۆ، دەیبینیت،

---

(١) مشکە کوێرە؛ مەبەستی تارماییەکەیە، چونکە لە بن خاکەوە دەنگی دێت.
(٢) پێشڕەو؛ ئەو سەربازەی کە کاری ئەوەیە تونێڵ هەڵبکەنێت.
(٣) ڕۆژان و شەوان؛ زەمان.
(٤) شتێکی دایلان؛ شتێک کە سەر بسوڕمێنێت. مەبەستی لە تارماییەکەیە.

لە ناو سنووری فەلسەفەکەتدا.
بەڵام دەی، وەرن–
لێرەدا، وەکو جارەکەی پێشوو،
سوێندم بۆ بخۆن.
لەمەدا، خوا خۆی یاریدەدەرتان بێت؛[١]
ئەگەر بە جۆرێکی سەیر و نا ئاسا،
ئێوە منتان دی کە خۆم دەنووێنم–
چونکە لەمەولا،
جار بە جار، ئەگەر بە باشم زانی،
من، رەوشتێکی سەیر و ئەنتیکە،
دەکەمە بەرم–[٢]
نەکەن، بە جۆرێک:
بە جووڵەی دەستبێت، یان بە سەر بادان،
یاخۆ بە وتەی هەندێک پڕ گومان:
مەسەلا وەکو؛ "ئێمە دەزانین"
یان "ئارەزوومان هەبێت دەتوانین"،
"ئەگەر بمانەوێت، دەیگێڕینەوە"،
ئاشکرای بکەن،
کە دەربارەی من، شتێک دەزانن.[٣]
ئەمە، ها، نەکەن.
کاتی پێویستی،
بەزەیی گەردوون یاریدەدەرتان بێت.[٤]

---

(١) سوێند بخۆن وەک جاری پێشوو. ئینگلیز کە سوێند دەخوات، لە خوا، دەخوازێت کە یامەتی بدات، تاکو بتوانێت سوێندەکەی خۆی بەدی بهێنێت.

(٢) خۆم بە شێوەیەکی سەیر و ئەنتیکە دەنووێنم.

(٣) هاملێت، بۆ ئەوەی بتوانێت تۆڵەی باوکی خۆی بسەنێتەوە، وای بە باش دەزانێت کە خۆی بە جۆرێکی ئاوا بنووێنێت، خەڵکەکە وا بزانن کە شێت بووە؛ ئەوسا دەتوانێت هەموو جۆرە قسەیەک بکات و هەموو شتێکیش بپرسێت. ئینجا لە برادەرەکانی خۆی داوا دەکات کە سوێندی بۆ بخۆن کە بە هیچ جۆرێک باسی نەکەن و پیشانی نەدەن کە بەقەستی خۆی شێت کردووە.

(٤) خوا یارتان بێت، بۆ ئەوەی بتوانن سوێندەکانتان بەدی بهێنن.

تارمایی:

ده دەی، سوێند بخۆن. (سوێند دەخۆن)

هاملێت: (بە تارماییەکە دەڵێت)

بحەسێرەوە، روحی نیگەران.[١]
(روو دەکاتە هۆراشیۆ و مەرسێلەس)
برادەرەکان، بە دڵسۆزییەوە
من خۆم، پێشکێشی هەمووتان دەکەم.
هەرچیش بتوانێت
پیاوێکی هەژار، وەک ئەم "هاملێت"ە،
بکات بۆ ئەوەی
دڵسۆزێتی خۆی پیشان ئێوە دات،
بە ئیزنی خوا،
بێ کەموکورتی، هەمیشە دەیکات.
دەی با پێکەوە بڕۆینە ژووری.
من تکا دەکەم، با پەنجەکانتان،
لەسەر لێوتان بێت-[٢]
زەمان لە جمگەی خۆی ترازاوە:[٣]
لەعنەت لەو پەرژەی[٤]
لە دایک بووم تیای،
تەنیا بۆ ئەوەی
من گەردەکانی چاک بکەمەوە.-[٥]
نا،
وەرن، با هەموو پێکەوە بڕۆین.[٦] (دەڕۆن)

---

(١) نیگەران: قەلەق.

(٢) پەنجەکانتان با لەسەر لێوتان بێت: دەم نەکەنەوە، لای کەس باسی نەکەن.

(٣) جمگە: ئەنجانە.

(٤) پەرژە: کات، سەعات، دەقیقە.

(٥) گەرد: هەڵە، عەیب. گەردەکانی چاک بکەمەوە: عەیبەکانی زەمان چاک بکەمەوە.

(٦) دیارە ئەوان (هاوڕێیەکانی) دەیانویست، هاملێت، پێشیان بکەوێت. بەڵام هاملێت، حەز ناکات خۆی لەوان بە زلتر بزانێت.

# پەردەی دووەم

# دیمەنی ١-٢

لە ژوورێکدا، لە ماڵی پۆلۆنیەس، پۆلۆنیەس و رەینالدۆ دەردەکەون

پۆلۆنیەس:

رەیناڵدۆ، تۆ، ئەم
پارەیە و ئا ئەم نامانەی بەرێ.

رەیناڵدۆ:

گەورەم، دەیدەمێ.

پۆلۆنیەس:

بەر لەوەی برۆیت تۆ بۆ سەردانی،
ژیرییە ئەگەر بکەیت پرسیاری
دەربارەی کار و جۆری رەوشتی.

رەیناڵدۆ:

گەورەم، من خۆشم نیازم وایە.

پۆلۆنیەس:

زمانت خۆشبێت.
بە مەریەم، زارت جوانی دەربڕی.
لە پێشاندا تۆ، بکە پرسیاری
دەربارەی ئا ئەو
دەنیمارکییانەی کە لە "پاریس" دان؛
بزانە کێن و چۆن و لە کوێدا
ئەوانە دەژین. ئامشۆی کێ دەکەن،
لە کوێدا دەیکەن، وە بەچی دەژین؛
ئاوا بەم جۆرە؛
بە لێ پرسینی گشتی و پێچاوپێچ،[١]

(١) لێ پرسینی گشتی و پێچاوپێچ؛ لێ پرسینێک کە تایبەت و راستەوخۆ نەبێت.

بەشێوەیەکی نزیکتر دەگەیت
بەوەی کە ئەوان،
کوڕەکەی ئێمە هەندێک دەناسن،
لەوەی کە پرسی راستەوخۆ بکەیت.
پێویستە کە تۆ، خۆت وا لێ بکەیت
کە لە دوورەوە، کەمێک دەیناسیت؛
وەک بڵێین هەندێک باوکی دەناسیت،
یان هاوڕێیەکی.
خۆیشی، هەر کەمێک–
رەینالْدۆ، ئەرێ، لە من تێ دەگەیت؟
رەینالْدۆ:
بەڵێ، سەروەرم، گەلێک بە باشی.
پۆلۆنیەس:
خۆی، هەر وا کەمێک– بەڵام دەشتوانی
بڵێیت نایناسم گەلێک بە باشی؛
ئەگەر ئەو کەسە بێت، کە من دەیناسم،
دەبێت یەکێکی
مەیخۆر و هەندێک دڕندە و بەد بێت.
چ بوختانێکی تریشت هەبێت،
بیخەرە سەری.
بەڵام، لە ڕێی خوا،
وا بۆگەن نەبێت، کە ئابڕووی بەرێت.
ئاگات لەوە بێت.
شتی گرینگ نا، شتی ئاسایی؛[١]
وەک دڕندەیی،
یان چۆن روو دەدات مرۆڤ بە گەنجی،

(١) شتی گرینگ نا، شتی ئاسایی؛ تاوانباری مەکە بە تاوانێکی گرینگ، بەڵام قەیدی ناکات ئەگەر تاوانباری بکەیت بە شتی ئاسایی و ئاسان.

پێی دەخلیسکێت لەسەر ڕێی ڕەوا.
ڕەینالْدۆ:
گەورەی بەڕێزم، وەک قوماركردن؟
پۆلۆنیەس:
ئا،
یان خواردنەوە و شەڕەشیرکردن.
یان جنێودان و وتووێژکردن.
دەتوانیت بشچیت هەتاکو رادەی
پێوەندیکردن
لەگەڵ سۆزانی و ئافرەتی سووکدا.
ڕەینالْدۆ:
ئاخر سەروەرم، ئابڕووی پێ دەچێت.
پۆلۆنیەس:
نا، بە ئیمانم، ئەگەر تاوانەکەی،
هەندێک ترش و خوێی پێوە بکرێت.
بەڵام، ها، نەچیت،
بە ئەستۆیەوە،
ڕووڕەشییەکی تر هەڵبواسیت؛
کە مەیلی زۆرە بۆ ئافرەتبازی.
ئەوە مەبەستی من نییە و نابێت.
من تەنیا دەڵێم کە هەڵەکانی،
هەندێک بە ژیری باسیان بکرێت.
کە وا دەرکەون؛
ئەمانە تەنیا
لەکەی ڕەوشتی ئازادکراوە.
یان گڕ و کڵپەی
مێشکی گەنجێکی ورووژراوە،
درێتی خوێنی گەرمی کوڵاوە،

جارێ دەستەمۆ باش نەکراوە.

ڕەینالدۆ:

ئاخر، سەروەرم–

پۆلۆنیەس:

لەبەرچی دەبێت ئەمەم بۆ بکەیت؟

ڕەینالدۆ:

بەڵێ، سەروەرم، خۆزگە دەمزانی.

پۆلۆنیەس:

بە مەریەم، گەورەم، ئەم پیلانەیە،
ئەوەی کە بیری لێ دەکەمەوە،
بڕواشم وایە، سەرگرتوو دەبێت:
ئەگەر بە تاوانی بچووک تۆ ناوی
کوڕم پیس بکەیت،
بە جۆرێکی وا تۆ پیسی دەکەیت،
هەر وەکو شتێک، هەندێک پیسبووبێت،
بە بۆنەی کار و بەکارهاندنی.
بەڵام، تۆ بەوە– گوێ لە من دەگریت–
ئەوەی لە گەڵیا گفتوگۆ دەکەیت،
ئەو "لاو"ەی ئەگەر
دیبێت لە کاتی تاوانکردندا،
بڕوام پێ بکە؛
ئەو یەکسەر تەبا دەبێت لەگەڵتا؛[١]
پێت دەڵێت؛ بەگم،
یاخۆ هاوڕێکەم، یان برادەرم،
ئیتر ئەوە بە پێی
هەرێم و پایە و زاراوەی ئەوەی[٢]

---

(١) ئەویش، رای وەکو تۆ دەبێت دەربارەی ڕەوشتی کوڕەکەی من.

(٢) هەرێم؛ ناوچە. پایە؛ پایەی کۆمەڵایەتی. زاراوە؛ جۆری وشە بەکارهێنان. چونکە زمان بە پێی ناوچە و پایەی کۆمەڵایەتی جیاوازی تێدا دەبێت.

لەگەڵیا دەدووێیت،
وە چ نازناوێک، لە لایان باوە.[١]
رەیناڵدۆ:
زۆر باشە، گەورەم.
پۆلۆنیەس:
ئینجا ئەو، بەگم، ئەمانە دەکات:
ئا ئەمە دەکات.... ها... ئایە چی دەکات...
چی بوو، نازانم، ئەوەی زمانم
لەسەری وەستا.
چی بوو ئەوەی من خەریکبووم بیڵێم؟
بەو خوایە، دەمویست من شتێک بڵێم.
لە کوێدا وەستام؟
رەیناڵدۆ:
لە
"ئەو، یەکسەر تەبا دەبێت لەگەڵتا."
یاخۆ "هاوڕێکەم" یان "برادەرم"
پۆلۆنیەس:
"ئەو، یەکسەر تەبا دەبێت لەگەڵتا."
ئەرێ، بە خوا.
تەبا دەبێت ئەو، لەگەڵتا ئاوا:
"من ئەو دەناسم، دوێنێ ئەوم دی"
یاخۆ "ئەو رۆژە" یان "ئێستا و ئەوسا"
"لەگەڵ ئەمیاندا، یان لەگەڵ ئەودا"
"وەکو تۆ گوتت، قوماری دەکرد"
یان "کاتی تێنس، جەنگی هەڵگیرساند"
یان لەوانەیە، بڵێت "ئەوم دی
لە لای گەواد و ماڵی قەحپەچی"

(١) بە گوێرەی ئەوەی چ جۆرەرە نازناوێک "کاکە، سەروەرم، برادەرم" لەو ناچەیەدا باوە.

ئێستا دەبینیت
بە چەشی درۆ، چۆن ماسی ڕاستی[١]
دەتوانیت بگریت.
ئیتر ئا ئاوا؛
ئێمە، ئەوانەی ژیر و دووربینین،[٢]
بە ڕێی نارەوای خوار و پێچاوی،
ئاراستەی رەوا، دەدۆزینەوە.
ئاوا، بەم جۆرەی کە فێرم کردیت،
ئەتو دەتوانیت کوڕەکەمم بۆ
بدۆزیتەوە.
تێگەیشتیت لە من؟ یان تێنەگەیشتیت؟[٣]

رەینالْدۆ:

گەورەم، تێگەیشتم.

پۆلۆنیەس:

دەی ئیتر برۆ ئەسپەردەی خوا بیت.

رەینالْدۆ:

خوا حافیز، گەورەم.

پۆلۆنیەس:

تۆ خۆت، تێبینی ڕەوشتی بکە،
ئاواتی دڵی، چییە، تێی بگە.

رەینالْدۆ:

گەورەم، وا دەکەم.

پۆلۆنیەس:

با ئەو، شمشاڵی خۆی هەر لێ بدات.[٤]

---

(١) چەش؛ خواردن بۆ گرتنی ماسی و ئاژاڵ و باڵندە.
(٢) دووربین؛ ئەوەی دوور بیر دەکاتەوە و دوارۆژ دەبینێت.
(٣) ئوفێلیا، دیارە براکەی خۆی باش دەناسی کە پێی گوت؛ بەڵام براکەم، برا باشەکەم، تۆ وەکو قەشەی بێ ویژدان نەکەیت (سەیری دێری ١,٣,٤٥ بکەن.)
(٤) چی دەکات، با بیکات. تۆ گوێی مەدەرێ. تەنیا تێبینی بکە و لە دواییدا، بۆمی بگێڕەرەوە.

رەینالدۆ:

باشە، سەروەرم. (لەو کاتەدا ئۆفێلیا دەردەکەوێت)

پۆلۆنیەس:

دەی خوات لەگەڵ بێت.-

ها، ئۆفێلیا، چی رووی داوە بیڵێ؟

ئۆفێلیا:

ئاخ، بەگم، بەگم،

ترسام و گەلێک من نیگەرانم.

پۆلۆنیەس:

لە رێی خوا، بۆچی. ئاخر لەبەر چی؟

ئۆفێلیا:

بەگم، لە ژووری

خۆم دانیشتبووم، شتم دەدروو.

سەیر دەکەم هاملێت، هاتە ژوورەوە.

چاکەتی بەری،

گشت دوگمەکانی،

کرابوونەوە،

بێ کڵاو سەری.

گۆرەوییەکانی، چڵکن، بێ لاستیک،

وەکو کەلەبچە،

کەوتبوونە سەر گووزەنگەکانی.[١]

زەرد، هەڵگەڕابوو دیمەی هەر وەکو

ئا ئەو کراسە زەردەی لە بەری.

وە ئەژنۆکانی،

دەلەرانەوە و لە یەکیان دەدا.

کە سەیری دەکرد بە چاوەکانی،

(١) گووزەنگ؛ قولی پێ

گەلێک بەزەییت پێ دەهاتەوە.
وەکو راستەوخۆ، لە دۆزەخەوە،
هاتبێت تاکو
باسی سامناکی بگێڕێتەوە.

پۆلۆنیەس:
بڵێیت شێت بووبێت بۆ ئەڤینی تۆ؟

ئۆفێلیا:
نازانم، بەگم،
بەڵام بە ڕاستی لەوە دەترسم.

پۆلۆنیەس:
باشە گوتی چی؟

ئۆفێلیا:
مەچەکی گرتم، منی تۆند گوشی.[1]
جا لێم دوور بووەوە،
هەندەی درێژی باسکی کراوەی.[2]
دەستەکەی تری، خستە سەر برۆی.
ئینجا دەستی کرد بە سەیرکردنی
دەموچاو و رووم، ئاوا بە وردی،
وەکو بیەوێت کە رەسمیان بکات.
زۆر وا مایەوە،
لە دوایی دەستی منی توند گوشی و
سێ جار، وا، سەری
بەم جۆرە بەرز و نزم کردەوە.[3]

---

(١) مەچەک؛ دەست.

(٢) باسک؛ بازوو.

(٣) ئۆفێلیا، کە دەیگێڕایەوە، وەکو هاملێتی دەکرد؛ سەری بەرەو ئاسمان بەرز دەکردەوە ئینجا نزمی دەکردەوە بەرەو زەمین.

جا بە داخەوە، ئەو بەسەزمانە،
هەناسەیەکی
ئەوەندە سارد و پڕ سوێی دایەوە،
من وام دەزانی
ئەندامەکانی، هەڵدەوەشێنێت.
دوای ئەوە، یەکسەر بەرەڵای کردم.
پێچی کردەوە،
بەرەو دەرەوە دەرۆیشت و دیمەی،
بەرەو منەوە داچەسپاندبوو،
سەیری دەکردم.[(١)]
ڕێ خۆی دۆزییەوە و لە دەرگە دەرچوو،
بەبێ یارمەتی دوو چاوەکانی.
هەتاکو گوم بوو،
بەرەو من تیشکیان لێوە دەردەچوو.[(٢)]

پۆلۆنیەس:

وەرە لەگەڵما، دەڕۆم بۆ لای شا.
ئەمە، شەیدایی ڕەوا و ڕاستییە.
ئەوەی بە گوڕمی، خۆی وێران دەکات.[(٣)]
وڕەی، زمانی پیاو ناچار دەکات،[(٤)]
زۆر جار، پەیمانی بێ ئومێد بدات.
وەک هەموو دەردی
سۆزێک کە تووشی سروشتمان دەبێت.
داخی بەجەرگم، بەزەییم پیا دێت.
لەم دواییەدا،

(١) هەموو کاتەکە رووی کردبووە من، سەیری رێگەی بەردەمی خۆیی نەدەکرد.
(٢) جاران وایان دەزانی تیشک لە چاوەوە دەردەچێت و دەیدات لەو شتەی کە چاو سەیری دەکات.
(٣) ئەم خۆشەویستییە، ئەوندە بەهێز و دڕە، لەو جۆرەیە کە سەری خۆی و خاوەنەکەی دەخوات.
(٤) وڕەی؛ وڕەی ئەو خۆشەویستییە.

هیچ قسەی ڕەقی لە تۆ بیستووە؟
ئۆفێلیا:
نەخێر، نا، بەگم،
بەڵام هەر وەکو ئەمرت پێ کردم؛
نامەکانیم بۆ گەڕاندنەوە.
ڕێشم نەدەدا بێت بۆ سەردانم.
پۆلۆنیەس:
وا دیارە ئەوە، شێتی کردووە.
داخی بەجەرگم،
ئەمن لە کاتی خۆیدا نەهاتم
باشتر بیرێکی لێ بکەمەوە.
لەوە دەترسام مەبەستی وابێت
کە لاست بدات؛
ئابڕووت بشکێنێیت و وێرانت بکات.
دەک شەرمەزاربیت، گومانکردنم.
بە خوا، بۆ یەکێک لە عومری مندا،
هەندە ئاسایە، بە لێکدانەوە،
دەرچێت لە رادەی دانایی و ژیریی،
هەندەی کە پیاوی گەنج ئامادەیە
بڕیار دەربکات بێ لێکدانەوە.(١)
وەرە لەگەڵما بڕۆین بۆ لای شا.
پێویستە ئەمە، ئاشکرا کرێت؛
ئەگەر داپۆشرێت، زۆر لەوانەیە،
پەژارە زۆرتر بورووژێنێت،
بۆ شاردنەوە،
لە تووڕەیی و قین،

(١) ئەوەندە پیاوی پیر، زیاد لە پێویستی، بیر لە شت دەکاتەوە، ئەوەندەی پیاوی گەنج، کەمتر لە پێویستی، بیر لە شت دەکاتەوە.

به باسکردنی دڵداری و ئەڤین.[1]
دەی وەرە بچین.

(١) لێرەدا زۆر روون نییە شێکسپیر مەبەستی لە چییە. پۆلۆنیەس، بە کچەکەی دەڵێت ئەگەر ئەم خۆشەویستییە بشارینەوە، زیاتر پەژارە لە دڵا دەورووژنێت کە هەم دیسانەوە دەبێت بشاررێتەوە. بەڵام ئەگەر ئاشکرای بکەین زۆر لەوانەیە بۆمان دەرکەوێت کە بە خۆڕایی ئەوەندە لەو تووڕەییییە و قینە دەترسایین «تووڕەیی و قینی هاملێت و شا و شاژن» چونکە لەوانەیە ئەوەندە پێیان ناخۆش نەبێت، وەکو ئێمە بیری لێ دەکەینەوە. یاخۆ لەوانەیە پۆلۆنیەس، ئاوا بیر بکاتەوە:
١– ئەگەر شا، خۆی پێی بزانێت، لەوانەیە پێی ناخۆش بێت کە هاملێت، پێوەندی لەگەڵ کچێکدا هەیە، پایەی کۆمەڵایەتی نزمترە لە بنەماڵەی شا. لەبەرئەوە پێویستە کە شا، لە ڕێگەی خۆمەوە "پۆلۆنیەسەوە" پێی بزانێت.
٢– دەترسێت کە بە شا، بگات کە پۆلۆنیەس، بە کچەکەی خۆیی گوتووە کە روو نەداتە هاملێت و بەوە تووڕە ببێت.
٣– لەوانەیە، شا، تووڕە ببێت کاتێک بزانێت کە هۆی شێتبوونی هاملێت، کچەکەیەتی.
لەبەر هەموو ئەمانە، هەرچەندە زۆر قینی لەوەیە کە لەگەڵ شادا، باسی بکات، بەڵام پێویستە باسی بکات، ئەگینا ئەنجامی ئەم کارە خراپتر دەبێت.

## دیمەنی ٢-٢

کلۆدیەس "شا"، گێرتروود "شاژن" ڕۆزنکرادنتز، گڵدنستێرن لەگەڵ یاوەرەکانیان دەردەکەون.

کلۆدیەس:

ئازیزەکانمان،
ڕۆزنگرانتز و گڵدنستێرن،
یا خوا بەخێر بێن.
هەر جگە لەوەی بیرمان دەکردن،
پێویستی ئێمە بە یارمەتیتان،
ئەوەبوو ئێمەی کە وا ورووژان؛
خێرا دەستبەجێ،
بنێرین بە شوێن جەنابتاندا بێن.
دەربارەی رەوشت
گۆڕینی هاملێت–
دەبێت شتێکتان ئێوە، بیستبێت–
بە گۆڕین ئێمە، ناومان لێ ناوە
لەبەرئەوەی کە
نە بە هەندەری، نە بە دەروونی،[١]
لە جارانی خۆی دەچێت ئەو پیاوە.
جا چی بێت ئەوەی وای لێ کردووە،
جگە مردنی
باوکی کە سەری

(١) لە جارانی خۆی ناچێت، نە بە شیوەی دەرەوەی (هەندەری) ، نە ناوەوەی (دەروونی) .

ئاوا بەجارێک لێ شێواندووە؛
لە خۆی تێ نەگات.
نازانم لە چی بیر بکەمەوە.
من، لە هەردووکتان دەپاڕێمەوە،
هەر لەبەرئەوەی
کە بەیەکەوە ئێوە، گەورەبوون،
هەر لەوساشەوە،
نزیکی گەنجی و رەوشتی ئەو بوون،
بەڵکو بفەرموون،
بۆ ماوەیەکی
کەم لەگەڵماندا،
بۆ حەسانەوە، بمێننەوە.
لەگەڵ خۆشتاندا، بەڵکو رای کێشن
بەرەو گەڕان و کەیف رابواردن.
هەوڵێکیش بدەن، کەی هەلێک گونجا،
بزانن دەردی دەروونی چییە.
ئەو نهێنییەی دڵی دەگوشێت،
بزانین چییە، پێمان دەکرێت
دەرمانێکی بۆ بدۆزینەوە.

گێرتروود:

خانەدانەکان،
گەلێک جار باسی ئێوەی کردووە،
گومانم نییە لە دنیاکەیدا،
دوو پیاوی زیندووی تری تیا نییە
لێوەی نزیکبن، ئەوەندەی ئێوە.
ئەگەر پێتان خۆشە بەرامبەر ئێمە،
هەستی ناسک و خانەدانیتان
هەندێک بنووێنن،

بۆ ماوەیەکی
کەم لەگەڵماندا لێرە رابوێرن.
تا بەڵکو بەوە،
ئاواتی ئێمە، ببووژێتەوە.
بۆ میوانیتان،
سوپاسێکی وا گەورە دەکرێن
کە لە یاداشتی پاشا، بگونجێت.[1]
ڕۆزنکرانتز:
شکۆدارەکان، ئێوە هەردووکتان،
بە پێی ئەو هێزەی دراوە پێتان،
داخوازی خۆتان،
دەتوانن بکەن بۆمان بە فەرمان،
نەک پاڕانەوە.
گڵدنستێرن:
ئێمە، هەردووکمان، گوێڕایەڵ دەبین.
پڕ بە بالآمان دەنوشتێینەوە و
رەنج و راژەمان[2]
لەبەر پێڵاوی ئێوە دادەنێین،
ئەمریان پێ بکەن.
کلۆدیۆس:
سوپاس ڕۆزنکرانتز و
"گڵدنستێرن"ی باشی خانەدان.
گێرتروود:
سوپاس گلدنستێرن و
"ڕۆزنکرانتز"ی باشی خانەدان.
دەپاڕێمەوە من، گەلێک لێتان

(١) یاداشت؛ بیرنامە، یادنامە
(٢) رەنج و راژەمان؛ رەنج و خزمەتمان.

که هەر ئێستاکە،

بچن سەرێکی

ئەو کوڕە گەلێک گۆڕراوەم، بدەن. (ڕوو دەکاتە یاوەرەکان)

دەی، چەند کەسێکتان،

ئەم دوو ئاغایە،

زوو بۆ لای هاملێت، بەرێت، تکایە.

گڵدنستێرن:

دەک خوایە بوونی ئێمە لێرەدا،

سوودی بۆ دەبوو و

دڵیشی پێمان دەکرایەوە.

گێرتروود:

دەی خوایە، ئامین.

(ڕۆزنکرانتز و گلدنستێرن لەگەڵ چەند یاوەرێکدا دەڕۆن. پۆلۆنیەس دەردەکەوێت)

پۆلۆنیەس:

نووێنەرەکانمان، لە نەرویجەوە،

بە کامەرانی، بەگ، گەڕانەوە.

کلۆدیەس:

تۆ، بە ئاسایی،

هەمیشە باوکی هەواڵی باشیت.[1]

پۆلۆنیەس:

گەورەم، بە ڕاستی؟

گومانت نەبێت لە من، سەروەرم،

بەرامبەر هەردووک؛ خوا و شای بەرزم،

ئەرکی سەر شانی خۆم من هەڵدەگرم

وەکو گیانم بێت.

من وادەزانم–

ئەگەر وا نەبێت، دەبێت مێشکم، (ئاماژەی سەری دەکات)

---

(١) هەمیشە باوکی هەواڵی باشێت؛ هەمیشە هەواڵی باشمان بۆ دەهێنیت.

توانای جارانی خۆیی نەمابێت،
به دڵنیایی،
دوای پەیی و ڕێگەی رامیاری کەوێت–[١]
دۆزیومەتەوە،
سەرچاوەی دەردی شێتیەکەی هاملێت.

کلۆدیەس:

ئای، چییە، بیڵێ،
بیڵێ ئەو شتەی چاوەڕوان دەکەم
بۆی، کە بیبیستم.

پۆلۆنیەس:

بە نووێنەرەکان، ڕێ بدەن جارێ
با بێنە ژوورێ.
هەواڵەکەی من، دەبێت بە میوە
بۆ ئەم ئاهەنگە گەورەیەی ئێوە.[٢]

کلۆدیەس:

بەخێرهاتنیان لێ بکە و خۆشت
بیانهێنە با بێنە ژوورەوە. (پۆلۆنیەس دەڕوات)
گێرتروود، گیانەکەم،
ئەو دەڵێت گوایە، کە هۆ و سەرچاوەی
دەردی دەروونی
کوڕەکەتانی دۆزیوەتەوە.

گێرتروود:

گومانم نییە، گرینگترین هۆی
شتێکی تر بێت جگە مردنی

(١) رامیاری؛ سیاسەت. پۆلۆنیەس، خۆی بە سیاسییەکی گەورە دەزانێت. دەڵێت لەم شتەدا ئەگەر راست نەبم «کە سەرچاوەی دەردی شێتبوونی هاملێتم دۆزیوەتەوە»، مێشکم دەبێت توانای جارانی نەمابێت دوای ئاساری "پەیی" سیاسەت بکەوێت.

(٢) پۆلۆنیەس دەڵێت؛ نووێنەرەکان، هەواڵی خۆشیان پێ هەیە. ئەوە دەهێنێت کە ئاهەنگێکی گەورەی بۆ بکرێت. ئەم هەواڵە خۆشەی منیش، دەبێت بە میوە بۆ ئەو ئاهەنگە گەورەیە.

باوکی و خێرایی
ئەم شووکردنەم.

کلۆدیەس:

دەی با بزانین، دەیبێژینەوە.[1]

(ڤۆڵتێماند و کۆرنێلیەس لەگەڵ پۆلۆنیەس دەردەکەون)

دۆستە باشەکان، بەخێر بێنەوە.
دەی پێمان بڵێ،
ڤۆڵتێماند، ئەتۆ لە برامەوە،
شای نەرویجەوە،
چیت بۆ هێناوین؟

ڤۆڵتێماند:

ڕێزێکی زۆری
هەیە و دروودی گەرمی دەنێرێت.
دوای یەکەم جاری بینینی ئێمە،
فەرمانی دەرکرد کە سوپاکانی
کوڕی براکەی ڕابوەستێن.
کە تاکو ئەوسا، ئەو وای دەزانی
ئامادەی کردوون بۆ پەلاماری
شای پۆلەندییەکان.
بەڵام لە دوایی
کە تێبینی کرد؛
تێگەیشت و زانی؛
ئەوانەی هەموو بۆ پەلاماری
ئێوەی دانابوو.
بەوە زۆر پەست بوو
وە بەتایبەتی کاتێک کە زانی

(١) دەیبێژینەوە؛ پرسیاری لێ دەکەین و دەیدووێنین. وەرامەکانی لە بێژنگ دەدەین، ڕاستی و درۆی لە یەکتری جیا دەکەینەوە.

بە هۆی نەخۆشی و پیر و بێهێزیی،
وایان دەزانی
دەتوانن گزی ئاوای لێ بکەن.
دەستبەجێ ناردی
بەشوێن "فۆرتینبراس" دا.
ئەویش هەر یەکسەر هاتە بەردەمی.
دوای ئەوەی نەرویج،
سەرزەنشتی کرد،[١]
لە بەردەم مامی، پەیمانێکی دا؛
کە جارێکی تر قەت هەوڵ نەدات،
دژی جەنابتان، لەشکر و سوپا
بەکار بهێنێت.
بەوە، دڵشادی،
سەرتاپا زاڵبوو بەسەر شای پیردا.[٢]
زوو بڕیاری دا؛ لەمەولا ساڵی
سێ هەزار کرۆن مووچەی بداتێت،[٣]
لەگەڵ دەسەڵات؛ کە سوپاکانی،
هەر بەو جۆرەی کە ئامادەی کردوون،
بەکار بهێنێت دژی پۆلەندا.
تکایەکشی بۆ جەنابتان نارد،
وەکو لێرەدا، بەگ، نووسراوە،
ئەویش ئەوەیە؛
بۆ هێنانە دی ئەو سەرکەشییە،[٤]
داوات لێ دەکات

---

(١) نەرویج؛ شای نەرویج. شای نەرویج، سەرزەنشتی فۆرتینبراسی (کوڕی براکەی) کرد.
(٢) دڵشادی زاڵبوو بەسەریا؛ زۆری پێ خۆشبوو.
(٣) مووچە؛ مەعاش.
(٤) سەرکەشی؛ موغامەرە.

بەڵکو بهێڵێت سوپای نەرویجی،
بە سەلامەتی، بەسەر خاکانی
دەنیمارکیدا،
تێپەڕێ و بچێت بەرەو پۆڵەندا.
وەکو لێرەدا، بەگ، نووسراوە.
(نامەکەی شای نەرویجی دەداتێ)

کلۆدیەس:

بە دڵمە، باشە.
کەی کاتم هەبوو ئەمن، لە پاشا،
دەیخوێنمەوە،
بیرێکی باشی لێ دەکەمەوە،
ئەوسا وەرامی خۆم دەدەمەوە.
بەڵام ئێستاکە، سوپاستان دەکەین
بۆ هێنانە دی ئەرکتان بە باشی.
بڕۆن ئێستاکە بحەسێنەوە.
بۆ ئێوارەکەی، وەرن پێکەوە،
ئاهەنگ دەبەستین.
بۆ ماڵی خۆتان، بەخێر بێنەوە. (دەڕۆن)

پۆلۆنیەس:

ئەم کاروبارە،
بەجۆرێکی باش کۆتایی پێ هات.
شکۆدارەکان؛ گەورەم، بانووەکەم،
ئەگەر ئێمە هەر وتووێژمانبێت؛
رەوشتی ئەورەنگ، پێویستە چۆن بێت.[1]
یاخۆ ئەرک، چییە.
شەو بۆچی شەوە، ڕۆژ بۆچی ڕۆژە،
یاخو لەبەرچی زەمان زەمانە.

---

(١) ئەورەنگ؛ شکۆدار، شا.

بەم وتووویژە بێ کەڵک و سوودە،
هەر جگە لەوەی،
زەمان و رۆژ و شەو دەدۆڕێنین،
بە هیچیش ناگەین.
لەبەرئەوەی کە کورتێتی وتە،
کرۆکی مێشکی پیاوی زیرەکە.
درێژکردنی، دەست و پێیەتی،
یان ئارایشتی دەرەوەیەتی،
بە کورتی دەیڵێم:[1]
کوڕی خانزای جەنابتان شێتە.
من، پێی دەڵێم شێت.
چونکە ئەگەر یەکێک شێتی تەواوبێت،
بە شێت بەولاوە، چۆن ناوی دەنێیت
دە دەی، با جارێ واز لەوە بێنین.

گێرتروود:

بووژەنی، زۆرتر
با لەناوا بێت، کەمتریش هونەر.[2]

پۆلۆنیەس:

خاتوون، سوێند دەخۆم
کە من هیچ هونەر بەکار ناهێنم.
ئەوەی کە شێتە، خۆ ئەوە ڕاستە.
ڕاستە، جێی داخە،

---

(١) ئارایشت؛ زینە، شتی جوانکردن. لەبەرئەوەی کە درێژکردنی وتە هیچ سوودێکی نییە، من قسەکانم بە کورتی دەکەم. پۆلۆنیەس ناوێرێت یەکسەر پێیان بڵێت؛" کوڕەکەتان حەزی لە کچەکەی من کردووە"، نەوەکو ئەوە تووڕەیان بکات. لەبەرئەوە، هەر درێژی دەکاتەوە. چونکە لای وایە پایەی بنەماڵەکەی خۆی گەلێک لە بنەماڵەی شا، نزمترە.

(٢) هونەر؛ هونەری ڕەوانبێژی. گێرتروود لە پۆڵۆنیەس دەخوازێت کە وتارەکەی زۆرتر بووژەنی (مادەی) تێدا هەبێت و کەمتر هونەر: ئەوەی کە دەیەوێت بیڵێت، بیڵێت و درێژی نەکاتەوە.

کە ئەوە ڕاستە.
ئەم رستەیە، لام، گەوج و لاوازە-
وازی لێ دێنم.[١]
چونکە من هونەر بەکار ناهێنم.
دەی با بە شێتی ئێمە، دابنێین.
دەمێنێتەوە بۆمان تێ بگەین
بۆچی شێت بووە،
ئایا چییە هۆی ئا ئەم ئەنجامە.
یاخۆ باشترە بڵێین کە چییە
بۆنەی ئەم نەنگە.[٢]
یان ئەم ئەنجامە
نەنگدارە، دەبێت هۆیەکی هەبێت.[٣]
ئیتر هەر ئەوە دەمێنێتەوە؛
چییە ئەو هۆیە.
ئەوەش، ئەمەیە؛
گوێتانم بدەنێ،
کچێکم هەیە-
تا کچی من بێت، کچی خۆم دەبێت-[٤]
زۆر گوێڕایەڵە، ئا ئەمەی دامێ.
(کاغەزێک لە گرفانی خۆی دەردەهێنێت)
سەیرکەن، بزانن؛

(١) ئەم رستەیە؛ ئەم جوملەیە. پۆلۆنیەس، هەست دەکات کە ئەم رەستەیەی کە ئێستا بە کاری هێنا، زۆر لاواز و بێ مانایە، لەبەرئەوە دەڵێت واز لەو رەستەیە دەهێنم. پۆلۆنیەس شڵەژاوە، چونکە دەترسێت شا و شاژن پێیان خۆش نەبێت کە "ئۆفێلیا"ی کچی لەگەڵ "هاملێت" دا پێوەندی دڵدارییان هەیە. هەرچەندە بەڵێنی دابوو کە هونەر بەکار نەهێنێت و وتەکانی کورت بێت، بەڵام هەر درێژی دەکاتەوە.
(٢) نەنگ؛ گەرد، عەیب، نەنگدار؛ عەیبدار. شێتی، جۆرە عەیبێکە "جۆرە گەردێکە".
(٣) هەموو ئەنجامێک (کاریگەرییەک) دەبێت هۆیەکی هەبێت، ئەمە دەربڕینێکی فەلسەفییە. پۆلۆنیەس حەز دەکات خەڵک بە فەیلەسووف و زیرەکی بزانن بۆیە رستەی ئاوا بەکار دەهێنێت.
(٤) ئەگەر کچەکەم، لە قسەی من دەربچێت، ئیتر بەکچی خۆمی نازانم.

بە ئەرکی زانی ئەمەم بداتێ.
جا، هەندێک لە من، نزیکبنەوە.
جەنابتان بیری لێ بکەنەوە
بزانن ئایا چی لێ تێ دەگەن؛[١] (نامەکە دەخوێنێتەوە)
"بۆ تاکە پەری ناو بەهەشتەکەم،
جوانترین بتی پەرستگایەکەم،
ڕازاوەترین
جوان، ئۆفێلیاکەم."–
ئەمە جوان نییە، ئەم دەربڕینە؛
"رازاوەترین" دەربڕینێکی
بێ مانا و سووکە.
بەڵام ئێوە گوێ لە مانەش بگرن:
"لە نێوان سنگی سپی نایابی
ئەودا، ئەمانە" .... ئەوانەی تری، لەم بابەتەیە...[٢]
گێرتروود:
لە "هاملێت"ەوە، بۆ ئەو، هاتووە؟
پۆلۆنیەس:
خاتوونە، نەختێک، ئارامت هەبێت.
من بە دڵسۆزی هەمووی باس دەکەم.
"گومان هەبێت کە ئەستێرەکان
گڕ و ئاگرن.
گومان هەبێت کە ڕۆژ لە ئاسمان
دە جوڵێتەوە.
با هەتبێت گومان
کە راستی، درۆ دەکات لەگەڵمان.

(١) خۆتان بزانن شێتە یاخۆ نا. «هاملێت، نامەکەی بە قەستی بەم جۆرە نووسیوە، بۆ ئەوەی خەڵک وا بزانن شێت بووە.»

(٢) لەم بابەتەیە؛ لەم جۆرە وتانەیە کە مرۆڤ شەرمەزار دەکات.

بەڵام تۆ دەبێت،
گومانت نەبێت کە تۆم خۆش دەوێت.
گیانە، ئۆفێلیا،
لەگەڵ نمرەدا، بێ دەسەڵاتم؛
هونەرم نییە، لە ژماردندا،
تاکو بتوانم
ناڵەناڵی خۆم من بژمێرم.
بەڵام کە دەڵێم، لە دنیا کەسم
وەک تۆ خۆش ناوێت،
ئاخ، جوانترین جوان، بڕوات پێم هەبێت.
ئەسپەردەی خوا بیت.
هەی ئازیزترین بانووی سەر زەمین،
هاملێت، هەمیشە موڵکی خۆت دەبێت،
تاکو ئەم لەشەم، ئەم مەکینەیەی،
لەگەڵدا هەبێت.[١]
هاملێت"
کچەکەی خۆمم، ڕاسپاردبوو،
بۆیە زوو بە زوو ئەمەی پیشان دام.
تەنیا ئەوە نا؛
گشت تکا و سزا و داخوازەکانی؛
بۆنەی هاتنی، بە جێگە و بە کات،[٢]
گشتیم پێ دەگات؛

کلۆدیەس:

بەڵام، ئۆفێلیا،
ئەم دڵدارییە، چەند پەسەند دەکات؟

---

(١) مرۆڤ کە دەمرێت، گیانەکەی، نەمرە دەمێنێتەوە. بەڵام لەشەکەی «ئەو مەکینەیەی کە گیان لەم دنیایەدا بەکاری دەهێنێت» دەڕزێت، نامێنێتەوە.

(٢) هاملێت هەرچییەک دەنووسێت یان دەڵێت بە ئۆفێلیا، ئۆفێلیا یەکسەر بە باوکی خۆی دەڵێت.

پۆلۆنیەس:

به کێم دەزانن؟

کلۆدیەس:

پیاوێکی پاک و زۆر ئابڕووداریت.

پۆلۆنیەس:

پێم خۆشە ئەوە، دابچەسپێنم.[1]
بەڵام، جەنابتان، منتان چۆن دەدی،
ئەگەر ئەو سۆزە کوڵاوەم دەدی
باڵی گرتووە و شەیدا دەفڕی–[2]
خۆم هەستم پێ کرد،
دەبێ ئەوەتان ئەمن پێ بڵێم؛
بەر لەوەی شتێک،
لە کچەکەی خۆم، هێشتا ببیستم–
ئاخر چۆن ئەنگۆ،
یان خاوەن شکۆی ئازیزی ژنت،
ئەوساکە بیرتان لێم دەکردەوە،
ئەگەر تەنیا دەوری
دەفتەر و مێزم ئەمن بدیایە.[3]
یان ئەگەر چاوم
دابخستایە و بە دڵی خۆمم
من بگوتایە؛
دڵەکەم، تۆ خۆت وەکو لاڵ و کەڕ،
دەبێت بنووێنیت.

---

(١) پێم خۆشە من ئەوە، ئیسپات بکەم.

(٢) سۆزی کوڵاو؛ خۆشەویستییەکی زۆر، شەیدایی.

(٣) لە کۆندا، لە ماڵە گەورەکاندا، دەفتەریک لەسەر مێزێک دادەنرا، تا ئەگەر کەسێک «خاوەن ماڵ، نۆکەرێک، یاخۆ میوانێک» تێبینینیەکی هەبێت، لەوێدا تۆماری (تەسجیلی) بکات بەبێ ئەوەی بەکەسێک بڵێت.

یاخۆ بە چاوی
رازی من سەیری ئەوەم کردایە-
ئەوساکە، چۆنتان لە من بیر دەکرد؟
نا،
بەڵام من هاتم، یەکسەر کارم کرد؛
بە کچی گەنجی
خاتوونی خۆم گوت:
کچەکەم، هاملێت، ها، شازادەیە،
ئەستێرەی بەختت،
ئەو ناگرێتەوە.[١]
پێوەندی ئاوای نابێت لەگەڵکەیت.
ئیتر، رام سپارد،
ڕێگەی نەداتێ بۆ سەرلێدانی،
لە پەیامبەری، دەرگە دابخات،
بە هیچ جۆرێکیش،
لێیەوەی، نەکات
نامە وەربگرێت، پەیام، یان دیاری.
کە ئەوەم پێ گوت،
هەر یەکسەر بەری ئامۆژەکەمی،
کردەوە و کردی بە یاسای دڵی.[٢]
کە ڕێی لێ بڕی-
باسێکی کورتە دەیگێڕمەوە-
کەوتە دڵتەنگی،
جا بەڕۆژووبوون لە خواردەمەنی.
دوایی نووستنی

(١) چونکە پایەی کۆمەڵایەتی ئەو، زۆر لە هی تۆ، بەرزترە، بیر مەکەرەوە کە بتکات بە ژنی.
(٢) یەکسەر سوودی لە ئامۆژگارییەکەی من وەرگرت.

نەما و لاوازی کەوتە ناو تەنی.
جا مێشک سووکی.[١]
ئەوەی، ئەوەتا،
وردە بە وردە، خەریکە دەیبات
بەرەو شێتێتی.
ئێمەش هەموومان داخی بۆ دەخۆین.

کلۆدیەس: (روو دەکات گێرتروود)
بڵێیت ئاوا بێت؟

گێرتروود:
زۆر لەوە دەچێت، کە ئەمە وابێت.

پۆلۆنیەس:
قەت بووە جارێک-
زۆر پێم خۆش دەبێت، ئەوە بزانم-
بە دڵنیایی دەربارەی شتێک،
بڵێم ئاوایە و ئاوا دەرنەچێت؟

گێرتروود:
نەبووە، وەکو ئاگام لێی هەبێت.

پۆڵۆنیەس:
ئەگەر وا نەبوو،
(دەستێکی دەخاتە سەر سەری، ئەوەکەی تریان دەخاتە سەر سنگی)
ئا ئەمە، لەمە، جیا بکەنەوە.
ئەگەر فریشتەی هەل رابەرم بێت،[٢]
راستییەکەی دەبێت،
بدۆزمەوە،
خۆی لە هەرچ کوێیەک
شاردبێتەوە.

---

(١) مێشک سووکی؛ عەقڵ سووکی.

(٢) فریشتەی هەل؛ ئەو فریشتەیەی کە ئاگەداری مرۆڤ دەبێت و رێی پیشان دەدات.

ئەگەر لە ناوچەقی گۆی زەمینیش بێت.[1]

کلۆدیەس:

باشە چۆن ئەوە، تاقی بکەینەوە؟

پۆلۆنیەس:

وەکو دەزانن، جار بە جار لێرە،
لە هۆڵەکەدا،
بۆ چوار سەعاتێک،
بەسەریەکەوە، هەر پیاسە دەکات.

گێرتروود:

بەڵێ بە ڕاستی، ئەو، ئەوە دەکات.

پۆلۆنیەس:

لە کاتێکی وا
کچەکەی خۆمی من بۆ بەردەدەم.[2]
خۆشمان لێرەدا،
لە دوای پەردەیەک، دەشارینەوە.
تەماشا دەکەین؛
چۆن و چی دەکەن،
کە لە ناکاودا بە یەکتر دەگەن.
ئەگەر دەرکەوێت کە خۆشی ناوێت،
یان شەیدای نییە،
ئەوساکە ئەمن، لە جێی وەزیری،
تەنیا بە کەڵکی
جووتیاری و کاری کشتوکاڵی دێم.

کلۆدیەس:

باشە با ئەوە، تاقی بکەینەوە.

(هاملێت دەردەکەوێت، کتێبێکی بەدەستەوەیە دەیخوێنێتەوە)

---

(١) ناوچەق ی گۆی زەمین؛ مەرکەزی کوڕەی ئەرز.

(٢) بە کچەکەی خۆی گوتووە کە لە ماڵ دەرنەچێت (بەندی کردووە). بەڵام ئێستا، دەچێت بەڕەڵای دەکات (بەری دەدات) تا هاملێت، بیبینێت و بەڵکو لەگەڵیدا بدوێت.

گێرتروود:

هەر سەیرێکی کەن،
داماوە بۆ کوێ، بە خەفەتەوە،
دێت پەرتووکەکەی بخوێنێتەوە.

پۆلۆنیەس:

من لە هەردووکتان، دەپارێمەوە،
کە ئێوە بڕۆن، دوورکەونەوە.
منیش، دەستبەجێ،
ئێستاکە دەچم بدوێم لەگەڵی.
لێشم ببوورن. (شا و شاژن دەڕۆن)
هاملێت، بەڕێزم، تۆ چۆنیت، بەگم؟

هاملێت:

باشم، زۆر باشم.
لە خوا بەزەیی بۆ تۆ دەخوازم.[١]

پۆلۆنیەس:

گەورەم، ئایا من دەناسیتەوە؟

هاملێت:

گەلێک بە باشی، ماسی فرۆشیت.[٢]

پۆلۆنیەس:

نا، من نا، گەورەم.

هاملێت:

کەوابێت، خۆزگە
ئەتۆش هەندەی ئەو،
پیاوێکی پاک و ئابڕوودار دەبوویت.

پۆلۆنیەس:

ئابڕوودار، بەگم؟

---

(١) چونکە تۆ پیاوێکی خراپیت، لەبەرئەوە، من لە خوا دەپارێمەوە بەزەیی بە تۆدا بێتەوە.

(٢) ماسی فرۆش؛ ئەوساکە هەندێک کەس بە قەحبەیان دەگوت "ماسی". لەبەرئەوە لێرەدا، هاملێت، کە دەڵێت "ماسی فرۆش" مەبەستی لە تەرەسە (لە گەوادە).

هاملێت:

بەڵێ، سەروەرم.
بەم جۆرەی دنیا، بە ڕێوە دەڕوات،
ئەگەر ئابڕوودار بیت،
دەبێت یەکێک بیت
هەڵبژاردرابیت
لە نێو دە هەزار کەسانی تردا.

پۆلۆنیەس:

ئەوە زۆر راستە، گەورەی بەڕێزم.

هاملێت:

چونکە ئەگەر هەتاو، پەروەردەی کرم،
لە نێوان سەگی تۆپیودا بکات،
هەر لەبەرئەوەی
گۆشتی بۆگەنی گەلێک بە کەڵکی
ماچکردنی دێت–[١]
تۆ، کچت هەیە؟ ٢,٢,١٨٠

پۆلۆنیەس:

بەڵێ، سەروەرم، کچێکم، هەیە.

هاملێت:

نەیەڵی لەبەر هەتاو بگەڕێت.
هەرچەند سکپڕبوون خۆ موبارەکە،
بەڵام کچی تۆ،
هەر لەبەرئەوەی کە لەوانەیە
سکی پڕ ببێت بە–[٢]
دۆستەکەم، دەبێت،

---

(١) چونکە گۆشتی گەنیو دەگونجێت بۆ خواردەمەنی(ماچکردنی) کرم. ئەو کرمانە لە ناو بۆگەنیدا (فەساددا) پێ دەگەن. سەگی تۆپیو، دوای ئەوەی کە هەتاو لێی دەدات و بۆگەن دەبێت کرم تێی دەدات.

(٢) کچەکەی تۆش ئەگەر بچێتە دەرەوە و هەتاو لێی بدات، لەوانە سکی پڕبێت، بەڵام، چونکە کچی تۆیە (تۆش پیاوێکی خراپێت)، ئیتر هەر خوا دەزانێت بەچی سکی پڕ دەبێت.

ئاگات لە لەوە بێت.
پۆلۆنیەس: (لەبەر خۆیەوە)
بەمە، چی دەڵێیت؟
باسی کچەکەم، بە زمانییەوە
هەر وەک نووسابێت.
لەپێشدا، کەچی،
نەی ناسیمەوە؛
منی بە ماسی
فرۆش دەزانی.
دوور، دوور ڕۆیشتووە،
زۆر دوور ڕۆیشتووە.[١]
منیش بە ڕاستی، کاتی گەنجێتیم،
ئاوا وەکو ئەم، لە ڕێی دڵداری،
ئازاری سەیرم دەچێژت و دەدی.
با جارێکی تر بدوێم لەگەڵی؛
گەورەم، ئەوە چی دەخوێنیتەوە؟
هاملێت:
هەمووی هەر وشە و وشە و وشەیە
پۆلۆنیەس:
لە نێوانیاندا، گەورەم، چی هەیە؟
هاملێت:
لە نێوان کێدا؟[٢]
پۆلۆنیەس:
گەورەم، مەبەستم
لە نێوان ئا ئەو
وشانەی کە تۆ دەیخوێنیتەوە.

---

(١) زۆر دوور ڕۆیشووە؛ لە شێتبووندا زۆر دوور ڕۆیشتوە.

(٢) پۆلۆنیەس دەپرسێت، چی لە نێوان وشەکاندا هەیە. بەڵام هاملێت، چونکە وەک شێت خۆی دەنووێنێت، بە قەستی وەرام دەداتەوە بە جۆرێک وەکو لێیان پرسیبێت؛ لە نێوان دوو کەسدا چ جۆرە ناخۆشییەک هەیە.

هاملێت:

بوختان و درۆ.

چونکە نووسەری بێ ویژدان دەڵێت؛

پیرەمێردەکان،

ڕیشیان سپییە، دەموچاویان چرچ.

لە چاوەکانیان، ریپۆق دەردەچێت،

توند و پیس و لنج.

لە جەوی داری هەڵوژە دەچێت.

زۆر بێ مێشکن، لە شت تێ ناگەن.

ئەژنۆکانیشیان، گەلێک لاوازن.[١]

ئەمانە هەموو ، ئەمن سەروەرم،

هەرچەند بە دڵ و جەرگ و باوەڕم

لەگەڵیا ڕێکم،

بەڵام بە باش و جوانی نازانم،

وا بنووسرێت.

دەربارەی تۆش، خۆت،

بەگی بەڕێزم،

ئەگەر بتوانیت،

وەکو قرژاڵێک، بۆ دواوە بچیت،

ئەوسا، بە تەمەن، وەکو من دەبوویت.

پۆلۆنیەس: (لەبەر خۆیەوە)

هەرچەندە ئەمە، دەبێت شێتی بێت،

بەڵام گۆزارە و ڕێبازی تیایە–[٢] (لە هاملێت دەپرسێت)

بەگ، لەم هەوایە، ناچیتە دەرێ؟[٣]

---

(١) ترسنۆکن، ئەژنۆکانیان دەلەرزێت.

(٢) گوزارە؛ مەعنا. هەرچەندە ئەم قسانە هی شێتە، بەڵام بە مەعنان.

(٣) پۆلۆنیەس دەزانێت کە هاملێت، نەخۆشە، هەوا نابێت زۆر لێی بدات. لێی دەپرسێت لە هواکە ناچیتە دەرێ؟ بە مانای لەبەر هەواکەدا مەمێنەرەوە، بڕۆرە ژوورێ. بەڵام، هاملێت وەکو لە مەبەستی پۆلۆنیەس تێنەگات، بە جۆرێکی تر وەرامی دەداتەوە.

هاملێت:

بۆ ناو گۆڕەکەم.

پۆڵۆنیەس (لەبەر خۆیەوە)

خۆ ڕاستیش دەکات؛

بەوە، لە هەوا، دەچێتە دەرێ.

وەرامەکانی، بەڕاستی جار جار،

پڕن لە مانا.

زیرەکییەکی شادمانە، زۆر جار،

وا ڕێک دەکەوێت،

شێتی، دەیبەخشێت

باشتر لە ژیری و مێشکی دانا.

(لەبەر خۆیەوە) من دەبێت بڕۆم،

ئێستا، دەستبەجێ، بیر بکەمەوە؛

بە چ شێوازێک،

لەگەڵ کچەکەم، کوی بکەمەوە. (ڕوو دەکاتەوە هاملێت)

بەڕێز، سەروەرم،

من بە سەرکزی لێتان دەخوازم،

ڕێگەم بدەنێ کە ئیتر بڕۆم.

هاملێت:

گەورەم، ناتوانیت

ئەتۆ، هێچ شتێک لە من بخوازیت،

وا بە ئارەزوو و بە هەوەسەوە

کە ئامادەبم

لەگەڵیدا من، جیاببمەوە.

جگە لە ژیانم،

جگە لە ژیانم، جگە لە ژیانم.

پۆلۆنیەس:

خوات لەگەڵ، بەگم. (پۆلۆنیەس دوور دەکەوێتەوە بڕوات)

هاملێت:

ئاخ،
لەم پیرەمێردە بێ مێشکانە!
(گڵدنستێرن و رۆزنکرانتز دەردەکەون)

پۆلۆنیەس:

ئەگەر هاتوون بە شوێن
پرنس "هاملێت"دا[١]
ئێوە بگەڕێن، فەرموون ئەوەتا.

رۆزنکرانتز:

سەروەرم، خوا بتانپارێزێت. (پۆڵۆنیەس دەڕوات)

گڵدنستێرن:

گەورەی بەڕێزم!

ڕۆزنکرانتز:

گەورەی ئازیزم!

هاملێت:

ئای،
نایابترین و هەرە باشترین
دۆستەکانی من.
چۆنیت گلدنستێرن؟
ئای، ڕۆزنکرانتز.
کوڕە باشەکان، هەردووکتان، چۆنن؟

ڕۆزنکرانتز:

وەک هەموو رۆڵە ئاساییەکانی
ئەم سەر زەمینەین.

گڵدنستێرن:

گەورەم، دڵشادین،
هەر لەبەرئەوەی زیاد لە پێویستی،

---

(١) پرنس؛ شازادە

ئێمە شادمانین؛
لەسەر کڵاوی خوای بەختیاری
ئێمە، دوگمەکەی سەر لووتکەکەی نین.[١]

هاملێت:

نە ئێوە، پاژنەی پێڵاوەکانین؟

ڕۆزنکرانتز:

نا، بەگ، ئەوەش نین.

هاملێت:

کەوابێت، نزیک کەمەری دەژین،
یان لە ناوەڕاست شوێنی ئەڤینی.[٢]

گلدنستێرن:

بەئیمان، ئێمە،
سەروەرم، پارچە تایبەتییەکەیین.[٣]

هاملێت:

ئێوە لە نێوان
پاری نهێنی خوای بەختیاریدان؟[٤]
ئای کە راست دەکەن، ئەو سۆزانییە.
چ هەواڵێکی نوێتان پێ هەیە؟

رۆزنکرانتز:

هیچی وا نییە، بەگ، جگە لەوەی
کە دنیا هەندێک ئابڕوودار بووە.

هاملێت:

کەوابێت ڕۆژی هەڵساندنەوە،[٥]

---

(١) ئەوساکە، باو بووە، لە سەر لووتکەی زۆر کڵاودا، دوگمەیەک (قۆپچەیەک) هەبووبێت.

(٢) شوێنی ئەڤین؛ شوێنی خۆشەویستی و زاووزێی (کوز).

(٣) پارچەی تایبەتی Private parts؛ ئەندامی زاووزێی، ئەو پارچانەی لەش، کە دەشارڕێنەوە؛ ئێمە پارچەی تایبەتییەکەی بانووخوای بەختیارین Private Parts of Fortune.

(٤) پاری نهێنی؛ پارچەی نهێنی، پارچەی تایبەتی (ئەندامی زاووزێی)

(٥) رۆژی هەڵساندنەوە؛ رۆژی قیامەت، کە مردووەکان لە گۆڕ هەڵدەستنەوە.

نزیک بووەتەوە.
ئەم هەواڵەتان، بەڵام، راست نییە.
با چەند پرسێکی تایبەتی بکەم؛
چیتان کردووە دۆستە باشەکان،
تا شایانتان بێت،
ئێوە بە دەستی خوای بەختیاری،
سزا بدرێن؛
بۆ ئێرە، بۆ ناو بەندیخانەکەی،
رەوانە کرێن؟
گلدنسترێرن:
بەگ، بەندیخانە؟
هاملێت:
ئەی، خۆ دەنیمارک، بەندیخانەیە.
رۆزنکرانتز:
خۆ ئەگەر وابێت،
دنیاکە هەمووی، بەندیخانەیە.
هاملێت:
یەکێکی گەورە،
گەلێک زیندانی لە ناودا هەیە.
بەڵام دەنیمارک، بەدەکەیانە.
رۆزنکرانتز:
بۆ ئێمە، گەورەم، وا دەرناکەوێت.
هاملێت:
بۆیە کەوابێت،
بەو جۆرە بۆتان ئەو، دەرناکەوێت،
چونکە هیچی وای لە ناودا نییە؛
باشی نە بەدی؛

بیرکردنەوەم، دەیکات زیندان(١)

ڕۆزنکرانتز:

بەگم، ئەگەر وابێت،
ئاواتی بەرزتان،
ئەوە، کە بۆتان دەکات بە زیندان.
چونکە تەسکە بۆ بیر و خەیاڵتان.(٢)

هاملێت:

ئای خوایە، خوایە،
دەتوانم بژیم من، لە شوێنێکدا
هەندەی گوێزێک بێت،
خۆشم دابنێم بە شای وڵاتێک،
هەندە گەورەبێت، سنووری نەبێت،
ئەگەر خەوی بەدی ئاوام نەدەدی.(٣)

گڵدنستێرن:

جا خۆ بە ڕاستی، خەویش ئاواتە.
چونکە ئاواتخواز،
ئەوەی پێی دەژی،
تەنیا سێبەری خەوەکانییەتی.(٤)

هاملێت:

جا خۆ خەو، خۆشی
تارماییيەکە.

ڕۆزنکرانتز:

وایە، بە ڕاستی؛ ئاوات، شتێکی

---

(١) لێرەدا، مەبەست ئەوەیە کە چۆنیەتی شت، زۆر جار دەوەستێت لەسەر باری دەروونی ئەو کەسەی کە سەیری دەکات.

(٢) سەیری لاپەڕە ١٧ بکەن بزانن نیتشە چی دەڵێت دەربارەی ئەمە.

(٣) مەبەستی لەو گومانەیە کە لە دڵیایەتی دەربارەی کوشتنی باوکی و شوکردنی دایکی بە مامی و ئەو تارماییيەی کە لە شێوەی باوکیدا دێت بۆ لای.

(٤) ئاواتخواز، تەنیا هەر خەو بەو شتانەوە دەبینێت کە دڵی ئارەزووی دەکات و بە هۆی ئەو خەوانەوە دەژێت. بەڵام بێ دەسەڵاتە، هیچی وا ناکات تاکو دەستگیریان بکات.

هەندە هەوایی و خەیاڵی و سووکە،
تەنیا سێبەری تارماییەکە.[١]

هاملێت:

ئەگەر وا دەبوو، سواڵکەرەکانمان،
تەنیا هەر ئەوان،
دەبوون و لەشی راستییان دەبوو؛
شا و پاڵەوان و پیاوی سەرکەوتوو،
ئەمانە هەموو، سێبەریان دەبوون.[٢]
بڕۆینە ژووریٚ، بۆ ناو کۆشکەکە؟
چونکە بە راستی، بە فریشتەکەم،
ئیتر ناتوانم بیر بکەمەوە.[٣]

ڕۆزنکرانتز و گڵدنستێرن:

لە خزمەتتان داین.

هاملێت:

شتی وا، نییە. نامەوێت ئێوە
لەگەڵ یاوەر و نۆکەرەکانی
ترم رابگرم.[٤]
بەڕاستی ئەمن، بە شێوەیەکی
سامناک لێرەدا، خزمەت دەکرێم.[٥]
بەڵام پێم بڵێن،
توخوا هەر لە رێی ئەو ریٚ درێژەی
دۆستایەتیمان، تەختی کردووە،[٦]

---

(١) ئاوات، سێبەریش نییە، سێبەری سێبەرە. ئەگەر هەر تەنیا ئاواتت هەبێت، بەڵام خەبات نەکەیت بۆ دەستگیرکردنیان، ئەو جۆرە ئاواتانە سووک و هەواین، هیچ نرخێکیان نییە.

(٢) تەنیا سێبەری سواڵکەرەکان دەبوون.

(٣) ئیتر ناتوانم بیر بکەمەوە؛ مێشکم لە گۆ کەوتووە. هاملێت، گاڵتە بەم جۆرە وتووێژە دەکات. چونکە ئەوەی ئاواتی نەبێت خەبات ناکات و دەبێت بە سواڵکەر.

(٤) مەبەستی ئەوەیە؛ ئێوە گوایە دۆست و هاوڕێی منن.

(٥) مەبەستی ئەوەیە کە بە شێوەیەکی ئەوەندە باش خزمەت دەکرێم، دەمترسێنێت.

(٦) بۆ ماوەیەکی ئەوەندە دوورودرێژ دۆستایەتیمان بەسەریا رۆیشتووە، تەختی کردووە.

بۆ ئێلسینۆر چی، چی ئێوەی هێنا؟[١]

رۆزنکرانتز:

گەورەم، هەر تەنیا بۆ سەرلێدانتان.

بۆ هیچی تر نا.

هاملێت:

من سواڵکەرێکی لات و هەژارم،[٢]

من تا لە سوپاس

کردنیشدا هەر لات و هەژارم.

بەڵام سوپاستان ئەمن هەر دەکەم.

وە دڵنیابن، هاوڕێیەکانم،

سوپاسەکانم، نیو فلس ناهێنن.

کەس نەی ناردبوو بە شوێنتانا بێن؟

هەر بە ئارەزوو و هەوەسی خۆتان،

هاتن بۆ سەردان؟

دەی، راستییەکەیم، توخوا، پێ بیلێن.

ئاخر پێم بڵێن.

رۆزنکرانتز:

بەگم، چی بڵێین؟

هاملێت:

هەرچییەک دەڵێن،

راستەوخۆ بیلێن، بێ پێچ و پەنا.

من وا دەزانم کە بە شێونتاندا

خەڵک نێرراوە.

روانینەکەتان،

---

(١) ئێلسینۆر: ناوی کۆشکەکەی شای دەنیمارکە.

(٢) کە دەڵێت "سواڵکەرم" مەبەستی لەوەیە کە ئاواتخواز نیم. لە پاش مردنی باوکی، هاملێت، دەبوایە بووبووایە بە شا. بەڵام هەر وەکو جارانی، هەژار و بێ دەسەڵات ماوەتەوە و ئاواتخوازیش نییە کە رۆژێک ببێت بە شا.

دیارە بە جۆرێک دانی پێدا دەنێت.[١]
جوانی و سادەیی دەروونی پاکتان،
هونەریان نییە بۆیاغیان بکەن.[٢]
ئەمن دەزانم کە شاژن و شا،
خەڵکیان ناردووە بە شوێنتاندا بێن.
رۆزنکرانتز:
بۆ چ ئامانجێک، بەگ، پێمان بڵێن؟
هاملێت:
تا فێرم بکەن.
بەڵام، با جارێ بپاڕێمەوە
لێتان، بەناوی دۆستایەتیمان،
بەو پێوەندییەی، لە منداڵییەوە،
هەیە لە نێومان،
بەو ئەڤینەی کە لە ناو جەرگماندا
تا هەتاهەتا پارێزراوە.
بەوەی کە نرخی زۆرترە لاتان،
ئەگەر یەکێکی داناتر لە من،
پێشنیازی بکات بۆ سوێند خواردنتان،
ئێوە لەگەڵما ڕاست و ڕەوانبن؛
ئەگەر نێرراوە بەشوێنتاندا بێن،
یان خۆتان هاتوون.
رۆزنکرانتز: (روو دەکاتە گڵدنستێرن)
ها، تۆ دەڵێیت چی؟
هاملێت: (لەبەر خۆیەوە)
چاوم، لێتانە، باش دەتان بینم–

(١) روانین؛ سەیرکردن؛ بە چاوەکانتاندا دیارە، کە لە خۆتانەوە نە هاتوون، نێرراون.
(٢) چونکە کوڕی باشن، چاوەکانتان ناتوانن نهێنی دڵتان بشارنەوە «دەروونتان چونکە پاکە هونەری نییە بتوانێت روانینتان بۆیاغ بکات».

ئەگەر بە راستی منتان خۆش دەوێت،
لە من هیچ شتێک
مەشارنەوە.

گڵدنستێرن:

بەگ، بە شوێنماندا، ناردیان و هاتین.

هاملێت:

پێتان دەڵێم بۆ.[١]
دڵم پێی زانی.
ئیتر ئەوە، وا رزگارتان دەکات
لە درکاندنی،[٢]
ئەو ئەرکەی ئێوە، پێتان دراوە.[٣]
ئەو نهێنییەی،
هەشە لە نێوان
جەنابی ئێوە و شاژن و شادا،
یەک تۆز نابڕن.[٤]
لەم دواییەدا، نازانم بۆچی، ٢,٢,٢٨٠
هەرچییەک خۆشی لە دڵما هەبوو
گشتی بزربوو و خۆشی تێیدا نەما.
وازم لە هەموو
وەرزین و یاری جارانم هێنا.[٥]
بەراستی وەکو کێشێکی گران
دڵم بگوشێت، مەزاجم نەما؛
ئا ئەم پەیکەرە زەبەندەی جیهان،

---

(١) من دەزانم بۆچی ئێوە هاتوون بۆ لام و ئێستا پێتان دەڵێم.
(٢) درکاندن؛ ئاشکراکردن.
(٣) چونکە من خۆم زانیم «دڵم پێی زانی» بۆچی ئێوە هاتوون بۆ لام، ئەوە «ئەو زانینە» ئێوە رزگار دەکات لە درکاندنی ئەو ئەرکەی پێتان دراوە.
(٤) ناچار نەبوون بڕن بە نهێنبڕ.
(٥) وەرزین؛ ریازە، تەمرین.

دێتە بەر چاوم،
وەک دوورگەیەکی رووتەنی وێران.
ئەم چەترە جوانە نایانەی هەوا،[١]
گومەزی ئاسمان؛
سەیری کەن چەند جوان،
بەسەرمانەوە هەڵواسراوە،
بە گڕی زێڕین چۆن چنراوە،
هەموو ئەمانە، لەلای من هیچ نین،
جگە لە کۆمەڵ
هالاوی پیس و بۆگەن و درمی.
هەر سەیری پیاو کەن،[٢]
چ شاکارێکە؛[٣]
لە داناییدا، چەند بەرزە جێگەی،
چەند بێ سنووره کردەوە و توانای،
لەنجەولارەکەی،
چەند جوان دەگونجێت لە بەژنوبالای.
لە کارکردندا، لە پەری دەچێت.
لە تێگەیشتندا،
چەند لە خوا دەچێت:
جوانی زەمانە،
نموونەی بەرزی گیانلەبەرانە.
لەگەڵ ئەوەشدا،
لە لای من، ئا ئەم
کرۆکی خۆڵە، هیچ نییە، چییە؟[٤]

---

(١) ئاسمان وەکو چەتری هەواکەی دەورمان بێت وایە.

(٢) پیاو؛ مرۆڤ.

(٣) چ شاکارێکە؛ چ بوونەوەرێکی نایابە Masterpiece

(٤) پیاو لە خۆڵ دروستکراوە، کرۆکی (پوختەی) خۆڵە. هاملێت، گاڵتەی پێ دەکات، دەڵێت ئەو پوختەی خۆڵە، چییە؟ هیچ نییە.

دڵم لەگەڵ پیاو، ناکرێتەوە
نە لەگەڵ ژندا.
بۆم دەردەکەوێت، بە خەنینتاندا،
ئێوەش وا بڵێن.[(١)]

رۆزنکرانتز:

سەروەرم، بیرم،
لەو جۆرە شتە، نەدەکردەوە.

هاملێت:

کەوابێت بۆچی پێکەنینت هات
کە گوتم دڵم،
ناکرێتەوە لەگەڵ پیاواندا؟

رۆزنکرانتز:

من بیرم لەوە، بەگ، دەکردەوە؛
ئەگەر ئێوە دڵتان، نەکرێتەوە
لەگەڵ پیاواندا،
کاتی گەیشتنی، نیارڤانەکان،
ئایا لە لایەن جەنابتانەوە،
چۆن پێشوازییەک دەبێت بکرێن.[(٢)]
چونکە لە ڕێگەن،
بەلایانەوە، بەگ، کە تێپەڕبووین
بە رێگەوە بوون، بێن بۆ خزمەتتان.

هاملێت:

ئەوەی کە دەوری پاشا دەبینێت،
گەلێک بەخێربێت.

---

(١) لەوە دەچێت کە ئێوەش، وەکو من لە مرۆڤ بیر بکەنەوە.

(٢) نیارڤان؛ ئەکتەر. تیپی تەمسیلەکە، هەموویان پیاون «دەوری ژنیش هەر پیاو دەیبینێت. چونکە ئەوسا بەعەیبیان دەزانی ئەگەر ژن تەمسیل بکات» ئینجا ئەگەر هەموو پیاوبن و جەنابت دڵی بە پیاو نەکرێتەوە، ئایا چۆن پێشوازییەک دەبێت بکرێن لە لایەن جەنابتانەوە.

شکۆدار، لە من، "باج"ی وەردەگرێت.[١]
سواری سەرکەشیش،[٢]
شیر و قەلغانی بەکار دەهێنێت.
عاشقی دڵدار
بێ سوود هەناسەی سارد هەڵناکێشێت.
بەشی گاڵتەچی،
بە ئاشتی و خۆشی کۆتایی پێ دێت.
قەشمەر، ئەو کەسە دەخاتە خەنین
ئەوەی سییەکەی، کە ئامادە بێت
بە پەلەپیتکە بێتە پێکەنین.
بانووەکەش بیر و باوەڕی دڵی
دێت بە ئازادی دەریان دەبڕێت–
ئەگینا شیعری
بێ سەروای هەندێک
بەوە دەشەلێت.[٣]
ئەو ئەکتەرانە
کێن، ئەوانەی دێن؟

رۆزنکرانتز:

بەگ، هەر ئەوانن،
ئەوانەی ئێوە، خۆشتان دەویستن؛
"تیپی درامای شار"ی جارانن.

---

(١) باج؛ زەریبە (پارە یاخۆ مەدح). ئەوەی کە دەوری شا، دەبینێت، من ڕێزی دەگرم «مەبەستی ئەوەیە؛ هەرچەندە ئەو تەنیا هەر ئاکتەرێکە، لەگەڵ ئەوەشدا، من ڕێزی دەرگرم، بەڵام ڕێزی مامم ناگرم.»

(٢) سەرکەش؛ موغامر.

(٣) چونکە دەوری ژن "بانوو" ئەوسا، وەکو لەسەرەوە باسی کراوە، کوڕ دەیبینی، لەبەر ئەوە زۆر جار خەڵکەکە گاڵتەیان پێ دەکرد، ئەویش سەری لێ دەشێوا و نەیدەتوانی لەسەر شانۆکەدا بە ئازادی بیروباوەڕی خۆی دەربڕێت، یاخۆ بە باشی شیعرەکە بخوێنێتەوە ( شیعرەکە شەل دەبوو) هاملێت، مەبەستی ئەوەیە؛ هەموو ئەندامەکانی تیپەکە بەخێربێن؛ هەموویان ئازادن بە هەوەسی خۆیان، چۆنیان پێ خۆشە، ئاوا دەوری خۆیان پێشکێش بکەن.

هاملێت:

چۆنە، کە وا بوون بە تیپی کۆچکەر؟
باشتر نەدەبوو، لە هەردوو لاوە؛
بۆ ناوبانگی بۆ
هوو کردنەوە،[١]
لە جێی ژیانیان بماناپەوە؟

ڕۆزنکرانتز:

من وابزام
بە هۆی پەیڕەوە تازەکانەوە،
ڕێگەی هونەریان هەندێک گیراوە.[٢]

هاملێت:

ئەو ڕێزەی ئەمان هەیان بوو جاران،
کە لە شاردا بوون، هێشتا هەر ماوە؟
سەیرکەریان زۆرە؟

ڕۆزنکرانتز:

نەخێر، بەڕاستی، ئەو زۆرە نییە.

هاملێت:

بۆچی، لەبەرچی؟ ژەنگیان گرتووە؟

ڕۆزنکرانتز:

نەخێر، ئەوەندەی
پێویستبێت هەوڵی
خۆیان هەر داوە.
بەڵام، سەروەرم،
کۆمەڵەیەک هەن، وردە منداڵان،[٣]

(١) هوو کردنەوە؛ قازانجکردن.

(٢) پەیڕەو؛ یاسا. زۆر جار، لە بارودۆخی ئاژاوەدا، فەرمان دەردەچوو کە شانۆکان دابخرێن یاخۆ، بە پێی پەیڕەوێکی تازە، هەندێک لە دراماکان یاساغ (مەنع) دەکران.

(٣) لەو کاتانەدا، کەنیسەیەک لە کەنیسەکان، تیپێکی تەمسیل و گۆرانی بێژی منداڵانیان هەبووە و تیپەکە زۆر باو و بەناوبەنگ بووە.

وەک تووکنە هەڵۆ[١]
لەسەر شانۆکە، کاتی گفتوگۆ،
زۆر بە دەنگێکی بەرز دەقیرێنن.
بۆ ئەوە، خەڵکی،
چەپڵەی دڕندە و ناساز لێ دەدەن.
ئەوانە، ئێستا لێرەدا باون.
ئیتر بەم جۆرە،
شانۆ گشتییەکان «وایان پێ دەڵێن»،[٢]
هەڵدەتەکێنن.
زۆر شمشێر هەڵگر،
لە ترسی پەڕی
قاز، هەر ناوێرن،[٣]
لەو ناوانەدا، سەر دەربهێنێت.

هاملێت:

بۆچی، مناڵن؟
کێ ڕایان دەگرێت، وە بەچی دەژین؟ ٣٢٠،٢،٢
لە پیشەیاندا، گوایە بەتەمان
لە بەستەوتن
بەولاوە فێری هیچی تر نەبن؟
لە دوایی ئەگەر
بێن بە گەورەیی ببن بە ئەکتەر،
لە شانۆی گشتی–
زۆر لەوە دەچێت، وا بێت دوارۆژیان،

---

(١) تووکنە هەڵۆ: بەچکە هەڵۆ.

(٢) ئەو شانۆیانەی کە خەڵک بە پارە دەچوون بۆی، پێیان دەگوتن "شانۆی گشتی"

(٣) پەڕی قاز: پێنووس، قەڵەم؛ چونکە جاران بە پەڕی قاز دەیاننووسی. لێرەدا دەڵێت: نووسەرەکانی ئەم تیپە تازانە شتی وا، بۆ تیپەکانیان دەنووسن (بە پەڕی قاز)، ئەوانەی ڕێزی خۆیان دەگرن، بە چەکیشەوە (شمشێر هەڵگر) ناوێرن توخنیان بکەون.

ئەگەر گەشە نەدەن بە ئیش و کاریان–
نووسەرەکانیان، غەدریان لێ دەکەن
کە فێریان دەکەن؛
دەنگیان هەڵبڕن،
دژی هونەر و پیشەی دوارۆژیان.[1]

ڕۆزنکرانتز:

من، بە ئیمانم،
هەردوو لایەکە، تاوانبار دەکەم.
گەلەکەش هیچ بە
بەزەی نازانێت[2]
سواژ و ناکۆکی بخاتە ناویان.[3]
سەردەمێک رووی دا،
نەبوو تەمسیلێک پارە دەربکات
تا شاعیرەکە و نیارڤانەکان،
سەروگوێلاکی یەکیان دەشکان.

هاملێت:

شتی وا، دەبێت؟

گلدنستێرن:

ئۆو،
زۆرجار مێشکی یەکیان دەپژان.

هاملێت:

کێ دەیبردەوە، کوڕە گەنجەکان؟

ڕۆزنکرانتز:

ئا، بەڵێ، گەورەم، دەیانبردەوە

---

(١) ئەو کوڕە گەنجانە، هەر بە منالّی دەنگیان خۆشە و دەتوانن گۆرانی بڵێن. کە گەورە دەبن، چونکە فێری هیچ هونەرێکی تر نەبوون، ناچار دەبن ببن بە ئەکتەر لە شانۆ گشتییەکاندا. لەبەرئەوە نووسەرەکانیان غەدریان لێ دەکەن کە فێریان دەکەن دەنگیان بەرزکەنەوە دژی پیشەی دوارۆژیان.

(٢) بەزە؛ گوناح.

(٣) سواژ؛ ئاژاوە.

لەگەڵ "هێرقل" و باری سەر شانی.[١]

هاملێت:

ئەمە شتێکی زۆر نامۆ نییە؛
هەر لەبەرئەوەی
مامم ئێستاکە شای دەنیمارکە،
ئەوەی زمانی لێ دەردەهێنا، ٢,٢,٣٣٥
کاتێک کە هێشتا باوکم زیندوو بوو،
وێنەیەک، ئێستا،
لە وێنە هەرە بچووکەکانی،
بیست، چل، پەنجا،
سەد، "دوکات"یشی[٢]
بێ باک پێ دەدات.[٣]
بە مەسیح، دەبێت
جۆرە نهێنییەک لەمەدا هەبێت،
کە لە سنووری سروشت دەرچووبێت،
مەگەر فەلسەفە،
راڤەی بکات بۆمان.[٤] (دەنگی بلوێر دێت)

---

(١) جاران کە جەنگ دەبوو، ئەو لەشکرەی کە زاڵ دەبوو، تاجی شای لەشکرە دۆڕاوەکەی لەگەڵ خۆیدا دەبردەوە. لێرەدا کە دەڵێت مێشک، مەبەستی تاجە. کوڕە گەنجەکان، جگە لە تاجەکە، پەیکەرەکەی "هرقل"یش بە گۆیەکەی سەر شانییەوە، کە گۆی زەمینە، لەگەڵ خۆیانادا دەبەنەوە. لە بەردەمی ئەو شانۆیەی کە شێکسپیر کاری تێدا دەکرد، پەیکەرێکی هێرقڵ هەبوو، ئێستاش هەر ماوە، گۆی زەمینی بەسەر شانەوە هەڵگرتووە. مانای ئەوەیە؛ کوڕە گەنجەکان، جگە لە تاجەکە، شانۆکە و هەموو دنیاشیان لەگەڵ خۆیاندا دەبەنەوە. «بە هۆی ئەوانەوە، شانۆگەری نرخی نەماوە؛ گەلەکە زۆر پەسەندی شتی هێژا و بەنرخ ناکات».

(٢) دوکات؛ چۆرە پارەیەکە.

(٣) چونکە ئێستا تیپی گەنجەکان باوە، هەموو کەسێک لەگەڵیانایە. وەکو مامم چونکە ئێستا شایە، ئەوەی کە وەختی خۆی بە هیچی نەدەزانی و گاڵتەی پێ دەکرد (زمانی لێ دەردەهێنا)، ئێستا رەسمەکانی بە پارە دەکرێت «وێنەیەکی بچووکی تا بە سەد دوکات دەکرێت».

(٤) مەگەر فەلسەفە راڤەی بکات بۆمان؛ مەگەر فەلسەفە ئەمەمان بۆ روون بکاتەوە.

گڵدنستێرن:

ئەوەتان هاتن نیارڤانەکان.

هاملێت:

خانەدانەکان، گەلێک بەخێر بێن
بەسەر چاوانم ، بۆ ئێلسینۆر بێن.[١]
(هاملێت، روو دەکاتە گڵدنستێرن و رۆزنکرانتز)
فەرموون، کەوابێت، دەستتانم بەنێ.
بەخێرهاتنی میوان بە گەرمی،
رەوشێکی باوە.[٢]
با بەو شێوازەی کە لامان باوە،
منیش پێشوازی جەنابتان بکەم.[٣]
نەوەک لە دوایی
بەخێرهێنانی نیارڤانەکان،
«من پێتان دەڵێم،
پێویستە هەندێک هەندەری جوانبێت»
وا دەربکەوێت
کە لە هی ئێوە، گەرموگوڕترە.[٤]
ئێوە، بەخێر بێن.
بەڵام،
من، هەردووکیانم؛
مام و باوکمم و پوور و دایکمم،[٥]

---

(١) ئێلسینۆر؛ ناوی کۆشکەکەی شای دەنیمارکە.

(٢) رەوش؛ کیاسە، سلوک، رەفتار.

(٣) هاملێت، دەڵێت، لێرەدا، لە کۆشکی ئێلسینۆر، هەموو کەسێک، وە بەتایبەتی هاوڕێ، دەبێت بە گەرموگوڕی پێشوازی بکرێت. لەبەرئەوە، بە دوو هاڕێیەکەی دەڵێت دەستەکانتانم بدەنێ بۆ ئەوەی وەکو پێویستە بە گەرموگوڕی بەخێرهاتنتان بکەم «خۆی، چونکە ئەوان بە داخوازی مام و دایکەکەی هاتوون، زۆری پێ خۆش نییە بە گەرموگوڕی بەخێرهاتنیان بکات».

(٤) هەندەری؛ دەرەوەی. بەخێرهاتنی نیارڤانەکان "ئەکتەرەکان" دەبێت بە جۆرێک بکرێت کە هیچ نەبێت، لە دەرەوە، وا دەربکەوێت کە بە دڵەوە دەکرێت.

(٥) مامم، چونکە دایکمی هێناوە، ئێستا بووە بە باوکیشم. دایکم چونکە شووی کردووە بە مامم، ئێستا بووە بە پووریشم.

خەڵەتاندووە.

گڵدنستێرن:

بەچی، سەروەرم؟

هاملێت:

من تەنیا شێتم،
کە لە باکووری ڕۆژئاوای باکوور،
هەوامان بۆ دێت.[١]
ئەگینا شێتنیم؛
کە بایەکە دێت لە باشوورەوە،
هەڵۆ لە شاهۆ، جیا دەکەمەوە.[٢] (پۆلۆنیەس دەردەکەوێت)

پۆلۆنیەس:

هەموو کاتێکتان، باشبێت بەڕێزان.

هاملێت:

گڵدنستێرن، ئەتۆ، گوێ بگرە لە من،
ئەتۆش، گوێ بگرە.
هەردووک گوێ بگرن.
گوێچکەکانیشتان،
باش بکەنەوە. (ئاماژە دەکات بەرەو پۆلۆنیەس)
ئەو ساوا زلەی ئێوە دەیبینن،
هەتاکو ئێستا، لە قوماتایە.

رۆزنکرانتز:

لەوانەیە بۆی،
بۆ دووەمین جار، گەڕابێتەوە.

---

(١) ئەوەی هەوای باکوور لێی بدات، ژیرە شێت نییە. هاملێت، هەوای باکووری رۆژهەڵاتی باکوور لێی دەدات «هەوای ئەو باکوورەی لێ دەدات کە بەو سەڵە ئاماژەی بۆ دەکات». مەبەستی ئەوەیە کە ژیرێکی تەواوە، هیچ شێت نییە.

(٢) مەبەستی ئەوەیە؛ من هەموو کاتێک شێت نیم. جاران وایان دەزانی شێت مەزاژی دەگۆڕرێت بە پێی ئەوەی لە چ لایەکەوە هەوا دێت. هاملێت، هەرچەندە پێیان دەڵێت شێت نیم، بەڵام بە جۆرێک دەیڵێت کە ئەوان وا تێ بگەن کە شێتێکی تەواوە.

چونکە بیستوومە کە پیاو پیر دەبێت،
هەمدیسانەوە وەک ساوای لێ دێت.

هاملێت:

دەزانم بۆچی
ئەو، ئێستاکە دێت؛
بۆ ئەوەی باسی
نیارڤانەکان، بگێڕێتەوە.
تێبینی بکەن.–
راست دەکەیت، بەگم، ٢,٢,٣٥٥
بەیانییەکی دووشەمەیەک بوو،
راستە، ئەوسابوو.(١)

پۆلۆنیەس:

ئەمن، سەروەرم،
هەندێ هەواڵم
هەیە دەمەوێت پێتانی بڵێم.

هاملێت:

ئەمن، سەروەرم،
هەندێ هەواڵم
هەیە دەمەوێت پێتانی بڵێم.(٢)
ئەوسای لە رۆما، "رۆسیەس" ئاکتەربوو–(٣)

پۆلۆنیەس:

ئاکتەرەکان، بەگ،
ئەوەتان لێرەن.

---

(١) لەم سێ دێڕەدا، هاملێت، هەر وا لەخۆیەوە قسە دەکات بۆ ئەوەی پۆلۆنیەس، نەڵێت بۆچی کە من هاتم قسەکەی خۆیانیان بڕی.

(٢) لێرەدا، هاملێت، خۆی وەک شێت دەنوێنێت؛ لاسایی دەکاتەوە.

(٣) رۆسیەس؛ کۆمێدییەکی رۆمانی زۆر بە ناوبانگەبووە. ساڵی ٦٢ پ. ز. مردووە. ئەم دێرە، ئەو سێ دێڕەی سەرەوە تەواو دەکات کە هاملێت، دەڵێت: راست دەکەیت، بەگم...

هاملێت:

بەزز، بەزز![١]

پۆلۆنیەس:

گەورەم، بە ئابڕووم.

هاملێت:

هەموو ئاکتەرێک،[٢]

بەسواری کەرێک، ئەوساکە دەهات

پۆلۆنیەس:

هەرە باشترین ئاکتەری دنیان.
لە تراژیدیی
بێت یان کۆمێدی،
مێژوویی یاخۆ ژیانی لادێیی،
یاخۆ ژیانی دێیی و کۆمێدی،
مێژوویی لەگەڵ ژیانی شوانی،
یان تراژیدی و کۆمێدی لەگەڵ
مێژوو و ژیانی لادێ و شوانی.
بۆ هەموو جۆرە شانۆگەرییەک،
ئامادەن ئەمان:
نە سێنێکا، زۆر گرانە بۆیان[٣]

---

(١) بەزز، بەزز؛ بەکار دەهێنرێت بۆ ڕسواکردن. بە یەکێک دەگوترێت ئەگەر هەواڵێکی نادروست یان کۆن بهێنێت.

(٢) لێرەدا هاملێت، بۆ ئەوەی زیاتر ڕسوای پۆلۆنیەس بکات، لە باتی ئەوەی گوێی لێ بگرێت، هەر باسی ئاکتەرەکانی زەمانی ڕۆمانی دەکات.

(٣) سێنێکا Seneca نووسەرێک و فەیلەسووفێکی زۆر بەناوبانگی ڕۆمانییە. مامۆستای "نیرۆن" بووە لە دواییدا کە نیرۆن دەبێت بە دکتاتۆرێکی خوێناوی، کۆمەڵەیەک لە خانەدانەکانی ڕۆما، بەیەکەوە ڕێک دەکەون کە نیرۆن بکوژن. باسی ئەم هاوسوێندییە دەگاتە نیرۆن. ئەم خانەدانانە هەموویان لە خاج دەدرێن بەڵام چونکە سێنێکا، کاتی خۆی مامۆستای بووە، ڕێگەی دەداتێ کە خۆی، خۆی بکوژێت. ئەویش بە ناچاری ساڵی ٦٥ میلادی خۆی دەکوژێت. ژمارەیەک تراژیدی زۆر خەمداری نوسیووە، گرانە سەیرکردنیان، مرۆڤ خەفەتیان پێ دەخوات. چیرۆکی نیرۆن، کراوە بە پاشکۆیەکی ئەم پەرتووکە (پاشکۆی- ٤ )

نە پلۆتەس، زۆر
لایان ئاسانە؛[١]
ئەگەر پێویست بێت
بنووسێن بەوەی کە نووسراوە،
یان بە سەربەستی بیگێڕنەوە،
تەنیا ئەمانن[٢]

هاملێت: (بەدەم گۆرانییەوە، دەڵێت)
ئای، یفتاح، یفتاح،
حاکمی جوولەکە،
چۆن گەوهەرێکت، یفتاح، تۆ هەیە.

پۆلۆنیەس:
چۆن گەوهەرێکی، گەورەم، ئەو هەبوو؟

هاملێت:
چۆن،
تاکە کچێکی زۆر جوانی هەبوو،
ئەو ئەڤینەی کە بۆ ئەوی هەبوو،
سنووری نەبوو.

پۆلۆنیەس: (لەبەر خۆیەوە)
هەر لە کچەکەم، بیر دەکاتەوە.

هاملێت:
هەی "یفتاح"ی پیر،
ئایا راست ناکەم؟

پۆلۆنیەس:
ئەگەر ناوم دەنێیت "یفتاح" ئا، گەورەم،

---

(١) پلۆتەس Plautus نووسەرێکی کۆمێدی زۆر بە ناوبانگی رۆمانییە. ساڵی ١٨٤ میلادی لە دایک بووە. تەمسیلێکانی کۆمێدین؛ خۆش و ئاسانە سەیرکردیان.

(٢) تەنیا هەر ئەمان تەمسیلی باش دەکەن؛ ئەگەر ناچاربن وشە بە وشە بەوەی بۆیان نووسراوە بنووسێن یاخۆ سەربەستییان هەبێت لە هەڵبژاردن و گۆڕینی وشەکاندا.

کچێکم هەیە،

ئەو ئەڤینەی من، بۆ ئەوم هەیە،

سنووری نییە.[١]

هاملێت:

ئا ئەوە، بەمە، تۆ ناگەیەنێت.[٢]

پۆلۆنیەس:

کەوابێت، بە چی، بەگ، دەمگەیەنێت؟

هاملێت:

چۆن،

"ئەو چارەنووسەی خوا بۆی دانابوو"

ئەوانەی تری...

خۆت دەیانزانی،... ٢,٢,٣٨٠

---

(١) هاملێت، لێرەدا، وەکو لە زۆر جێگەی تردا، بە دوو ماناوە قسە دەکات: کە بە پۆلۆنیەس دەڵێت یفتاح، مەبەستی ئەوەیە کە تۆ پیاوێکی خراپێت. وەکو یفتاح، کچەکەت بە قوربانی خۆت دەکەیت. بەڵام پۆلۆنیەس وا دەزانێت پێی دەڵێت؛ تۆش کچێکی جوانت هەیە وەکو ئەو.

(٢) ئا ئەوە، بەمە، تۆ ناگەیەنێت؛ دیسان دوو مانای هەیە؛ یەکێکیان مانای ئەوەیە؛ " من مەبەستم ئەوە نییە کە تۆش کچەکەت وەکو کچەکەی ئەو جوانە"، مەبەستم ئەوەیە کە تۆش پیاوێکی خراپیت وەکو ئەو. دووەم مانای ئەوەیە؛ دووەم دێری گورانییەکە، ئاوا نییە. بۆ ئەوەی خوێنەری بەرێز مەبەستی هاملێت، باش تێ بگات، بە پێویستی دەزانم چیرۆکی یفتاح وەکو چۆن لە ئینجیلدا Judges11.30-40 باسی کراوە بیگێڕمەوە: گوایە، جوولەکەکان حاکمێکیان هەبووە بە ناوی "یفتاح". چووە بۆ جەنگ. لە کاتی جەنگدا، سوێندی خواردووە و پەیمانی داوە بە خوا، ئەگەر جەنگەکە بباتەوە، کە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، ئەو کەسەی یەکەم لە ماڵەوە دەردەچێت و دێت بە پیرییەوە، سەری ببڕێت و بیکات بە قوربانی بۆ خوا. یفتاح، تاکە کچێکی زۆر جوان و نازداری دەبێت. کچەکە، کە دەبیستێت باوکی لە جەنگەکەدا سەرکەوتووە و لە ڕێگەیە دەگەڕێتەوە، بە هەڵپەرکێ و گۆرانییەوە دەچێت بە پیرییەوە. یفتاح، کە دەگەڕێتەوە، ئەوەی کە یەکەم لە ماڵەوە دەردەچێت و دێت بەپیرییەوە، کچەکەی خۆی دەبێت. یفتاح، بۆ ئەوەی سوێندەکەی نەشکێت، دەبێت سەری کچەکەی خۆی ببڕێت. کچەکە زۆر لە باوکی دەپاڕێتەوە و دەڵێت؛ من هێشتا کچم، کچێکی گەنجم، شووم نەکردووە، تەنیا یەک شتت لێ داوا دەکەم؛ پێش ئەوەی سەرم ببڕیت، هیچ نەبێت دوو مانگم بدەرێ بۆ ئەوەی بۆ کچێتییەکەی خۆم پڕ بەدڵ شیوەن بکەم و بگریم، ئەوساکە دێم و تۆ سەرم ببڕە و بمکە بە قوربانی. باوکەکەی دەڵێت باشە. دوای دوو مانگەکە کچەکە دێت و باوکەکەی سەری دەبڕێت. «یفتاح، وای دەزانی یەکێک لە بەندەکانی یاخۆ نۆکەرەکانی دەرگای لێ دەکەنەوە و دێن بە پیرییەوە. بیری لە کچەکەی نەکەردبووبووە»

"بەو جۆرە رووی دا،
هەر بەو جۆرەی کە خوا بۆی دانابوو"
ئەگەر تۆ سەیری یەکەمین دێری
ئەم گۆرانییە پیرۆزە بکەیت،
زۆرتر دەبینیت–[١]
بەڵام بڕوانە!
کێن ئەوانەی دێن،
وتارەکەمیان لە ناوڕاست بڕی. (ئاکتەرەکان دەردەکەون)
وەستاکان، یاخوا، هەموو بەخێر بێن.
چاوم روون بووەوە
کە بینیم ئێوە، هەمووتان چاکن.
گەلێک بەخێربێن دۆستە باشەکان.
دۆستە کۆنەکەم!
لەوساوەی کە تۆم، دوایەمین جار دی،
ردێن، کەناری رووی داپۆشیویت.[٢]
هاتویتەتەوە تۆ، بۆ دەنیمارک،
تەنیا بۆ ئەوەی ریشتم پیشاندەی؟
ئەی تۆ، خاتوونە، بانووە گەنجەکە،
لەوساوەی کە تۆم دوایەمین جار دی،
هەندەی پاژنەیەک لە ئاسمانەوە
نزیک بوویتەتەوە.[٣]
لە خوا دەخوازم؛
دەنگی جارانت، بێ نرخ نەبووبێت
وەک ئەو پارەیانەی،

(١) یەکەم دێری گۆرانییەکە لەسەرەوە نووسراوە؛ "ئەو چارەنووسەی خوا بۆی دانابوو"
(٢) ریشت، دەرچووە و دەوری دەموچاوتی داپۆشیوە.
(٣) جاران لە تەمسیلدا، کوڕ دەوری ژنی دەبینی. بۆیە ئەم کوڕە پێڵاوی پاژنە بەرزی ژنانەی لە پێ کردووە و باڵای هەندەی پاژنەیەک لە ئاسمانەوە نزیک بووەتەوە.

که له ئاڵتوونی
قەڵب، دارێژراوون،
بە درزلێبوونی ئەڵقەی ناوڕاستی.(١)
وەستاکان، هەموو،
گەلێک بەخێربێن.
ئێمە ئێستاکە،
هەر وەکو بازی راوچی فەڕەنسی،
دەفڕینە سەر هەرچی دەبینین:(٢)
ئێستا دەستبەجێ،
من وتارێکم لە ئێوە دەوێت.
دەی با تامێکی هونەرتان بکەین؛
دەی، وتارێک بێت
سۆز بێنێتە جۆش.

نیارڤانی یەکەم:

بەگ، چ وتارێک؟

هاملێت:

گوێم لێت بوو جارێک،
تۆ، وتارێکت بۆ من خوێندەوە،
بەڵام قەت رۆژێک، تەمسیل نەکرا؛ ٢,٢,٣٩٥
یان تەنیا جارێک.
چونکە ئا ئەوەی من لە بیرم دێت،
لەو جۆرە نەبوو،
کە ملیونەها پەسەندی بکات.

(١) ئەو کوڕانە کە لە شانۆگەریدا دەوری ژنیان دەبینی، کە گەورە دەبوون و دەنگیان گڕ دەبوو، ئیتر بە کەڵکی دەوری ژن نەدەهاتن؛ وەک ئەو پارەیانەی، کە ئەوسا، لە ئاڵتوونی قەڵب دروست دەکران. لە ناو ئەو ئەلقەیەی کە لە ناوەڕاستی پارەکەدایە، درزێک پەیدا دەبوو، ئیتر بەوە، پارەکە قەڵب دەبوو و نرخی نەدەما.

(٢) ئەو "باز"انە هەموو جۆرە باڵندەیەکیان راو دەکرد، بەکەڵک بێت و بەکەڵک نەیەت. هاملێت، دەڵێت؛ ئێمەش، وەک ئەو بازانە، هەرچییەک تەمسیل بکەن، سەیری دەکەین.

وەک کاڤیار وابوو؛[١]
لە کەسان، کەمێک حەزی لێ دەکات.
بەڵام بە رای من و
رای هەندە کەسێک،
لەوانەی دەنگیان لە هونەری وا،
لە من بەرزترە،
شانۆگەرییەکی گەلێک نایابە؛
دیمەنەکانی بە رێکوپێکی
تەرتیب کرابوون.
گشت رستەکانی
هەندەی ئاسان بوون،
هەندەش زیرەک و پڕ لە هونەر بوون.
من لە بیرم دێت، یەکێکیان گوتی؛ ٢,٢,٤٠٠
لە بەر خاتری تام خۆشکردنی،
یەک تاکە دێری، بۆ داوودەرمان،
تێ نەکراوە.
تاکە یەک رستەی لە ناو نابینیت
کە نووسەرەکەی بە گڕوفڕکەر،[٢]
تاوانبار بکەیت.
ستایشی کرد، گوێم لێ بوو گوتی؛
بە شێوازێکی پاک و ڕاستگۆیی
هەڵبەستراوە.
هەندەی شیرینە گوێ لێگرتنی،
هەندەش بە مانای جوان بارکراوە.
لە ناویا، باسی چیرۆکێک هەبوو

(١) کاڤیار؛ هێلکەی جۆرە ماسییەکە، لە دەریای خەزەردا زۆرە. خواردەمەنییەکی زۆر گران و نایابە، بەڵام کەم کەس حەزی لێ دەکات.
(٢) گڕوفڕکەر؛ خۆنوواندەر، خۆپیشاندەر.

که من به ڕاستی زۆر بەدڵم بوو؛ ٢,٢,٤٠٥
ئەوەی "ئەینێیەس"،
تێیدا، بۆ "دیدۆ"ی دەگێڕایەوە[١]
وە بە تایبەتی،
لەوێی کە باسی
کوشتنی "پرێیام" دەگێڕێتەوە.[٢]
ئەگەر لە بیرت، هێشتا هەر ماوە،
لەو جێگەیەوە، دەستی پێ بکە.
خۆم، با بزانم چیم لە بیر ماوە.
دەی با بزانم؛
"پیرهەس"ی دڕندە[٣]

---

(١) تێیدا؛ لە چیرۆکەکەدا. دیدۆ؛ بانووشای قەرتاجننە بووە. هۆمیرۆس Homer و ڤێرجڵ Virgil دوو شاعیری زۆر بە ناوبانگن. یەکەمیان، هۆمیرۆس، یۆنانییە نزیکەی ٨٠٠ سال پ.ز. لە دایک بووە. ئەفسانەیەکی نووسیوە بە ناوی "ئیلیادە" کە باسی شەڕی تەروادە دەگێڕێتەوە. دووەمیان، ڤێرجڵ، ڕۆمانێیە، ساڵی ٧٠ پ.ز. لە دایک بووە. ڤێرجڵ ئەفسانەیەکی نووسیوە بە ناوی "ئەینێیەس". ئەینێیەس، یەکێک بووە لە پاڵەوانەکانی تەروادە. دوای ئەوەی تەروادە دەشکێت لە شەڕەکەدا، ئەینێیەس، رادەکات و دەچێت بۆ وڵاتی قەرتاجننە. «کەلاوەکانی قەرتاجننە ئێشتاش ماوە، لە توونسە» لەوێ باسی شەڕ و پەژارەکانی تەروادە بۆ دیدۆ، بانووشای قەرتاجننە، دەگێڕێتەوە.
لەوێوە، ئەینێیەس، دەڕوات دەچێت بۆ ئیتالیا و لەوێدا ئیمپراتورییەی ڕۆمانی دادەمەزرێنێت. ئەو ئەفسانەیەی هۆمیرۆس "ئیلیادە"، ڤێرجل، بە ناوی "ئەینێیەس"، لە دوای ٧٠٠ ساڵ تەواوی دەکات. لەو ماوەیەی کە ئەینێیەس لە قەرتاجننە دەمێنێتەوە، دیدۆ، کە بێوەژنێکی گەنجی گەلێک جوان دەبێت، زۆر حەزی لێ دەکات. بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕیز بەتەواوی لە مەبەستی شێکسپیر تێ بگات، چیرۆکی دیدۆ و ئەینێیەس کراوە بە "پاشکۆی ٢"ی ئەم پەڕتووکە.
(٢) پرێیام؛ هەرە بەناوبانگ و بەدەسەڵاترین شای تەروادەبووە. گوایە ٥٠ کوڕ و ١٤ کچی هەبووە. یەکێک لە کوڕەکانی ناوی (پاریس) بووە. بە هۆی ئەوەی کە پاریس چوو (هەلن)ی ژنی شای (سپارتا)ی فڕان و هێنای بۆ تەروادە، ئەو شەرە گەورە بەناوبانگەی تەروادەی نایەوە، کە دە ساڵ بەردەوام بوو. بە روخاندنی تەروادە و کوشتنی پاریس و باوکی کۆتایی پێدێت. چیرۆکی (پاریس، ئەو کەسەی کاولکردنی بەسەر شاری تەروادەدا هێنا) کراوە بە پاشکۆیەکی تری ئەم پەڕتووکەیە (پاشکۆی ١).
(٣) پیرهەس؛ کوڕی "ئەخیلێس"ە. دوای ئەوەی کە لە شەڕی تەروادەدا باوکی بەدەست پاریس دەکوژرێت، بڕیار دەدات کە بچێت بۆ چەنگ بۆ ئەوەی تۆڵەی باوکی بسێنێتەوە. «وەکو هاملێت، هاملێتیش دەیەوێت تۆڵەی باوکی بسێنێتەوە».

وەکو پڵنگی ناوچەی هیرکانیا–[١]
نا، وا نەبوو، نا–
بەڵام لە بیرمە؛ لە "پیرهەس"ەوە،
دەستی پێ دەکات: پیرهەسی دڕندە،
لە ناو زرێپۆشی ڕەنگ سمۆرەیی،[٢]
وەکو مەبەستی، ڕەش و تاریک بوو؛
هەر لە شەو دەچوو،
ئەوساکەی کە خۆی مەڵاس کردبوو[٣]
لە نێوان ئەسپە بەیوومەکەدا.[٤]
شێوازی ڕەشی ترسناکی ئێستای،
بە جوامێرییەک بۆیە کرابوو،
لەوەش ترسناکتر؛[٥]
سەرتاپا گیانی ڕازێندرابووە،
بە پەڵە خوێنی سووری زەهارنووێن،[٦]
کە خوێنی باوک و دایکان و کچ و
کوڕەکانی بوون؛[٧]

---

(١) هیرکانیا؛ ناوچەیەکە، نزیک دەریای خەزەر. پڵنگی ئەو ناوە بە دڕندە بەناوبانگ بووە.

(٢) شێکسپیر وشەی Sable، کە جۆرە سمۆرەیەکی ڕەشە، بە مانای ڕەش بەکار دەهێنێت.

(٣) مەڵاسکردن؛ خۆ ئامادەکردن و دانشتن لە پەنایەکدا بێ جووڵە و دەنگ، بۆ پەلاماردان.

(٤) ئەسپە بەیوومەکە؛ یۆنانییەکان لە دوای دە ساڵیش گەمارۆدان، نەیان توانی تەروادە داگیر بکەن. لەبەرئەوە ناچاربوون فێڵ لە لەشکری تەروادە بکەن؛ ئەسپێکی زۆر گەورەیان لە تەختە دروست کرد و لە مەیدانی جەنگکەدا بەجێیان هێشت و خۆیان ڕۆشتن سواری کەشتییەکانی خۆیان بوون، وەکو بڕیاریان دابێت واز لە شەڕەکە بهێنن و بگەڕێنەوە «شاری تەروادە لە دەریاوە زۆر نزیک بووە». لەو ئەسپەدا ژمارەیەک سەربازی جەنگاوەر خۆیان شاردبووەوە بۆ ئەوەی کەی تەروادەییەکان ئەسپەکەیان بردە ژوورەوە، لە نێوە شەودا بەدزییەوە هەڵسن و بچن دەروازەکانی شارەکە بکەنەوە بۆ ئەوەی یۆنانییەکان بتوانن بێنە ژوورەوە. ئیتر بەو جۆرە یۆنانییەکان جەنگەکە دەبەنەوە. یەکێک لەو جەنگاوەرانە "پیرهەس" دەبێت.

(٥) بە جوامێری، بۆیە کراوە؛ بە خوێن، بۆیاغ کراوە. پیاوێکی جوامێرە بۆیە ئەوەندە خوێنی دوژمن بەسەر زرێپۆشەکەیەوە وشک بووەتەوە.

(٦) زەهارنووێن؛ ژەهرنووێن: ترس و تاڵی دەنووێنێت؛ پیاو لێی دەترسێت.

(٧) خوێنی باوک و دایکان و کچ و کوڕانی شاری تەروادە.

پرژابوون بەسەر گیانیا و برژابوون
لە ناو ئاگری
جادە و کۆڵانە تینووەکانی.[١]
ئەوەش تیشکێکی دزێوی دڵڕەق،
دەهاوێت بەرەو جۆری کوشتنی
خاوەنەکانیان.[٢]
لەناو تووڕەیی و ئاگردا گیانی،
هەڵپرووزابوو.[٣]
بە خوێنی مەییو،
لەشی بە جۆرێک وا ئاوسابوو،
لە ئاسایی خۆی گەورەتر دیاربوو.
چاوەکانی دوو پشکۆی ئاگربوون.
ئا بەو شێوەیەوە، "پیرهەس"ی تووڕە
بە شوێن "پرێیام"ی پیردا دەگەڕا–
پۆلۆنیەس:
گەورەم، بە راستی، جوانتان دەربڕی.
نەک هەر بە زمان؛
بە دیمە ویژدان.[٤]
یەکەم نیارڤان:
زۆری پێنەچوو تاکو دۆزییەوە؛
دژ یۆنانییەکان،

---

(١) جادە و کۆڵانەکانی تەروادە هەموو گڕیان گرتبوو دەسووتان، تینووبوون بۆ ئاو. خوێنەکان پرژاون و برژاون بەسەر زرێپۆشەکەی (پیرهەس) ەوە، بە گەرمایی ئەو ئاگرانە.
(٢) ئەوەش؛ ئەو دیمەنە. دزێو؛ نەفرەت لێکراو، بێزراو. خاوەنەکانیان؛ خاوەنەکانی ئەو خوێنانە. ئەو دیمەنە بۆمان روون دەکاتەوە «تیشکێکی دزێو و دڵرەق دەنێرێت» کە چۆن خاوەنەکانی ئەو خوێنانە کوژراوون.
(٣) مەبەستی لە "پیرهەس"ە.
(٤) هاملێت، هەندە جوان شیعرەکەی دەخوێندەوە؛ کە سەیری روویت "دیمەیت" دەکرد، هەستت پێ دەکرد کە وشەکانی لە ویژدانییەوە دەردەچن.

هێشتاکە جەنگی بێسوودی دەکرد.
شیرە کۆنەکەی،
یاخی بووبوو دژ دەستی بێ هێزی؛
بە کوێی دەکێشا،
لە جێی کەوتنی خۆی دەمایەوە.
بێزی نەدەهات،
گوێ لە فەرمانی خاوەنی بگرێت.
پیرهەس، "پرێیام"ی، لەو بارەدا دی.
زوو هەڵی کوتایە سەری و ئای، کردی
بە جەنگێکی سەیر؛
لە ناویاندا هیچ نەبوو هاوتایی.[١]
لەبەر تووڕەیی، لێدانەکانی،
بەری نەدەکەوت.[٢]
تەنیا بەو بایەی شیری سامناکی،
کە ڕای دەوەشان،
دیارە لە ترسا،
پیاوە پیرەکە، کەوت و داپسا.
"ئیلیوم"ی بێهۆش،[٣]
وەکو هەست بکات بەوەی کە رووی دا؛
لووتکەی سووتاوی خۆی شۆڕ کردەوە،
بە ئاگرەوە، کەوتە خوارەوە
بەرەو بنجەکەی.
گرمە بەرزەکەی، گوێچکەی "پیرهەس"ی
کاس کرد و بردی کردی بە دیلی.[٤]
چونکە سەیر بکە!

(١) لە ناویاندا نەبوو هاوتایی؛ چونکە پیرهەس، گەلێک لە پرێیام بە هێزتربوو.
(٢) بەر پرێیام، نەدەکەوت.
(٣) ئیلیۆم؛ لووتکەی بەرزی قەلایەکە لە تەرواده. هەرچەند بێهۆشە، بەلام هەستی کرد بەوەی  کە رووی دا.
(٤) گوێچکەکانی پیرهەسی کرد بە دیلی خۆی.

ئا لەو کاتەی کە
شیرەکەی دەستی بە ڕێگەوە بوو
بۆ سەری سپی،
ئا ئەو "پرێیام"ە بەڕێزە دەچوو،
هەر وەک گیرببێت، لە هەواکدا؛
لە جێگەی خۆیدا لەپڕا وەستا.
بەو جۆرە پیرهەس،
وەکو پەیکەری ستەمکارێک بێت،
لە ئاستی خۆیدا، مایەوە، وەستا.
وەک بێلایەن بێت،
لە نێوان ویست و ئامانجەکانی؛
هیچیی نەدەکرد.[١]
بەڵام چۆن زۆر جار، بەر لە ڕەشەبا،
ئاسمان دەبینین
کپ و بێدەنگە و هەور، بێجووڵە،
زریانی بوێر، لاڵە، بێدەنگە،[٢]
زەمینی ژێرمان، ماتە وەک مەرگە و
هەر لە لەپڕێکدا؛
گرمەی سامناکی
هەور، ئاسمانەکە
هەڵدەدڕێنێت،
بەو جۆرەش پیرهەس،
دوای ئەوەی وەستا،
تۆڵەی پێگەیی و لەناویا هەستا،[٣]

---

(١) پیرهەس، نەیدەتوانی بڕیار بدات ئایا شیرەکەی بسرەوێنێتە پرێیامی پیری سەر سپیدا یاخۆ نا. وەکو یەکێکی بێلایەن وەستابوو. «خۆی نەیدەویست بیکوژێت، بەڵام ئامانجەکانی دەیانویست»

(٢) زریانی بوێر؛ ڕەشەبای بێ ترس.

(٣) تۆڵەی پێگەیی؛ لە پێشا هەندێک بەزەیی پیادا دەهاتەوە بەڵام لە دواییدا ئەو تۆڵەیەی کە نووستبوو، هەستا هانی پێ دا و خستییەوە کار، کە بیکوژێت.

هاندانێکی وا بە جۆشی پێدا،
هەرگیز چەکوشی
"سیکلۆپ"،[١]
کەمتر بەزەیی
نەدەهاتەوە بە زرێپۆشی
هەتاهەتایی،
ئەوەی بۆ "مارس"ی دەکوتا و دەکرد،[٢]
لە شمشێرەکەی
خوێنینی پیرهەس،
کە دای دەبەزان لە پرێیام، بدات.[٣] ٢,٢,٤٥٠
بانووخوای بەخت،
برۆ، هەی قەحبە، دوورکەوەرەوە.
خوایە گەورەکان، من، لە هەمووتان
دەپارێمەوە؛
لە کۆبوونەوەی گشتیتان، ئێوە،
ئەو دەسەڵاتەی لێ سەننەوە.
تەل و کەناری چەرخی بشکێنن،
تەوەرەکەشی،
لەو لووتکە بەرزەی چیای فەلەکەوە،[٤]
گل بدەنەوە بۆ خواری خوارێ،

---

(١) سیکلۆپ؛ بە پێی ئەفسانەی یۆنانی، ڤەڵکان Vulcan خوای ئاسنگەری. سێ دێوی یەک چاوی هەبووە (دێوەکان، یەکی یەک چاویان هەبووە) ئیشی بۆ بکەن، پێیان دەگوتن "سیکلۆپ". ئەو دێوانە جۆرە زرێپۆشێکیان بۆ ئەخیلێس «یەکێک لە پاڵەوانەکانی جەنگی تەروادە» کردووە، کە هیچ شتێک کاری تێ نەکات.

(٢) مارس؛ خوای جەنگە. زرێپۆشی خوای جەنگیش هەر سیکلۆپ دروستی کردووە. بۆیە هیچ کاری تێ ناکات.

(٣) خوێنین؛ خوێناوی. لێرەدا دەڵێت: چەکوشەکەی سیکلۆپ زیاتر بەزەیی دەهاتەوە بەو زرێپۆشەی کە دروستی دەکرد بۆ مارس لە شمشێرەکەی پیرهەس کە بە "پرێیام"ی دەکێشا.

(٤) چیای فەلەک، شاخێکی بەرز لە یۆنان هەیە بە ناوی ئۆلیمپەس، بە پێی ئەفسانەی یۆنانی هەموو خوایەکان لەسەر ئەو شاخەدا دەژین.

تا دەکەوێتە ناو ریزی شەیتان.[١]

پۆلۆنیەس: (بێزار دەبێت)

ئا ئەمە گەلێک دوورودرێژە.

هاملێت:

دەینێرم ئێستا، لەگەڵ ردێنتا،
بۆ لای سەرتاشێک کورتیان بکاتەوە. (روو دەکاتە یەکەم نیارڤان)
دەی، بەردەوام بە تکات لێ دەکەم.
ئەمە، هەر تەنیا
حەز لە هەڵپەڕکێ و
فیشاڵی درۆ و رابوردن دەکات.
لەگەڵ کردەوە و کاری بێڕوویی.
ئەوانە نەبن، خەو دەیباتەوە.
تکات لێ دەکەم، دەی بەردەوام بە.
تاکو "هێکیوبا"[٢]

یەکەم نیارڤان:

وەی، بۆ ئەو کەسەی،[٣]
ئا ئەو شاژنە لەش پێچراوەی،[٤]
لەو کاتە دەدی–

هاملێت:

لەش پێچراوە؟

پۆلۆنیەس:

ئەم دێرە جوانە،

---

(١) خوای بەخت "فەلەک" لە وێنە و پەیکەری یۆنانییە کۆنەکاندا، پیشان دەدرێت، ژنێکە بە تەنیشت چەرخێکی گەورەوە. بەو چەرخە دەڵێن چەرخی فەلەک. ئینجا ئەو چەرخە، ئەگەر تەل و کەنارە تەختەکەی بشکێت، هەر تەوەرە خڕەکەی ناوەڕاستی دەمێنێتەوە.

(٢) هێکیوبا؛ ناوی ژنەکەی "پرێیام"ە.

(٣) وەی؛ وەیل. وەی بۆ ئەو کەسەی؛ ئاخ، بۆ ئەو کەسەی.

(٤) هێکیوبا، لەشی بە جاجمێک پێچابووەوە.

بەڵێ، شاژنی، لەش پێچراوە.

جوانە زۆر جوانە.[١]

یەکەم نیارڤان:

به پێخاوسی

جارێک ڕای دەکرد

بۆ سەرێ و جارێک بەرەو خوارەوە،

بەو فرمێسکانەی، چاوی کوێر دەکرد،

لە ئاگرەکان، هەڕەشەی دەکرد.

لەباتی زەرزەنگ،[٢]

پەڕۆیەک سەری رازاندبووەوە.

لە باتی کەوا، سمت و کەمەری

وێرانکراوی، بە زۆر منالّ بوون،[٣]

جاجمێک دەوری هەردووکی دابوو؛

ئەوەی لە کاتی ترس و داماوی،

کەوتبووە ژێر دەستەکانیەوە

ئەگەر کەسێک چاوی،

ئەوانەی دەدی،

بە زمانێکی تاڵی ژەهراوی،

هاواری دەکرد

دژ دەسەڵاتی خوای بەختیاری؛

ئای کە ناپاکی!

خوایەکان ئەگەر خۆیان دەیاندی،

تەنیا لەو کاتەی،

کە شاژن، سەیری دەکرد دەیبینی

---

(١) پۆلۆنیەس، لە ترسی هاملێت، ئیتر ناوێرێت نەڵێت جوانە.

(٢) زەرزەنگ؛ تاج.

(٣) هێکیوبا، گوایە زۆر منالّی بووە، ١٧، ١٩، بەڵکو زۆرتریش. لەبەرئەوە، بەسزمانە، کەمەری نەماوە، هەر وێران بووە.

پیرهەسی توورە، بە شمشێرەکەی
چۆن دەست و پەلی مێردی دەبڕی.
یان ئەگەر گوێیان دەبوو لە دەنگی
ئەو زریکەیەی کە یەکسەر کردی،
هەر مەگەر هەرچی
دەرد و پەژارەی دنیای مرۆکە،[١]
بەجارێ هەر هیچ، کاریان تێ نەکات.
ئەگینا، لە ناو
هەر یەک لە چاوە سووتاوەکانی[٢]
ئاسماندا، یەکسەر
شیر هەڵدەقولا.[٣]
لە خوایەکاندا، رەحم و بەزەیی.
پۆلۆنیەس: (ئاماژە بۆ ئاکتەرەکە دەکات و بە هاملێت دەڵێت)
سەیریکە، ڕەنگی
گۆڕی، زەردبووە.
لە چاوەکانی، فرمێسک دەرچووە.
ئیتر بەسێتی، تکات لێ دەکەم.[٤]
هاملێت:
بە دڵمە، جوانە.
ئەوانەی تری، هەر بەم زووانە،
داوات لێ دەکەم بیخوێنیتەوە. (روو دەکاتە پۆلۆنیەسەوە)
بەگی، بەڕێزم، تۆ ئاگەداری
نیارڤانەکان، دەبیت بە باشی؟

---

(١) دنیای مرۆک؛ ئەو دنیایەی کە مرۆک "مرۆڤ" تێیدا دەژی؛ ئەم دنیایە. دنیای داهاتوو نا.
(٢) چاوە سووتاوەکانی ئاسمان؛ ئەستێرەکان.
(٣) شیر هێمای بەزەیی و رەحمەتە، وەکو فرمێسک.
(٤) نیارڤانەکە، ئەوەندە باش تەمسیلی دەکرد؛ کە دەگات بەو جێگەیەی کە باسی کوشتنی پریام دەکات، لە خەفەتدا رەنگی دەگۆڕێت، زەرد هەڵدەگەرێت، چاوەکانی پڕ دەبن لە فرمێسک. ئینجا ئیتر پۆلۆنیەس، دەیەوێت ئەوە بکات بە هۆیەک بۆ ئەوەی نیارڤانەکە بوەستێنێت.

گوێ لە من دەگریت؛
باش میوانداری دەبێت بکرێن.
چونکە ئەمانە،
پوختەی رووداوی
زەمانەکەمان بۆ تۆمار دەکەن.
باشترە ئەگەر لە دوای مردنت،
لە ناو نووسینی کێلی گۆڕەکەت
بەد ناوبنرێیت،
لەوەی کە ئێستا، کاتی ژیانت،
ئا لەمانەوە،
راپۆرتێکی بەد دژت دەرکرێت.

پۆلۆنیەس:

سەروەرم، ئەوەی،
کە شایانیان بێت، من بۆیان دەکەم.

هاملێت:

بە خوا، کابراکە، پێویستە و دەبێت ٢,٢,٤٨٥
لەوە باشتر بێت؛
ئەگەر هەر کەسێک،
بە پێی شایانی ئابڕووی بگیرێت،
هەیە لە دەستی تازیانەکاری،
رزگاری ببێت؟[١]
بە گوێرەی شکۆ و پیاوەتی خۆت تۆ،
ئابڕوویان بگرە.
جا هەرچەند کەمتر شایان ببێت
ئەوەندە زۆرتر نرخت بەرز دەبێت.[٢]

(١) تازیانە؛ قەمچی. هاملێت، چونکە دڵی تەنگە، دەڵێت ئەگەر هەموو کەسێک بەپێی شایانی ئابڕوو بگیرێت، ئەو کاتە رەنگە زۆر کەس لەباتی ئابڕووگرتن، تازیانەکاری شایانی بێت.

(٢) هەرچەند کەمتر ئەوان شایانی ئابڕووگرتنی تۆ بن، ئەوەندە زۆتر تۆ نرخت بەوە بەرز دەبێتەوە.

بیانبەرە ژووری.

پۆلۆنیەس:

فەرموون بەگەکان.

هاملێت:

دەی، هاوڕێکانم، ٢,٢,٤٩٠

فەرموون دوای کەون،

سبەینێ گوێ لە

تەمسیلێک دەگرین.

(دەڕۆنە ژووری، هاملێت یەکەم نیارڤان دەگرێت و قسەی لە گەڵدا دەکات)

گوێچکەتم بەرێ، هاوڕێ کۆنەکەم؛

ئەرێ کوشتنی "گۆنزاگۆ" ئەنگۆ،

پێتان دەکرێت تەمسیلی بکەن.

یەکەم نیارڤان:

ئا، بەگم، بەڵێ.

هاملێت:

بۆ سبەینێ شەو، ئەوەمان دەوێت.

تۆ پێت دەکرێت،

ئەگەر پێویستبێت،

لەبەرکردنی

دوانزە تا شانزە دێری وتارێک،

ئەوەی دەمەوێت

خۆم بینووسم و

بیخەمە ناوڕاست وتارەکەی تۆ.

خۆ، پێت دەکرێت؟ ٢,٢,٤٩٥

یەکەم نیارڤان:

ئا، بەگم، ئەرێ.

هاملێت:

ئەوە، زۆر باشە.

دوای ئا ئەو بەگە،
برۆن بکەون.
بەڵام، ها، نەکەن گاڵتەی پێ بکەن.
(نیارڤانەکان دوای پۆلۆنیەس دەکەون و دەڕۆن)

هاملێت: (روو دەکاتە رۆزنکرانتز و گڵدنستێرن)
هاوەڵ و دۆستە زۆر باشەکانم،
من دەڕۆم ئێستا،
شەو، دەتانبینم.
گەلێک بەخێربێن بۆ ئێلسینۆر.

رۆزنکرانتز:
باشە، سەروەرم. (رۆزنکرانتز و گڵدنستێرن دەڕۆن)

هاملێت:
دەی خواتان لەگەڵ.
ئێستا هەر خۆمم.
ئای،
چ بەندەیەکی بێ دەسەڵاتم،
ئای کە ناپیاوم.
ئەی ئەمە ئایا، شوورەیی نییە؛
ئەم نیارڤانە،
بتوانێت لێرە، ئا لەم ئاستەدا،
تەنیا بە خەیاڵ،
لە چیرۆکێکی خەیاڵاویدا،
دەروونی و روحی خۆی وا لێ بکات؛
دیمەی زەرد بکات،
لە چاوەکانی فرمێسک دەربکات،
شێوەی بگۆڕێت،
لە زاری وتەی لەرۆک دەربکات،[١]

(١) وتەی لەرۆک؛ مرۆڤ کە خەفەت دەخوات فرمێسک دەیخنکێنێت، وتە لە دەمیا دەلەرزێت.

وە هەموو گیانی، ئاوا گۆ بکات
تەبابێت لەگەڵ
ئەو دەورەی دەیکات؟[١]
هەمووشی بۆ هیچ؟
یان بۆ هێکیوبا!
هێکیوبا، چییەتی؟
یاخۆ ئەم ئایا چی "هێکیوبا"یە،
تاکو بۆی بگری؟
باشە، چی دەکرد،
ئەگەر بۆنە و هانی
وەک منی دەبوو بۆ سۆزەکانی؟[٢]
بە فرمێسکی چاو
شانۆکەی هەموو دەکرد بە لافاو.
وتەی ترسناکی،
گوێی خەڵکەکانی دادەقڵیشان.
تاوانبارانی، بەوە شێت دەکرد.
ئازادەکانی، هەموو دەتۆقان.
نەزانەکانی، هەر دەحەپەسان.
ئەندامانی هەست؛
گوێچکە و چاوەکان،
هەردووک، بێگومان، سەرگەردان دەمان.
هێشتاکە کەچی
منی ناکەسی
گێژی هیچوپووچ،

(١) گۆکردن؛ بەردەوامبوون لەسەر کار to function. جووڵە و شێوەی خۆی و الێ دەکات کە بگونجێت (تەبا بێت) لەگەڵ ئەو دەورەی تەمسیلی دەکات.
(٢) سۆز پیشاندان، دەبێت هویەکی هەبێت و شتێک هەبێت کە هان بە مرۆڤەکە بدات. دیارە هاملێت، مەبەستی لەو هانەیە کە تارماییەکە یاخۆ ئاسمان پێی دەدات.

بێ ئامانج، بێ کەڵک،
دەسوڕێمەرە و خەون دەبینم.
ناموروژێنێت دەردەکەی دڵم،[١]
ناشوێرم دەمی خۆم بکەمەوە.[٢]
نا، نا، قەت نایەت ئەمە، لە "شا" یەک
بە هێرشێکی ئاوا بە لەعنەت،
سامانی و ژینی ئازیزترنی،
لێ سەندرابێت.[٣]
ئایە من تەنیا
ترسنۆکێکی وا بێ غیرەتم؟
کێ دێت پێم بڵێت؛
نامەردی ناکەس!
جوێنم پێ بدات،
تەپلی مێشکم وردوخاش بکات،
مووی ڕدێنەکەم، لە بن دەربکات،
بەفوو، بەرەو ڕووم، ڕەوانەی بکات.
لە لووتمەوە بێت،
رام بکێشێت و باش رسوام بکات،
لە بەرچاوی خەڵک.
بە درۆزن من تاوانبار بکات؟[٤]
کێ دێت چاکەی وام لەگەڵدا بکات؟

---

(١) ناموروژێنێت دەردەکەی دڵم؛ مەبەستی لە کوشتنی باوکێتی و شووکردنی دایکی بە مامی، بەو پیاوەی کە باوکەکەی کوشت و ژن و ماڵ و تاجەکەی لێ داگیر کرد. «تا ئەو دەردە گەورەیەش، ئەوەندە ناپیاوم، هانم نادات هەستم و تۆڵەی خۆم بسەنم، پیاوێکی بێ غیرەتم»
(٢) ناشتوانم مامم تاوانبار بکەم و باسی ئەوە بکەم کە رووی داوە.
(٣) هاملێت، بێگومان، کوڕی "شا"یە، خۆی بە شا دەزانێت، بۆی ناشێت کە هەر وا بێدەنگ بمێنێتەوە، لە کاتێکدا مەملەکەتەکە "سامان" و ژیانی ئازیزترینی "باوکی" لێ سەندرابێت.
(٤) دەیەوێت کە یەکێک بێت، باش رسوای بکات، تاکو، بەڵکو بەوە، نەختێک غیرەت پەیدا بکات. «پێی بڵێت؛ هەی درۆزن؛ ئەو پەیمانەی کە بە باوکتت دا، جێبەجێت نەکرد»

ها،
ده پێم بڵێن، کێ؟
بەو برینانەی حەزرەتی عیسا،
تامی ئەوەشم پێ دەچێژرێت.[(١)]
چونکە قەت ناشێت،
ئەمن، جگەری کۆترم نەبێت،
زراو دەرنەکات،
تا تامی ڕسواکردن تاڵ بکات.[(٢)]
ئەگەر وا نەدەبوو،
من بەر لە ئێستا
گشت داڵەکانی ئا ئەم ناوچەیەم
قەڵەو کردبوو
بە ناوەڕۆکی ئا ئەو بەندەیە.[(٣)]
ئاخ، ئاخ، خوێناوی،[(٤)]
پیسی بێوژدان، ئاخ، بێبەزەیی،
ناپاک، سەرسەری،
بەهۆک، بێناموس، ئای کە نەگریسی.
بێمتۆ و ویژدان، چەند دەروون پیسی.[(٥)]
ئاخ، تۆڵەسەندن!
دەبێت کەرێکی چۆنبم ئەگەر من،
ئەمە ئەوپەڕی ئازایەتیم بێت.[(٦)]

(١) هاملێت، بە خۆی دەڵێت، هەندە ناپیاوم، ئەوەشم پێ دەچێژرێت.
(٢) دەڵێت، من دەبێت جگەری کۆترم هەبێت و زراوم نەبێت، بۆیە کە رسوا دەکرێم، هەست بە تاڵییەتی ناکەم.
(٣) ئەگەر پیاو بوومایە دەمێک بوو بە ناوەڕۆکی ئەو بەندەیە «مەبەستی لە مامەکەیەتی» هەموو داڵەکانی ئەم ناوچەیەم قەڵەو کردبوو.
(٤) خوێناوی؛ پیاوکوژ. مەبەستی لە مامێتی.
(٥) بەهۆک؛ ئاڵۆشاوی، ئەو کەسەی هەمیشە هەر بیر لە سێکس دەکاتەوە. متۆ؛ دڵنەرم و سەخی، رووخۆش «لە هەموو ئەمانەدا مەبەستی لە مامەکەی خۆیەتی»
(٦) من دەبێت چەند ترسنۆکبم، ئەگەر قسەکردن لە دڵی خۆما، ئەوپەڕی ئازایەتییەکەم بێت.

ئەمن، کە کوڕی
باوکی ئەزیزی کوژراومبم،
دۆزەخ و ئاسمان هانیان پێدابم
تۆڵەم بسێنم، دەبێت ئاوابم؛
وەکو قەحبەیەک،
بە بۆڵە و جنێو، داخی گرانم،
لە دڵ دەربێنم!
وەکو قاپشۆری چێشتخانەی ماڵان،
بۆ ئەم و ئەوان، لەعنەت بنێرم.
تف هەر داوەشێیت.
بیربکەرەوە دەی مێشکەکەم.
بیستوومە دەڵێن
زیندەوەرانی تاوانبار کە دێن[1]
بۆ شانۆ سەیری دراما بکەن،[2]
نیارڤانەکان،
بە دەسەڵاتی هونەرەکانیان،
پێان دەکرێت،
دیمەنی ئاوا بنووێنن بۆیان؛
لە جەرگیان بدات؛
ناچاریان بکات دەسبەجێ خۆیان،
دان بە تاوانی خۆیاندا بنێن.
چونکە تاوانی پیاوکوشتن دەبێت،
هەرچەندە زار و زمانی نییە،
ڕۆژێک هەر بدوێت،[3]

(١) زیندەوەر؛ بوونەوەر. زیندەوەری تاوانبار؛ کەسی تاوانبار.

(٢) دراما؛ تەمسیل.

(٣) هەرچەندە "پیاوکوشتن" زمانی نییە، بەڵام هەر دەبێت بەجۆرێک بدوێت و تاوانبار ئاشکرا بکات. لەباتی زمان ئەندامێکی تەلیسماوی "سحری" نامۆ و نائاسا بەکار دەهێنێت.

بە ئەندامێکی
تەلیسماوی زۆر نامۆ و نائاسا.
منیش وا دەکەم:
نیارڤانەکان، ئامادە دەکەم
کە لە بەرچاوی خۆیدا، مامەکەم،
شتێک بنووێنن،
لە کوشتنەکەی باوکی خۆم بچێت.
وە لەو کاتەدا،
من تێبینینی روانینی دەکەم،
بە نەشتەر فەحسی دەروونی دەکەم،(١)
ئەگەر سڵی کرد،
ئەوسا رێڕەوی کارم دەزانم.(٢)
ئەو تارماییەی
کە دیم، دوور نییە
کە شەیتان بووبێت؛
شەیتان دەتوانێت رووی جوان بنووێنێت.
بەڵێ، دوور نییە
بە هۆی داماوی و کەساسی ئێستام،
لە توانایابێت،
روحێکی ئاوا بخەڵەتێنێت،
تا بە لەعنەت بم.
دروست نییە من
پشت بە راستگۆیی
ئەم تارماییە تەنیا ببەستم.
ئەمن شتێکی تر و باشترم،

(١) نەشتەر؛ ئامرازێکی باریک و تیژە، پزیشک بەکاری دەهێنێت بۆ فەحسکردنی برین یان بۆ نەشتەرگەری.
(٢) رێوەر؛ رێباز. ئەوسا دەزانم من چی دەبێت بکەم و چۆنی بکەم.

له بیردا هەیە؛
شانۆگەرییەکە؛ ئا ئەو شتەیە،
ئەوەی دەروونی پاشای پێ دەگرم. (دەڕوات)

# پەردەی سێیەم

# دیمەنی ١-٣

کلۆدیەس، گێرتروود، پۆلۆنیەس، ئۆفێلیا، ڕۆزنکرانتز و گلدنستێرن
دەردەکەون

کلۆدیەس:

دەتوانن، ئێوە،
بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆوە،
بزانن بۆچی
دیمەی یەکێکی سەرلێشێواوی
لەبەرکردووە؟[1]
ڕۆژە ئاسوودە هێمنەکانی
خۆی، دەڕووشێنێت
بە پشێوی زبر و شێتێتیی سامناک؟[2]

ڕۆزنکرانتز:

دان پێدا دەهێنێت بەوەی کە سەری
زۆر لێ شێواوە،
بەڵام بە بۆنەی چییەوە و بۆچی،
هیچ باسی ناکات.

گلدنستێرن:

کە هەوڵیش دەدەین
ئێمە لە زاری، دەنگێک دەربکەین،
تاکو ڕاستییەکەی دەردی تێ بگەین،
وەکو شێتێکی

(١) بۆچی دیمەی "ڕووی" خۆی وەکو شێت لێ کردووە.
(٢) پشێو؛ ئاژاوە.

زیرەک و زۆرزان
خۆی لە وەرامدان دوور دەخاتەوە.
گێرتروود:
بە رووخۆشییەوە، پێشوازیی کردن؟
رۆزنکرانتز:
بەڵێ،
وەک خانەدانێک.
گلڵدنستێرن:
ئا، بەڵام هەندێک،
زۆرداری دەکرد لە رەوشتی خۆی.[١]
رۆزنکرانتز:
هەرچەندە زاری تەنگ بوو لە دواندن،
کە دەمانپرسی؛ وەرامەکانی،
گشت دەدایەوە زۆر بەسەربەستی.
جگە لەوانەی
کە بە پێویستمان ئێمە، دەزانی.
گێرتروود:
هیچ هەوڵێکتان دا بەرەو رابواردن،
بیر و سەرنجی ئەو، رابکێشن.
رۆزنکرانتز:
وا رێککەوت، خاتوون،
لە رێگە تووشی چەند ئەکتەرێک بووین،
بە رێگەوەبوون، بۆ لای دەرۆشتن.
ئەوان، لە دوامان
مانەوە و ئێمە، بەجێمان هێشتن.
باسی ئەوانمان، کە گێڕایەوە،
من وا دەزانم،

(١) زۆر بە دڵەوە رێزی نەدەگرتین. دیاربوو کە زۆر لە رەوشتی خۆی دەکات.

دڵشادی کرد و پێی بووژایەوە.
ئێستاکە لێرەن، لە کۆشکەکەدان.
لام وایە ئەمری پێ کردن ئەمشەو،
بێن لە بەردەمی،
شتێک پیشاندەن.

پۆلۆنیەس:

ئا، ئەوە راستە؛
تکای لێ کردم کە لە جەنابتان، بپارێمەوە؛
بێن بیانبینن، گوێیان لێ بگرن.

کلۆدیەس:

بە گشت دڵمەوە،
گەلێک پێم خۆشە کە من دەبیستم؛
دەنوشتێتەوە بەرەو شتی وا.[(١)]
خانەدانەکان،
هەر بەردەوامبن لە هەوڵداندا؛
سەرنجی بەرەو
کەیف و گەڕانی وا، رابکێشن.

رۆزنکرانتز:

بەگم، هەوڵ دەدەین. (رۆزنکرانتز و گڵدنستێرن دەڕۆن)

کلۆدیەس:

گێرتروود، گیانە،
تۆش ئیتر ئێمە، بەجێ بهێڵە.
چونکە ئەوەتا،
بە نهێنییەوە، بە شوێن "هاملێت" دا،
ناردوومانە بێت.
تا وا دەرکەوێت بە رێککەوت لێرە،
لەگەڵ ئۆفێلیا، روو بە روو دەبێت.

(١) دەنوشتێتەوە؛ هاملێت، دەنوشتێتەوە (مەیلی هەیە).

من و باوکیشی، دەبین بە سیخوڕ.[١]
به جۆرێک خۆمان دەشارینەوە؛
ببینین، بەڵام، کەس نەمان بینێت،
خۆی چۆن دەنوێنێت
کە لە ناکاودا روو بە رووی دەبێت
لەگەڵیا. ئەوسا،
بڕیاری رەوا دەتوانین بدەین؛
ئایا ئەو دەردەی کە تووشی بووە،
خۆشەویستییە،
یاخۆ دەردێکی ترە دەیچێژێت؟

گێرتروود:

گوێڕایەڵ دەبم. (روو دەکاتە ئۆفێلیا)
دەربارەی ئەتۆش، ئۆفێلیا، خۆزگە،
جوانی تۆ دەبوو بە هۆی شادمانی
شێتییەکەی هاملێت.[٢]
هیوادارشم، ئەدای رەوشتت،[٣]
بیهێنێتەوە
بۆ سەر رێی ئاسای رەوای جارانی.
وە هەردووک بەوە ئابڕوودار دەبوون.[٤]

ئۆفێلیا:

بانووشا، خۆزگە، بەو جۆرە دەبوو. (شاژن دەڕواتە دەرێ)

پۆلۆنیەس:

لێرەدا، ئەتۆ،

---

(١) سیخوڕ؛ جاسووس.

(٢) ئەگەر هۆی دەردەکەی، خۆشەویستی تۆ بێت، ئەوە هۆیەکی باشە، شادمانە، تیمار دەکرێت. مەبەستی ئەوەیە من پێم خۆش دەبێت ئەگەر تۆش ئەوت خۆش بوێت و شووی پێی بکەیت.

(٣) ئەدا؛ شۆخ و شەنگی، جوانی. ئەدای رەوشتت؛ جوانی رەوشتت.

(٤) هەردووک؛ هەردووکتان، تۆ و هاملێت. لێرەدا، دیارە کە گێرتروود، ئۆفێلیای خۆش دەوێت و حەز دەکات ببێت بە ژنی هاملێتی کوڕی.

ئۆفێلیا، برۆ هاتووچۆ بکە- (ڕوو دەکاتە شا)
ئێمەش لەگەڵتان با خاوەن شکۆ،
لێرەدا خۆمان بشارینەوە- (ڕوو دەکاتەوە ئۆفێلیا)
ئا ئەم پەرتووکەش،
لەگەڵتا بەرە، بیخوێنەرەوە. (کتێبێکی ئاینی و نوێژی دەداتێ)
بە خوێندنەوەی شتێک لەم جۆرە،
بۆنەی تەنیاییت، دەشاریتەوە.[١]
تاوانی ئاوا، کراوە و دەیکەین.
ئەمە، گەلێک جار،
داچەسپێنراوە:
بە دیمە و کردەی پیاوی ئایندار،
بە جارەهای جار، بووە و رووی داوە؛
تەنانەت شەیتان، بە شەکرلێدان،
شیرین کراوە[٢]
کلۆدیەس: (لەبەر خۆیەوە)
ئاخ، گەلێک ڕاستە.
لێدانی شووڵکی ئا ئەم وشانە
ئاخ،
چ ئازارێکی
زۆر بە دەروونی من دەگەیەنێت.
قەحبە، ڕوومەتی، کە جوان دەکرێت،
بە هۆی هونەری بۆیە و گەچکاری،
دزێوتر نییە،
لای ئەو شتانەی یارمەتی دەدەن،[٣]

(١) چونکە کتێبی دووعا و نوێژە، مرۆڤ، بەئاسایی، بە تەنیا دەیخوێنێتەوە.

(٢) مرۆڤ، زۆر جار، خۆی بە جۆرێک دەنوێنێت، تا خەڵکەکە بە پیاوێکی باشی بزانێت. تاکو شەیتان، کە چەند ئێسکگرانە، بە شەکر (بە ئاین) شێوەی شیرین کراوە (جوان کراوە).

(٣) دزێو؛ ئێسکگران، بێز لێکراو. ئەو شتانەی یارمەتی دەدەن؛ ئەو شتانەی کە جوانی دەکەن ( بۆیە و گەچ).

لە کردەوەکەم،

لە لای وتاری بۆیە کراوم.[١]

ئاخ،

باری گرانم!

(هاملێت، دەردەکەوێت)

پۆلۆنیەس:

گوێم لە دەنگییەتی، ئەوەتانێ دێت.

با بڕۆین، بەگم. (شا و پۆلۆنیەس دەڕۆن)

هاملێت: (لەبەر خۆیەوە)

هەبم، یان نەبم،

ئەم پرسیارەیە،

ئەوەی لە خۆمی ئەمن دەپرسم:[٢]

کامەیان ئایا پیاوانەترە،

لە دەروونمدا،

بەردەباران و تیرەبارانی

ئەم چارەنووسە پەستەم بچێژم،

یان چەک هەڵبگرم؛

دژی یەک دەریا گیروگرفتی.

بە وەستان دژیان،

ئەمن بە گشتیان کۆتا بهێنم؟[٣]

---

(١) ئەو قسە جوانانەی (بۆیاغ کراوانەی) کە کردەوەکەمی پێ دەشارمەوە، زیاتر لە کردەوەکەم بێز دەکەنەوە، لە (بۆیە و گەچ) لە ڕوومەتی قەحبە. «ئەمە، یەکەم جارە کە کلۆدیەس، دان دەنێت بەوەی کە کارێکی خراپی کردووە و دەروونی ئازاری پێ دەچێژێت.»

(٢) هەبم، یان نەبم، ئەم پرسیارەیە، ئەوەی لە خۆمی ئەمن دەپرسم: ئەم چەند دێرە شیعرەی شێکسپیر، لە هەرە بەناوبانگەکانییەتی. لێرەدا، هاملێت، زۆر پەست و داماوە؛ لەبەر خۆیەوە بیر دەکاتە و دەیەوێت بڕیارێک بدات؛ هەبێت ( بژێت و خەبات بکات) یاخۆ، نەبێت (خۆی بکوژێت) . دوای ئەوەی کە بڕیار دەدات بژێت، پرسیارێکی تر لە خۆی دەکات؛

(٣) کامەیان ئایا پیاوانە ترە.... ئایا، هەر وا بە بێدەنگ بژیم و ئەم هەموو ئازاری دەروون و ریسواییە لە ناو دڵی خۆمدا (لە دەروونمدا) بچێژم، یان چەک هەڵبگرم و خەبات بکەم دژی یەک دەریا گیروگرفتی. ئەوسا دەکوژرێم و کۆتایی دەهێنم بە ئەم هەموو ریسوایی و ئازارەی کە من ئێستا دەیانچێژم.

مردن، نووستنە،
هیچی تر نییە.
وە ئەگەر بڵێین، ئێمە بە نووستن،
کۆتایی دێنین
بە ئێشی دڵ و
هەزاران دەرد و بەڵای سروشتی،[١]
ئەوانەی لەشمان، میراتگریەتی،[٢]
ئەوە، ئەوپەڕی ئاواتمان دەبوو.[٣]
چی ترمان دەویست؛
کە دەمرین، دەنووین.
ئاخر، کە دەنووین، ٣,١,٦٥
زۆر لەوانەیە، خەویش ببینین.
ئا، ئا ئەم کۆسپەیە:[٤]
ئا لەو نووستنەی مردندا، ئایا،
چ جۆرە خەوێک خوایە، دەبینین،
دوای ئەوەی ئێمە، کە ئازاد دەبین؛
لەشی مرۆکمان بەجێ دەهێڵین.[٥]
دیارە ئەمەیە، وامان لێ دەکات
کە وچان بگرین؛
لێکدانەوەیە، بەڵا و ناخوشی
ژیانەکەمان، وا درێژ دەکات.

---

(١) دەرد و بەڵای سروشتی؛ دەرد و بەڵای ژیان. شێکسپیر، زۆر جار وشەی سروشت لەباتی ژیان یان زیندوو بەکار دەهێنێت.

(٢) ئێش و دەرد و نەخۆشی، ئەمانە هەموویان، بە میراتی بۆ لەش دەمێننەوە، ئیتر روح هەستیان پێ ناکات. چونکە لە دوای ئەوەی کە پیاو دەمرێت، روحی، لە لەشی جیا دەبێتەوە.

(٣) ئەوە، ئەوپەڕی ئاواتمان دەبوو؛ مردن، ئەوپەڕی ئاواتمان دەبوو.

(٤) کۆسپ؛ تەگەرە. «کێشەکە لەوەدایە کە ئێمە نازانین لە دوای مردن چیمان بەسەردا دێت. لەبەر ئەوە ناوێرین خۆمان بکوژین»

(٥) تەن، مرۆکە، دەمرێت. بەڵام گیان "روح" نەمرە، دەمێنێتەوە.

چونکە ئاخر، کێ
دەتوانێت بەرگەی
تازیانە و ڕیسوای زەمانە بگرێت.[١]
یاخۆ دەتوانێت
چەوساندنەوەی زۆردار و فیزی
سەربەرز و ئێشی دڵدارییەکی
وا بێ نرخ کراو، بێدەنگ بچێژێت،[٢]
بەرگەی لووتبەرز و فیزی کاربەدەست،
زەبوونکردنی مرۆڤی ناکەس،[٣]
بە ئارامەوە بە ماتی، بگرێت،
ئەگەر بتوانێت، بە کێردێکی ڕووت،[٤]
بە گشت ئەوانە کۆتایی بێنێت؟
ئاخر، کێ ئەرکی
ئا ئەم ژیانە سەختە هەڵدەگرێت؛
بناڵێتەوە ئارەق بڕێژێت،
ئەگەر ترس لەو شتەی،
دوای مردن، نەبێت؟
ئا ئەو وڵاتە نامۆیە نەبێت،
ئەوەی لێیەوەی،
گەشتیارێک هێشتا نەهاتووەتەوە؟[٥]
ئەمەیە کە وا
ئارەزوو و ویستمان دەشپرزێنێت؛
وامان لێ دەکات، لامان باشتربێت،
دەردەکەی خۆمان، لێرە بچێژین

---

(١) تازیانە؛ قەمچی.
(٢) مەبەستی لەو خۆشەویستییەیە کە بۆ ئۆفێلیای هەیە
(٣) زەبوونکردن؛ ریسواکردن.
(٤) ڕووت؛ بێ بەرگ، بێ کێلان.
(٥) گەشتیار؛ ئەوەی کە گەشت دەکات (موسافر).

لەوەی بفڕین
بۆ هی جێگەیەک،[1]
ئێمە دەربارەی، شتێک نەزانین؟
ئا ئەم هەستەی کە لە دڵمانایە،
هەمووومان ئاوا ترسنۆک دەکات.
ڕەنگ و سۆمایی نەژادیی ورە،[2]
تێک دەدا و دەیبات،
بە ڕەنگی زەردی نەخۆشییەوە، ٣,١,٨٥
لێکدانەوەمان، بۆیاغی دەکات.[3]
بە هۆی ئەو هەستە،
لێکدانەوەمان، رەوتی پرۆژەی[4]
گرینگ و هەنگاو مەزن، دەگۆڕێت،
تەوژمی دەبات.[5]
"کردە"ش، بەو جۆرە،
"ناو"ە راستییەکەی خۆی دەدۆڕێنێت-[6]
(لە دوورەوە، ئۆفێلیا، دەبینێت)
ئیتر، بێدەنگ بە.
ئۆفێلیای کەیلان، ئەوەتانێ دێت-
(هاملێت، دەبینێت کە، ئۆفێلیا، کتێبی دووعا و نوێژی بەدەستەوە گرتووە دەیخوێنێتەوە)
پەرییە جوانەکە،
لە نوێژەکانتدا، گوناحەکانی

(١) بۆ هی جێگەیەک؛ بۆ دەردی جێگەیەک.
(٢) نەژادی؛ ئەسڵی. رەنگی و سۆمایی "ئاڵی" ئەسڵی ورە «رەنگی ڕوومەتی پیاوی بە ورە».
(٣) لێکدانەوەمان، رەنگی نەژادیی "ئاڵی" ورە "عەزم"، دەبات و بەڕەنگی زەردی نەخۆشییەوە، بۆیاغی دەکات.
(٤) لەبەر ئەم هەستە، لێکدانەوە، رێی پێشنیازی گرینگ و گەورە "تۆڵەسەندنەوە" دەگۆڕێت.
(٥) تەوژم؛ گەرمایی، گوڕی.
(٦) کردە، وا لێ دەکات کە ئیتر حەق نەبێت پێی بڵێن کردە.

منت لە بیربێت.[١]

ئۆفێلیا:

گەورەی بەڕێزم، چۆنی سەروەرم،
لەم هەموو ڕۆژەی، ئەم دواییەدا؟[٢]

هاملێت:

بە سەرکزییەوە، سوپاست دەکەم،[٣]
من گەلێک باشم.

ئۆفێلیا:

دیارییەکانتانم، گەورەم، دەمێک بوو
دەمویست بۆتانی بهێنمەوە.
زۆر تکا دەکەم،
کە ئێستا، لێمی وەرگرنەوە.

هاملێت:

نا، نا، من نەبووم،
من هەرگیز شتم، بە تۆ نەداوە.

ئۆفێلیا:

ئاخر، سەروەرم،
تۆ داوتە و ئەوە، زۆر باش دەزانیت.
لەگەڵ وتاری،
گەلێک شیرینی
جوان هەڵبەستراو؛
نرخەکانیانی بەرز دەکرەوە؛
ئەو بۆنە خۆشەی هەیانبوو، نەما.

---

(١) کەیلان؛ جوان. پەرییە جوانەکە؛ مەبەستی لە ئۆفێلیایە. دیارە، بە سوخرییەتەوە دەیڵێت کە دەیبینێت کتێبی دووعا و نوێژ دەخوێنێتەوە. «دەبێت لە بیرمان نەچێت کە هاملێت، خۆی بەشێت دەنووێنێت»

(٢) لەم هەموور ڕۆژەی ئەم دواییەدا کە ئێمە، یەکتریمان نەدیوە.

(٣) بە سەرکزییەوە؛ دیسانەوە دیارە، کە بە گاڵتەپێکردنەوە دەیڵێت. هاملێت، تووڕەیە لە ئۆفێلیا، چونکە سەردەمێکە نایەویت "هاملێت" ببینێت و نامەکانی بۆ دەگەڕێنێتەوە «وەکو چۆن باوکی داوای لێ کرد». هاملێت، وا دەزانێت کە ئۆفێلیا، حەزی لە یەکێکی تر کردووە.

بیانبەرەوە؛

لە بیرەوەری خانەداناندا،

دیاری زۆر هێژا، نرخی نامێنێت،

ئەگەر ئەوەی دایتێ،

سەخی دەرنەچێت.

گەورەم، ئەوەتان.

هاملێت:

ئەها!

تۆ، ئابڕووداریت؟[١]

ئۆفێلیا:

گەورەم، دەڵێیت چی؟

هاملێت:

ئایا، کەیلانیت؟[٢]

ئۆفێلیا:

بەگم، مەبەستی جەنابت چییە؟

هاملێت:

ئەگەر تۆ کەیلان و ئابڕووداریشیت

ئابڕووەکەت دەبێت

رێ نەدات بەکەس

توخنی کەیلانی و جوانیت بکەوێت.[٣]

ئۆفێلیا:

کەیلانی، بەگم، لەگەڵ ئابڕوودا،

---

(١) ئەم پارچەیە، تەرجومەکردنی گەلێک گرانە. چۆنکە هاملێت، لێرەدا بە قەستی ئەو وشانەی بەکاریان دەهێنێت، بە ئینگلیزییەکەی، یەک مانایان زیاتر هەیە (are you honest?) یەعنی "ئایا، تۆ، شەرەفت هەیە؟" لە هەمان کاتا یەعنی "ئایە، تۆ، بە ڕاستیتە؟

(٢) (are you fair?) دیسانەوە، دوو مانای هەیە، یەکێکیان یەعنی" ئایا، حەقانیت؟" ئەوەکەی تریان "ئایا، تۆ جوانیت؟". لەبەر ئەوە، ئۆفێلیا، نازانێت هاملێت، بە تەواوی، مەبەستی چییە.

(٣) دیارە هاملێت، گومان دەکات کە ئۆفێلیا، خوشەویستێکی تری هەبێت

قەت بازرگانی باشتری دەبێت؟[١]

هاملێت:

ئەرێ، بە ڕاستی،
هێزی کەیلانی، زووتر دەتوانێت
ئابڕوو، بگۆڕێت بەرەو تەرەسی.[٢]
لەوەی کە هێزی ئابڕوو بتوانێت
کەیلانی، بەرەو خۆی ڕابکێشێت؛
ئەمە، سەردەمێک،
بە ناتەبایی سەیری دەکرا،[٣]
بەڵام وا زەمان، دای چەسپان بۆمان.[٤]
خۆشم دەویستیت.

ئۆفێلیا:

بەڕاستی، بەگم،
تۆ، وات لێ کردم، کە باوەڕ بکەم.[٥]

هاملێت:

دەبوایە بڕوات بە من نەبووایە؛
چونکە هێژایی، قەت چووز ناکرێت
بێ ئەوەی تامی
کۆتە پیرەکەی خۆیی تێدا هەبێت.[٦]
تۆم خۆشنەدەویست.

---

(١) بازرگانی؛ پێوەندی.

(٢) تەرەسی؛ گەوادی.

(٣) ناتەبایی؛ paradox .

(٤) بەڵام، زەمان دای چەسپان «ئیسپاتی کرد» کە هێزی جوانێتی دەتوانێت بەسەر ئابڕوودا زاڵ ببێت و خاوەنی ئەو ئابڕووە رابکێشێت و بیکات بە تەرەس.

(٥) تۆ وات لێ کردم بڕوا بکەم، کە تۆ، منت خۆش دەوێت.

(٦) چووزکردن؛ موتوربەکردن. کۆتە؛ قەدی درەخت. دیارە هاملێت، بڕوای بە هیچ کەسێک نەماوە. دەڵێت؛ ئەگەر هێژایی خۆشی، موتوربە بکەیت هەر نەختێک تامی (خراپەی) درەختە کۆنەکەی تێدا دەمێنێتەوە «بە کوردی دەڵێن؛ گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێت».

ئۆفێلیا:

دیاره که زۆرتر، لەوەی دەمزانی،
من، خەڵەتاو بووم.

هاملێت:

خۆت بگەیەنە بە ڕەبەنگەیەک؛
بۆچی تۆ، ببیت بە بەخێوکەری
جەردە و تاوانبار.[1] ٣,١,١٢٠
لە پاکێتیدا،
من، ناوەڕاستم،[2]
لەگەڵ ئەوشدا، هەندە ناپاکم،
کە بڵێم باشتر
دەبوو ئەگەر دایکم،
ئەو سکەی بە من قەت پڕ نەدەبوو:
گەلێک سەربەرزم،
بەرزخوازم ئەمن، تۆڵەپەرستم.
بەدکاریم زۆرتر لە ژێر دەستدایە،
لەوەی بتوانم وێنایان بکەم،[3]
بیر بکەمەوە لێیان، بزانم؛
لە چ کاتێک و بە چ شێوازێک
رایان پەڕێنم.

---

(١) ڕەبەنگە؛ دێری راهیبات. راهیبە، شوو ناکات و مناڵی نابێت. بە ئۆفێلیا دەڵێت ببە بە راهیبە بۆ ئەوەی مناڵت نەبێت. چونکە ئەو مناڵەی دەتبێت، مرۆڤێکی باش دەرناچێت. هاملێت، لێرەدا، دیسانەوە بە دوو زمان قسە دەکات. لە کاتی شێکسپیردا، جار بە جار، وشەی (رەبەنگە)یان لە باتی قەحبەخانە بەکار دەهێنا.

(٢) لە پاکێتیدا، من، ناوەڕاستم؛ زۆر پاک نیم؛ وەکو هەموو کەسێکی ترم. هاملێت، بە ئۆفێلیا دەڵێت شوومەکە، ببە بە ڕاهیبە «یان لەوانەیە مەبەستی قەحبە بێت» بۆ ئەوەی مناڵت نەبێت و مرۆڤی بەد بەخێو بکەیت. چونکە هەموو کەسێک خراپە. هاملێت، دڵی تەنگە، لای وایە ئەوانەی کە خۆی خۆشی دەویستن خیانەتیان لێ کرد. «ئۆفێلیا و دایکی و دوو هاوڕێیەکانی؛ رۆزنکرانتز و گڵدنستێرن».

(٣) وێناکردن؛ تەسەورکردن. «شا، گوێی لەم قسانە دەبێت».

ئەوانەی وەک من، گاگۆڵکێ دەکەن،
لە نێوان خاک و فەلەکەکاندا،
چی دەبێت بکەن؟
ئێمە هەموومان ناکەس و بەدین[١]
نابێت بەهیچمان، بڕوا بکرێت.
خۆت بگەیەنە بە ڕەبەنگەیەک.
باوکت، لە کوێیە؟[٢]

ئۆفێلیا:
گەورەی بەڕێزم، لە ماڵەوەیە.

هاملێت:
گشت دەرگەکانی،
با لێ داخرێت، تاکو نەتوانێت
کەریەتییەکەی خۆی، لە هیچ جێگەیەک
بنووێنێت جگە لە ناو ماڵی خۆی.
خوا حافیزت بێت.

ئۆفێلیا: (روو دەکاتە ئاسمان و دووعا دەکات)
ئازیزم، فەلەک، یاریدەری بە!

هاملێت:
ئەگەر هاتو شووت کرد،
ئەم دەردانەت بۆ
دەکەم بە دیاری:
ئەگەر وەکو سەهۆڵ داوێن خاوێن بیت،
وەک بەفری سپی پاک و بێ گەرد بیت،
لەدەستی بوختان، هەر رزگار نابیت.[٣]

---

(١) ئێمە؛ مەبەستی لە پیاوە.

(٢) هاملێت، هەست دەکات کە لە جێگەیەکەوە تەماشایان دەکەن و پۆڵۆنیەس، باوکی ئۆفێلیا، لەگەڵیاندایە و ئۆفێلیا خۆشی ئاگەدارە لەوە.

(٣) هاملێت، خۆی یەکێکە لەوانەی کە هەندێک بوختانی پێ دەکات. «ئۆفێلیا، کچی باشە و هاملێتی زۆر خۆش دەوێت. باوکی ناچاری دەکات بەو جۆرە لەگەڵ هاملێتدا خۆی بنووێنێت»

خۆت بگەیەنە بە ڕەبەنگەیەک.
ئەسپەردەی خوا بیت.
بەڵام ئەگەر هەر
ویستت شوو بکەیت
شووبکە بە پیاوێک،
تۆزێک دەبەنگ بێت.
ئەگەر دانابێت،
زوو پێی دەزانێت،
چ ئاژەڵێکی لێ دروست دەکەیت.
دەی خێرا بڕۆ بۆ ڕەبەنگەیەک.
ئەسپەردەی خوابیت.

ئۆفێلیا:

ئاخ، هێزەکانی ئاسمان و فەلەک
چاکی بکەنەوە!

هاملێت:

زۆرم بیستووە، گەلێک بە باشی،
دەربارەی بۆیە و بۆیاغکردنتان.[1]
خوا، ڕوویەکی داوە بە ئێوە،
ڕوویەکی تری لێ دروست دەکەن.[2]
بە سەمای سووک و لەنجەولارەوە
بە ڕێوە دەڕۆن،
زمان، پسدەکەن.[3]
لە گیانەوەری خوا، ناودەنێن.
سووکێتی خۆتان، ئاوا دەنووێنن،
بە جۆرێک، خەڵکی کە وا بزانن

(١) مەبەستی ئەوەیە کە ژن خۆی بۆیاغ دەکات. کەس، نازانێت ڕەنگە ڕاستییەکەی چۆنە.
(٢) ئەو ڕووەی کە خوا بە ئێوەی داوە، پیشانی نادەن. ڕوویەکی تر پیشان دەدەن (ئێوە دوو ڕوون).
(٣) بە نازەوە بە ڕێگەوە دەڕۆن و دەنگی خۆتان دەگۆڕن. «بڕواتان پێ ناکرێت».

کە تەنیا گێلن.[١]
لاچۆ لامەوە، بەسە بێزاربووم،
ئەوا شێتیش بووم.
وا من، پێت دەڵێم؛
مارە و شووکردن ئیتر ناکرێت.
بەڵام ئەوانەی کە کردوویانە،
یەکێکیان نەبێت، ئەوانی تریان
هەموویان دەژین،[٢]
هەر وەکو خۆیان دەمێننەوە.
تۆش، بۆ خۆت برۆ، بۆ ڕەبەنگەیەک. (هاملێت دەڕوات)

ئۆفێلیا:

ئاخ، ئەو مێشکە،
خانەدانەی چۆن وێرانکراوە.
چاوی پڕسۆزی، زاری سەربازی،
شیری دانایی،[٣]
ئومێد و گوڵی
مەملەکەتێکی رەوا و حەقانی،[٤]
ئاوێنەی پاکی
نموونەی پیاو و شێوەی پیاوەتی،
چاولێکراوی،
ئەو هەموو کەسەی چاوی لێ دەکەن.[٥]

---

(١) کە سووکێتییەک دەکەن، خۆتان وا دەنووێنن وەکو، لەبەر گێلێتی، بە هەڵە کردبێتتان.

(٢) یەکێکیان نەبێت؛ مەبەستی لە مامەکەی خۆیەتی.

(٣) چونکە هاملێت، پیاوێکی دانا و سەیدایە، ئەگەر شەڕ بکات، بە دانایی و بە زمان دەیکات، هێز بەکار ناهێنێت: چاوی بەسۆزە. زاری، سەربازە. خۆشی، وەکو شیری دانایی بێت وایە.

(٤) ئۆفێلیا، ئومێدی وا بوو کە هاملێت، رۆژێک ببێت بە شا و مەملەکەتێکی رەوا و حەقانی دابمەزرێنێت. چونکە مرۆڤێکی ئازا و پاک و حەقانی بوو.

(٥) هاملێت، لاوێکی زۆر قۆز و دانا و بەهونەرە؛ گەنجەکان چاوی لێ دەکەن، لاسایی دەکەنەوە.

کەوتووە و ئاوا
دەستی وێرانی، بەربووەتە گیانی.
منیش لە نێوان ئەو بانووانەی،
کە لە هەنگوینی ئاوازی خۆشی
پەیمانەکانی ئەویان دەمژی،
هەرە کەساس و کڵۆڵ تریانم.[١]
ئێستا دەبینم؛
ئا ئەو مێشکە
خانەدانەی کە زۆر سەربەخۆبوو،
دەنگ دەداتەوە تەنیا هەر وەکو
زەنگۆڵەیەکی جوانی درزبردوو؛
پلەی ئاوازی، وا ناکۆک بووە؛
تەنیا هەر دەنگی ناساز دەردەکات.
ئەو بەژنوباڵا و ڕەوشتە جوانەی
سەرەتای لاویی،
شێتی، بەجارێک، فەوتانوویەتی.
داخی بە جەرگم.
وەی لە من، چیم دی و چی تریش دەبینم.
(کڵۆدیەس و پۆلۆنیەس دەردەکەون)

کڵۆدیەس:

خۆشەویستی؟
ئارەزوو و سۆزی، بەرەو ئەو ناچێت.[٢]
نە دوواندنی لە هی شێت دەچێت،
هەرچەند شێوازی وتارەکانی،
شێواوە هەندێک.[٣]

---

(١) ئۆفێلیا، بە هەموو دڵەوە و بەڕاستی هاملێتی خۆش دەویشت. بۆیە لە هەموویان کەساس ترە.

(٢) بەرەو ئەو ناچێت؛ بەرەو ئۆفێلیا، ناچێت «لەوە ناچێت کە ئۆفێلیای خۆش بوێت.»

(٣) کڵۆدیەس، گومان دەکات کە هاملێت، بە راستی شێت نەبووبێت «خۆی شێت کردبێت»

ئەمن هەست دەکەم،
لە دەروونیدا، کە شتێک هەبێت،
خەفەت، بەسەریا، خۆی کڕکردبێت.[1]
لەو هەڵهێنانە،
ئەمن دەترسم، شتێک دەربچێت،
مەترسی تێدا بێت.
تاکو نەیەڵم ئا ئەوە ببێت،
بڕیارم داوە؛ کە هەر زوو خێرا،
گەشت بکات بڕوات بۆ ئینگلتەرا،
بۆ وەرگرتنی
ئەو باجانەی کە لەسەریان ماوە.[2]
بەڵکو خوا بکات
جیاوازی خاک و رووبار و دەریا،
ئەم شتە لە ناو دڵی دەربکات.
ئەمەی مێشکی
هەمیشە بیری لێ دەکاتەوە و
ڕەوتی گۆڕیوە.
ئەتۆ، چۆن لەمە بیر دەکەیتەوە؟

پۆلۆنیەس:

سوودی بۆ دەبێت.
بەڵام من هێشتا لەو باوڕەدام
کە خۆشەویستی ئاوا بێوەرام
سەرچاوە و بۆنەی پەژارەکەی بێت.[3] (ڕوو دەکاتە ئۆفێلیا)
ها، ئۆفێلیا؟
پێویست ناکات تۆ، کە پێمان بڵێیت؛

---

(١) وەکو چۆن مریشک بەسەر هێڵکەوە کڕدەبێت تا هێلکەکە هەڵدێت.

(٢) شا، باج (زەریبە) وەرگرتن، دەکات بە بیانوو بۆ ئەوەی هاملێت، لە خۆی دوور بخاتەوە.

(٣) لەو وتانەی پۆڵۆنیەسدا هەندێک راستی هەیە. هاملێت، دوای ئەوەی کە ئۆفێلیا دەستی کرد بە خۆ دوورکردنەوە لێوەی، ئیتر بەجارێک دنیای لە بەرچاو دەکەوێت.

چی گوت لۆرد هاملێت.
لێرەوە، خۆمان، گوێمان لێ دەگرت. (ڕوو دەکاتەوە شا)
گەورەم، وەکو چۆن ئارەزوو دەکەن،
بەو جۆرە بیکەن.
ئەگەر لاتان باشە، دوای تەمسیلەکە،
شاژنی دایکی با بە تەنیایی
تکای لێ بکات؛
هۆی پەژارەکەی خۆی بۆ دەربخات.
با خۆی، دایکەکەی، لەگەڵیا بدوێت.
منیش، حەز دەکەن؛ خۆم لە شوێنێکدا
دەشارمەوە، گوییان لێ دەگرم.
ئەگەر بۆی دەرکەوێت ئەمە، وا نەبێت،[١]
بۆ ئینگلتەرا ڕەوانەکرێت.
یاخۆ رای بگرن
لە کوێ دانایی جەنابتان دەڵێت.

کلۆدیەس:

وای لێ دەکرێت.
کەسێک گەورەبێت، شێتییەکەی نابێت،
بەبێ پاسەوان، بەڕەڵا بکرێت.[٢]

---

(١) ئەگەر بۆتان دەرکەوێت کە هۆی پەژارەکەی، خۆشەویستیی ئۆفێلیا نییە.
(٢) پیاوی گەورە، وەکو هاملێت، هەمیشە مەترسیی هەیە؛ دەبێت پاسەوانی هەبێت.

# دیمەنی ٢-٣

هاملێت، لەگەڵ نیارڤانەکاندا دەردەکەوێت

هاملێت:

تکات لێ دەکەم، کە وتەکانت،
وەک من، بە نەرمی، لە زار دەربکەیت.
ئەگەر وەکو زۆربەی
ئەکتەرەکانی ئێمە، بیان ڵێیت؛[١]
ئەوسا، لام یەکە؛
تۆ، یان جارچییەک،
دێرەکانی من بخوێنێتەوە.[٢]
(هەوا) کەش، ئاوا،
بە دەستەکانی خۆت میشار مەکە.
هەمووی پێویستە
کە بە هێمنی بەکار بهێنن.
تا لە ناوەڕاست جەرگی ڕەشەبا،
یان گێژەڵووکەی سۆزەکانتانبن،
پێویستە فێربن؛ گەلێک ئەسپایی
لەگەڵ زمانتان بەکار بهێنن.
تاکو نەرمییان هەندێک بداتێ.[٣]

---

(١) دیارە هاملێت، زۆر بە دڵی نییە چۆن ئەکتەرەکان بە دەنگی بەرز و نەشاز تەمسیل دەکەن.

(٢) مەبەستی لەو چەند دێرەیە کە هاملێت، خۆی نووسیوێتی و خستوێتییە ناو دراماکەوە. دەڵێت ئێوە ئەگەر ئاوا وەکو زوربەی ئەکتەرەکانی ئێمە، بیانخوێننەوە و دەستەکانتان بجووڵێننەوە وەکو هەواکەی دەورتان لە میشار بدەن، لام یەکە ئەگەر ئێوە، یاخۆ جارچییەک دێرەکانی من بخوێنێتەوە.

(٣) بۆ ئەوەی زمان، نەرم و نیانی بە وتەکان بدات.

ئای چەند بێزار و چەند تووڕە دەبم،
کە گوێم لێ دەبێت؛ پیاوێکی زەلام،
باروکەیەکی خستووەتە سەری،[١]
بە هاوار سۆزی خۆی لەت لەت دەکات،
بە دەنگی بەرزی،
بە جارێک ئاوا تاڵتاڵی دەکات،[٢]
گوێی گوێگرانی، بەردەم شانۆکە،
ئەوانەی فێری هەر شانۆگەری
لاڵی بێدەنگی پڕ ژاوەژاون،
دوو پارچە دەکات.[٣]
بەدەستم بوایە؛ من کەسی ئاوام،
بەر قەمچی دەدا. چونکە، لام وایە،
ئەم، لە (تێرمەگانت)، تێرمەگانت ترە،[٤]
کردەوەکەشی،
لە هیرۆد خۆشی، زۆر هیرۆدترە.[٥]
زۆر تکا دەکەم؛
لە کردەوەی وا دوور بکەونەوە.

یەکەم نیارڤان:

سەروەرم، لەوە، گومانت نەبێت.

هاملێت:

بەجارێکیش زۆر دەستەمۆ مەبن؛

---

(١) جاران، باو بووە کە پیاو، باروکە لەسەر بکات.

(٢) سۆزی خۆی بە هاوار تاڵتاڵ دەکات وەکو قوماش، پەتەکانی جیا دەبنەوە.

(٣) لاڵ و بێدەنگ؛ لە هەندێک شانۆدا، تەمسیل بە ئاماژەکردن دەکرێت بە بێ دوواندن. بەڵام سەیرکەرەکان ژاوەژاوی خۆیان هەر دەکەن. چونکە خەڵکەکە، هەر سەیر دەکات، گوێ ناگرێت.

(٤) تێرمەگانت؛ دیارە کەسایەتییەکی دڕندەی وا هەبووە لەو کاتانەدا، کە لە تەمسیلدا، هەر ئاژاوەی ناوەتەوە و بە دەنگی بەرز هاواری کردووە «خوای دڵڕەقی، لای بت پەرستەکان گوایە ئەو کەسایەتییە بووە».

(٥) هیرۆد؛ شای جوولەکەکان بووە. بە پێی ئیجنیل، بە فەرمانی ئەو، مەسیح لە خاچ دراوە.

دانایی خۆتان، مامۆستاتان بێت؛
کار و جوڵەتان لە وتەتان بێت،
بە پێی جوڵەشتان وتە دەربکەن.[١]
بە مانە ئەگەر، ئێوە، گوێ بدەن، ٣,٢,١٥
ئەوساکە، بە سەر
سادە و بێفیزی
سروشتدا هەرگیز هەنگاو ناهێنن.
چونکە ئەگەر شتی زیادەی تێدا بێت،
شانۆگەرییەکە،
لە مەبەستی خۆی دوور دەخاتەوە.
مەبەستەکەشی،
لە سەرەتاوە هەتاکو ئێستا،
هەر یەک شت بووە:
ئاوێنەیەک بێت لە بەر رووی سروشت؛
تاکو چاکێتی،
روخساری جوانی خۆی تێدا ببینێت.
ناکەس، وێنەی خۆی،
کات و پەیکەری زەمانەش، تێیدا، ٣,٢,٢٠
داڕێژگەکانی خۆیان ببینن.[٢]
ئەگەر زیادەیەکی بخرێتە سەر،
یان تەواو مافی خۆی پێ نەدرێت،
هەرچەندە ریژگاو، دەخاتە خەنین،
زانا، ناتوانێت بەوە، پەست نەبێت؛
ڕەخنەی یەکێکی

(١) کە تەمسیل دەکەن، دەبێت جموجۆڵی ئەندامەکانتان لەگەڵ وتەکانتاندا بگونجێن.
(٢) شانۆگەری دەبێت وەکو ئاوێنە وابێت؛ چاکە، جوانی خۆی تێدا ببینێت. ناکەسیش لە ناویا چارە پیسەکەی. زەمانەش قاڵبی (داڕێژگەی) خۆی ببینێت، بۆ ئەوەی بزانێت بۆچی ئاوا جوان یاخۆ ناشیرین دەرچووە.

زانا، بە ڕای من،
پێویستە کێشی، زۆرتر بێت لاتان،
لە کێشی پڕ یەک
شانۆ، لەوانەی کە باسیان کران.[١]
ئای، نیارڤانی ئاوام بینیوە،
گوێشم لێ بووە ستایش کرێت،
دەتوانم بڵێم، ئەگەر کفر نەبێت؛
نە وەک مەسیحی، توانویەتی بدوێت،
نە وەک مەسیحی، هەنگاو هەڵهێنێت،
یان بتپەرستێک،
یان هەر وەک مرۆڤ؛[٢]
خۆی رەق کردبوو،
دەروشت بە قنجی و بۆرەبۆڕی بوو.
تاکو وام زانی کە ڕەنجبەرێکی
سروشت، ئەو پیاوەی دروست کردووە؛
باش نەیتوانیوە،
لاسایی کردەی خوای بکاتەوە،
بۆیە پیاو بێزی لێ دەکاتەوە.[٣]

یەکەم نیارڤان:
ئومێدم وایە کە بەرەو باشی
شێوازی کاری خۆمان بگۆڕین.

هاملێت:
هەمووی بگۆڕن، هەر بە تەواوی.

---

(١) رای مرۆڤێکی زانا، پێویستە گرینگتر بێت لاتان، لە رای سەد نەزان "ریژگاو".

(٢) ئەو ئەکتەرە، ئەوەندە ئەکتەرێکی خراپ بووە، کە قسەی کردووە، نە لە مەسیحی چووە نە لە بتپەرست. بگرە هەر لە مرۆڤیش نەچووە.

(٣) ئەوەندە بە شێوەیەکی ناسروشتی و ناشیرین تەمسیلی دەکرد، دەتگوت ئەم پیاوە، دەبێت رەنجبەرێکی کەم هونەری بە کرێ گیراو دروستی کردبێت، نەیزانیبێت باش لاسایی کار و کردەوەی خوا بکاتەوە بۆیە ئەوەندە ناشیرین دەرچووە.

ناشبێت بهێڵن،
ئەوانەی دەوری قەشمەر دەبینن،
هیچ زۆرتر بدوێن
لەوەی کە بۆیان تەرخان کراوە؛
چونکە لە ناویان، هەیە لەو جۆرەی
خۆی پێدەکەنێت، تەنیا بۆ ئەوەی
چەند سەیرکەرێکی
ڕێژگاو لەگەڵ خۆی، بخاتە خەنین.
لە کاتێکدا کە پێویستی دەکات
خەڵک ئاگەدار بن
لە تۆێژینەوەی هەنێک پرساوی
گەلێک گرینگی شانۆگەرییەکە.[1]
ئەوە، جوان نییە.
ئەو کەسەی دەیکات،
تەنیا هەوڵ دەدات،
بەرزخوازییەکی سووک پیشان بدات.
دەی بڕۆن خۆتان، ئامادە بکەن.
(نیارڤانەکان دەڕۆن، پۆلۆنیەس و ڕۆزنکرانتز و گڵدنستێرن دێن)
ها، سەروەم، شا،
دێت بۆ بینینی شانۆگەرییەکە؟
پۆلۆنیەس:
ئا، شاژنیش دێت. زۆریان پێ ناچێت.
هاملێت:
بە نیارڤانەکان، بلێ خێرا بکەن.
(پۆلۆنیەس دەڕوات، هاملێت ڕوو دەکاتە دوو هاورێیەکەی)
دەتوانن ئێوەش،
بڕۆن کە بەڵکو خێرایان لێ بکەن؟

(١) پرساو؛ موشکلە، مەسئەلە. تۆێژینەوە؛ لێکۆڵینەوە.

ڕۆزنکرانتز:

بەڵێ، سەروەرم. (ئەوان دەڕۆن، هۆراشیۆ دێت)

هاملێت:

ئای، ئەمە، کێیە؟ هۆراشیۆ، ئەتۆی!

هۆراشیۆ:

بەگێ شیرینم، لێرەم بۆ ئەوەی
لە خزمەتتان بم.

هاملێت:

هۆراشیۆ، ئەتۆ،
لە ناو ئەوانەی،
ڕۆژێک لەگەڵیان پێوەندیم بووبێت،
پاکترینیانیت.

هۆراشیۆ:

ئای،
گەورەی، بەڕێزم..

هاملێت:

ها، وا نەزانیت مەراییت دەکەم.
چونکە من لە تۆ، چی ئومێد بکەم،
ئەگەر هیچت نەبێت،
جگە لە جوانی دەروونی پاکت،
کە خواردەمەنی و جل و بەرگتە؟
بۆ چی، لەبەرچی
بێپوول و پارە مەرایی بکرێت؟
با، زمان شیرین،
لووتبەرزی فیزن بلێسێتەوە،
ئەنجامەی ئەژنۆ ئامادەکانی،
خوار بکاتەوە و بنوشتێتەوە؛[١]

(١) فیزن؛ سەربەرز. ئەنجامە؛ جمگە. ئەوەندە نوشتاوەتە بۆ لێسانەوەی دەست، ئەژنۆکانی راهاتوون، هەمیشە ئامادەن بۆ نوشتاندنەوە.

مەراییکردن سوودی بۆ دەبێت.
ئەرێ، گوێت لێمە؟
لەوساوەی گیانی شیرینم بووە
بە خاوەند بڕیار و لە توانایەتی
جیاوازی بکات
لە نێوان پیاوان،
هەڵی بژاردوویت، ببیت بە یاری.[١]
چونکە پیاوێکیت،
لە کڵۆڵیدا تاڵی ناچێژیت،
هەمیشە رازیت لە خوای بەختیاری؛
سوپاسی دەکەیت،
هاوتا،
بۆ دیاری و بۆ زللەکانی.[٢]
رەحمەت بێت لەوەی
کە ژیریی و خوێنی
وا بە هاوسەنگی تێکەڵ کراون؛[٣]
دەست نادات ببێت قەت بە شمشاڵی
خوای بەختیاری؛
بە ئارەزووی خۆی، ئاوازەکانی
خۆی پێ لێ بدات.
بمدەرێ ئەوەی
کە هەرگیز بەندەی سۆزی نەبووبێت،
تا بیخەمە ناو کرۆکی دڵم،
ناو جەرگەی دڵم،[٤]

---

(١) لەوساوەی لە دنیا تێگەیشتووم، توم خۆشویستووە. «گیانم، تۆی هەڵبژادووە ببیت بە یاری».
(٢) کە بەختت هەڵدەستێت «خوای بەخیاری دیاریت دەداتێ» لووتت بەرز ناکەیتەوە. کە تووشی کڵۆڵیش دەبێت «خوای بەختیاری زللەت لێ دەدات» پەست نابیت.
(٣) لێرەدا کە دەڵێت خوێن، مەبەستی لە سۆزە. ژیری لەگەڵ سۆز، کە تێکەڵ دەبن دژی یەکتری ئیتر ناوەستن.
(٤) جەرگە؛ ناوەڕاست.

وەکو چۆن من تۆم خستووەتە ناوی.
دەی لەسەر ئەمە، من گەلێک ڕۆشتم.
ئەمشەو تەمسیلێک
لە بەردەمی شا، پیشان دەدرێت.
دیمەنێکی وای لە ناودا دەبێت
گەلێک نزیکە
لە بارودۆخی مردنی باوکم.
بەو جۆرەی کە من، باسم بۆ کردی.
تکات لێ دەکەم
کاتێک ئەوەت دی، تەمسیل دەکرێت،
چاو ببڕیتە مامم بە وردی،
تەماشای بکەیت،
ئەگەر ئەو تاوانە شارراوەی دڵی،
دەرنەکەوت پێوەی، لە وتارێکدا،
ئەو تارماییەی کە ئێمە دیمان،
دەبێت خێوێکی خوالێگرتوو بێت.[١]
بیرکردنەوە و خەیاڵی منیش،
وەکو دووکانی ئاسنگەرییەکەی
ڤۆڵکان، بۆگەن بێت.[٢]
تکات لێ دەکەم
بە وریاییەوە تێبینی بکەیت.
خۆم، چاوەکانم،
بە دیمەیەوە، پەرچێمیان دەکەم.[٣]
چیمان پێوە دی، بە گوێرەی ئەوە،

(١) ئەگەر مامم، کاری وای کردبێت، پێوەی دەردەکەوێت. ئەگەر هیچی پێوە دەرنەکەوت، مانای ئەوەیە؛ ئەو تارماییەی کە دیمان، دەبێت خێوێکی درۆزن و خوالێگرتوو بێت.

(٢) ڤۆڵکان؛ بە پێی ئەفسانەی یۆنانی، خوای ئاسنگەرییە. کارخانەیەکی ئاسنگەری زۆر پیس و بۆگەنی هەیە لە جەهەننەم.

(٣) چاوەکانی خۆم بە رووی کلۆدیەسەوە وا دەنووسێنم هەر وەکو بە پەرچ (rivet) پێوەی داچەسپێنرابن.

دوایی پێکەوە، بڕیارێک دەدین.

هۆراشیۆ:

زۆر باشە، گەورەم.
ئەگەر هاتوو توانی،
کاتی نوواندنی شانۆگەرییەکە،
هێمایەکی رووی، لە چاوەکانم
بشارێتەوە،
پارەکەی چەند بێت، من دەتدەمەوە.[١]

هاملێت:

ئەوەتانێ دێن بەرەو شانۆکە.
پێویستە بە شێت خۆم پیشان بدەم.

(سروودی نەتەوایەتی دەنیمارک لێ دەدرێت، شا، شاژن، پۆلۆنیەس، ئۆفێلیا، رۆزێنکرانز و گڵدنستێرن، لەگەڵ یاوەرەکانیاندا دەردەکەون)

کلۆدیەس:

ها، چۆنە هاملێتی کوڕی مامی خۆم؟

هاملێت:

هەر گەلێک باشە، خواردنی قۆڕی،[٢]
دەخۆم: هەوایە و بەڵێنی تیایە.[٣]
ناتوانی سکی
کەڵەشێرێکی خەسێنراوی،
تۆ پێ تێر بکەیت.[٤]

کلۆدیەس:

لەم وەرامە من، هیچ تێ نەگەیشتم.

---

(١) پارەکەی؛ پارەی بلێتی چوونەژوورەوەی شانۆکە. لێرەدا هۆراشیۆ، بێگومان، گاڵتە دەکات.

(٢) قۆڕی؛ حەرباء (chameleon) ئەم گیانەوەرە، کەم دەجوڵێتەوە و دەتوانێت بۆ دەمێکی زۆر هیچ نەخوات. تا خەڵک هەبوو وای دەزانی بە هەوا دەژێت.

(٣) لە دێری ١٠٩,٢,١، شا، بەڵێن "گفت" دەدات بە هاملێت، کە بیکات بە میراتگری تەختی شاهانی. هاملێت، گلەیی لێ دەکات، دەڵێت ئەو بەڵێنەت هەوابوو.

(٤) پەندێک هەیە دەڵێت؛ پیاو ناتوانێت وەکو قۆڕی، بە هەوا بژێت.

هاملێت، پێوەندی
به پرسیارەکەی منەوە نییە.

هاملێت:

به منیشەوە، پێوەندی نییە– (روو دەکاتە پۆلۆنیەس)
بەگم، کاتی خۆی، کە لە زانکۆ بوویت،
تەمسیلت دەکرد؟

پۆلۆنیەس:

بەڵی، سەروەرم، من ئەوەم دەکرد.
بە نیارڤانی چاکیان دادەنام.

هاملێت:

دەوری کێت دەدی؟

پۆلۆنیەس:

من دەوری "یۆلیەس قەیسەر"م دەدی.
لە "کاپیتۆل" دا، لەوێ کوژرام.
بەدەستی برووتەس،[١]

هاملێت:

کردەوەیەکی درندەییە؛
گوێرەکەیەکی
ئاوا گرینگ و گەورە بکوژن–
نیارڤانەکان، ئایا ئامادەن؟

رۆزنکرانتز:

بەڵێ، سەروەرم،
وا چاوەڕوانی فەرمانتان دەکەن.

گێرتروود:

وەرە بۆ ئێرە، هاملێت، گیانەکەم،

---

(١) کاپیتۆل؛ ناوی ئەو جێگەیەیە کە پەرلەمانی ڕۆمانی تێیدا کۆ دەبووەوە. کوشتنی یۆلیۆس قەیسەر، بەناوباگترین پیاوکوشتنی مێژووە. «چیرۆکی یۆلیەس قەیسەر و ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترە کراوە بە پاشکۆیەکی ئەم پەرتووکە، پاشکۆی ٣»

له تەنیشتمەوە، لێرە دانیشە.

هاملێت:

نا، دایە نایەم، دایکە باشەکەم،

مەعدەنی ئێرە، راکێشەرترە.[1] (لای ئۆفێلیاوە دادەنیشێت)

پۆلۆنیەس: (روو دەکاتە شا)

بەگم، ئەوەت دی؟[2]

هاملێت:

دەتوانم، خانم، من لە باوەشتدا،

بۆ خۆم پاڵکەوم؟

ئۆفێلیا:

نا، نا، سەروەرم.

هاملێت:

مەبەستم وابوو؛ تەنیا هەر سەرم،

دابنێم لە سەر ڕانەکانی تۆ.

ئۆفێلیا:

ئا، باشە، بەگم.

هاملێت:

تۆ، وات دەزانی کە من مەبەستم

لە شتی نزم و بازاڕانی بێت؟[3]

ئۆفێلیا:

من بیرم لە هیچ نەدەکردەوە.

هاملێت:

گەلێک کەیلانە،

---

(١) مەعدەن؛ مەغناتیز. هاملێت، بە دایکی خۆی دەڵێت من لای تۆوە دانانیشم، چونکە مەغناتیزێکی بەهێزتر "ئۆفێلیا"، من ڕادەکێشێت بۆ لای خۆی. بەڵام هاملێت، نایەوێت لە تەنیشت دایکییەوە دابنیشێت چۆنکە مامی لەولای دایکییەوە دانیشتووە،. ئەگەر لەوێ دابنیشێت، ئەوسا ناتوانێت رووی مامی ببینێت. بەڵام لەلای "ئۆفێلیا" وە باش دەیبینێت.

(٢) بەگم، دیت، چۆن هاملێت، چوو نزیک ئۆفێلیاوە، دانیشت.

(٣) شتی بازاڕانی؛ سێکسی.

پیاو،
بیرکاتەوە لە پاڵکەوتنێک،
لە نێوان رانی کچێکی گەنجدا.

ئۆفێلیا:

ئەوە، چییە، بەگم؟

هاملێت:

هیچ شتێک نییە.[١]

ئۆفێلیا:

دڵ خۆشیت، بەگم.

هاملێت:

کێ، من؟

ئۆفێلیا:

بەڵێ، سەروەرم.

هاملێت:

ئای خوایە، تەنیا من قەشمەرێکم،
دڵخۆشی نەبێت،
ئاخر چی ترم، من، پێ دەکرێت؟[٢]
تۆ هەر سەیرێکی ئەو دایکەم بکە،
چەند شادمان دیارە،
هەمووشی تەنیا دوو سەعاتێکە،[٣]
باوکم مردووە.

ئۆفێلیا:

وا نییە، بەگم، دوو جار دوو مانگە.[٤]

---

(١) شتێک؛ لێرەدا هاملێت، دیسان بە دوو زمان دەدووێت. ئەوسا بازاڕییەکان بە ئەندامی زاوزێی پیاو و ژنیان دەگوت شتێک Thing.

(٢) هاملێت، گلەیی لە خۆی دەکات کە تاکو ئێستا نەیتوانیوە تۆڵەی خۆی بسەنێتەوە. بۆیە بە خۆی دەڵێت قەشمەر. قەشمەریش لە دڵ خۆشکردن بەولاوە چی پێ دەکرێت.

(٣) هاملێت، خۆی بە شێت دەنووێنێت بۆیە دەڵێت دوو سەعاتێکە.

(٤) دوو جار دوو مانگە؛ چوار مانگە.

هاملێت:

ئەوەندە زۆرە؟
کەوابێت شەیتان،
با جل و بەرگی ڕەش کاتە بەری.(١)
چونکە من، ئیتر دەستە جلێکی
ڕەنگ سمۆرەیی لەبەر خۆم دەکەم.(٢)
ئای خوایە، گەردوون، ئاخر چۆن دەبێت؛
ئەمە دوو مانگ بێت،
مردبێت و هەر لە بیریش مابێت؟(٣)
کەوابێت ئومێد هەیە کە یادی
پیاوێکی گەورە،
نیو ساڵێک عومری،
لە خاوەنەکەی خۆی درێژتربێت.
بەڵام، بە مەریەم، پێویستە هەندێک
کڵێسە و پەرستگا بۆ خۆی دروست کات،
ئەگینا یادی، وەکو ئەو ئەسپە
دارینەی شانۆ،
لە بیری خەڵکی زوو دەچێتەوە.(٤)

---

(١) با شەیتان شیوەن بکات و جلی سوێداری لەبەر بکات. «بیر لە کوشتنی کلۆدیەس دەکاتەوە»

(٢) دیسان هاملێت، وتەکانی دووڕووە:

١- دەستە جلێکی رەشی زۆر کەشخە، لە کەوڵی سمۆرەی رەش دروست کرابێت

٢- سەیری دێری ٢,٢,٤١٠ ، کە پێرهەس، خۆی مەلاس کردبوو لە ناو ئەسپە بەیوومەکەدا و دەچوو تۆڵەی باوکی خۆی بسەنێتەوە، زرێپۆشێکی رەشی رەنگ سمۆرەیی لەبەر کردبوو. دیارە مەبەستە راستییەکەی، هاملێت، ئەمەیە.

(٣) بێگومان، هاملێت، ئەمە بە گاڵتە پێکردنەوە دەڵێت.

(٤) زۆر ڕوون نییە مەبەستی شێکسپیر، لێرەدا چییە. بەڵام لە کاتی شێکسپردا، شانۆگەرییەکی کۆمێدی هەبووە، لەوێدا ئەسپێکی تەختە "دارینە" هەبووە. لە تەمسیلەکەدا چەند جارێک دەمرێت، بەڵام هەموو جارێک کە منالان لە دەوری کۆ دەبنەوە تەماشای بکەن، لە پڕێکدا هەڵدەستێتەوە و دەست دەکاتەوە بە هەڵپەڕکێ و گۆرانی. مەبەست ئەوەیە؛ ئەسپەکە دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ژیان؛ وەکو باوکی هاملێت، کە لە شێوەی تارماییدا دێتەوە.

(شانۆگەرییەکە دەست پێ دەکات بە تەمسیلێکی کورتکراوەی بێدەنگ[١])

«شـایەک، لەگەڵ ژنەکەیدا دەست لەمـلان لە ناو باخـچـەیەکدا دەردەکەون. شـاژن لەسـەر ئەژنۆکـانی خـۆی لە بەردەمـی مـێردەکـەی دادەنیشـێت، وەکو بەو جـۆرە، ئەڤینی خـۆی بۆ مـێردەکەی دەرببڕێت. شا، هەڵی دەستێنێت و سـەری دەخاتە سـەر ملی ژنەکەی. لە دوای تۆزێک هـەر لە باخـچـەکـەدا، شـا، سـەری دەنێـتـەوە و دەنوێت. ژنەکـەی کە سـەیر دەکـات نوستووە، لەوێ بەجێی دەهێڵێت و دەڕوات. لە دوای تۆزێک، پیاوێک دێت، تاجەکەی لەسەر دادەکـەنێت، مـاچێکی تاجـەکـە دەکات و لە تـەنیشـت خـۆیەوە دای دەنێت. ئینجـا ژەهر ڕۆ دەکاتە گوێچکەی شایە نوستووەکەوە و دەڕوات. لە دوای ماوەیەک کە شـاژن دەگەڕێتەوە، دەبینێت مێردەکەی مردووە. بە ئاماژە، سۆزی دڵێ خۆی دەنووێنێت. پیاوەکە "پیاوکوژەکە" لەگـەڵ چەند کـەسـێکی تردا دەگـەڕێتـەوە. هـەمـوو سـەرەخـۆشـیی لە شـاژن دەکن. لـەشـە مـردووەکەی شـا، هـەڵدەگرن و دەیبـەن. پیاوەکە "پیاوکوژەکە" بە دیاریی جوان جوان، خـۆی لە شـاژن نزیک دەکاتەوە. بۆ سـەردەمێک شاژن رووی لەگەڵیا گرژ دەبێت، بەڵام لە دواییدا دەست دەکەنە ملی یەکتری.»

(نیارڤانەکان دەڕۆن)

ئۆفێلیا:

سەروەرم، ئەمە، ماناکەی چییە؟

هاملێت:

بە مەریەم، ئەمە، بێناموسییە. (پێشکێشکەرەکە دێتە سەر شانۆ)[٢]

ئۆفێلیا:

وا دیارە ئەمە، بە ئێمە دەڵێت؛

شانۆگەرییەکە، دەربارەی چییە. ٣,٢,١٢٥

هاملێت:

ئەمە، بۆمانی، روون دەکاتەوە.

---

(١) جاران، هەر لە کاتی رۆمانییەکانەوە، زۆر جار. شانۆگەری، لە پێشادا، بە کورتی، بە ئاماژە، بێدەنگ، تەمـسـیل دەکـرا، پیش ئەوەی شـانۆگـەرییـەکـە بە درێژی پیشـان بدرێت. بۆ ئەوەی خـەڵکی بزانن، شانۆگەرییەکە دەربارەی چی دەبێت.

(٢) پێشکێشکەر: لە کاتی شێکسپیردا زۆربەی تەمسیلەکان بێدەنگ بوون. یەکێک لە لایەکی شانۆکەوە دەوەستا بە تایبەتی بۆ ئەوەی ئەو جێگەیانەی کە باش ڕوون نییە، روونی بکاتەوە (شەرحی بکات) پیان دەگوت؛ پێشکێشکەر یان "ڕاڤەکەر".

نیارڤانەکان،

ناتوانن پەنهان، بشارنەوە.

گشت شتێک دەڵێن.[١]

ئۆفێلیا:

ئەم، پێمان دەڵێت،

چییە مەبەستی نوواندنەکە؟[٢]

هاملێت:

ئا،

یان، هەرچییەکی تۆ پیشان بدەیت،

ئەگەر شەرم نەکەیت،

پیشانی بدەیت،

ئەو شەرم ناکات؛

یەکسەر پێت دەڵێت، ماناکەی چییە.

ئۆفێلیا:

تۆ رەوشت بەدیت، تۆ رەوشت بەدیت.

ئیتر گوێ دەگرم[٣]

پێشکێشکەر:

بە ناوی ئێمە و تراجیدییەکەی ٣,٢,١٣٠

تەمسیلی دەکەین،

بە سەرشۆڕییەوە دەپاڕێمەوە

کە بەزەییتان پێمان بێتەوە؛

بە ئارامەوە، گوێمان لێ بگرن.

هاملێت:

ئایا، ئا ئەمە، پێشەکییە، یان

جۆرە نەخشێکی ئەنگۆستیلەیە؟[٤]

---

(١) پەنهان؛ نهێنی، سرِ.

(٢) نوواندن؛ تەمسیل

(٣) ئۆفێلیا، لە مەبەستەکەی، تێ دەگات. دەڵێت؛ رەوشت بەدیت. وسبە، ئیتر دەمەوێت گوێ بگرم.

(٤) نەخشی سەر ئەنگۆستیلە، کاتی زۆر دەوێت. هاملێت، حەز دەکات زوو دەست پێ بکات.

ئۆفێلیا:

بەگ، درێژ نییە.

هاملێت:

وەک ئەڤینی ژن.

(شا و شاژنی شانۆ دەست لەملان دەردەکەون)

شای شانۆ:

سی جاری تەواو گالیسکەی (فۆیبەس)،
وا سووڕایەوە بە دەوری دەریای
نێپتوون و خاک و زەمینی "تێلەس".[1]
سی دەرزەن مانگیش،
بەو بڵیسەیە وام کراوەوە،[2]
دوانزە کەڕەت سی، سووڕاوەتەوە
بە دەوری جهان،
لەو ساوەی ئەڤین، دڵەکانمانی و
"هایمن" لە دوایی، دەستەکانمانی[3]
بە پیرۆزترین بەندی دڵداری،
بەست بەیەکەوە.

شاژنی شانۆ:

خۆزگە ئەوەندەی تریشمان دەدی
لە گەشتەکانی ئەم مانگ و ڕۆژە،
بەر لەوەی ئێمە،
خۆشەویستیمان کۆتایی پێ بێت.
بەڵام وەی لە من،
لەم دواییەدا، هەندەی نەخۆشیت،
هەندەش لە شادی جارانت، دووریت.

---

(١) گالیسکەی فۆیبەس؛ گالیسکەی (عرەبانەی) ڕۆژ. نێپتوون؛ خوای دەریا. تێلەس؛ تێررا، گۆی زەمین.

(٢) وامکراو؛ قەرزکراو. مانگ، بلیسکەکەی هی خۆی نییە، لە ڕۆژەوە وەری دەگرێت.

(٣) هایمن؛ خوای ژنومێردکردن.

ئەوە من هەندێک نیگەران دەکات.
هەرچەندە کە من، نیگەران دەکات،
بەلام، با ئەوە، دڵت پەست نەکات.
چونکە ژن ترسی، لەگەڵ ئەڤینی
کەم و زۆر دەکات.(١)
ئێستا، شارەزایت تۆ لە ئەڤینم؛
هەمیشە ترسم، هەندەی ئەڤینمە.
خۆشەویستیمان، گەلێک گەورەبێت؛
کەمترین گومان، دەمان ترسێنێت.
لەو شوێنەی ترسی بچووک، زل دەبێت،
هەر لەو شوێنەشدا،
ئەڤینی مەزن، پەروەردە دەبێت.(٢)
شای شانۆ:
من، بە ئیمانم، خۆشەویستەکەم،
پێویستە کە زوو بەجێت بهێڵم.
هێزی کاریگەر،
گۆ ناکات ئیتر، لە ناو تەنمدا.
ئەتۆ، لە ناو ئەم دنیا جوانەدا،
لە دوای من دەژیت؛
بەڕێز، جوان، دڵبەر.
ئینجاکە خۆزگە، مێردێک هەڵدەکەوت
ڕەسەن و متۆ، ئاوا وەکو خۆت،(٣)
تا شووی پێ بک......
شاژنی شانۆ:
ئاخ،

---

(١) ئەگەر خۆشەویستی نەبێت، ترسیش نا بێت.
(٢) متۆ؛ سەخی و دڵ پاک و نەرم.
(٣) لەو شوێنەی؛ شوێن، لێرەدا، دڵ دەگرێتەوە. «لەو شوێنەی؛ لەو دڵەی»

تەواوی نەکەیت.
ئەڤینێکی وا، پێویستی دەبێت
بە ناپاکییەک، لە دڵما، هەبێت.
دووەم مێرد، ڕەبی، لەعنەتی خوام بێت.[(١)]
بە دووەمین مێرد، شوو ناکات ژنێک
ئەگەر یەکەمیانی، خۆی، نەیکوشتبێت.

هاملێت:

تاڵە، زۆر تاڵە.

شاژنی شانۆ:

ئەوەی کە هانت دەداتێ و دەتبات
بۆ دووەمین شوو
کارێکی سووک و بەرژەوەندییە.[(٢)]
لەگەڵ ئەڤیندا، پێوەندی نییە.
یەکەمین مێردی خۆم دەمرێنم
بۆ دووەمین کات،
کە دووەم مێردم
لە ناو جێگەدا، ماچی من دەکات.

شای شانۆ:

لەو باوەڕەدام؛
ئەوەی بە ڕاستی لە دەروونتایە،
بە منی دەڵێیت.
بەڵام،
ئەو بەڵێنانەی ئێمە دەیاندەین،
خۆمان، گەلێک جار، دەیانشکێنین.
نیاز، خۆی تەنیا
هەر بەندەیەکە لای بیرویادمان؛[(٣)]

---

(١) ڕەبی دووەمین مێردم ببێت بە لەعنەتی خوا بۆ من «لەعنەتی خوام لێ بێت ئەگەر شووبکەمەوە».
(٢) بەرژەوەندی؛ مەسڵەحەت.
(٣) نیاز، زۆر جار جێبەجێ ناکرێت، یان لە بیردا نامێنێتەوە. ئەو تینەی هەیەتی لە کاتی لەدایکبووندا، کات "زەمان" دای دەمرکێنێت.

زۆر بەتینەوە، دێتە دنیاوە،
بەسەزمانە؛
زەمان، زوو تینی دادەمرکێنێت.
ئەوەی کە ئێستا، وەکو میوەی زرک،
بە دارەکەوە، توند توند نووساوە،
کاتێ پێ دەگات،
بێ راوەشاندن، بەردەبێتەوە.
شتێکی گەلێک ئاسایە کەسێک،
لە بیری بچێت، کە بیداتەوە
ئەو قەرزانەی کە
خۆمان لە خۆمان، قەرز کردووە.[١]
ئەو مەبەستەی کە
لە کاتی کوڵی سۆزدا دەمانبێت،
سۆز کۆتایی بێت،
ئەویش دەڕوات و بۆ خۆی ون دەبێت.
پەژارە و شادی، لەگەڵ خۆیاندا،
هەردووک کۆتایی بە نووێنەرانی
خۆیان دەهێنن.[٢]
لەو شوێنەی ڕەندە و کەیف دەکات شادی،[٣]
هەر لەو شوێنەشدا، پەژارە دەگری:
بە بچووکترین بیانو، پەژارە
خەنین دەیگرێت،
شادیش، هەر وا زوو،

(١) وا دیارە، لێرەدا شا، گاڵتە دەکات: ئەو بەڵێنەی کە بە خۆمانی دەدەین وەکو وام "قەرز" وایە و دەبێت بدرێتەوە "جێبەجێی بکرێت". بەڵام، شتێکی ئاسایە، ئەو وامەی کە خۆمان لە خۆمان قەرز کردووە، نەیدەینەوە.

(٢) نووێنەری پەژارە، گریانە. نووێنەری شادی، پێکەنینە. کە پاژارە کۆتایی دێت، گریانیش کۆتایی دێت. هەروەها شادی.

(٣) رەند؛ دڵشاد. رەندە؛ دڵشادە. لەو شوێنەی رەندە؛ لەناو ئەو کەسەی کە شادی، رەندە.

شین دەکا و دەگری.[١]
ئەم دنیایەمان،
نامێنێتەوە تا هەتا هەتا.
هیچ "نامۆ"ش نییە[٢]
تا ئەو ئەڤینەی، کە بۆ یەکتری
ئێمە، هەمانە،
بگۆڕرێت لەگەڵ گۆڕینی بەختدا.
چونکە تا ئێستا، ئا ئەم پرسیارە،
هەر چاوەڕوانی سەلماندن دەکات:
ئایا ئەڤینە، بەخت دوای دەکەوێت
یان بەخت، یەکەمە و ئەڤین لە دوای دێت؟[٣]
کە پیاوی مەزن، پەکی دەکەوێت، ٣,٢,١٨٥
سەیر دەکەیت دۆستی هەرە نزیکی،
دوور دەبێتەوە لێی و دەفڕێت.
پیاوی هەژاریش، خۆ کە بەخت دەگرێت،
دوشمنی دوێنێی دەبێت بە دۆستی.
هەتاکو ئێستا،
ئەڤین، نۆکەریی بۆ بەخت کردووە:
چونکە ئەو کەسەی پێویستی نییە؛[٤]
دۆستی، کەم نییە.
بەڵام ئەو کەسەی، لە تەنگانەدا،
پێویستی هەبێت

---

(١) ئەوکەسەی زۆر و زوو پەست دەبێت، زۆر و زووش کەیفی دێت. بە هۆیەکی بچووک کەیفەکەی دەبێت بە پەژارە و دەگری. وە هەروەها، بە هۆیەکی بچووک پەژارەکەی دەبێت بە کەیف و پێ دەکەنێت.
(٢) نامۆ: سەیر،غەریب.
(٣) هێشتا مرۆڤایەتی بڕیاری نەداوە کامیان گرینگتر و بە تواناترە؛ بەخت یان خۆشەویستی: ئایا خۆشەویستی بەختت بۆ دەهێنێت، یان بەخت خۆشەویستیت بۆ دەهێنێت.
(٤) ئەوەی کە پێویستی بە یارمەتی نییە، دۆستی زۆرە؛ هەموو کەسێک ئامادەیە یارمەتی بدات. بەڵام ئەوەی کە پێویستی هەیە بە یارمەتی، کەم کەس یارمەتی دەدات.

دۆستێکی پووتی تاقی بکاتەوە؛
یەکسەر دەیگۆڕێت، دەیکات بە دوژمن.
بەڵام ئیتر با کۆتایی بێنم
بەوەی کە دەمگوت، لە سەرەتادا؛
چارەنووسمان وا لەگەڵ ویستماندا،
دژی یەکترن؛
پلانەکانمان، هەمیشە هیچیان
جێبەجێ نابن؛
بیرکردنەوە و هێڵکاری و پیلان،[١]
هینی خۆمانن.
ئەنجامەکانیان، بە دەست ئێمە نین.
تۆ وا بیر دەکەیت
کە ناتەوێت و ئارەزوو ناکەیت،
بۆ دوویەمین جار، بچیت مێرد بکەیت.
بەڵام ئەو بیرەت، دەمرێت، نامێنێت،
لەگەڵ مردنی یەکەمین بەگت.[٢]

شاژنی شانۆ:

ئەم خاکە، ڕەبی، نانم نەداتێ
نە رۆژ لە ئاسمان سۆمایی و تیشکی.
نە بە رۆژ نە شەو، ڕەبی ببینم،
سرەوت و شادی،
بێ ئومێدی بێت، هیوا و ئاواتم،
لە بەندیخانە،
ژیانی ڕەبەن دەک ژیانم بێت،
هەرچییەک دژی ئەوە بێت، ئەوەی
ئارەزووی دەکەم،

---

(١) هێڵکاری؛ پرۆژەدانان، نەخشەدانان، تەختیت.

(٢) یەکەمین بەگ؛ یەکەمین مێرد.

ڕەبی زاڵ ببێت
هێزی بەسەریا و لە ناوی بەرێت.
لە هەرچ کوێیەک بم
لەعنەتی خوا، بە دوامەوە بێت،
لێرە و لەوێشدا،[1]
ڕۆژێک من، ئەگەر،
دوای بێوەژنیم، ببم بە هاوسەر.
هاملێت:
ئەی ئەگەر هاتوو، ئێستا، شکاندی![2]
شای شانۆ:
ئەمە سوێندێکی گرینگ و قووڵە.
توخوا، شیرینم،
لێرە بۆ دەمێک، بەجێم بهێڵە.
من، ورە و هێزم بەڕاستی گەلێک،
خاو بوونەتەوە.
خۆزگە دەمتوانی بە نووستن گیانم
بشارمەوە،
لە دەست ئەم ڕۆژە پیاو وەڕسکەرە. (دەنوێت)
شاژنی شانۆ:
بنوو،
با نووستن، مێشکت راژەنێت،
بەد بەختێش، خوایە،
هەرگیز نەکەوێت نێوان ئێمەوە.
هاملێت:
خاتوون، بەدڵتە شانۆگەرییەکە؟

(١) لێرە و لەوێشدا؛ لەم دنیایە و لە دنیای داهاتووشدا.
(٢) ئەی ئەگەر هاتوو سوێندەکەی خۆی شکاند.

گێرتروود:

ئەمن، لام وایە، بانووەکە هەندێک
زیاد لە پێویستی بەڵێنی دایە.

هاملێت:

ئەها،
بەلام بەڵێنی خۆی دەپارێزێت.

کلۆدیەس:

دەزانیت باسی چی تێدا دەکرێت؟[١]
هیچی تێدا نییە پیاو بتۆرێنێت؟

هاملێت:

نا، نا، گاڵتەیە؛
گاڵتەیە و دەیکەن.
بەلام گاڵتەکە، ژەهری تێدایە،
دڵشکاندنی کەسی تێدا نییە.

کلۆدیەس:

شانۆگەرییەکە، ناوەکەی چییە؟ ٣,٢,٢١٥

هاملێت:

"تەڵەی مشکگرتن".
بە مەریەم، بۆچی؟[٢]
ئەمە، ناوێکی تەنیا رەمزییە.[٣]
ئەم تەمسیلە هەر
وێنەی تەواوی پیاوکوشتنێکە،
لە ڤیەنەدا، رۆژێک، رووی داوە.
"گۆنزاگۆ"، ئەوە، ناوی "دۆق"ێکە
"باتیستا"ش ناوی ژنەکەیەتی.

---

(١) دەزانیت شانۆگەرییەکە، دەربارەی چییە؟
(٢) بە مەریەم بۆچی؟ ؛ تو حەزرەتی مەریەم، دەتوانیت هەڵی بهێنیت بۆچی ناوەکەی وایە؟
(٣) ئەمە، رەمزییە؛ ئەم ناوە رەمزییە "هێماییە"

تۆ، خۆت، لە دوایی، هەمووی دەیبینیت؛
کردەوەیەکی گەلێک نەگریسە.
بەڵام پێوەندی چییە بە ئێمەوە؟
شکۆدار، ئێوە و ئێمە دەروونمان
شوکر ئازاد و پاک و بژوینە؛
با ئاخ و ئۆی بێت،
ئەو ولاخەی کە پشتی برینە،[١]
ئێمە، ناوشانمان،
خۆ نەڕووشاوە؛ ساغ و سەلیمە.
(لوسیانەس دەردەکەوێت.)
ئەمە، "لوسیانەس"ە.
ئەمە، برازای پاشاکەیانە.

ئۆفێلیا:

بەگم، تۆش هەندەی پێشکێشکەرەکە،[٢]
دیارە دەزانیت.

هاملێت:

ئەمن دەتوانم بە پەیامبەری
تۆ و دڵدارت بم.
بووکەڵەکانی ئێوەم ئەگەر دەدی،
چاوبازی لەگەڵ یەکتری بکەن.[٣]

---

(١) ئەو ولاخەی کورتان یاخۆ زین، توند بە پشتییەوە دەبەسترێت، بۆ بار هەڵگرتن، پشتی، وە بەتایبەتی ناوشانەکانی دەڕووشێت و دەبێت بە برین. ولاخەکە رووی گرژ دەبێت و دەناڵێنێت (ئاخ و ئۆی دەکات). کورتانی بارەکە وای لێ دەکات. پیاوی تاوانباریش (دەروون ناپاکیش) وەکو لە ژێر بارێکی گراندا بێت وایە؛ هەر ئاخ و ئۆی دێت.

(٢) پێشکەشکەر؛ جاران شانۆگەری بێدنگ (لاڵ)، زۆر باوبووە. بەڵام لە تەمسیلدا، زۆر ئاسان نییە هەموو شتێک بە ئاماژە دەرببڕیت. لەبەر ئەوە، پێشکێشکەر، کاری ئەوە بوو؛ ئەو شتانە بە وتە روون بکاتەوە. زۆر جار پێشکێشکەرەکە، یەک کەس نەدەبوو، کۆمەڵەیەک (کۆرسێک) دەبوو بە گۆرانییەوە دەیانگوت.

(٣) شانۆگەری هەیە، نیارڤانەکانی، بووکەڵەن. یەکێک لە دوای پەردەیەکەوە لەباتی ئەوان دەدوێت. لێرەدا، هاملێت، پێی دەڵێت من ئیتر گوێ نادەمێ؛ لەگەڵ کێ چاوبازی دەکەیت بیکە، تا دەشتوانم گەوادی بکەم لە نێوان تۆ و دڵدارەکەتدا «هاملێت، لەو باوەڕەیە کە ئۆفێلیا ئێستا خۆشەویستێکی تری هەیە».

ئۆفێلیا:

سەوەرم، ئەتۆ،

تیژیت، زۆر تیژیت.[١]

هاملێت:

تا نە ناڵێنیت،

تیژی ئارەزووم، کول ناکەیتەوە.[٢]

ئۆفێلیا:

ئەمجا، باشتریش،

و خراپتریش.[٣]

هاملێت:

واش، مێردەکانتان، دەخەڵەتێنن.[٤] (روو دەکاتە شانۆکەوە)

دەی، پیاوکوژەکە، دەستی پێ بکە:

لە دیمەی گرژت

وازبهێنە و دەی؛ دەستی پێ بکە.

بۆ سەندنەوەی تۆڵە، ئەوەتا؛

قاژوو دەخوێنێت، واقەواق دەکا.[٥]

لوسیانەس:

بیرکردنەوەم، رەشە، رەش رەشە.

دەست، ئامادەیە.

دەرمانەکەشم، باشە، دەگونجێت.

کاتەکەش باشە.

---

(١) تیژیت؛ قسەکانت تاڵ و تیژە.

(٢) تیژی ئارەزووم؛ تیژی ئارەزووی سێکسیم. تا لە ئازاردا، هاوار نەکەیت، تیژی ئارەزووی سێکسیم کول ناکەیتەوە. «دیسان لێرەدا، هاملێت، بە زمانێکی دوورووەوە وتەی ناشیرین دەبێژێت».

(٣) ئەمجا بە زمانێکی زیرەکتریش "باشتریش" قسە دەکات و ماناکانیشی، خراپترە.

(٤) کاتی مارەکردن، لە کەنیسە، ژن و مێرد، بەڵێن بە یەکتری دەدەن کە هەتا ماون بەیەکەوە بژین و یەکتریان خۆشبوێت؛ هاوسەنگ، ئەگەر لە ئایندەدا بارودۆخیان باشتربێت یان خراپتر- بێت. هاملێت، بە ئۆفێلیا دەڵێت؛ ئێوە بەو وتە پووچانە مێردەکانتان هەڵدەخەڵەتێنن.

(٥) قیرەقیڕی قاژوو، شتێکی بەیوومە. تۆڵەسەندنەوەش کارێکی خراپە.

ئیتر زەمانی هاوبەشم نەبێت،[١]
بوونەوەرێکی
تر نییە لێرە چاوی پێ بکەوێت.
ئەتۆش، گیراوەی بۆگەنی دڕن،
کە لە گژوگیای نیوەشەواندا،[٢]
دەرهێنراویت،
لەعنەتی هیکێت، سێ جار کراویت،[٣]
دووبارە سێ جار گڵاو کراویت،
دەی بەو تەلیسمە سروشتییەکەت و ٣,٢,٢٣٥
ڕەوشتی بەدت،
هەر یەکسەر ئێستا، ژینی سازگاری
لێ داگیر بکە.
(ژەهرەکە ڕۆ دەکاتە گوێچکەی شا نووستووەکەی شانۆکەوە)

هاملێت:

لە ناو باخەکەی،
ژەهری دەداتێ، بۆ وڵاتەکەی.[٤]
گۆنزاگۆ، ئەمە ناوەکەیەتی.
ئا ئەم ڕووداوە،
هێشتا باسەکەی دەکرێت و ماوە.
بە زمانێکی جوانی ئیتالی،
تۆمار کراوە.
ئێستا، دەبینیت؛ چۆن پیاوکوژەکە
دڵی ژنەکەی

---

(١) ئەم کارەی کە دەیکەم، لە زەمان بەولاوە، کەس لێرە نییە بیبینێت. زەمان هەمیشە لە هەموو جێگەیەکدایە؛ هەموو شتێک دەبینێت. «زەمان هاوبەشێتی بۆیە نایوەستێنێت»

(٢) ئەو گژوگیایانەی کە ئەو ژەهرە بەهێزەیان لێ دروست دەکرێت، نیوەشەو کۆ دەکرێنەوە.

(٣) هیکێت؛ خوای تەلیسم و نوشتەی ڕەشە. «نوشتەی ڕەش، تەنیا بۆ ئازاردانی خەڵکییە»

(٤) بۆ وڵاتەکەی؛ بۆ ئەوەی وڵاتەکە لێ داگیر بکات.

"گۆنزاگۆ" دەبا و دەیکات بە دیلی.

ئۆفێلیا:

ئەوا، شا، هەڵسا.

هاملێت:

بۆ،

بڵێیت بترسێت،

تەنیا لە دەنگی فیشەکی ساختە؟[١]

گێرتروود:

سەروەرم، چیتە؟

پۆلۆنیەس:

شانۆگەرییەکە، با بووەستێنن!

کلۆدیەس:

هەندێک ڕووناکی، دەی ئیتر بڕۆین.

یاوەرەکان:

ڕووناکی، ڕووناکی، ڕووناکی.

(هەموویان دەڕۆن، هەر هاملێت و هۆراشیۆ دەمێننەوە.)

هاملێت: (بە گۆرانییەوە دەڵێت)

دەی با ئاسکە برینداركە،

بڕوات و بگری.

نێرە ساغەکە، کەوتووەتە یاری.

چونکە لەو کاتەی پێویستی دەکات

هەندێک کە بنووێت،

هەندێک، پێویستە کە پاسەوان بێت. ئیتر ئاوایە، ئەم ژیانەمان.[٢] (ڕوو دەکاتە هۆراشیۆ).

---

(١) فیشەکی ساختە؛ فیشەکی چرووک «هەر دەنگی لێ دێت، قورقوشمی تێدا نییە»

(٢) ئاسکە بریندارەکە... ئەم ژیانەمان: لە کاتی شێکسپیردا گۆرانییەکی ئاوا هەبووە. چونکە بەو تەڵەیەی دای نابوو، هاملێت، توانی مامەکەی خۆیی بگرێت، بۆیە ئێستا کەیفی هاتووە؛ گۆرانی دەڵێت. ئاسکە بریندارەکە، ماماکەیەتی ، ئاسکە ساغەکەش، خۆیەتی. «ئیتر ئاوایە ئەم دنیایەمان؛ ناتوانین هەموو کەسێک رازی بکەین. ئەو شتەی پەژارە دەخاتە دڵی یەکێکەوە لەوانەیە شادی بخاتە دڵی یەکێکی ترەوە.»

ئەگەر هاتوو بەختم، ببێت بەکافر،[١]
ئایا ئەمە، بۆم
مسۆگەر ناکات، بەگی بەڕێزم،
لەگەڵ هەندێک پەڕ،
دوو گوڵی کێویش،
بۆ ڕازاندنەوەی پێڵاوەکانم،
خاوەن بەشێک بم،
لە یانەیەکی نیارڤانیدا؟[٢]

هۆراشیۆ:

هەر نیوە بەشیک.

هاملێت:

بەشێکی تەواو. (دەست دەکاتەوە بە گۆرانی)
وەکو دەزانی، "دامۆن"ی ئەزیز،[٣]
ئەو مەملەکەتەی هەڵوەشێندرا،
موڵکی جۆڤ بوو، خۆی.
ئێستا، تاووسێک حوکمدارێتی[٤]

هۆراشیۆ:

دەتتوانی سەروا، بدەیت بەو دێرە.[٥]

---

(١) ئەگەر هاتوو بەختم ببێت بە کافر؛ ئەگەر لە ئایندەدا بەدبەخت بم.

(٢) هاملێت، لە هۆراشیۆ دەپرسێت؛ ئەوەی کە بە هۆی شانۆگەرییەوە من توانیم شا بگرم، ئایا بۆم مسۆگەر ناکات، ئەگەر هاتوو لە ئایندەدا تووشی بەدبەختی بم، ببم بە ئەندامی یانەیەکی نیارڤانی. بەتایبەتی ئەگەر بە پەڕ و دوو گوڵ، کڵاو و پێڵاوەکانم بڕازێنمەوە «لێرەدا، دیارە، شێکسپیر، ڕەخنە لە نیارڤانەکان دەگرێت. چونکە ئەوسا باوبووە بەو جۆرە خۆیان، بڕازێننەوە.»

(٣) لە چیرۆکێکی کۆندا، لە کاتی شێکسپیردا، دوو هاوڕێ هەبوون، دامۆن و پیتیاس، زۆر یەکتریان خۆش دەویست. لەبەرئەوە کە یەکێک بە یەکێکی تری بگوتایە 'دامۆن' مەبەستی ئەوە بووە بڵێت دۆستە خۆشەویستەکەم.

(٤) ئەو مەملەکەتەی هەڵوەشێندرا؛ مەملەکەتەکەی باوکی "هاملێت"ە. بە کوشتنی ئەو، مەملەتەکە هەڵوەشێندرا. جۆڤ "یوپیتەر"؛ گەورەی خوایەکانی رۆمانە. هاملێت، دەڵێت، باوکم ئەوەندە شایەکی باش بوو، وەکو جۆڤ حوکمی دەکرد.

(٥) مەبەستی ئەوەیە؛ ئەگەر لە جێی وشەی (تاووس pajock) وشەی (کەر ass ) بەکار بهێنیت دێرەکە سەروای دەبێت. سەیری ئینگلیزییەکەی بکە: دێری ٣,٢,٢٥٥ بە وشەی (was) تەواو دەبێت. ئەگەر (تاووس؛ pajok) لە دێری ٣,٢,٢٥٧ بگۆڕدرێت بە (کەر؛ ass) دوو دێرەکە بەیەکەوە سەروایان دەبێت.

هاملێت:

ئای، هیراشیۆ، ئای،
دۆسته باشەکەم،
من وتەکانی تارماییەکەم
بە هەزار پاوەند، ئێستا، دەکڕی.
تۆ هەستت پێ کرد؟[١]

هۆراشیۆ:

گەورەی بەڕێزم، گەلێک بە باشی.

هاملێت:

ئەوسای کە باسی ژەهرەکەی دەکرد؟[٢]

هۆراشیۆ:

باش تێبینیم کرد.
(ڕۆزنکرانتز و گڵدنستێرن دەردەکەون.)

هاملێت: (لە دوورەوە دەیانبینێت)

ئەها،
دەی هەندێک ئاواز؛ دەی نای لێ بدەن.
چونکە ئەگەر شا،
حەز نەکات سەیری کۆمێدییەکە بکات
بەو خوایە، دەبێت پەسەندی نەکات.
دە دەی کەوابێت؛ ساز، با لێ بدات.[٣]

گڵدنستێرن:

ڕێم دەدەیت، بەگم،
من وتەیەکم هەیە پێت بڵێم.

---

(١) هەستت پێ کرد چۆن شا، تێک چوو. هاملێت، تووڕەبوونی شای، پێ خۆشە.

(٢) سەیری قسەکانی لوسانیەس بکە لە دێری ٣,٢,٢٣١ هەتاکو دەڵێت ژینی سازگاری لێ داگیر بکە.

(٣) هاملێت، کە ڕۆزنکرانتز و گۆڵدنستێرنی دی هاتن، تێگەیشت کە هاتوون بە شوێنیا. چونکە ئەمجا باش هەستی کرد کە شا، تووڕەبووە. بێگومان پێی خۆشبوو کە مامی تووڕەبووە، بۆیە ئارەزووی ئاواز دەکات. کۆمێدی؛ بە ئاسایی، شانۆگەرییەکی هەزەلییە. هەرچەندە " کوشتنی گۆنزاگۆ" هەزەلی نییە، بەڵام بۆ هاملێت، چونکە شای پێ تووڕە کرد، بوو بە هەزەلی.

هاملێت:

هەرچەند دەفەرموویت.

گڵدنستێرن:

جەنابی شا، بەگ-

هاملێت:

ها، گەورەم، جییەتی؟

گڵدنستێرن:

نارەحەت بووە، چوو بۆ ژووری خۆی.

هاملێت:

بەگم، لەبەرچی نارەحەتبووە،
بە خواردنەوە؟

گڵدنستێرن:

نا، نا، سەروەرم،
تاڵی زراوی، توورەی کردووە.[1]

هاملێت:

ئەتۆ، دەبوایە
دانابیت، هەندێک بەکار بهێنیت؛
بنێریت بە شوێن پزیشکەکەیدا.
چونکە ئەگەر من، بێم بۆ تیماری؛
لە دەرد، دەروونی پاک بکەمەوە،[2]
زۆر لەوانەیە، تاڵی زراوی،
تاڵتر بکەمەوە.

گڵدنستێرن:

گەورەی بەرێزم، تۆ دارێژگەیەک[3]

---

(١) جاران وایان دەزانی زراو، کە تاڵی رۆ دەکاتە خوێنی کەسێکەوە، رەوشتی ئەو کەسە دەگۆڕێت؛ توورەی دەکات.

(٢) هاملێت، دیسانەوە بە ماناوە قسە دەکات؛ دەروون پاککردنەوە، ئەمە جۆرە تیمارێکە، جادووگەران، بە کاریان دەهێنا بۆ دەرکردنی شەیتان و جنۆکە لە دەروونی شێت و مرۆڤی بەددا.

(٣) دارێژگە؛ قاڵب.

پێویستە بدەیت بە وتەکانت.
ناشبێت بەم جۆرە، بە دڕندەیی
لە مەبەستی من دوور بکەویتەوە.[١]

هاملێت:
ئاغا، من ماڵیم، گوێم لێتە، فەرموو.

گڵدنستێرن:
شاژنی دایکت،
لە دۆخێکی زۆر سوێدار و پەستدا،[٢]
منی نارد بۆ لات.

هاملێت:
گەلێک بەخێربێیت.

گڵدنستێرن:
بەخێرهاتنی گەرم و روو پێدان،
ناگونجێن و لام، هیچ گرینگ نییە.
ئەگەر پێت خۆشە تۆ وەرامێکی
دروست بنێریت،
بە پێی فەرمانی دایکت، من دەیبەم؛
بەڵام ئەگەر نا؛
لێبووردنی تۆ و گەڕانەوەکەم،
دەبنە کۆتایی ئەم ئەرکەی دەیکەم.

هاملێت:
گەورەم، ناتوانم من ئەوە بکەم.

ڕۆزنکرانتز:
گوتت چی، گەورەم؟

هاملێت:
وەرامی رەوا و دروست بنێرم؛

---

(١) بە دڕندەیی؛ ئاوا بەجارێک. من مەبەستم ئەوە نەبوو کە بڵێم، شا، نەخۆشە و پێویستی بە یەکێکە بێت تیماری بکات.

(٢) دۆخ؛ بارودۆخ، وەزع.

بیمارە مێشکم، سەرلێشێواوم.[1]
بەڵام، وەرامی ئاوا دەتوانم
من بدەمەوە،
تەنیا بە ئەمر و پێ وتنەوەی
جەنابت، بەگم.
یان وەکو فەرمووت، بە ئەمری دایکم.
بەسە کەوابێت لەسەری مەڕۆن.
بگەڕێینەوە بۆ سەر باسەکە؛
تۆ دەلێیت دایکم . . . .

ڕۆزنکرانتز:

کەوابێت: دەڵێت؛ بەو کردەوەیەت،[2]
زۆر حەپەساوە و سەری سوڕماوە.

هاملێت:

چ ڕۆڵەیەکی نایاب بێت دەبێت،
کە وا بتوانێت،
بەو جۆرە دایکی بحەپەسێنێت!
بەڵام، ئایا هیچ شتی تر نییە
کە لە دوای ئا ئەم
حەپەساندنەی دایکممەوە بێت؟
دەدەی پێم بڵێ.

ڕۆزنکرانتز:

ئارەزوو دەکات بدوێت لەگەڵت،
ئەمشەو، پێش ئەوەی بچیت بۆ جێگە.

هاملێت:

گوێرایەڵ دەبم،

(١) هاملێت، وەکو شێت خۆی دەنووێنێت.

(٢) کەوابێت ئەگەر گوێم لێ دەگریت، دایکت دەڵێت....

ئەگەر دەجاریش ئەو دایکی من بێت.[١]
هیچ ئیشی ترت ماوە بە ئێمە؟

ڕۆزنکرانتز:

گەورەم، سەردەمێک، منت خۆش دەویست.

هاملێت:

ئێستاش، وەک جاران، من تۆم خۆش دەوێت
سوێندت بۆ دەخۆم
بە ئەم دوو دەستە دزانەی هەمە.[٢]

ڕۆزنکرانتز:

گەورەی بەڕێزم،
لەبەرچی ئاوا تووڕە و شێواوی؟
بێگومان تۆ خۆت، دەرگەی ئازادیت
دادەخەیت لە خۆت،
ئەگەر سوێی دڵت بە دۆستت نەڵێیت.

هاملێت:

بەگم، پێت دەڵێم؛
ڕێگەی سەرکەوتن، داخراوە لێم.[٣]

ڕۆزنکرانتز:

ئاخر چۆن دەبێت، لە کاتێکدا، شا،
کە خۆی بیەوێت؛ لە دەنیمارکدا،
تۆ میراتگری تاج و تەختی بیت؟

هاملێت:

بەڵێ، گەورەم، ئا.

---

(١) ئەمە وتاری پیاوێکی شێتە. دانا، وشە بەم جۆرە بەکار ناهێنێت. لەوانە بڵێت؛ بە قسەی ناکەم ئەگەر دەجاریش ئەو دایکی من بێت. وەکو دەزانین هاملێت، بەقەستی خۆی وەکو شێت دەنووێنێت.

(٢) منێس وەکو هەموو کەسێکی تر پیاوێکی ناپاکم. لێرەدا دیسان وەکو شێت خۆی دەنووێنێت.

(٣) ڕێگەی شاهێتی، لێ داخراوە. لە کاتی خۆیدا (سەیری دێری ٢,٢,٢٤٣ بکە) هاملێت گوتی؛ من، گوێ نادەمە شتی وا: دەتوانم بژیم من لە شوێنێکدا هەندەی گوێزێک بێت، خۆشم دابنێم بە شای وڵاتێک هەندە گەورەبێت، سنووری نەبێت.

تاکو گیایەکە گەورە و زل دەبێت–[١]
پەندێکی کۆنە، بۆی کەڕووی لێ دێت.[٢]
(نیارڤانەکان، شمشاڵ دەهێنن)
ئای،
شمشاڵیان هێنا–
توخوا با سەیری یەکێکیان بکەم!
(شمشاڵێک هەڵدەگرێت و روو دەکاتەوە هاوڕێیەکانی؛ رۆزنکرانتز و گلدنستێرن)
با لاچین لێرە، بڕۆینە ئەولا.
پێم ناڵێن ئەرێ بۆ دەتانەوێت
دژی بایەکە، دوای من بکەون؟[٣]
وەک بتانەوێت بمخەنە داوێک؟

گڵدنستێرن:

ئاخ، ئاخ، گەورەکەم،
ئەگەر ئەرکەکەم، زۆر چاونەترس بێت،
دەبێت رەوشتی ئەڤینم، بەدبێت.[٤]

هاملێت:

لەوە، بە باشی، من تێنەگەشم.
توخوا، دەتوانیت، تۆ هەندێک یاری
بەم "نای"ە بکەیت؟[٥]

گڵدنستێرن:

گەورەم، ناتوانم.

---

(١) تاکو گیایەکە گەورە و زل دەبێت، کەرەکە لە برساندا، دەمرێت.

(٢) بۆ؛ بۆن. ئەمە پەندێکی ئەوەندە کۆنە کەڕووی هەڵهێناوە؛ بۆنی کەڕووی لێ دێت.

(٣) راوچییەکان، جاران، کاتی رەشەبا، تەڵە و تۆڕیان دادەنا و ئاژەڵەکانیان راودەنا بەرەو ئەو دیوەی کە رەشەباکەی لێوە دێت، بۆ ئەوەی رەشەباکە بیدات لە چاوی نێچیرەکانیان و رێگەی خۆیان باش نەبینن و بکەونە ناو تۆڕەکەوە.

(٤) چونکە من تۆم خۆش دەوێت، بە ئەرکی دەزانم پرسیارت لێ بکەم. بەڵام ئەگەر ئەرکەکەم نەترسێت پرسیارت لێ بکات، خۆشەویستییەکەم "ئەڤینم" دەبێت رەوشتێکی بەدی هەبێت.

(٤) بە ئینگلیزی کە دەڵێن (play on recorder) یەعنی نای لێدان (play on a man) یەعنی پیاو خەڵەتاندن. توخوا، دەتوانیت بەم نایە، یاری بکەیت؟ ؛ توخوا، دەتوانیت ئەم نایە لێ بدەیت؟

هاملێت:

تکات لێ دەکەم.

گڵدنستێرن:

بڕوام پێ بکە، گەورەم، ناتوانم.

هاملێت:

دەپاڕێمەوە، تکات لێ دەکەم.

گڵدنستێرن:

گەورەم، نازانم هەر بیشیگرم.

هاملێت:

هەر وەکو درۆ–
کردن، ئاسانە؛
بە پەنجەکانت، ئا ئەو کونانە
بەربدە و بگرە،
ئینجاکە، بە دەم، هەر فووی تێ بکە.
ئاوازی خۆشی لێوە دەردەچێتت.
سەیرێکیان بکە، ئا ئەم کونانە.

گڵدنستێرن:

من لێی نازانم، تاکو بتوانم،
دەنگی سازگاری پێ دەربهێنم.
پسپۆڕیم نییە.[1]

هاملێت:

ئێستا دەبینیت،
چەند بە شتێکی سووکم دەزانیت.
بۆم دەردەکەوێت، تۆ وا دەزانیت،
هەتە پسپۆڕی یاریم پێ بکەیت.[2]
لە کلیلەکانی من باش دەزانیت.[3]

---

(١) پسپۆڕی؛ شارەزایی.

(٢) یاریم پی بکەیت؛ بم خەڵەتێنیت یاخۆ مۆسیقام پێ لێ بدەیت "وەکو شمشاڵ، نای، پیانۆ"

(٣) کلیل؛ کلیلی مۆسیقا

دەزانیت کە چۆن، هەر لە رەگەوە،
پەنهانی دڵی من هەڵبکێشیت،
دەنگی سازگارم لێ دەربهێنیت،
لە نزمترین پلەی دەنگمەوە
تا بەرزترینی.
کەچی لەمەدا،
ئا لەم "ئۆرگەن"ە خنجیلەیەدا،[1]
گەلێک ئاوازی مۆسیقا هەیە،
لەگەڵ ئەوەشدا؛
لە توانای تۆدا نییە بیدوێنیت.[2]
توخوا، پێم بڵێ؛ تۆ، وات دەزانی،
بۆت ئاسانترە یاریم پێ بکەیت،
لەوەی کە تۆ بەم شمشاڵە بیکەیت؟
ناوم لێ بنێ
چی ئامێرێکم، تۆ، ناو لێ دەنێیت. ٣,٢,٣٣٥
هەرچەند دەتوانیت
بموروژێنیت،
بەڵام ناتوانیت بمخەڵەتێنیت. (پۆلۆنیەس دێت)
بەخێربێیت بەگم.

پۆلۆنیەس:

گەورەی بەڕێزم،
شاژن دەیەوێت لەگەڵتا بدوێت
هەر ئێستا دەبێت
بفەرموویت بۆ لای.

هاملێت:

ئەو هەورەی ئەوێ،

---

(١) ئۆرگەن؛ ئامێرێکی مۆسیقایە. بەڵام لێرەدا مەبەستی لە شمشاڵەکەیە.

(٢) بیدوێنیت؛ وای لێ بکەیت کە قسە بکات «وای لێ بکەیت کە ئاواز لێ بدات.»

دەبینیت کە چەند لە حوشتر دەچێت؟

پۆلۆنیەس:

بەو خوایە گەلێک لە حوشتر دەچێت.

هاملێت:

من وا بزانم لە دەڵەک دەچێت.

پۆلۆنیەس:

ئا، بەڵێ، پشتی، لە دەڵەک دەچێت.[١]

هاملێت:

یان لە حووت دەچێت؟

پۆلۆنیەس:

زۆر لە حووت دەچێت.

هاملێت:

ئەگەر ئاوا بێت، من، لە دوای تۆزێک،
بە ڕێوە دەبم، دایکم ببینم.– (لەبەر خۆیەوە)
وا دەزانن من شێتی تەواوم.–
لە دوای تۆزێک، دێم.

پۆلۆنیەس:

من، وای پێ دەڵێم. (پۆلۆنیەس دەڕوات)

هاملێت:

هەمیشە بۆ پیاو، ئاسانە بڵێت؛
"ئا، لە دوای تۆزێک".[٢]
هاوڕێیەکانم، بەجێم بهێڵن.
(هەموو، دەڕۆن. هاملێت، هەر خۆی دەمێنێتەوە)
ئێستایە کاتی جادووبازی شەو؛
گۆڕستانەکان،

---

(١) پشتی دەڵەک، هەر هیچ لە پشتی حوشتر ناچێت.

(٢) هاملێت، لای ئاسانە بڵێت "لە دوایی، یاخۆ لە دوای تۆزێک" بۆیە هیچ شتێک دەستبەجێ جێبەجێ ناکات، هەر دوای دەخات، وەکو تۆڵە سەندنەوەکەی.

خەواڵوون باوێشک هەر دەدەنەوە.[١]
جەهەننەم خۆشی، ئا لەم کاتەدا،
هەناسەی درمی
بۆ ناو جیهانی ئێمە دەهاوێت.
ئێستاکە خوێنی
گەرم دەتوانم، من، بخۆمەوە.[٢]
کاری ستەمی تاڵی وا بکەم،
سبەی بەیانی، رۆژ ئەگەر ببینێت،
ئەندامەکانی گشتی بلەرزێت.[٣]
بەسە، با وسکتبم،
ئێستاکە بۆ لای دایکی خۆم دەچم.
ئاخ، ئاخ، دڵەکەم،
تۆ، لە سروشتی
خۆت، وازنەهێنیت.[٤]
نەکەی بە روحی ٣,٢,٣٥٥
نیرۆن، رێ بدەیت[٥]
بۆ سنگی توندی پتەوم بچێت.
لەگەڵ دایکما، با درندەبم

(١) هاملێت، لەو بڕوایەدایە، کە شەیتان و خێو و تارماییی ناپاک، ئەوانن کە خراپە بە مرۆڤ دەکەن. کە گۆڕەکان، دەمیان دەکەنەوە، باوێشک بدەن، لەو کاتەدا، خێو و تارماییی خراپیان لێوە دەردەچێت.
(٢) جاران، ئەگەر لە پڕێکدا، منداڵێک بمردایە، وایان دەزانی خێو، دەستی لێ وەشاندووە بۆ ئەوەی لە دواییدا بچێت گۆڕەکەی بکاتەوە و خوێنەکەی بمژێت و بیخواتەوە. هاملێت، دەڵێت من ئێستا، ئەوەندە تووڕە و پەستم، لە دەستم دێت، وەکو ئەو خێوە خراپانە، خوێنی گەرم خۆمەوە.
(٣) بۆ بەیانییەکەی، ئەگەر رۆژ، ئەو کارە ستەمانەی من ببینێت، وا دەحەپەسێت و دەترسێت، گشت ئەندامەکانی دەکەونە لەرزین.
(٤) سروشتی دڵی مرۆڤ ئەوەیە کە دایکی خۆی خۆشبوێت و بە هیچ جۆرێک ئازاری نەدات.
(٥) نیرۆن (٣٧–٦٨)، لە سالی ٥٤ زاییندا لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا دەبێت بە ئیمپراتۆری رۆما. پیاوێکی زۆر ستەمکار دەبێت؛ دایکی خۆیی دەکوژێت و هەروەها (سێنێکا)، ئەو فەیلەسوفە بەناوبانگەی رۆما، کە بە مناڵی دەرسی پێ دەگوتەوە. چیرۆکی نیرۆن و دایکەکەی و سوتاندنی رۆما، کراوە بە پاشکۆیەکی ئەم کتێبە (پاشکۆی ٤)

زۆر دڕندەش نا؛
لە ڕادەی یاسا و ئاسایی دەرچم:
من، وتەکانم دەکەم بە خەنجەر،
بەڵام قەت خەنجەر، بە کار ناهێنم.
لە مەدا ئێوە، روح و زمانەکەم،
با درۆزن دەرچن.[١]
هەرچەند و هەر چۆن،
بە وشە و بە دەم، من سزای بدەم،[٢]
بەڵام، دڵەکەم،
نەکەیت، ها، نەکەیت،
رازی بیت؛ مۆری خۆتی پێوە کەیت.[٣]

(١) دوای ئەوەی کە مامەکەی لە شانۆکە بە تووڕەییەوە دەرچوو، هاملێت، بۆی دەرکەوت کە قسەکانی تارماییەکە راستە؛ باوکی بە دەستەکانی ئەو مامەی کوژراوە، ئەوەی کە ئێستا دایکی هێناوە و بووە بە شای دەنیمارک. لەبەرئەوە هەر دەبێت شتێک بکات. بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، نایەوێت ئازاری دایکی خۆی بدات. بەتەمایە بچێت بۆ لای دایکی بە زمان، هەڕەشەی لێ بکات، بەڵام ئەو هەڕەشانە قەت نەهێنێتە دی. بۆیە روح و زمانی درۆزن دەردەچن.

(٢) هەر بە قسە، سزای دەدەم (هەڕەشەی لێ دەکەم)

(٣) جاران، لەباتی ئیمزا، زۆر کەس، مۆری بەکار دەهێنا. هاملێت، بە دڵی خۆی دەڵێت؛ دڵەکەم، ها، رازی نەبیت ئەو هەڕەشانەی زمانم دەیکات، تۆ مۆری خۆتی پێوە بنێیت.

## دیمەنی ٣-٣

کلۆدیەس و رۆزنکرانتز و گلدنستێرن دەردەکەون

کلۆدیەس:

من خۆشم ناوێت،
دروستیش نییە،
بە شێتییەکەی، رێگە بدرێت.
جا لەبەر ئەوە ئامادە بن:
فەرمانەکانتان، وا بۆ دەردەکەم؛[١]
لەگەڵتان بچێت بۆ ئینگلتەرە.
ولاتەکەمان، ئا لەم بارەدا،
مەترسی ئاوا نزیک و گەورەی
پێ ناچێژرێت.
ئەوەی بە بۆنەی هاروهاجییەکەی،
سەعات بە سەعات
گەورەتر دەبێت.

گلدنستێرن:

ئامادە دەبین.
بەگ، پیرۆزترین
ترسی ئاینی، ئەوەیە: دەبێت[٢]
بپارێزرێت،
گیان و ژیانی
ئەو هەموو کەسەی

---

(١) فەرمانەکانی ئێوە، کە بچن بۆ ئینگلتەرە، بە جۆرێک دەردەکەم، کە هاملێت، لە گەڵتاندا بچێت.
(٢) ترسی ئاینی؛ لەخوا ترسان، دین.

بە سای جەنابتان دەخۆن و دەژین.[١]

رۆزنکرانتز:

ئا، هەموو کەسێک پێویستە، دەبێت
گشت هێز و زرێ و توانای مێشکی،[٢]
بەکار بهێنێت
تەنیا بۆ ئەوەی،
لە دەستی ئازار، خۆی بپارێزێت؛
بەڵام زۆر زۆرتر،
ئەوەی کە لەسەر دروستیی ژینی،
ژیانی گەلێک کەسان دەوەستێت.
پاشا، بۆ کۆچی دوایی کە دەچێت،
بە تەنیا ناچێت؛
وەک گێژەڵووکە؛ چی نزیکی بێت،
ڕای دەکێشێت و دەیبات لەگەڵ خۆی.
چەرخێکی گەورەی زۆر زەبەلاحە،
چەسپ کراوە،
ڕاست لە سەر لووتکەی بەرزترین چیا.
بەو تیشکە گەورە زلانەیەوە،[٣]
هەڵواسراوە و تێی چەسپ کراوە،
دەهەزار دانە شتی بچوکتر.
ئەگەر بترازێت، لە کەوتنکەی
هەموو ئەوانەی پێوەی نووساون،
لە وێرانییە گرمە بەرزەکەی،

(١) لێرەدا، بێ گومان، گڵدنستێرن و رۆزنکرانتز، وەکو هەموو کەسێکی بێ نرخ، بە جۆرێکی هەرزان مەرایی بۆ شا، دەکەن.

(٢) زرێ؛ زرێپۆش.

(٣) تیشک؛ ئەو تەختانەی، یان ئەو تەلانەی، کە تەوەرەی پێچکەی گالیسکە "عەرەبانە" دەبەستن بە تەختەکەی دەوری پێچکەکەوە. پێیان دەڵێن "تیشک" چونکە لە تیشکی ڕۆژ دەچن.

بەشێکیان دەبێت.
پاشا، بە تەنیا، قەت نەگریاوە،
بەبێ زریکە و ناڵەی گەلەکەی.

کلۆدیەس:

زوو ئامادە بن، دەی تکا دەکەم،
بۆ ئا ئەم گەشتە پەلەیە، بچن.
چونکە ئێمە، بەوە،
ئەو سامەی کە وا
پێ ئازاد دەڕوا و بەسەر پێوەیە،[١]
کەلەپچە دەکەین.

ڕۆزنکرانتز و گڵدنستێرن:

ئامادە دەبین ئێستا دەست بەجێ.
(ڕۆزنکرانتز و گیلدنستێرن دەڕۆن. پۆڵۆنیەس دەردەکەوێت)

پۆلۆنیەس:

بۆ ژووری دایکی، بەگم، وا دەچێت.
لە دوای پەردەیەک،
من خۆم لەوێدا دەشارمەوە،
تاکو گوێ بگرم چی دەبێژرێت.
من گرەو دەکەم؛
ئێستاکە، دایکی
گلەییەکی زۆری لێ دەکات.
وەکو فەرمووتان،
وە بە دانایی جەنابتان گوتتان؛[٢]
"کە بە باشتری ئێوە دەبینن،

(١) پێ ئازاد؛ پێیەکانی ئازادن.

(٢) پۆلۆنیەس؛ زۆر بڕوای بە گێرتروود نییە. دەیەوێت جاسووسی بەسەر هاملێت و دایکەکەیەوە بکات. بۆ ئەوەی خەتاکەش بخاتە سەر شا، پێی دەڵێت؛ وەک ئێوە گوتتان". بەڵام شا، نەیگوتووە. خۆی گوتوویەتی.

ئەگەر یەکێکی تر، جگە لە دایکی،
گوێی لە گفتوگۆ و وتووێژیان بێت.
چونکە سروشت، دایکی
بە جۆرێکی وا دروست کردووە،
کە لایەنگربێت.
لە جێگەیەکی باشەوە دەبێت،
گوێیان لێ بگرم.
خوا حافیزتان بێت. وا ڕۆشتم بەگم،
دەگەڕێمەوە، لە لاتان دەبم
بەر لەوەی ئەمشەو بچن بۆ جێگە.
تا پێتان بڵێم، چی تر دەزانم.

کلۆدیەس:

سوپاست دەکەم، گەورەی بەڕێزم.
(پۆلۆنیەس دەڕوات. کلۆدیەس، هەر خۆی دەمێنێتەوە.)
ئای کە بۆگەنە، ئەم تاوانەی من؛
بۆنی دەگاتە ئاسمانی مەزن.
ئەم تاوانەبوو، کوشتنی برا،
کە یەکەمین و هەرە کۆنترین
لەعنەتی خوای گەورەی لێ کرا.(١)
خوایە، ناتوانم نوێژت بۆ بکەم،
هەرچەند هەوەسم زۆرە و ئارەزووم
تیژە وەک ویستم؛
چونکە تاوانی بە تواناترم،
زاڵە، هەر زاڵە
بەسەر مەبەست و ورەی بەتینم.(٢)

(١) بە پێی تەورات، ئادەم و حەوا، دوو کوڕیان هەبووە؛ قابیل و هابیل. کوڕەکان لە نیوان خۆیاندا شەڕیان دەبێت. قابیل، هابیل دەکوژێت. خوا، بەوە تووڕە دەبێت، قابیل بە لەعنەت دەکات. ئیتر ئەوە یەکەمین و هەرە کۆنترین لەعنەتی خوایە.

(٢) زۆر حەز دەکات داوای لێبووردن لە خوا بکات، بەڵام ناتوانێت؛ چونکە هەر بەردەوامە لە تاوانبارییەکەیدا: ناتوانێت واز لە تاج و ژنی براکەی بهێنێت و تۆبەیەکی بە راستی بکات.

هەر وەکو پیاوێک،
لە هەمان کاتدا،
پەیمانی بە دوو کردەوە دابێت؛
وەستاوم بیریان لێ بکەمەوە؛
کامەیان یەکەم، پێویستە بکەم،
هیچێشیان ناکەم.
ئەگەر ئەم دەستە خوالێگرتووەم،
لە خۆی ئەستوورتر
بووبێت بە خوێنی
پرژاوی برا،[١]
لە ناو ئاسمانی شیریندا ئایا،
ئەوەندە باران
نییە بیشوات و پاکی بکاتەوە،
وەک بەفری سپی لێ بکاتەوە؟
چ ئامانجێکی هەیە بەزەیی،
جگە روو بە روو، بوەستێت دژی
بەزە و تووڕەیی؟[٢]
لە نوێژدا پیاو،
چی لە یەزدانی ئاخر دەخوازێت،
جگە لەم دووانە:
لە پێش کەوتنمان، بازوومان بگرێت،
ئەگەر کەوتیشین، لێمان ببوورێت؟[٣]
با من، کەوابێت

(١) دەستی، ئەوەندە لە خوێنی براکەی مژیوە؛ ئەستوور بووە.

(٢) بەزە؛ هەڵە دژی خوا، گوناح.

(٣) کلۆدیەس، لێرەدا، نوێژی دێتەوە بیر . ئینگلیزەکان، لە نوێژەکانیاندا دەڵێن؛ (Lead us not to tempta-tion and deliver us from evil) خوایە نەیەڵیت، لەم دنیایەدا، شتێک (نە زێڕ نە جوانی)، لاسمان پێ بدات. رزگاریشمان بکە لە دەستی کاری خراپە و بەدی". بەڵام کلۆدیەس هەر بەردەوامە لە خراپەکردندا. هێشتا هەر تەخت و تاج و مەملەکەت و ژنی براکەی داگیر کردووە. لەبەرئەوە چۆن داوای لێبووردن بکات.

ببوژێمەوە و روو بکەمە ئاسمان.
"بەزە"کەی خۆمم، تازە کردووە.
بەڵام ئاخ، یەزدان،
چ جۆرە دووعا و نوێژێک ئایا،
بە کەڵکی من دێت؟
"خوا، لێم ببوورە
بۆ ئەو کوشتنە پیسە بۆگەنەم؟"
نا، دووعای ئاوا، ناتوانم بکەم؛
چونکە هێشتاکە،
خاوەنی هەموو ئەنجامەکانی
ئەو پیاوکوشتنەم:
تاج و تەختەکەم، بەرزخوازییەکەم،
خاتوونەی ژنم. ٣,٣,٥٥
قەت بووە و دەبێت؛
یەکێک گەردنی، ئازاد بکرێت،
سوودی ئەنجامی تاوانەکەشی
گلبداتەوە؟[١]
لە ناو رووبارە گەنداوەکانی
ئەم زەمانەدا،
زۆر جار روو دەدات؛
بەزە، بە دەستی ئاوزێرکراوی،
پاڵ بە دادەوە دەنێت و دەیبات
بەرەو ئاوەکی.[٢]
دەبینین؛ زۆر جار،

(١) وەکو دزێک، دزی بکات، ئەو شتانەی کە دزیوێتی گلبداتەوە بۆ خۆی و لە هەمان کاتدا لە خاوەنی ئەو شتانە، داوای لێبووردن بکات.

(٢) بەزە؛ هەڵە دژی خوا، گوناح. گوناحباری. بەزە، دەستەکانی خۆی لە ئاڵتوون هەڵدەکێشت «دەستی ئاوزێڕکراو؛ ئەو دەستەی ریشوەت دەدات» بەزۆر پاڵ بە حەقەوە (بە دادەوە) دەنێت و دەیبات بەرەو ئاوەکی «بەرەو رێگەی نارەوایی»

ئەوەی تاوانبار،
لە تاوانەکەی دەستی دەکەوێت،
بەوەش، قانوون و یاسا دەکڕێت.[١]
بەڵام، لەسەرێ،
وا نییە؛ لەوێ، گزی ناکرێت؛[٢]
سروشتی راستی ئەو کردەوەیە،
تر هەرچۆنێک بێت،[٣]
بە رووتوقووتی، پیشان دەدرێت.
لەوێدا، ئێمە، ناچار دەکرێن؛
دژ گیانی خۆمان،
بەڵگە، پێشکێشکەین.
ئیتر چیمان بۆ دەمێنێتەوە
کە ئێمە بیکەین؟
تاقی بکەمەوە؛ بزانم تۆبە،
چی پێ دەکرێ و چی پێ ناکرێت؟
بەڵام ئاخر ئەو،
چی پێ دەکرێت،
ئەگەر پیاو نەتوانێت تۆبەی راستی بکات؟
ئاخ، ئاخ کەساسی!
ئاخ، بۆ ئەو دڵەی وەکو مەرگ رەشە!
ئاخ بۆ ئەو گیانەی
کەوتووەتە داوی دەموکانەوە؛[٤]
هەرچەند لە ناوی هەوڵ دەدات دەرچێت،
زیاتر دەچەقێت!

---

(١) بەو سوودەی کە لە تاوانەکەی دەستی دەکەوێت، لە دواییدا، یاسای (قانوونی) پێ دەکڕێت.
(٢) لە سەرێ؛ لە سەرەوە، لای خوا.
(٣) تر: ئیتر.
(٤) دەموکانە؛ سرێشێکە، دەدرێت لە دار و درەخت، بۆ ئەوەی باڵندەی پێوە بنووسێت بۆ راوکردنیان.

هاوار پەرییەک بێت بە فریادم. (ئینجا بە خۆی دەڵێت)
دە دەی هیمەتێک،
دەی ئێوەش ئەژنۆ لاسارەکانم،
بنوشتێنەوە.
ئەتۆش، دڵەکەم، دە دەی با هەموو
ژێیە بەتینە پۆڵاییەکانت،
نەرم ببنەوە
وەکو رایەڵی[١]
منالّی وردی نوێ لە دایک بوو.
دەی خوایە بەڵکو
هەمووی کۆتایی پێ بێت بە باشی.
(ئەژنۆکانی دەنوشتێنێتەوە و دادەنیشێت بۆ نوێژکردن. لەو کاتەدا هاملێت، دێتە ژوورەوە).

هاملێت:

ئێستا، لە کاتی نوێژکردندا،
دەتوانم بیکەم، زۆر بە ئاسانی.
هەر ئێستاش، دەیکەم. (شمشێرەکەی هەڵدەکێشێت)
جا خۆ ئەو بەوە، دەچێت بۆ بەهەشت[٢]
ئایا من تۆڵەی خۆم دەکەمەوە؟
پێویستە ئەوە،
بیرێکی باشی لێ بکەمەوە.
ناکەسێک هات و باوکەکەی کوشتم؛
بۆ ئەو کارە من، کە تاکە کوڕیم،
ئا ئەو ناکەسە،
بۆ بەهەشتی خوا رەوانەی بکەم؟
نا، ئەوە نابێت،

---

(١) رایەڵ: ژێ، دەمار.

(٢) ئەگەر بیکوژم لە کاتی نوێژکردندا، دەچێت بۆ بەهەشت. تۆڵە، بەو جۆرە، ناسەنرێتەوە.

یەکێک وا دەکات بەکرێ گیرابێت.[١]
باوکی منی برد، بە دڕندەیی:
ئامادە نەبوو؛
سکی لە نان و خۆراک پڕپڕبوو.[٢]
تاوانەکانی، گەشابوونەوە
وەک گوڵی مایس.
ئینجا ئێستا چۆن سزا دەدرێت؟
هەر خوت دەزانیت.
خوایە، رەحمت بێت.
بە پێی تەخمینی ئێمە، سزاکەی،
دەبێ گران بێت.[٣]
کەوابێت خوایە، ئەگەر بیکوژم،
تۆڵەی باوکی خۆم دەسەنمەوە؟
لەو کاتەی کە ئەو،
دەروون و گیانی،
پاک دەکاتەوە و
باش ئامادەیە بۆ کۆچی دوایی؟[٤]
نا، نایسەنمەوە.
دەی، بەرزبەرەوە زوو شمشێرەکەم.
کاتێکی باشتر؛ گەلێک سامناکتر،

(١) یەکێک کاری وا دەکات بەکرێ گیررابێت. نەک یەکێک بیەوێت تۆڵەی خۆی بسەندێتەوە.

(٢) باوکی منی برد؛ باوکی منی برد بۆ دنیای داهاتوو. هاملێت، دەڵێت، باوکەکەی من فریا نەکەوت هیچ بکات بۆ دنیای داهاتووی "وەکو رۆژوو، نوێژ، حەج". لەو کاتەی کە کوژرا و مرد، بەڕۆژوو نەبوو؛ سکی پڕبوو لە خواردەمەنی و کەیف و گەڕانی دەکرد.

(٣) هاملێت، باوکەکەی خۆی، هەرچەندە زۆر لە مامەکەی بە باشتر دەزانێت، بەڵام هێشتا زۆر بە پیاوێکی باشی نازانێت. بۆیە وا دەزانێت کە خوا سزای دەدات. تارماییەکەی باوکشی پێی گوت کە لە جەهەننەمدایە (سەیری دێری ٣٠, ٥, ١ بکە).

(٤) باش ئامادەیە؛ چونکە، هاملێت، لای وایە ئەگەر لە کاتی نوێژکردندا بیکوژێت، دەچێت بۆ بەهەشت. لەبەر ئەوە پێویستە لە کاتێکدا بیکوژێت تا راستەوخۆ بچێت بۆ جەهەننەم.

بدۆزەرەوە:
کاتی سەرخۆشی، لە جێی نووستندا.
یاخۆ لە کاتی کین و تووڕەیی.
یان لە ناو نوێنی شادی هاوسەری،
لەگەڵ دایکمدا، خوشکی جارانی.
یاخۆ لە کاتی قومارکردندا،
کە جنێو دەدات.
یان لە کاتێدا، کە شتێک دەکات،
پێوەندی نەبێت
بە پاککردنی دەروون و گیانی.
ئا لەو کاتەدا، بیدە بە خاکدا،
تا بەڵکو پاژنەی پێڵاوەکانی
لە ئاسمان بدات.[1]
تاکو گیانیشی
بەلەعنەت ببێت،
رەش، رەش هەڵگەڕێت،
وەک ئەو دۆزەخەی، دەچێتە ناوی.
لەوێدا دایکم ، چاوەڕوان دەکات.[2]
(سەیرێکی مامی دەکاتەوە، بەڵام ماماکەی نایبینێت؛ پشتی لێیەتی)
ئەم دەرمانە هەر
تەنیا تەمەنی
ئا ئەم ژیانە
دەردەدارەی تۆ، درێژتر دەکات.[3] (دەڕوات)

(١) وەکو چۆن مریشک، کە سەر دەبڕرێت و بەرەڵا دەکرێت، دەکەوێتە لەقەفرتەوە. ئەمیش ئاوا، دەکەوێتە لەقەفرتەیەکی وا بەتین، پاژنەی پێیەکانی لە ئاسمان دەدات.
(٢) هاملێت، بە رێگەوە بوو بچێت بۆ لای دایکی کە بڕیاری دا سەرێکی مامەکەی بدات و ئەگەر توانی، بەڵکو بیکوژێت. دایکی لە ژوورەکەی خۆیدا چاوەڕوانیی دەکرد.
(٣) ئا ئەم دەرمانە؛ ئەم بڕیارەی کە دام نەتکوژم.

کلۆدیۆس:

من وشەکانم، بەرەو سەرەوە،
دەڕۆن و بیرم،
هەر لە خوارەوە، دەمێنێتەوە؛
وشەیەک بیر و
دەروونی راستی لەگەڵدا نەبێت،
قەت ئەو وشەیە، ناگاتە ئاسمان.(١) (دەڕوات)

(٢) کلۆدیەس، تۆبەی راستی (بە دڵەوە) نەکردووە. چونکە ئەگەر تۆبەی راستی بکات، ئەوساکە دەبێت بەر لە هەموو شتێکدا، دان بە کوشتنی براکەیدا بهێنێت و واز لە بەرزخوازییەکەی و تاج و تەختی پاشایی بهێنێت وە هەروەها واز لە خاتوونەکەی ژنی "دایکی هاملێت" بهێنێت.

## دیمەنی ٤-٣

گێرتروود و پۆڵۆنیەس دەردەکەون

پۆڵۆنیەس:

هەر ئێستاکە دێت،
سەیرکە، تۆ دەبێت تیژبیت لەگەڵی؛
دەبێت پێی بڵێیت؛ رەوشتی دڕی،
گرانە یەکێک پێی بچێژرێت.
وە تاکو ئێستا،
هەر جەنابتان بوون، تەنیا بەرگری،
دژ ئازاردان و گەلێک گلەیی.
ئیتر من دەمم
دەگرم و لەوێ، بێدەنگ دەوەستم.[١]

هاملێت: (لە ژوورەوە دەنگی دێت)
دایە، دایە، دایە.

گێرتروود: (روو دەکاتە پۆڵۆنیەس)
لە من، مەترسە هیچ باکت نەبێت.
دەی ئیتر برۆ. گوێم لێیەتی دێت.
(پۆڵۆنیەس، لە دوای پەردەیەکە خۆی دەشارێتەوە)

هاملێت:

ها، دایە، ئێستا، چییە مەسەلە؟

گێرتروود:

هاملێت، تۆ دڵی باوکتت شکاند.

---

(١) بەخت، وای رێککخست، کە پۆڵۆنیەس، دوای ئەوە ئیتر، تا هەتاهەتا، دەم نەکاتەوە.

هاملێت:

دایە، تۆ دڵی باوکمت شکاند.[١]

گێرتروود:

بە زمانێکی
درۆ و بێ مانا، لەگەڵما دەدوێیت.

هاملێت:

دە بڕۆ، بڕۆ،
بە زمانێکی بەدەوە ئەتۆ، لە من دەپرسیت.

گێرتروود:

ها، هاملێت، ئێستا ئاخر تۆ چیتە؟

هاملێت:

ئێستا، چی بووە؟

گێرتروود:

ئایا تۆ، منت لە بیرچووەتەوە؟

هاملێت:

نا، بەو خاچەی مەسیح، سوێندت بۆ دەخۆم؛
ئەتۆ شاژنیت،
ژنی براکەی مێردەکی خۆتیت–
ئاخ، خۆزگە ئەمە، ئاوا نەدەبوو–
تۆ، دایکی منیت.

گێرتروود:

باشە، کەوابێت،
یەکێکی ئاوات من بۆ دەنێرم،
کە لەگەڵ تۆدا بتوانێت بدوێت.[٢]
(هەڵدەستێت بڕواتە دەرەوە)

---

(١) گێرتروود، کە دەڵێت باوکت، مەبەستی لە مێردەکەی ئێستای خۆیەتی. هاملێت، کە دەڵێت باوکم، مەبەستی لە باوکی راستیی خۆیەتی.

(٢) هەڕەشەی لێ دەکات.

هاملێت:

وەرە، دانیشە،
ناجووڵێتەوە، دەرناچیت لێرە،
تا ئاوێنەیەک بۆ تۆ دانەنێم،
دەروونی خۆتی تێدا ببینێت.

گێرتروود:

تۆ بەتەمای چیت؟
خۆ بەتمانیت کە من بکوژیت؟
هاوار یارمەتی، هاوار یارمەتی!

پۆلۆنیەس: (لە دوای پەردەکەوە)

دە دەی یارمەتی!

هاملێت:

ها، دەبێت مشک بێت؟
من بە "دوکات"ێک ئێستا، دەیکوژم،[1]
(شیرەکەی هەڵدەکێشێت و دەیکات بەوەی لە دوای پەردەکەوەیە، بە بێ ئەوەی بزانێت کێیە)
ئەوەتا، کوشتم.

پۆلۆنیەس:

ئای، خۆ کوشتمی.

گێرتروود:

ئای، قوربەسەرم، ئەیەڕۆ، چیت کرد؟

هاملێت:

نازانم چیم کرد. شا، لەوێدا بوو؟[2]

گێرتروود:

ئای کە کارێکی

---

(١) دوکات؛ فلس، بە دوکاتێک؛ بە فلسێک، بە پارەیەکی کەم «بە ئاسانی هیچی تێ ناچێت».

(٢) هاملێت، وای دەزانی شای کوشت، پێی خۆشبوو، کە لە کاتی جاسووسیکردندا کوشتی. (سەیری دێری ٣,٣,٩٠ بکە)

زۆر هەڵەشەیی و خوێناوی و پیسە.

هاملێت:

خوێناوی؟
بەڵام هێشتاکە، دایکە باشەکەم،
هەندە بەد نەبوو؛ شایەک بکوژم،
لە دوایی بچم شوو بکەم بە براکەی.

گێرتروود:

شایەک بکوژم؟

هاملێت:

ئا، بەڵێ، خانم، ئەوەبوو گوتم- (روو دەکاتە کوژراوەکە)
تۆیت،
هەی مشەخۆری ریژگاوی لەزو![١]
ئەسپەردەی خوابیت.
من وام دەزانی باشەکەیانیت.[٢]
چارەنووسەکەی خۆت وەربگرە دەی.
بەڵام تێگەیشتیت،
کە چەند مەترسی لە ناودا هەیە،
لووتت بخەیتە ناو کاری خەڵکی؟ (روو دەکاتەوە دایکی)
ئیتر بەسێتی،
دەستەکانی خۆت، ئاوا بگوشیت.
دانیشە هێندێک، تۆ بە هێمنی.
چونکە دەمەوێت دڵت بگوشم.
پێم دەگوشرێت تەنیا هەر ئەگەر،
دروستکرابێت لە کەرەستەیەک،
هەندێک نەرماوی لە ناودا هەبێ و
ئەگەر نەریتی خوالێکرتوو،

---

(١) مشەخۆر، فزوولی، توفەیلی. ریژگاو؛ بێ مێشک. لەزو؛ هەڵەشە، پەلەکەر، عەجوول.
(٢) من وام دەزانی تۆ کلۆدیەسی.

بە زەرد چواردەوری وا نەگرتبێت،
بەربەست کرابێت دژ هەستی سۆزی.[١]

گێرتروود:
من چیم کردووە تاکو بوێریت
دژی من ئاوا،
زمانی شڕت، بەکار بهێنیت؟

هاملێت:
بەم کردەوەیە،[٢]
رووە جوانەکەی ئەدا، گرژ دەبێت،
دیمەی هێژایی، سوورهەڵدەگەڕێت،[٣]
ئابڕوو، بەدووڕوو تاوانبار دەبێت،
ئەو گوڵە جوانەی سەر ناوچەوانی
ئەڤینی بژوین،
سیس دەبێت، دەمرێت.[٤]
لە جێگەکەیدا، زیبکەیەک دەڕوێت.[٥]
سوێندی هاوسەری، درۆ دەردەچێت،
هەر وەکو سوێندی پیاوی قومارچی.
ئاخ، کردەوەی وا
وەک روح لە لەشی پەیمان، دەرهێنێت،
ئاینی شیرین، لە وتەی پووچ پووچ،
سازدێرانێکی شەیدا، پێکهێنێت.[٦]

(١) دەتوانم دڵت بگوشم، ئەگەر نەرمایی تێدا هەبێت و چواردەورەکەی نەگیرابێت بە زەرد (مەعدەن) و بەربەست نەکرابێت دژی هەستی سۆزی.

(٢) بەم کردەوەیە؛ بەم شووکردنە بێ ئابرووەت تۆ، کە لەگەڵ برای خۆتدا دەچیتە جێگە. «برای مێرد، لای مەسیحییەکان، بە برا دەشێت»

(٣) ئەدا؛ شۆخ و شەنگی. هێژایی؛ بەنرخی، چاکێتی. رووی هێژایی لە شەرما، سوور هەڵدەگەڕێت.

(٤) گوڵ، هێمای خۆشەویستییە، لەسەر ناوچەوانی ئەڤینی خاوێندا (بژویندا)، پەروەردە دەبێت.

(٥) زیبکە؛ دومەڵێکی بچووک.

(٦) بەپێی ئاین (دین)، ژن و مێرد بەڵێن بە یەکتری دەدەن. ئەگەر بیشکێنن، وەکو ئاین لە قسەی پووچ سازدێرانێکی rhapsody شەیدای پێکهێنابێت وایە.

دیمەی ئاسمان پێی
سوور هەڵبگەڕێت.
زەمینیش، ئا ئەم بارستە زلله،
بە پرووپەکی پڕ پەژارە و سوێوە
لەم کردەوەیە بیر دەکاتەوە،
وەک لەبەر دادگای یەزدان وەستابێت.

گێرترووود:

ئای، قوربەسەرم،
ئەم کردەوەیە، ئای خوایە چیبێت،
ئەوەی کە ئاوا، لە سەرەتاوە،
هەر ناڵەناڵ و گرمەگرمی دێت.[١]

هاملێت:

وەرە سەیرێکی ئەم وێنەیە بکە،
ئینجاکە، ئەمە؛
ئەمانە، وێنەی دوو براکانە.
سەیرکە ئەمەیان؛ چەند بە هەیبەتە:
قژە لوولەکەی هی "هایپێریۆن"ە[٢]
ناوچەوانەکەی
وەک هی "یوپیتەر" خۆی بێت، ئاوایە.[٣]
بە چاوەکانی کە سەیرت دەکات
هەر وەکو "مارس" بێت؛[٤]
هەڕەشە یاخۆ ئەمرت پێ بکات.
بەژنوباڵاکەی
وەک هی "مێرکەری"ی پەیامبەر وایە،[٥]

(١) گێرترۆود، ئاگای لەوە نییە کە کلۆدیەس براکەی خۆی کوشتووە. گێرترووود، خۆ ژنێکی خراپ نییە. تەنیا ئەوەیە کە لە دوای مردنی مێردەکەی، شووی کردووەتەوە بە برای مێردە کۆنەکەی.

(٢) هایپریۆن؛خوای رۆژە «لە وێنەکانیدا، قژێکی لوولی جوانی هەیە».

(٣) یوپیتەر؛ بە پێی ئەفسانەی رۆمانی، گەورەی خوایەکانە.

(٤) مارس؛ خوای جەنگە، لای رۆمانییەکان.

(٥) مێرکەری؛ بە پێی ئەفسانەی رۆمانی، خوای گەشتکردن و بازرگانییە.

کە دادەبەزی
بۆ سەر ئەو گردە بەرزەی کە ناوی
"ئاسمان ماچکەر"ە.
ئەوەندە جوانە؛
وەکو بەرهەمی هاوکارییەک بێت، ٣,٤,٦٠
هەموو خوایەکان بەشیان تێدا هەبێت؛
لە باتی مۆری پەسەندکردنیان،
هەر یەکی جۆرێک
لە شۆخوشەنگی خۆی تێ خستبێت،[١]
بۆ ئەوەی دنیا لێی دڵنیابێت
کە چ پیاوێکە.
ئەمە مێردت بوو.
ئێستاکەش سەیری ئەمەیان بکە،
کە مێردەکەتە.
گوڵە جۆیەکی سیسی بۆگەنە،
نەخۆشی درمی،
لە نێوان برا سازگارەکانی،
بڵاو دەکاتەوە.
تۆ، چاوت هەیە؟
ئاخر چۆن توانیت
ئەو کێوە جوانە بەجێ بهێڵیت،
لە زۆنگەڵەدا[٢]
بێیت بە چڵێسی بخۆیت و بژیت؟
ها،

(١) ئەو بەژنوباڵایە، ئەوەندە جوانە، وەکو تاکە یەک خوا دروستی نەکردبێت؛ لە دروست کردنەکەیدا هەموو خوایەکان بەشیان تێدا هەبێت و هەر یەکی هەندێک لە رەووشت جوان و شۆخ و شەنگی خۆیی تێ خستبێت.
(٢) زۆنگەڵە؛ زۆنگ ، زۆنگاو، زەلکاو.

تۆ، چاوت هەیە؟
ناتوانیت بەمە، بڵێیت دڵداری،
چونکە لە خوێنی یەکێک لە عومری
تۆدا، ئاگری سۆزی دڵداری،
ماڵی کراوە.
بەستەزمانە، ئەو
بەپێی بڕیاری دانایی تۆوە،
دێتە کارەوە.[١]
بەڵام، ئاخ، خوایە، چۆن بڕیارێکە؛
خۆت دابەزێنیت لە ئەمیانەوە،
بڕۆیت بۆ ئەویان؟
بێگومان هەستت، هەیە، ئەگینا
جووڵەت نەدەکرد.[٢]
بەڵام ئەو هەستەت، بێگومان، بەنجە؛
چونکە شێتێتی، هەڵەی وا ناکات،
نە لە شێتیدا، ئاوا بە جارێک،
هەست دەورووژێت،
کە نەختێک توانای
هەڵبژاردنی تێدا نەمێنێت،
فەرقی ئەو دووانەت یەکسەر پێ بڵێت.
ئای خوایە، ئەوە
چی شەیتانێک بوو تۆی وا خەڵەتاند،
کاتی هەڵپەرکێ و ئاهەنگی "ماسکە"؟[٣]

(١) ئەو؛ مەبەستی لە دڵدارییە: دڵداری، ماڵی کراوە.
(٢) بەپێی بیروباوەڕی ئەرستۆ، کە فەیلەسووفێکی یۆنانی زۆر بەناوبانگە، ئەو بوونەوەرەی کە هەستی نەبێت، ناجووڵێتەوە.
(٣) ئاهەنگی ماسکە؛ جاران، باو بووە، بە تایبەتی لە ئاهەنگی هەڵپەرکێدا، ژن و پیاو ماسکەیان لە روو دەکرد، تاکو یەکتری نەناسنەوە و نازانن کێ لەگەڵ کێدا هەڵپەرکێ دەکەن.

چاوانی بێ هەست، هەست بەبێ بینین،
گوێچکە، بەبێ چاو ، بێ لووت و بێ دەست؛
بێ هەموو هەستێک،
تەنیا هەر جگە
لە برِگەیەکی سیسی نیو مردوو،
لە هەستی راستی، قەت نەیدەتوانی
ئاوا بە جارێک لە رێی دەربچێت.
دایە، شوورەیی، نەختێک شەرمت بێت؛
سوورهەڵبگەرِێ. (روو دەکاتە ئاسمانەوە)
دۆزەخی یاخی،
ئەگەر تۆ لە ناو ئێسقانەکانی
ژنێکی تەمەن گەورە، بتوانیت
بەم جۆرە گەنجی دابگرسێنیت؛
لە ناو ئاگری پەرۆشی گیانی،
ئابروو وەکو مۆم بتوێتەوە،
ئیتر باسی شەرم، نەکەین، شەرمی چی،
ئەگەر بە هێرشی
ئاڵۆشی زۆردار، سەهۆڵ گرِبگرێت،
داناییش ببێت بە یاریەدەری
ویست و ئارەزوو.[١]

گێرتروود:

ئاخ، وسبە، هاملێت، ئیتر بەسێتی.
تۆ، چاوەکانمت، راستەوخۆ برِی[٢]

---

(١) ئاخ، جەهەننەمی یاخیبوو، ئەگەر تۆ بتوانیت لە ناو ژنێکی تەمەن گەورەدا، گەنجێتی بەم جۆرە بەتین دابگیرسێنیت، کە ئابرِوو، لە ئاگرەکەیدا، وەکو مۆم بتوێتەوە، ئیتر شەرم نامێنێت. شەرمی چی، ئەگەر بە هێرِشی ئاڵۆش، سەهۆڵ "ژنی تەمەن گەورە" گرِبگرێت. داناییش، لە باتی ئەوەی نەهێڵێت شتی وا ببێت، کەچی خۆی دەبێت بە یاریەدەری ویست و ئارەزوو.

(٢) تۆ، چاوەکانی منت، ئاراستە کرد راستەوخۆ بۆ ناو دەروونم.

بۆ ناو دەروونم.
لەوێدا پەڵەی ڕەش، ڕەش دەبینم.
وای هەڵمژیون؛
قەت ئیتر ڕۆژێک لێی نابنەوە.[١]

هاملێت:

بەڵام، تۆ دەژیت
لە ناو بۆگەنی ئارەقی پیسی
نوێنی تۆماوی،[٢]
لە ناو هالاوی فەساد، پیشاویت.
یەک بە یەکتری
دەڵێن "هەنگوینم"
کە لەو نوێنەدا دەکەن دڵداری.

گێرتروود:

ئاخ،
ئیتر بەسێتی.
گشت وشەیەکت وەکو خەنجەرێک
دەکرێت بەناو گوێچکەکانمدا.
شیرینم، هاملێت، ئیتر بەسێتی.

هاملێت:

پیاوکوژە، پیسە، بەندە و ناکەسە،
تا یەک لە بیستی
دەیەکی بەگی پێشووت ناهێنێت.[٣]
لە ناو شاهاندا،
هەر قەشمەرێکی ناکەسبەچەیە،

---

(١) دەروونم، ئەو ڕەشاییەی کە پێوەیەتی، وای هەڵمژیوە، ئیتر قەت لێی نابێتەوە.

(٢) تۆماو؛ تۆوی پیاو، شلکەی "شلاوی" پیاو.

(٣) دەیەکی؛ جۆرە زەکاتێکە هەموو ساڵێک دەدرێت بە کەنیسە. دەکاتە یەک لە دەی بەرهەمی سالانەی جووتیاری ڕەنجبەر.

گیرفانبڕێکی وڵاتەکەیە.
هات لە ڕەفەکەی[١]
تاجەکەی دزی و خستییە گیرفانی.

گێرتروود:

ئیتر بەسێتی.

هاملێت:

شایەکە، هەمووی پینە و پەڕۆیە،
(تارماییەکە دێتە ژوورەوە بە جلی شەوەوە، هاملێت، هەر خۆی دەیبینێت و گوێی لە دەنگێتی؛ بەڵام، دایکەکەی، نە دەیبینێت نە گوێی لە دەنگی دەبێت. هاملێت، ڕوو دەکاتە ئاسمان).
ئێشکگرەکانی ئاسمان، پەرییەکان،
من دەخیلتانم،
بەو باڵانەوە، بسوورێنەوە
بەسەرما لێرە و من بپارێزن. (ئەمجا ڕوو دەکاتە تارماییەکە)
چیم لێ دەخوازێت،
پەیکەری جوانی بەرزی پیرۆزت؟

گێرتروود:

ئاخ، ئاخ، شێت بووە، داخی گرانم.

هاملێت:

ئایا نە هاتوویت تا کوڕی خاوت،
سەرزەنشت بکەیت.
ئەوەی دەستبەجێ نەیکرد و هێشتی
گەرمایی سۆزی، کاتی بەسەرچێت،
بەر لەوەی ئەمری سامناکی سەختت
جێبەجێ کرێت؟[٢]

---

(١) لە ڕەفەی وڵاتەکەوە، تاجەکەی دزی.

(٢) بە تەرماییەکە دەڵێت؛ دیارە هاتویت تەوبیخم بکەیت، چونکە ئەوەی کە دەبوایە من دەستبەجێ بمکردایە (تۆڵەت بسەنمەوە) پێش ئەوەی گەرمایی سۆزم خاو ببێتەوە، تا ئێستا هەر نەمکردووە.

ئاخ، ده پێم بڵێ!

تارمایی:

له بیرت نەچێت.
ئەم سەرلێدانەم هەر بۆ ئەوەیە
مەبەستەکەتت،
ئەوەی خەریکە کول دەبێتەوە،
له هەسان بدەم تیژ ببێتەوە.[(١)]
بەڵام تۆ سەیرکە؛
ترس و حەپەسان، بەسەر دایکتەوە،
نیشتوونەتەوە.
هەنگاو هەڵهێنە و بڕۆرە نێوان
دایکەکەی خۆت و ڕوحی نەبەردی:[(٢)]
ئەندێشە، له ناو لاوازترین گیان،
کاریگەرییەکەی بەهێزترینە.[(٣)]
هاملێت، دەی بدوێ لەگەڵ دایکتدا.

هاملێت:

خاتوونە، چۆنیت؟

گێرتروود:

داخی گرانم، هاملێت، خۆت چۆنیت؟
بۆ، چاوەکانت،
دەبڕیتە ناو بۆشایی و دەدوێیت؟
لەگەڵ بای بێ تەن، وتووێژ دەکەیت؟
له ناو گلێنەی چاوەکانتەوە،

---

(١) ئەو نیازەی هەتە، ئەگەر زوو نەیکەیت، نەختە بە نەختە کول دەبێتەوە تیژی نامێنێت.

(٢) گێرتروود، چونکە هەست دەکات کە خراپەی کرووە. دەروونی (روحی نەبەردی) ئەزاری دەدات؛ زوو زوو هیرش دەباتە سەری. تارماییيەکە بە هاملێت دەڵێت بچۆ لە نێوانیاندا بوەستە و نەیەڵێت روحەکەی، ئازار بە دایکت بگەیەنێت.

(٣) ئەندێشە؛ خەیاڵ و بیرکردنەوەی قووڵ و پەشیمانی. لاوازترین گیان؛ گیانی ژنە. دەڵێت گێرتروود، چونکە ژنە، لاوازە. ئەندێشە، زیاتر ئازاری پێ دەگەیەنێت.

هاملێت، تۆ، گیانت، بە درندەیی،
سەیری دەرەوە دەکا و دەڕووانێت.
تووکەکانیشت، قیت قیت وەستاون،
وەکو سەربازبن، گیانیان تێدا هەبێت،
بە ئینزار لە خەو هەڵیان ساندبن.
ڕۆڵەی شیرینم، دڵ ناسکەکەم،[١]
گڕ و گەرمایی وروژاندنت،
ئاو پرژێن بکە
بە ئارامێکی هێمنی فێنک.
سەیری چی دەکەیت؟

هاملێت:

سەیری ئەو دەکەم، سەیری ئەو دەکەم.
تۆ تەماشای بکە،
چۆن بە ڕەنگێکی
زەردەوە سەیری دنیاکە دەکات.[٢]
شێوازی لەگەڵ ئەو داخەی دڵی
ئەگەر بەیەکەوە،
دەردەکەی خۆیان بگێڕنەوە
بۆ بەرد، ئەو بەردە،
هەست و سوزێکی تێدا پەیدا دەبوو. (روو دەکاتەوە تارماییەکە)
بە بەزەییەوە، سەیری من مەکە،
نەوەک بەو سەیرە،
نیازی سرتم، تۆ، پێ بگۆڕیت؛[٣]

---

(١) دڵ ناسکەکەم؛ گێتروود هەست دەکات کە هاملێت، بەزەیی بە دایکی خۆیدا دێتەوە. خۆشی زۆر بەزەیی بە کوڕەکەیدا دێتەوە.

(٢) ڕەنگی زەردبووە، چونکە دڵی لە دنیا شکاوە.

(٣) سرت؛ رووسەخت، رووگرژ. هاملێت، پیاوێکی باش و دڵ نەرمە. دەترسێت ئەگەر تارماییەکە بە چاوێکی پڕ بە بەزەییەوە سەیری بکات، ڕەحمەت بخاتە دڵییەوە و نەتوانێت تۆڵەی خۆی بسەنێتەوە.

ئەوسا، ئەو ئەركەی پێویستە بیكەم
ڕەنگە ڕاستییەكەی خۆی، پێوە نابێت:
لە جێی خوێن، ڕەنگە، فرمێسک بڕێژم.[١]

گێرتروود:

ئەرێ ئەوانە، تۆ بە كێ دەڵێیت؟

هاملێت:

بۆچی لەوێدا، تۆ هیچ نابینیت؟

گێرتروود:

نا، هیچ نابینم،
هەرچیش لەوێیە، من دەیانبینم.

هاملێت:

ئەی دەنگ؟
گوێت لە دەنگ نییە؟

گێرتروود:

نا، لە هیچ دەنگێک، جگە هی خۆمان.

هاملێت:

چۆن،
سەیری ئەوێ بكە–
سەیریكە چۆن خۆی دەدزێتەوە–
ئەوە، باوكمە، بەو جلوبەرگەی
لەبەری دەكرد كاتی ژیانی.
تۆ سەیری بكە بۆ كام لا دەڕوات
ئەوەتا ئێستا لە دەرگە دەرچوو. (تارماییەكە دەردەچێت، دەڕوات)

گێرتروود:

ئەمانە تەنیا،
بیروخەیاڵت دروستیان دەكات.

---

(١) بۆ جێبەجێكردنی ئەو ئەركە، دەبێت خۆێن بڕێژێت كە ڕەنگەكەی سوورە. بەڵام، ئەگەر ڕەحمەت بچێتە دڵییەوە، ئەوسا، لەوانەیە، لەباتی خوێنی ڕەنگ سوور، فرمێسک بڕێژێت.

مێشکی مەجنون، توانایی زۆرە،
زیندەوەری وا بێ لەش دروست کات.
هاملێت:
مەجنون؟
لێدانی دڵم، بە ساز و بە کات
لەسەرخۆ وەکو دڵت لێ دەدات.
شێتێتی نییە،
ئەوەی لە دەمی منەوە دەرهات.
تاقیم بکەرەوە؛ وشە بە وشە
هەمووی سەرلەنوێ دەگێڕمەوە.
شێتێتی لەوە، سڵ دەکاتەوە.
لەڕێ خوا، دایە،
تۆ، بە مەرهەم و ڕۆنی مەرایی،
روح و یژدانی خۆت چەور مەکە.
تاکو بە جۆرێک بۆ تۆ دەرکەوێت؛
ئەوەی کە دەدوێت،
بەزەی تۆ نییە، شێتێتی منە.(١)
ئەوە هەر تەنیا،
پێستێک یان توێژێک رادەخات بەسەر
جێگەی برین و دومەڵەکانتدا،
لە ژێریشەوە، زامی نادیارت،
زۆرتر دەڕزێ و دەگەنێتەوە،
تا هەموو گیانی تۆ دەگرێتەوە.
هەرچی تاوانت هەیە تا ئێستا،
دانیان پیابێنە. لە بەرچاوی خوا،
پەیمانیش بدە؛ لە ئایندەدا،
لە کردەوەی وا دوور بکەویتەوە.

(١) مەرهەم (ڕون یان چەوری) ، ئازاری برین دەشکێنێت، بەڵام چاکی ناکاتەوە. بەزە؛ گوناح.

"پەیین"یش، نەکەیت
بەسەر گژوگیا، بڵاو کەیتەوە؛
بۆگەنتریان کات.[١]
ببوورە تۆ لێم، بۆ ئەم چاکەیەم،
چونکە لە نێوان
بەز و چەوریيەکەی ئەم زەمانەمان،[٢]
چاکە، پێویستە بپاڕێتەوە،
لە بەدی و داوای لێبووردن بکات،
تا ڕێی بداتێ چاکەی لەگەڵ کات.

گێرتروود:
ئاخ، هاملێت، هاملێت،
تۆ، دڵی منت، هەر دوو پارچە کرد.

هاملێت:
پارچە بەدەکەی فڕێدە و بژی
بژوینتر بۆ خۆت، بەوەکەی تری.[٣]
شەوباش،
بەڵام، ها، نەچیت
بۆ ناو ئەو نوێنە، نوێنەکەی مامم.
ئەگەر ئابڕووت نییە؛ ئابڕوو بنووێنە.
ڕاهاتن، ئەمە،
دڕندەیەکە، هەموو هەستێکی
ویژدانی و سۆزی لە ناوتدا دەخوات؛
مرۆڤی بەدت لێ دروست دەکات.

(١) دنیا وەکو باخچەیەک بێت وایە؛ جگە لە چیمەن و گوڵ و درەختی جوان، گژوگیاشی لە ناودا دەڕوێت، کە بۆ باخەکە باش نییە. هاملێت، بە دایکی دەڵێت؛ پەیین بڵاو مەکەرەوە بەسەر گژوگیادا زۆریان بکەیت. (سەیری دێری ٢,١,١٣٥–٧ بکە.)
(٢) زۆر قەڵەوی، نەخۆشییە. ئەم زەمانەمان نەخۆشە، بۆیە وا ناڕەوایە.
(٣) بژوینتر؛ پاکتر.

بەڵام، لە مەدا، وەک پەری وایە:
ئەو کارەی راست و چاک و رەوایە،
تیاماندا دەیکات بە نەریت و خوو.[١]
ئەمشەو، خۆت بگرە، لەگەڵیا مەنوو.
رازی نەبوونت، جاری داهاتوو،
ئاسانتر دەکات،
چونکە راهاتن، بگرە، دەتوانێت
بەدەست خۆی، مۆری سروشت بگۆڕێت؛[٢]
ئینجا یان شەیتان دەکات بە قەبتان،
یان وەک پاڵەوان، پەلێکی دەگرێت،
فرێیدەداتە دەرێ، بۆ کۆڵان.[٣]
دەی جارێکی تر، شەوباش، من دەرۆم.
کەی لە ئاوەکی ئازاد بوویت، ویستت،[٤]
خوا لێت ببوورێت،
منیش ئەوسا دێم،
دەپاڕێمەوە تا ببووریت لێم. (ئاماژەی تەرمەکەی پۆلۆنیەس دەکات)
دەربارەی ئەمە، ئەم خانەدانە،
من، پەشیمانم.
ئاخر من چی بکەم،
ئەگەر ئارەزووی گەردوون بێت؛ بە ئەو،
سزای من بدات، منیش سزای ئەو.[٥]

---

(١) راهاتن، دڕندەیە، گوێ ناداتە هەستی ویژدان، لەبەر ئەوە پیاوی خراپمان لێ دروست دەکات. بەڵام وەکو پەریش وایە، چونکە چاکەکردنیشمان بۆ دەکات بە نەریت (عادەت) و خوو.

(٢) ئەمشەو، لە گەڵیا ئەگەر نەنوویت، بۆ جاری داهاتوو ئاسانتر دەبێت. هەر مەنوو لەگەڵیا تا نەختە بە نەختە رادێت و واز لەو عادەتە دەهێنن. چونکە راهاتن لە توانایەتی سروشتی مرۆڤ بگۆڕیت. تاکو دەتوانێت، ئەو مۆرەی سروشت بەکاری دەهێنێت بۆ "ئیمزاکردن"، بیگۆڕێت.

(٣) راهاتن، ئەوسا یان دوای شەیتان دەکەوێت و دەیکات بە قەبتان (کەشتیوان) یان وەکو پاڵەوان، پەلی شەیتان دەگرێت و دەری دەکاتە دەرەوە.

(٤) ئاوەکی؛ لە رێگەی رەوا دەرچوون.

(٥) من چی بکەم ئەگەر خوا ئارەزووی وا بێت؛ ئەو بەکار بهێنێت بۆ سزادانی من، منیش بۆ سزادانی ئەو.

ئەوا من دەڕۆم، دەیبەم دەینێژم.
سزای کوشتنی، چی بێت، دەیچێژم.
من ستەمکاری پێویستە بکەم،
تەنیا بۆ ئەوەی، کە دڵنەرم بم.[١]
بەم جۆرە بەدی، وا دەستی پێ کرد،
بەدترینیشی هێشتا لە دوایە.
خاتوونە، هەر یەک
وتەی تر دەکەم.
گێرتروود:
چیت دەوێت بکەم؟
هاملێت:
تەنیا ئا ئەمە، من بە هیچ جۆرێک
لە تۆ، ناخوازم:
بهێڵێت ئا ئەم "فوو تێکراوە"،[٢]
بتخەڵەتێنێت؛
هەم دیسانەوە بتبات بۆ جێگە،
شوێنی نوقورچی بەجێ بهێڵێت
بە روومەتتەوە و
بە مشک، ناوت نێت.[٣]
بۆ یەک دوو ماچی چڵکنی پیسی
یان بە هێنانی
پەنجە نەگریسە گڵاوەکانی

(١) هاملێت، دوای ئەوەی کە پۆلۆنیەسی کوشت (ستەمکاری کرد) بەزەیی پێدا هاتەوە (دڵی نەرم بووەوە). بەڵام بۆ ئەوەی دڵی دیسان نەرم نەبێتەوە، دەبێت ستەمکارییەکی خراپتر بکات (کلۆدیەس بکوژێت). هاملێت، کوڕی چاکە زۆر گرانە لای ستەمکاری بکات، بەڵام ناشتوانێت نەیکات، چونکە ئەوساکە ناپیاو دەردەچێت.
(٢) فووتێکراو؛ ئاوساو، هیچوپووچ. مەبەستی لە مامەکەی خۆیەتی.
(٣) بەمشک ناوت لێ بنێت؛ لە کاتی دڵداریکردندا، پێت بڵێت "مشکەکەم".

بەسەر روومەت و گەردنی تۆدا،
ئاوات لێ بکات
ئاڵۆزکاوییەکەی بۆ خاوکەیتەوە:(١)
کە من، بە ڕاستی
هیچ شێتنیم بەڵام، خۆم شێت کردووە.
باشتر دەبوو ئەگەر
تۆ خۆت پێی بڵێیت؛
ئەگینا دەبێت
شاژنێکی وا جوان و وریا و ژیر،
لە بۆقێک، یاخۆ لە شەڤشەڤوکێک،(٢)
یان پشیلەیەک،
نهێنییەکی بەم جۆرە گرینگ، بشارێتەوە؟
کێ ئەوە دەکات؟(٣)
نا، نا، بۆ ناچیت
دژی دانایی و یاسای نهێنی،
راست بۆ سەربانی
ماڵەکە و دەرگەی سەبەتەکانی،
بخەیتە سەرپشت.
تا باڵندەکان لێوەی بفڕن؛
وەکو مەیموونە بە ناوبانگەکە،
هەتاکو خۆشت تاقی بکەیتەوە؛
خۆت بخشێنە بچۆرە ناوی،
ناو سەبەتەکە، ئینجا لەوێوە

(١) ئاڵۆزکاوەکان؛ ئەو شتانەی لە یەک ئاڵۆزاون و پیاو سەری لێیان دەرناهێنێت ( نهێن، پەنهانی).
ئاڵۆزکاوییەکەی بۆ خاو بکەیتەوە؛ نهێنییەکەی منی پێ بڵێیت «پێی بڵێیت کە من شێت نیم».
(٢) شەڤشەڤۆک؛ شەمشەمە کوێرە؛ بێگومان، مەبەستی لە مامەکەی خۆیەتی.
(٣) شاژنێکی جوان و وریا و ژیر، چۆن نهێنییەکی ئاوا گرینگ، لە بۆقێک یان شەمشەمەکوێرەک دەشارێتەوە. بێگومان، هاملێت، بە گاڵتە پێکردن و تووڕەییەوە ئەمە دەڵێت.

خۆت هەڵدە بەڵکو ملت بشکێنیت.[١]

گێرتروود:

تۆ، دڵنیا بە،
ئەگەر بە هەناسە، وشە بگوترێت
هەناسەش ئەگەر ژیانی بوێت،
ژیانم نییە تاکو هەناسەی
ئەو وشانەی تۆ،
ئێستاکە گوتت، بە من بدرێت.

هاملێت:

ئەی تۆ دەزانیت بۆ ئینگلتەرە
من دەبێت بچم؟

گێرتروود:

زۆر بەداخەوە، من لە بیرم چوو؛
بڕیارێکی وا، بەڵێ دراوە.

هاملێت:

چەند نامەیەک هەن،
سەرمۆر کراون،
دراون بە دەست
ئەو دوو هاوڕێیەی منالّی فێرگەم،[٢]
ئەوانەی، من چەند
باوەڕم هەیە بە کوڵە ماران،
ئەوندەش بەوان.

---

(١) لێرەدا کە دەڵێت سەبەتە (basket) مەبەستی لە قەفەسە. دیارە کاتی شێکسپیر، پەندێکی وا هەبووە؛ مەیموونێک چووەتە سەربانی ماڵێک قەفەسەکەی کردووەتەوە، باڵندەکان لێوەی دەرچوون و خۆیان لە گێسوانەکەوە هەڵداوە و فڕیوون. مەیموونەکەش ویستوویەتی لاساییان بکاتەوە، کەوتووەتە خوارەوە، ملی خۆی شکاندووە. ئینجا ئەمە چی پێوەندییەکی بە گێرترروودەوە هەیە، زۆر روون نییە. بەڵام وا دیارە هاملێت، هەڕەشە لە دایکی دەکات؛ دەڵێت ئەگەر ئەم نهێنییەی من بۆ کلۆدیەس بگێڕیتەوە، بەوە ملی خۆت دەشکێنیت.

(٢) فێرگە؛ مەکتەب، خوێندنگە.

ئەمری من، تەسلیم بەوان کراوە.
ئەوانە دەبن بە ڕێبەری من:
لەسەر ئەوانە، بەرەو نامەردی،
جێگەی پێ و ڕێگەم، بۆ ڕابماڵن.
دە دەی با وابێت؛
چونکە خۆشە ئەگەر
بێیت "مین" دروستکەر[١]
بە بۆمباکەی خۆی هەڵی تەقێنیت.
هەرچەندە ئەمە زۆر ئاسان نییە،
بەڵام، من دەبێت
یەک مەترێک لە ژێر مینەکەی ئەوان
چاڵ هەڵبکەنم،
تاکو بەرەو مانگ هەڵیان تەقێنم.
ئای، چەند شیرینە،
کە دوو حیلەباز،
لە هەمان ڕێگە و کردەوە و کاردا،
ڕوو بە ڕوو تووشی یەکتری دەبن.
(ڕوو دەکاتە تەرمەکەی پۆلۆنیەس)
ئەم پیاوە، یەکسەر، ڕەوانەم دەکات
کەل و پەلەکەم کۆ بکەمەوە.[٢]
ئەمە، لەگەڵ خۆم، وا ڕادەکێشم،[٣]
بۆ ئا ئەو ژوورەی تەنیشت ئەمەوە.
دەی دایە، شەوباش. (ڕوو دەکاتەوە تەرمەکەی پۆلۆنیەس)
ئەم ئامۆژگارە، ئەمەی کە ئێستا،
مات و بێ جووڵە و زۆر سەنەو دیارە،[٤]

(١) مین؛ لوغم، بۆمبا. مین دروستکەر؛ ئەوەی مین دروست دەکات و بۆتی دادەنێت.
(٢) بە هۆی ئەم پیاوەوە، من ئەمجا یەکسەر ڕوانە دەکرێم.
(٣) ئەمیش؛ مەبەستی لە تەرمەکەی پۆلۆنیەسە.
(٤) سەنەو؛ سرت، گرینگ و بەڕێز. پۆلۆنیەس، ئامۆژگاری کلۆدیەس بوو.

له ژیانیدا، ئا ئەم ڕێژگاوە،
ناکەسێکی زۆر،
زۆر چەنەباز بوو.
با بڕۆین، بەگم،
تاکو کۆتایی، بە ئیش و کارم،
بهێنم لەگەڵ جەنابی ئێوە.
دەی دایە، شەوباش.

# پەردەی چوارەم

## دیمەنی ١-٤

کلۆدیەس و گێرتروود لەگەڵ رۆزنکرانتز و گڵدنستێرن دەردەکەون

کلۆدیەس:

ئەم ئاخ و ئۆخە و هەناسە ساردەت،
هۆیەکیان دەبێت، گێرتروود، هەبێت.
باشە بیزانین. دە پێمان بڵێ.
کورەکەت، کوانێ؟

گێرتروود: (روو دەکاتە رۆزنکرانتز و گڵدنستێرن)

هەر بۆ ماوەیەک،
تکایە ئێرە، بەجێ بهێڵن. (دەڕۆن)
ئاخ، بەگی هێژام،
من چیم ئەمشەو دی!

کلۆدیەس:

گیرتروود، چیت دی؟
ئەرێ هاملێت، چۆنە؟

گێرتروود:

شێتە، هەر وەکو ڕەشەبا و دەریا،
پێشبڕکێ بکەن لەگەڵ یەکتری؛
کامەیان ئایا بە زەبرترە.
لە کاتی ئا ئەو
فێ لێ هاتنە ستەمناکەیدا،
گوێی لێ بوو شتێک، لە دوای پەردەکە،
دەجووڵێتەوە؛

شمشێرەکەی خۆی زوو لێ هەڵکێشا
بۆی چوو و هاواری دەرکرد و دەیگوت؛
خۆ ئەوە مشکە، خۆ ئەوە مشکە![1]
لەو بارودۆخە حەپەساوەیدا،
ئەو پیاوە پیرە
باشە نادیارە قۆڕبەسەرەی، کوشت.

کلۆدیەس:

ئای کە کارێکی گران و سەختە؛
لەوێ بووینایە،
ئێمەش ئاوامان لێ بەسەر دەهات.[2]
ئەم سەربەستییەی،
هەڕەشە لە تۆ و هەمووومان دەکات.
داخی گرانم،
چۆن؟ من نازانم!
مافی ئەم کارە خوێناوییەمان،
پێ دەدرێتەوە؟
بەسەر ئێمەدا دەهێنرێتەوە،
چونکە دەبوایە، ئێمە پێشبینی
شتی ئاوامان زوو بکردایە،
رەشمەی کورترمان لە مل کردایە،
نەمان هێشتایە، ئەم لاوە شێتە،
توخنی کەس کەوێت.
بەڵام ئەڤینمان هەندە زۆر بوو بۆی،
نەماندەزانی چی باشترە بۆی،
تاکو بۆی بکەین.

(١) مشک؛ جاسووس.
(٢) لەوە ناچێت کلۆدیەس، خەفەت بۆ پۆلۆنیەس بخوات. هەر لەوە بیری دەکردەوە کە باش بوو خۆی لەوێدا نەبوو. ئەگینا ئەوە بەسەر خۆیدا دەهات.

هەر وەکو یەکێک تووشی دەردێکی
وا چەپەڵ بوو‌بێت؛
تاکو نەهێڵێت کەس پێی بزانێت،
ڕێگەی دەداتێ؛
تا لە کرۆک و مۆخی ژیانی
بخوا و هەڵبمژێت.
کوانێ، چوو بۆ کوێ؟

گێرتروود:

رۆیشت تاکو تەرمی
ئەوەی کە کوشتی،
ڕاکێشێ و بەرێت دووری بخاتەوە.
ئەوەی بە سەریا،
شێتییەکەی، وەکو خاوێکی هێژا،
لە نێوان گەلێک
خاوی مەعدەنی بێ نرخی تردا،
پاک و بژوینی خۆی، پیشان دەدا:
بە پەشیمانی
بۆ کردەوەکەی کردی، دەگرایا.(١)

کلۆدیەس:

ئای، گێرتروود، دەی،
ئیتر با بڕۆین!
سبەی بەیانی بەر لەوەی هەتاو،
دەرکەوێت بەسەر کێوەکانەوە،
لێرەوە سواری کەشتی دەکرێت.
وە بۆ ئەو کارە بەدەی کە کردی؛

(١) گێرتروود دەیەوێت بڵێت کە هاملێت، ئەوەندە پیاوێکی مەعدەن پاکە، تا مەعدەنی شێتییەکەشی پاکە: شێتییەکەی، بە پەشیمانی دەگریا بەسەر تەرمی ئەو کەسەی کە خۆی کوشتی. بەوە بژوینی (پاکی) مەعدەنی خۆیی پیشان دەدات «شێتییەکەی، ئەو پیاوەی کوشت، نەک هاملێت خۆی»

پێویسته ئێمه،
پسپۆڕی و ویستی شکۆداریمان،
بەکار بهێنین تاکو بتوانین؛
لێی قبووڵ کەین و لێشی ببوورین.[(١)]
هێی، گڵدنستێرن! (رۆزنکرانتز و گڵدنستێرن هەردووکیان دێن)
دوو دۆستەکانم،
چەند یاریدەدەرێک لەگەڵتان بەرن:–
هاملێت، له کاتی فێ لێهاتنی
پۆلۆنیەسی کوشت.
وه له ژوورەکەی دایکی خۆیەوە، ٤,١,٣٥
رای کێشا و بردی.
بڕۆن به دوایا بیدۆزنەوە.
لەسەرخۆ ئێوە، بدوێن لەگەڵی.
تەرمەکە بڕۆن بهێننەوە،
بۆ کڵێسەکە.
گەلێکیش تکا دەکەم که خێرا
ئەمەم بۆ بکەن. (رۆزنکرانتس و گۆڵدنستێرن دەڕۆن)
گێرتروود، دەی با،
له نێوان هاورێ و دۆستەکانمدا،
کێ هەیه دانا،
کۆیانبکەینەوە؛
وه هەردووکیانیان بۆ روون بکەینەوە؛
بەتەماین چی بکەین،
چۆنیش ئەوە کاره سامناکه رووی دا.[(٢)] ٤ ،١ ،٤٠
هەتاکو بوختان،

(١) ئێمە، دەبێت پایەی بەرزی شکۆداریی خۆمان بە جۆرێک (بە پسپۆڕی) بە کار بهێنین تاکو بتوانین ئەم کارە بەدەی لێ قبووڵ بکەین و لێشی ببوورین.
(٢) مەبەستی لە کوشتنەکەی پۆلۆنیەسە.

ئەوەی کە چرپەی، بەسەر زەمیندا،
وەکو تۆپ هاوێژ، ئاراستە دەکات
راستەوخۆ بەرەو جەرگی ئامانجی؛
گوللەی ژەهراویی،
بەر ناوی پاکی ئێمە نەکەوێت؛
هەوای بێ باکی، پێ برین بکات.[١]
ئاخ، دە با بڕۆین،
دڵم پڕە لە مەراقی ترسناک. ٤,١,٤٥

(١) با بوختان، ئەوەی چرپەکانی، وەک بە تۆپهاوێژ بهاوێت، راست دەیدات لە (جەرگی) ئامانجی، نەیەڵین گوللە ژەهراوییەکەی بەر ناوی پاکی ئێمە بکەوێت. با هەر هەوای بێ باکی پێ برین بکات (هەوا، باکی نییە، برین نابێت).

## دیمەنی ٢-٤

هاملێت دەردەکەوێت

هاملێت:

بەسەلامەتی، لە ڕێ لابرا.

ڕۆزنکرانتز و گیڵدنستێرن: (لە دوای شانۆکەوە دەنگیان دێت)

هاملێت! هاملێت، سەروەرم!

هاملێت:

وس، با گوێ بگرم! دەنگی کێیە دێت.
ئەوە کێ هاملێت، ئایا بانگ دەکات؟
(ڕۆزنکرانتز و گڵدنستێرن دەردەکەون)
ئۆهوو، وا هاتنەوە.

ڕۆزنکرانتز:

ئایا تەرمەکەت چی لێ کرد، بەگم؟

هاملێت:

تێکەڵی خاکم
کرد، ئەو خزمێتی.

ڕۆزنکرانتز:

پێمان بڵێ کوا، هەتاکو بچین
هەڵی بگرین و لەوێوە بیبەین بۆ کەڵێسەکە.

هاملێت:

قەت بڕوا، مەکەن.

ڕۆزنکرانتز:

بەگ، بڕوا بە چی؟

هاملێت:

نهێنی ئێوە، من بپارێزم،
بەڵام هی خۆم نا.[1]
بە تایبەتی ئەگەر
پارچە ئیسفەنجێک، ئەوە بخوازێت.
ئاخر چ جۆرە
وەرامێک دەبێت چاوەڕوان بکرێت
لە کوڕی "شا"یەک.[2]

ڕۆزنکرانتز:

بە ئیسفەنج، گەورەم، تۆ من دادەنێیت؟

هاملێت:

بەڵێ، ئا، گەورەم،
ئەوەی کە هێز و چاکە و خەڵاتی
شا، هەڵدەمژێت.
بەڵام کەسی وا، لە کۆتاییدا،
خزمەتی پاشا زۆر باشتر دەکات:
وەکو شمپازی؛
ئەوەی یەکەمیان دەچێتە دەمی،
لە قوژبنێکی دەمیا ڕای دەگرێت؛
ئەوەیان لە دوای هەموویان دەخوات.
ئەگەر پێویستیشی
هەبوو بەوانەی کە تۆ مژیوتە،
ئیسفەنجەکە، تۆ،

---

(١) ڕۆزنکرانتز و گڵدنستێرن هاتوون جاسووسی بەسەر (هاملێت) دا بکەن. هاملێت، پێیان دەڵێت؛ من دەزانم ئێوە بۆچی هاتوون بۆ ئێرە. ئەو نهێنییە من دەپارێزم، باسی ناکەم. بەڵام ئەوەی کە ئێوە هاتوون تاکو بیزانن، من پێتان ناڵێم.

(٢) ئەگەر پارچە ئیسفەنجێک لە کوڕی "شا"یەک داوا بکات کە نهێنییەکانی خۆیی پێ بڵێت، ئاخر چ جۆرە وەرامێک دەبێت چاوەڕوان بکات.

هەر بە یەک گوشین،
هەم دیسانەوە وشک دەبیتەوە.

ڕۆزنکرانتز:
من لە تۆ، بەگم، هیچ تێ نەگەیشتم.

هاملێت:
ئەوەم پێ خۆشە.
وتاری ڕیسواکردنی ئاوا،
دەخەوێت لە گوێی پیاوی ڕیژگاودا[1]

ڕۆزنکرانتز:
گەورەم، تۆ دەبێت
پێمان بڵێیت کوا، کوانێ لەشەکە،
لەگەڵیشماندا، بێیت بۆ لای پاشا.

هاملێت:
لەشەکە، لەگەڵ پاشا خۆیەتی،
بەڵام خۆی، پاشا، لەگەڵیا نییە.[2]
پاشا هەر تەنیا جۆرە شتێکە. . . .

گیڵدنستێرن:
بەگم، تۆ دەڵێیت جۆرە شتێکە؟

هاملێت:
شتێکە لە هیچ. دەی بمبەن بۆ لای.
ڕێوی، هەڕاکە،
خۆت بشارەرەوە،
ئێوەش، هەمووتان، دەی بە دوایەوە![3]

---

(١) پیاوی ڕیژگاو (بێ عەقڵ)، لە وتاری ڕیسواکردن تێ ناگات.

(٢) هاملێت، مەبەستی ئەوەیە کە پاشا، لەشی هەیە، بەڵام ئەو لەشە، لەشی پاشا نییە. هاملێت، مامەکەی خۆی بە پاشا نازانێت.

(٣) لێرەدا، هاملێت، رادەکات، ئەوانیش بەدوایەوە. هاملێت، وەکو گاڵتەیان پێ بکات، یاری منداڵانەیان لەگەڵدا دەکات.

## دیمەنی ٣-٤

کلۆدیەس و دوو سێ کەس دەردەکەون

کلۆدیەس:

ناردم بگەڕێن بەشیوێنیا و بەڵکو
شوێنی تەرمەکەش بدۆزنەوە.
مەترسی زۆرە، ئەم پیاوە لێرە،
بە بەرەڵایی بسوورێتەوە.
لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە ناتوانین
دەسەڵاتی یاسای دژ بەکار بێنین؛
لە نێوان گەلی سەرلێشێواودا،
گەلێک هەن ئەویان
گەلێک خۆش دەوێت.
چونکە ئەوانە، بە دیدە و بینین
شتیان خۆش دەوێت،
نەک بە مێشک و لێکۆڵینەوە.
لە باری وادا،
تەنیا لە سزای تاوانبارەکە،
بیر دەکرێتەوە، نەک تاوانەکە.
تا بە خامۆشی و بەبێ ئاژاوە،
کار و کردەوەم بەرم بەڕێوە؛
ئەم ناردنەی ئەم، وا لە ناکاوا،
پێویستە ئاوا بۆ خەڵک دەکەوێت،
کە زۆر بە ژیری بڕیار دراوە.

نەخۆشیێتی سەخت،
ئەگەر تووشی پیاو بێت،
بە دەرمانی سەخت، تیمار دەکرێت،
یان هەر ناکرێت. (رۆزنکرانتز دەردەکەوێت)
ها،
چیتان بەسەراهات؟
رۆزنکرانتز:
بەگ، نەمانتوانی
شوێنی تەرمەکەی لە دەم دەربێنین.
کلۆدیەس:
ئەی خۆی کوا، کوانێ؟
رۆزنکرانتز:
بەگم، لە دەرێ،
وەستاوە لەگەڵ چەند پاسەوانێک،
ئەمری جەنابتان چاوەڕوان دەکەن.
کلۆدیەس:
دەی، با بیهێنن، بێتە بەر دەمم.
رۆزنکرانتز:
دەی،
برۆ، ئاغاکەم بهێنە با بێت. (هاملێت و گلدنستێرن دێن)
کلۆدیەس:
دەی ئێستا هاملێت، پۆلۆنیەس کوانێ؟
هاملێت: لە شێوکردنە.
کلۆدیەس:
لە شێوکردنە؟ پێم بڵێ لە کوێ؟
هاملێت:
لەو شوێنەدا نا، کە شتی تێیدا دەخوات.
لەو شوێنەی کە خۆی، تێیدا دەخورێت.

جۆرە کرمێکی رامیاری لەوێ،
کۆبوونەتەوە بەسەریا دەیخۆن.[1] ٤,٣,٢٠
لە (دایەت) دا، هەر
یەک ئیمپڕاتۆر خاوەن بڕیارە،
ئەوەش، تەنیا هەر کرمەکەی خۆتە:[2]
ئاژەڵەکانی تر قەڵەو دەکەین،
بۆ ئەوەی ئەوان، قەڵەومان بکەن.
خۆشمان، بۆ کرم هەر قەڵەو دەکەین.
پاشای قەڵەو و هەژاری لاواز،
ئەو دووانە، تەنیا
دوو خواردەمەنین بۆ سەر یەک سفرە؛
ئاوا کۆتاییی بەم لەشەمان دێت.

کلۆدیەس:

زۆر بە داخەوە، زۆر بە داخەوە.

هاملێت:

لەوانەیە پیاو، ماسییەک بگرێت
بەو کرمەی لەشی پاشای خواردووە، ٣,٤,٢٥
وە لەو ماسییە بخوات، ئا ئەوەی
ئەو کرمەی قوتدا.

---

(١) رامیاری؛ سیاسی. پۆلۆنیەس خۆی بە سیاسییەکی زۆر زیرەک دەزانی و جاسووسیی دەکرد لووتی دەخستە ئیشوکاری خەڵکەوە «دەچووە ناو لەشیانەوە و دەیخواردن».، هاملێت، بەو کرمانە دەڵێت "کرمی رامیاری" بۆ ئەوەی پۆلۆنیەسی پێ بهێنێتەوە بیر، ئێستا ئەو کرمانە، کەوتوونەتە گیانییەوە دەیخۆن.

(٢) هاملێت، بە شا دەڵێت؛ لە دوای مردنمان، کرم دەبێت بە ئیمپراتۆر و بەهەوەسی خۆی دەمانخوات. لێرەدا دیسانەوە هاملێت وشەی "دایەت" (Diet) بە دوو ماناوە بەکار دەهێنێت:
١– دایەت؛ خواردەمەنی. ٢– بە کۆبوونەوەی پەرلەمانی کڵێسە رۆمانی پیرۆزیان دەگوت (دایەت). لە ساڵی ١٥٢١ دا، لە شاری (Worms) لە فەڕەنسا، بە سەرۆکایەتی ئیمپراتۆر (چارلس) ی پێنجەم، کۆبووەوە. (وێرمس Worms) کە ناوی شارەکەیە، بە ئیگلیزی یەعنی کرم). ئەو کۆبوونەوەیە بە تایبەتی بۆ محاکەمەکردنی مارتن لووسەر(Martin Luther) بوو.

کلۆدیەس:

مەبەستت چییە لەمەی کە دەیڵێیت؟

هاملت:

هیچ مەبەستێکم نییە لەمەدا،
هەر جگە لەوەی
پیشانت بدەم کە چۆن روو دەدا،
شا بە ریخۆڵەی
سواڵکەردا دەڕوا و دەچێتە دەرێ.

کلۆدیەس:

کوانێ پۆڵۆنۆس؟

هاملێت:

لە بەهەشتدایە،
کەسێک بنێرە، بیبینێت لەوێ.
پەیامبەرەکەت، ئەگەر نەیدۆزێوە،
لە جێگەکەی تر، خۆت بۆی بگەرێ.[١]
وە ئەگەر هات و لە ماوەی مانگێک
نەتاندۆزییەوە
ئەوسا بۆنەکەی دێتە لووتتەوە،
کە سەردەکەویت،
بە پلیکانەی هۆڵەکەی سەرێ.

کلۆدیەس:

دەی بگەڕێن بۆی،
لەو جێگەیەدا.

هاملێت:

دەمێنێتەوە لەوێ، لە جێی خۆی،
تاکو پێی دەگەن.

---

(١) لە جێگەگەی تر، لە جەهەننەم. کەی چوویت بۆ جەهەننەم، خۆت لەوێدا، بۆی بگەڕێ.

کلۆدیەس:

ئەم کارە، هاملێت،
بۆ سەلامەتی تایبەتی خۆتە.[١]
ئەوەندەی لامان گران و سەختە،
ئەوەندەش دڵمان خەمگین و پەستە،
بەو کردەوەیەی کە تۆ کردووتە.
لێرەوە دەبێ
رەوانە بکرێیت خێرا دەستبەجێ.
لەبەرئەوە دەی، خۆت ئامادەکە.
کەشتی حازرە و با یاریەدەرە،
هاوڕێیەکانت، یاوەرت دەبن،
گشت شتێکی تر رێک خراوە بۆت.
کۆچ دەکەیت ئێستا، بۆ ئینگلتەرە.

هاملێت:

بۆ ئینگلتەرە؟

کلۆدیەس:

بەڵێ، ئا، هاملێت.

هاملێت:

باشە.

کلۆدیەس:

ئا، ئەگەر مەبەستی ئێمەت دەزانی.[٢]

هاملێت:

پەرییەک دەبینم، چاوی لێیەتی.[٣]
بەڵام دەی، بڕۆین بۆ ئینگلتەرە.
دایکی شیرینم، ئەسپەردەی خوابیت.

---

(١) ئەم کارە؛ ئەو بڕیارەی کە داومە بتنێرم بۆ ئینگلتەرە.
(٢) ئا، ئەگەر تۆ، مەبەستی ئێمەت دەزانی، دەتزانی کە باشە.
(٣) ئاسمان، ئەو مەبەستەی تۆ دەبینێت.

کلۆدیەس:

هاملێت، ئەی باوکت،
ئەوەی کە گەلێک ئەتۆی خۆش دەوێت.

هاملێت:

دایکم.
دایک و باوک مێرد و ژنی یەکترین،
مێرد و ژنیش خۆ
یەک گوشت و خوێنن.[١]
لەبەر ئەوە من، هەر دەڵێم؛ دایکم.
دەی ئیتر بڕۆین بۆ ئینگلتەرە.

کلۆدیەس:

بڕۆن دوای کەون، جێ پێی هەڵگرن،
خێرای لێ بکەن کە زوو سەرکەوێت؛[٢]
ئەمشەو دەمەوێت لێرەوە دەرچێت.
دەی بڕۆن، هەرچی
پێوەندی هەیە بە ئەم کارەوە،
بڕیار دراوە و مۆریش کراوە.
دەی تکا دەکەم
خێرا بکەن، بڕۆن. (رۆزنکرانتز و گلدنستێرن دەڕۆن)
(لەبەر خۆیەوە) شای ئینگلتەرە،
ئەگەر ئارەزووم، نرخی لات هەبێت–
هێزی زاڵی من، هەر دەبێت هەندێک
عەقڵی دابێت پێت؛[٣]

---

(١) هاملێت، بە کلۆدیەس دەڵێت؛ کە دەڵێم "دایکم" ئەوە باوکیشم دەگرێتەوە. بە پێی ئنجیل ئافرەت و پیاو کە دەبن بە ژن و مێرد، دەبن بە یەک گۆشت و یەک خوێن. لێرەدا هاملێت، مەبەستی لە باوکی خۆیەتی و بە کلۆدیەس دەڵێت؛ تۆ باوکی من نیت. (وەرگێڕ)

(٢) سەرکەوێت بۆ سەر کەشتییەکە.

(٣) هێزی زاڵی من، دەبێت هەندێک مێشکی بە تۆ دابێت، کە چیت لێ داوا بکەم بیکەیت. چونکە جێی برینەکانی شیری دەنیمارکییەکان هێشتا سوورن، تازەن. چیت لێ داوا بکەم، دەبێت بیکەیت.

چونکە هێشتا هەر
جێگەی برینی شمشێرەکانی
دەنیمارکییەکان،
تازە و سوور دیارن،
ترسی ئازادت، باجمان دەداتێ.(١)
لەبەر ئەوە، ها،
نەکەی بە ساردی
فەرمانی ئێمە بهێنیتە دی.
ئەوەی بە روونی
لە نامەکەمدا، بۆت نووسراوە؛ ٤,٣,٦٠
" هەر کە گەیشت، هاملێت،
لە ناوی بەریت"
شای ئینگلتەرە،
جەنابت دەبێت ئەمەم بۆ بکەیت؛
چونکە ئەو، وەکو تای گرانەتێ،
گڕ لە ناو خوێنما هەڵدەگیرسێنێت.
ئەم دەردەم دەبێت
بۆ چارە بکەیت.
تا بەتەواوی
نەزانم ئەمەت هێناوەتە دی
نابینم شادی.

---

(١) ترسی ئازادت؛ تۆ، تەنیا هەر ترسەکەت ئازادە. خۆی، بەهەوەسی خۆی، بەبێ ئەوەی کەس زۆری لێبکات، باجمان "زەریبەمان" دەداتێ.

## دیمەنی ٤-٤

فۆرتێنبراس بە سوپایەکەوە دەردەکەوێت

فۆرتێنبراس:

دەی کاپتن برۆ
تۆ بۆ لای پاشای خاکی دەنیمارک،
درودی منی پێ بگەیەنە؛
بڵێ؛ فۆرتینبراس، دەخوازێ لێتان،
بە پێی بەڵێنتان،
ڕێی بە سوپامان بدات تێپەڕێت
بەسەر خاکانی وڵاتەکەیدا.[1]
خۆ تۆ دەزانی، لە کوێ یەکتری
دەبینینەوە.[2]
ئەگەر خاوەن شکۆ، شتێک بخوازێت
ئێمە ئامادەین بێنە خزمەتی.
ئەوەی پێ بڵێ.

کاپتن:

سەروەرم، وەکو دەفەرموون، دەیکەم.

فۆرتێنبراس:

بەڵام، لەسەرخۆ.[3]
دەی ئیتر برۆ. (فۆرتێنبراس و سوپاکەی دەڕۆن)
(هاملێت و ڕۆزکرانتز و گڵدنستێرن دەردەکەون)

---

(١) سەیری دێری ٢,٢,٧٥ بکە.

(٢) سوپاکە لە جێی خۆی نامێنێتەوە، دەڕوات. کاپتنەکە لە جێگەیەکی تر پێیان دەگاتەوە.

(٣) لەسەرخۆ؛ ئاگەدار بە قسەیەک نەکەیت توورەی بکات.

هاملێت:

گەورەم، ئەرێ ئەو
هێزانە، هی کێن؟

کاپتن:

بەگ، هی نەرویجن.

هاملێت:

تکایە، گەورەم، مەبەستیان کوێیە؟

کاپتن:

دەچن بۆ جەنگین
دژی بەشێکی خاکی پۆڵەندی.

هاملێت:

گەورەم، ئەی کێیە سەرۆکەکەیان؟

کاپتن:

"فۆرتێنبراس"ە،
برازای پاشا پیرەکەی نەرویج.

هاملێت:

گەورەم، دەیەویت ئایا داگیری
پۆڵەندە بکات،
یان پارچەیەک خاک لەسەر سنووری؟

کاپتن:

ئەوەی راستیبێت،
بێ پێوەنان و بێ مەزن کردن،
دەچین داگیری پارچە خاکێکی،
زۆر بچووک بکەین.
کە هیچ سوودێکی
لێوە نابینن، ناوەکەی نەبێت.
بۆ کشتوکاڵی،

بەکرێی ناگرم بە پێنج (دوکات) یش.[١]
نە بۆ پۆڵەندە نە بۆ شای نەرویج،
هیچ لەوە زیاتر سودێکی دەبێت.

هاملێت:

خۆ ئەگەر وابێت
پاشای پۆڵەندە، بەرگری ناکات.

کاپتن:

بەرگری دەکات؛
سوپاکەی لەوێ، چاوەڕوان دەکات.

هاملێت:

دوو هەزار گیان و بیست هەزار دوکات ٤,٤,٢٥
قوربانی بکرێت،
هێشتاکە ئا ئەم
کێشە بێ نرخە، چارە ناکرێت.
ئەمە دوومەڵی
سامانی زۆر و ئاسوودەییە.[٢]
لەوەی کە لە ناو پیاودا دەتەقێت،
لە دەریشەوە،
دیار نییە بۆچی پیاوەکە دەمرێت.[٣]
من، بە سەرکزی
گەورەم، سوپاسی جەنابت دەکەم.

کاپتن:

خوات لەگەڵ، گەورەم.

رۆزنکرانتز:

نەڕۆین، سەروەرم؟

---

(١) دوکات؛ پارەیەکی کەمە وەکو بڵێین پوولێک.

(٢) چونکە، فۆرتێنبراس پارەی زۆرە و لە ئاسوودە بێزار بووە، بۆیە، ئارەزوو دەکات ئاژاوە بنێتەوە.

(٣) ئەم هەموو کەسە دەمێرێت و کەسیش نازانێت لەبەر چی. وەکو چۆن روو دەدات، دوومەڵ لە ناو لەشی زەلامێکدا دەتەقێت و پیاوەکە دەمرێت و کەسیش نازانێت بەچی مرد.

هاملێت:

له پێش منەوه بڕۆن من یەکسەر،
دواتان دەکەوم.
(هەموویان دەڕۆن هاملێت، هەر خۆی دەمێنێتەوه)
ئاخ،
چۆن گشت ڕووداوێک،
دژی من دەدوێت؛
تۆڵەی بێ تینم دەورووژێنێت!
ئاخر پیاو چییه،
ئەگەر باشترین کاتی بەسوودی،
بۆ خواردن و خەو بەکار بهێنێت؟
ئەوه، ئاژەڵه، هیچی تر نییه.
بێگومان ئەوی ئێمەی دروست کرد،
بەمێشکێکی ئاوا گەورەوه،
پێش و پاشەوەی تا پێ دەبینین.
ئەو دەسەڵاته یەزدانییانەی،
نەداوه پێمان،
له بێکاریدا، کەڕوو هەڵهێنن.
ئیتر نازانم ئا ئەمه، ئایا،
لەبیرچوونێکی ئاژەڵانەیه،
یاخۆ دوودڵی ترسنۆکییه،
که وا به وردی
له ئاکامەکەی بیر دەکەمەوه.[١]
لێکدانەوەکەم، ئەگەر چوارلەت کرێت؛
دانایی تەنیا یەک پارچەیەتی.
سیانەکەی تری ترسنۆکییه.
نازانم بۆچی؛

(١) له ئاکامەکەی؛ له ئەنجامی تۆڵه سەندنەوەکەم. ئامراز؛ ئامێر، ئەدەوات

دەژیم و دەڵێم ئەو شتە دەکەم،
لە کاتێکدا من،
هەموو شتێکم هەیە کە بیکەم؛
هۆ و دەسەڵات و خواست و ئامرازی ٤,٤,٤٥
بە دی هێنانی.
هەندە نموونە،
زۆرە، ئەوەندەی خۆڵی زەمینە،
هانم پی دەدەن: فەرمووو، ببینە؛[١]
ئەم سوپا زلە
میرێکی ناسک، سەرکردەی دەکات.[٢]
ئەوەی دەروونی،
وا ئاوساوە
بەو بەرزخوازییەکەی پیرۆزی دڵی؛[٣]
ڕیسوای مەترسی
دەکات و دەچێت، گیانی مرۆکی،
دەخاتە ژێر دەست خوای بەختەوە.
رووبەڕوو دەیبات بەرەو مەرگەوە،
تا بۆ توێکڵی دانە هێلکەیەک.[٤]
گەورەیی راستی
ناچێت ناکۆکی دابمەزرێنێت
بەبێ هۆیەکی مەزنی راستی.
بەڵام گەورەیی لە پووشێکیشدا، ٤,٤,٥٥
شەڕ و ناکۆکی دەدۆزێتەوە،
ئەگەر داوێنی گڵاو بێت بەوە.

---

(١) ئەو نموونانە، هانم دەدەن.

(٢) میرێکی ناسک؛ شازادەیەکی نازدار.

(٣) دەروونی (نەفسییەتی) ئاوساوە (مەزن کراوە) بەو بەرزخوازییە پیرۆزەی کە لە دڵیدایە.

(٤) بۆ شتێکی بێنرخ (توێکڵی هێلکەیەک) ئامادەیە شەڕ بکات گیانی خۆی بخاتە خەتەرەوە.

ئایا هەڵوێستی چۆن دەبێت ئەوەی؛[١]
باوکی کوژراوە،
داوێنی دایکی ناپاک کراوە،
ویژدان و خوێنی وروژانراون،
هەر هیچ نەکات و
بهێڵێت هەموو ئەوانە، بنوون؟[٢]
شەرم، دەروونم دادەوەشێنێت،
کە لە بەرچاوی خۆمدا دەبینم
بیست هەزار سەرباز،
دێن بەرەنگاری مەرگ دەبنەوە،
بۆ ناوبانگییەک،
ناوبانگییەکی پووتی خەیاڵی.
بۆ گۆڕەکانیان
دەچن هەر وەکو بۆ خەوتن بچن.[٣]
هەمووشی لەسەر پارچەیەک زەوی،
ئەو ژمارەیە،[٤]
جێی نابێتەوە تێیدا بجەنگێت،
یاخۆ هەر بیکات بە گۆڕستانێک
بۆ کوژراوەکانی.[٥]
ئاخ،
ئا لەم کاتەوە،
خوێناوی دەبێت بیرکردنەوەم،
یان بە هیچ ناچم.

---

(١) هەڵوێست؛ مەوقف.

(٢) ئایا دەبێت یەکێک، ئەو هەموو غەدرەی لێ کرابێت و هیچ نەکات. یان بهێڵێت ئەو هەموو کێشە گرینگانە بەنج بکرێن و بنوون.

(٣) وا بە ئاسانی دەچن بۆ گۆڕەکانیان وەکو بچن بۆ نووستن.

(٤) مەبەستی لە بیست هەزار سەربازەکەیە.

(٥) ئەو زەوییە ئەوەندە بچووکە جێی ئەو ژمارەیە (ئەو بیست هەزارە) نابێتەوە لەسەر خاکەکەیدا شەڕ بکات، یان بیکات بە گۆڕستانێک بۆ کوژراوەکانی.

## دیمەنی ٥-٤

هۆراشیو و گێرتروود و خانەدانێک دەردەکەون

گێرتروود:

نادوێم لە گەڵی.

خانەدان:

سوورە لەسەری،
بەڕاستی مێشکی تەواو شێواوە.
باری دەروونی گەلێک پێویستی
بە ئاگەداری و بەزەیی هەیە.

گێرتروود:

باشە، چی دەوێت؟

خانەدان:

زۆر باسی باوکی دەکات و دەڵێت؛
کە بیستوویەتی؛
فڕوفێڵبازی لە دنیا هەیە.
همەهەم دەکات لە سنگی دەدات،
تاکو پووشێکی
کا، تووڕەی دەکات.[١]
وتەی پڕ گومان، لە دەم دەردەکات،
زۆری بێ مانا؛ کەس لێی تێ ناگات.
گوێگرەکانی خۆی ناچار دەکات؛
کە وتەکانی، ئاوا رێک بخەن،
بگونجێن لەگەڵ

---

(١) تا شتێکی زۆر بچووک، هەندەی پووشی کایەک، تووڕەی دەکات.

سەر ڕاوەشان و ترووكەی چاوی.
هەڵیان دەهێنێت هەر كەس بە گوێرەی
بیركردنەوەی خۆی و مێشكی.
هەرچەند تێ ناگەیت لێی بەتەواوی،
بەڵام تێ دەگەیت؛
كە چەند سوێدارە دڵی داماوی.[١]

هۆراشیۆ:

باشترە یەكێك بدوێت لەگەڵی.
چونكە ئەو، دەشێت،
گومانی سامناك بڵاو بكاتەوە،
لە ناو مێشكی
كەسانی بەدخواز.

گێرتروود:

با بێتە ژوورێ. (خانەدانەكە دەڕوات)
(لەبەر خۆیەوە) لای ئەم دەروونە نەخۆشەی هەمە–
تاوان، هەمیشە سروشتی وایە–[٢]
بچووكترین شت،
پێشەكییەكی بەدی بەیوومە،
بۆ ڕابینینی
بەدبەختییەكی ناقۆڵای گەورە.[٣]
(ئۆفێلیا دەردەكەوێت. وەكو بیری لای خۆی نەبێت)
تاوان، ئەوەندە،
لە گومانی گەوج، لێوان لێو پڕە؛
لە ترسی ئەوەی نەوەك بڕژێت؛

(١) گلەیی لە دنیا دەكات.
(٢) دوای ئەو وتووێژەی كە لەگەڵ هاملێتی كوڕیدا كردی (سەری دێری ٤,٣,٨٨ بكە) ئێستا گێرتروود هەست بە تاوانباری و ئازاری دەروون دەكات.
(٣) ئەم دەروونە نەخۆشەی من، تا بچووكترین شتیش (بینینی ئۆفێلیا) بە بەیووم دەبینێت.

خۆی، خۆی دەڕژێنێت.[١] (ئۆفێلیا، دێت. زۆر سەرلێشێواوە)

ئۆفێلیا:

کوانێ شاژنی جوانی دەنیمارک.[٢]

گێرتروود:

ها، ئۆفێلیا؟

ئۆفێلیا: (گۆرانی دەڵێت)

چۆن خۆشەویستە راستەقینەکەت،
لە ناو کەسانی
تردا، من ئاخر، بناسمەوە؟
بە سەدەفەکەی سەر کڵاوەکەی،
دارەکەی دەستی و سۆڵەکانییەوە؟[٣]

گێرتروود:

ئاخ،
خانمی شیرین،
ئەم گۆرانییە، ماناکەی چییە؟

ئۆفێلیا:

ئەرێ، هیچت گوت؟
تکات لێ دەکەم گوێ لە من بگریت. (گۆرانی دەڵێت)
بانووەکەم! ئەو مرد.
ڕۆیشت و گەشتی کرد.
چیمەنێک گیای سەوز، لە ژووروی سەری،
بەردێکیش لەمبەر پاژنەکانێتی.
ئـــــاخ، ئاخ.

---

(١) تاوانبار، لە هەموو شتێک گومان دەکات و بچووکترین شت دەیترسێنێت. هەرچەند هەوڵ دەدات تاوانەکانی بشارێتەوە، زیاتر دەردەکەون.

(٢) لەوە دەچێت ئۆفێلیا، شاژنی خۆش دەوێت. بەڵام، کە دەیبینێت، ئەوەندە سەری لێشێواو، نایناسێتەوە.

(٣) جاران ئەوەی بچوایە بۆ حەج، بۆ زیارەتی (جێمس) ی پیرۆز St. James بە کڵاوەکەیەوە گوێچکە ماسییەکی (سەدەفێکی) دەبەست و دارێکی دەگرت بە دەستەوە و جووتێک سۆلی لە پێ دەکرد. ئەو جۆرە حاجییانە بە دڵداری دڵسۆز دادەنران.

گێرتروود:

بەڵام، ئۆفێلیا–

ئۆفێلیا:

تکات لێ دەکەم، گوێ لەمە بگریت.
کفنەکەی وەکو بەفری کێو، سپی، (کلۆدیەس دێت)

گێرتروود:

داخی گرانم. بەگم، سەیریکە.(١)

ئۆفێلیا: (گۆرانی دەڵێت)

سەرتاپا گوڵی جوان دەوراندەوری.
ئەوەی هات بگری، لەسەر گۆڕەکەی،
فرمێسکی پاکی ئەڤینی ڕاستی،
لە چاوەکانی هیچ نەدەباری.(٢)

کلۆدیەس:

بانووی جوان، چۆنی؟

ئۆفێلیا:

خوا، سزات باتێ.
دەڵێن کە پەپوو،
لە ئەسڵا کچی نانەوایەک بوو.(٣)
خوایە، دەزانین ئێمە ئێستا چین،
بەڵام نازانین چیمان بەسەر دێت.

---

(١) ئۆفێلیا، هاملێتی زۆر خۆش دەویست. کە هاملێت، باوکەکەی دەکوژێت، هەدوو خۆشەویستەکانی خۆیی لە کیس دەچێت؛ هەم هاملێتی دۆستی هەم باوکەکەی خۆی. بەوە مێشکی تێک دەچێت؛ ئێستا وتەکانی، بەشی زۆریان، پێوەندییان بە یەکترییەوە نییە.

(٢) دیارە مەبەستی لە شایە.

(٣) پەپوو، لە ئەسڵا کچی نانەوایەک بووە؛ ئەمە چیرۆکێکی کۆنە: گوایە پیاوێکی برسی، چووە بۆ لای نانەوایەک داوای نانی کردووە، کچی نانەواکە، لێی تووڕەبووە و دەری کردووە. ئەو پیاوە تومەز حەزرەتی عیسا خۆی بووە. ئیتر خوا سزای کچەکەی داوە و کردوویێتی بە پەپوو. لێرەدا ئۆفێلیا، بە شا دەڵێت؛ لە سزای خوا، بترسە. لەوەش دەچێت گلەیی لە خۆی بکات؛ چونکە بە قسەی باوکی خۆی کرد؛ ڕێگەی لە هاملێت بڕی و نەیدەهێشت، وەکو جاران، بێت بۆ لای. لێرەدا خۆی بەکچی نانەواکە دادەنێت و هاملێت بە حەزرەتی عیسا.

یەزدان، میوانی مێزەکەتان بێت.[١]

کلۆدیەس:

هەر بیر لە باوکی خۆی دەکاتەوە.

ئۆفێلیا:

تکات لێ دەکەم، با باسی نەکەین،
بەڵام، ئەگەر هات و پرسیان لێ کردیت؛
"ئەوە مانای چی؟"، تۆ، ئەمە دەڵێیت- (دەست دەکاتەوە بەگۆرانی)
سبەینێ رۆژی (سێنت ڤالانتاین) ە[٢]
بەیانییەکەی، زوو،
هەڵدەستن هەموو.
منیش هەر وەکو عازەبێک دەچم،
لەبەر پەنجەرەی تۆدا دەوەستم،
هەتاکو بەڵکو ڤاڵەنتاینت بم.[٣]
ئەویش هەستا زوو
جلوبەرگەکەی، جوان رازانەوە،
دەرگەی ژوورەکەی خۆی بۆ کردەوە،
کچە گەنجەکەی، بردە ژوورەوە.
بە کچی، لەوێوە،
ئیتر دەرنەچوو.

کلۆدیەس:

ئای، ئۆفێلیای جوان!

---

(١) مێز؛ مێزی نانخواردن. خوا لێتان ببوورێت.

(٢) رۆژی سێنت ڤالانتاین Saint Valentine؛ رۆژی ڤالانتاینی پیرۆز. ڤالانتاین پیاوێکی پیرۆزە لە لای مەسیحییەکان. رۆژی ٢/١٤ ی هەموو ساڵێک دڵدارەکان، کچ و کوڕ، نامەی دڵداری بۆ یەکتری دەنێرن، بەبێ ئەوەی ناوی خۆیانی لەسەر بنووسن. خۆت لە دڵی خۆتدا دەبێت هەڵی بهێنیت لە کێوە بۆت هاتووە. ئەمە نەریتێکی کۆنە. ئێستاش هەر ماوە. لە هەندێک وڵاتاندا بە "رۆژی سێنت ڤالانتاین" دەڵێن "رۆژی ئەڤین" دیارە هاملێت، کاتی خۆی بۆ ئۆفێلیای دەنارد.

(٣) بەڵکو (ڤالانتاین) ت بم؛ بەڵکو من هەڵبژێریت و بمکەیت بە خۆشەویستی خۆت.

ئۆفێلیا:

بەڵێ، راستە وام، سوێند ناخۆم بەڵام،
ئێستا کۆتایی من پێ دەهێنم.[1] (دەست دەکاتەوە بە گۆرانی گوتن)
دە بە حەزرەتی مەسیح و هەرچی
ئەوەی پیرۆزە؛ شەرم و شوورەیی،
پیاوە گەنجەکان، هەڵکەوێت بۆیان،
داخەکەم دەیکەن.
بەخوا، من ئەوان تاوانبار دەکەم.
کچەکە گوتی؛
تۆ، لە پێش ئەوەی کچێنیم بەری،
بەڵێنت دامێ کە من بهێنی.
کوڕەکە جوابی دایەوە گوتی؛
ئا بەو هەتاوە بەرزەی دەیبینی،
من تۆم دەهێنا،
ئەگەر نەدەهاتی بۆ ناو نوێنەکەم.

کلۆدیەس:

چەند دەبێت وایە؟

ئۆفێلیا:

ئومێدم وایە کە هەمووی باشبێت.
ئێمە پێویستە ئارامان هەبێت.
بەڵام من چی بکەم،
لە گریان زیاتر، چیم پێ دەکرێت.
هەر چەند بیر دەکەم؛
لە ژێر زەمینی سارددا، دەخەوێت.
گریانم بۆی دێت.
رۆژێک براکەم هەر پێی دەزانێت.

---

(١) بەڵێ راستە من جوانم. ئەمە بەجۆرێک دەڵێت وەکو رسوای کلۆدیەس بکات یاخۆ گلەیی لێ بکات. ئێستا کۆتایی بە گۆرانییەکەم دەهێنم.

ئیتر من گەلێک سوپاست دەکەم،
بۆ ئامۆژگاری باش و دروستت.
وەرە با بڕۆین، دەی گالیسکەکەم.[١]
بانووە جوانەکان،
ئەمن شەوباشی لە ئێوە دەکەم.
شەوباش بانووە روو شیرینەکان.
شەوباش، دەی شەوباش. (ئۆفێلیا دەڕوات)

کلۆدیەس:

بڕۆ دوای کەوە، تکات لێ دەکەم،
لە نزیکەوە، چاوێکت لێی بێت. (هۆراشیۆ، لەگەڵیا دەڕوات)
ئاخ، داخی زەمان،
ئەمەیە ژەهری پەژارەی گران.[٢]
مردنی باوکی، سەرچاوەیەتی.
ئاخ، ئاخ، گێرتروود، ئاخر دەبینیت؛
پەژارە، کە دێت، یەک پیادە نایەت؛[٣]
بەجارێک تووشی لەشکرێک دەبیت؛
یەکەم، باوکەکەی کوژرا ئاوا،
دووەم، کوڕەکەت رۆیشت و بەجێی هێشت.
توند و تیژییەکەی
خۆی بوو، بوو بە هۆی
نەفیکردنی موستەحەقانەی.
گەل، ورووژاوە؛
وتەی نا سازگار بە گوێی یەکتری
بەچرپە دەڵێن.[٤]

---

(١) دەی گالیسکەکەم؛ دەی عەرەبانەکەم. وەکو بە عەرەبانە هاتبێت، بە عەرەبانەکەی دەڵێت؛ "دەی ئامادەبە با بڕۆین"
(٢) پەژارەی گران، ژەهراوییە، مرۆڤ شێت دەکات.
(٣) پیادە؛ سەربازی پیادە.
(٤) وتەی نا سازگار؛ ئەو وتانەی زەرەریان هەیە بۆ وڵاتەکە.

به گومانەوە، دەربارەی مەرگی
پۆلۆنیەس، دەدوێن.
هەڵە بوو ئێمە،
بەبێ ئاهەنگی سوێداری بچین
تەرمەکەی باوکی،
وا بەدزییەوە ببەین بینێژین.
ئۆفێلیای هەژار،
ئاخ، لە دانایی خۆی جیابووەتەوە.
ئێمە بێ ئەوە، لە وێنە دەچین.[1]
یان هەر لە ئاژەڵ.
ئەوەی لە هەمووی سەخت و بەدترە؛
بە نهێنییەوە، لە فەڕەنساوە،
"لێترس"ی برای گەڕاوەتەوە.
تەنیا خەیاڵی خۆی خۆراکێتی،
لە ناو هەوردا، دەیهێڵێتەوە.[2]
چەنەبازی دەمگۆ، زۆرە لە دەوری،[3]
بە دەنگوباس و وتەی ژەهراوی،
دەربارەی جۆرەی مردنی باوکی،[4]
گوێی پڕکراوە.
چونکە بەڵگەیان، هیچ نییە دژمان،
جا ناچار دەبن، بە بێویژدانی،
دەنگوباسێکی بۆ هەڵببەستن؛
لەم گوێ بۆ ئەو گوێ بڵاو دەبێتەوە.

---

(١) بێ ئەوە؛ بێ دانایی.
(٢) راستییەکەی نازانێت، هەر بە خیاڵی خۆی بڕوای هەیە. ئەو خەیاڵەی لە ناو هەوردا دەیهێڵێتەوە و هیچ نابینێت.
(٣) دەمگۆ؛ قسەوقسەلۆک. چەنەبازی دەمگۆ؛ ئەوەی چەنەبازی دەکات و قسەوقسەلۆک دەگێڕێتەوە.
(٤) قسەی ژەهراویی درۆی بۆ دەگێڕنەوە دژی ئێمە، دەربارەی مردنی باوکی.

ئاخ ئازیزەکەم، گێرتروود، ئەمە،
وەکو ئامێری گوللەباران بێت،
لە گەلێک لاوە،
بەرەو منەوە، مەرگ بهاوێژێت. (دەنگی هەراوهوریا دێت)

گێرترود:

ئەو ژاوەژاوە چییە دەنگی دێت؟

کلۆدیەس:

کوانێ ئێشکگرە سویسرییەکانم؟[1]
دەرگەی دەرەوە، با بپارێزن. (پەیامبەرێک دێت)
ئایا هیچ بووە، رووی داوە شتێک؟

پەیامبەر:

گەورەم، تۆ دەبێت، خۆت بپارێزیت.
تا دەریای هەژیو، ناتوانێت هەڵچێ و
خاکی سنوورە تەخت و رێکەکەی
خۆی داپۆشێت،
خێراتر لەوەی "لێرتێس"ی گەنج خۆی،
لەگەڵ کۆمەڵێک یاخی، دەتوانن
ئەفسەرەکانی تۆ رابماڵن.[2]
یاخیگەرەکان،
بە "سەروەر"، گەورەم، ناویان دەهێنا.[3]
هەر وەکو دنیا،
ئەمرۆ، ئێستاکە، لە دایک بووبێت،
نەریت یان یاسای کۆن، هەر نەبووبێت،
تاکو پشتگیری وتەکانمان بێت:
هاواریان دەکرد؛ ئارەزوومان بێت؛

---

(١) پاسەوانەکانی کلۆدیەس، سویسری دەبن.
(٢) لێرتێس، خۆی و ئەو کەسانەی کە لەگەڵیان، لە دەریای هەژیو "ورروژاو" بەهێزترن.
(٣) سەروەر؛ سوڵتان. بە لێرتێس دەڵێن "سەروەر" (بە ئاسایی بە شا دەگوترێت "سەروەر").

لێرتێس، شا دەبێت.[١]
هەر بەرەو ئاسمان، کڵاوەکانیان،
هەڵدەدەن. بە دەست،
چەپڵە لێ دەدەن،
بە دەم، هەڵهەڵە؛
"شامان، لێرتێسە، "لێرتێس"مان دەوێت."

گێرتروود:
بە دوای پەی گەندە، چەند بە شادمانی
دەنگی بەرزتان دێت!
ئای، راکردنە، بەدوای نێچیردا.[٢]
گەندە سەگانی خاکی دەنیمارک!

کلۆدیەس:
دەرگەکان شکان. (لێرتێس، دێتە ژوورەوە لەگەڵ چەند کەسێکدا)

لێرتێس:
کوا، لە کوێیە شا؟ (روو دەکاتە یاخیبووەکان)
بەگەکان، ئێوە،
هەر لە دەرەوە، بمێننەوە.

هەموو:
نا، رێمان بدەن، بێینە ژوورەوە.

لێرتێس:
زۆر تکا دەکەم، رێگەم بدەنێ.

هەموو:
دە باشە، فەرموو.

لێرتێس:
سوپاستان دەکەم.

---

(١) وەکو لە دنیادا هیچ نەریت و یاسا نەبێت؛ بە ئارەزووی خۆیان چییان دەوێت، دەیکەن.

(٢) پەی؛ جێ پێ. گەندە؛ قەڵب، ساختە. لە راودا، سەگی راو (تانجی)، جێ پێی نێچیرکە هەڵدەگرێت و رادەکات بە دوایا تاکو دەیدۆزێتەوە. بەوە دەڵێن "راکردن". لێرەدا، گێرتروود، دەڵێت؛ ئای لەم "راکردنە" بەدوای نێچیردا، هەی سەگە قەڵبەکانی خاکی دەنیمارک.

تەنیا چاوێکتان لە دەرگەکە بێت. (دەچنە دەرێ)
کوانێ، تۆ لە کوێیت،
شای ناکەسبەچە، باوکمم دەوێت.

گێرتروود:

لێرتێس، کوڕی باش،
هەندێ لەسەرخۆ، ئارامت هەبێت.

لێرتێس:

ئەگەر دڵۆپێک خوێن، تیامدا هێمن بێت،
من زۆڵبم دەبێت.
باوکیشم دەبێت ئەوسا ژن حیزبێت.
مۆری قەحبەییش، ئەوساکە دەبێت،
لە ناوەڕاستی
تەوێڵی پاکی دایکم، دانرێت.[١]

کلۆدیەس:

لەبەرچی لێرتێس، دە پێم بڵێ بۆ،
ئاوا وەکو دێو یاخی بوویت تۆ؟ (روو دەکاتە گێرتروود)
گێرتروود، لێی گەڕێ،
بۆ سەلامەتیم، تۆ ترست نەبێت.
شا، پارێزراوە،
بە درودی خوا، پەرژین کراوە.[٢]
ناپاکی، تەنیا، لە کونێکەوە،
دەتوانێت سەیر کات.
لەوە بەولاوە،
دژی شا، هیچی کەی پێ ناکرێت.
لێرتێس، پێم بڵێ،
بۆ ورووژاوی ئاوا بە جارێک؟- (روو دەکاتەوە گێرتروود)

---

(١) تەوێڵ: ناوچەوان.

(٢) بە تەبریکاتی خوا، دەوری گیراوە.

گێرتروود، لێی گەڕێ–
مەرد، دە دەی بدوێ.

لێرتێس:

کوانێ باوکم، کوا؟

کلۆدیەس:

مردووە.

گێرتروود:

بەڵام ئەم، سووچی لەوەدا نییە.

کلۆدیەس:

دەی با بپرسێت،
تا لە پرسکردن تەواو تێر دەبێت.

لێرتێس:

چۆن بوو، بە چی مرد؟
لەگەڵ مندا، ها، گاڵتە ناکرێت.
لایەنگریم، با بۆ دۆزەخ بچێت.
لەعنەتی شەیتان، لە پەیمانم بێت.[1]
بەزەیی ویژدان، گۆڕ جێگەیان بێت.
گڕی جەهەننەم من ناترسێنێت.
ئێستا لێرەدا، ئاشکرای دەکەم؛
لەعنەت لە هەردوو دنیاکەم دەکەم،
هەرچییەک دەبێت با بۆ خۆی ببێت:
من واز ناهێنم، تا بە تەواوی
تۆڵەی باوکی خۆم نەسێنمەوە.

کلۆدیەس:

کێ ڕێت لێ دەگرێت؟

لێرتێس:

هەر ئارەزووی خۆم.

(١) کاتی خۆی سوێندی خواردووە و پەیمانی داوە کە هەمیشە لایەنگری شا بێت.

لەسەر زەمیندا،
نییە بتوانێت ڕێ لە من بگرێت.
هۆکارەکانم،
وا بە دانایی بەکار دەهێنم؛
بە کەمێک، بۆ دوور دەیانگەیەنم.(١)

کلۆدیەس:
لێرتێس، کوڕی باش،
ئەگەر بتوانیت، تۆ بەتەواوی،
دەربارەی مەرگی باوکت بزانیت،
چۆن تۆ بەتەمایت تۆڵەی بسێنیت؟
وەکو قومارچی؛
دوژمن و دۆستی ئەو، بگرێتەوە؟
ئەوەی دۆڕانی و ئەوەی بردییەوە؟

لێرتێس:
کەس نا، هەر تەنیا دوژمنەکانی.

کلۆدیەس:
ئارەزوو دەکەیت کە بیان ناسی؟

لێرتێس:
بۆ دۆستی باشی، ئاوا، بە پانی،
دوو دەستەکانی خۆم دەکەمەوە.(٢)
وەک (پێلیکان) ی گیانفیدا دەبم؛
لە خوێنی جەرگم ژەمیان دەدەمێ.(٣)

کلۆدیەس:
ئەوەتا ئێستا، تۆ وەکو ڕۆڵەی
ڕاست و دڵسۆز و پیاوێکی دانا

(١) بە دانایی، هاوکارەکانم بەکار دەهێنم، تا بتوانم بە کەمێک هاوکار زۆر دوور بڕۆم.

(٢) بە پانی دەستەکانم دەکەمەوە و باوەشیان پیا دەکەم.

(٣) ژەم؛ خواردن. پێلیکان، باڵندەیەکی زۆر دڵنەرمە و گیانفیدایە. ئەگەر بێچووەکانی برسییان بێت و خواردەمەنی دەست نەکەوێت، دەنووک لە سنگی خۆی دەدات تا خوێنی لێ دەردەچێت. ئینجا بەو خوێنە جووجەڵەکانی خۆی تێر دەکات.

لەگەڵما دەدوێیت.
لە مەرگی باوکی تۆ بێ تاوانم،
وە گەلێکیش بۆی، من، خەفەتبارم.
ئەمەت بە روونی بۆ دەردەکەوێت،
وەکو تیشکی رۆژ بۆ چاوەکانت.
(دەنگی هەراوهوریا دێت؛ "رێگەی بدەنێ بڕواتە ژوورێ")
لێرتێس:
ها،
ئەو دەنگە چییە؟ (ئۆفێلیا دەردەکەوێت)
ئاخ،
گەرما، مێشکم وشک بکەرەوە.
فرمێسکەکانم،
سوێریتان تامی، حەوت قات سوێرتربێت؛
هەستی بینینم با بسووتێنێت.
ئا بەو ئاسمانە، ئەم شێتییەی تۆ،
بە سەنگ نرخەکەی دەدرێتەوە،
هەتاکو دەسکی تەرازووەکەمان
بە لای ئێمەوە دەشکێتەوە.(١)
گوڵی مایسم، خوشکی دڵسۆزم،
ئۆفێلیای جوانی زۆر خۆشەویستم–
ئای، خوایە، دەبێت،
ژیری ئەم کیژە ناسکۆڵە گەنجە،
ئە ئاوا بمرێت،
وەکو ژیانی پیاو کە پیر دەبێت.
سروشت، بە ئەڤین، زۆر ناسک دەبێت:
لەو ناسکییەدا؛

(١) سەنگ، دەخەمە تەرازووی حەقەوە، تاکو دەسکەکەی بەلای ئێمەوە دەشکێتەوە « تا حەقی خۆم نەکەمەوە، واز ناهێنم»

پارێکی هەرە بەنرخ لە گیانی،
شەیدای دەنێرێت
بە دوای ئەو شتەی کە خۆشی دەوێت[١]

ئۆفـێلیـا: (دەست دەکـاتەوە بە گـۆرانی. چەند چەپکەیەک گـوڵ و گـیـای بۆن خـۆشی بەدەستەوە دەبێت)
تابووتەکەیان هەڵگرت و بردیان،
بە دەمکراوی.
لە گەلێک چاوان،
بۆ ناو گۆڕەکەی، فرمێسک دەباری.
ئاخ، کۆترەکەم، ئەسپەردەی خوابیت.[٢]

لێرتێس:
ئەگەر تۆ بە ژیری دەت ورووژاندم،
تۆڵە بکەمەوە،
بەم جۆرە کارت تێ نەدەکردم[٣]

ئۆفێلیا:
گۆرانی "لۆلۆ" پێویستە بڵێیت
دەی، لۆلۆ بڵێ،
ئای، چەند بە جوانی ئاوەزەکانی،
لە لارولەنجەی چەرخی فەلەک دێت.[٤]
نۆکەری گەندە و ناپاک بوو ئەوەی،
کچی ئاغاکەی خۆی فڕاند و بردی.[٥]

---

(١) ئەڤین، سروشتی مرۆڤ نەرم دەکاتەوە و ناسکی دەکات. ئەگەر هات و خۆشەویستەکەی گەشت بکات. پارچەیەکی هەرە بەنرخی گیانی خۆی "مێشکی" بە دوای خۆشەویستەکەیدا دەنێرێت.

(٢) ئاخ، کۆترەکەم؛ ئاخ، خوشەویستەکەم.

(٣) ئەگەر شێت نەبوویتایە، قسەکانت بەم جۆرە کاریان تێ نەدەکردم.

(٤) لۆلۆ؛ جۆرە گۆرانییەکی خەفەت هێنەرە. لە لارولەنجەی چەرخی فەلەک "بەخت" دێت.

(٥) ســەیری دێری دوای ئـەمـە بکە، کـە لێـرتێس، دەڵێت؛ هەرچەندە ئەم قـسـەیە، پووچە و مـانایەکی راستەوخۆی نییە، بەڵام لە قسەی پتەو "پڕ مـانا" بە ماناترە. ئۆفێلیا، شێت بووە، هەرچەندە قسەکانی زۆر پێوەندییان بەیەکەوە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ، باش هەست دەکات کە چەند بە تاڵییەوە ئۆفێلیا، گلەیی لە دنیا دەکات.

لێرتێس:

ئەو وتە پووتە،
لە وتەی پتەو بەماناترە.[١]

ئۆفـێلیـا: (بە هـەر یەکـێک هەندێک گـوڵ و گیـای بۆن خـۆش دەدات. لە لێـرتێـسی برایەوە دەستی پێ دەکات) ها، بۆ یادگاری،
چەپکێک "رۆزمەری" لەگەڵ خۆت بەرە.
خۆشەویستەکەم، تکات لێ دەکەم
لە بیرت نەچێت. ها، ئەوەش "پانسی"، ٤,٥,١٧٥
بۆ کاتی ماتی و بیرکردنەوە.[٢]

لێرتێس:

ئەمە دەرسێکی رەوای شێتییە؛
دەگونجێت لەگەل،
بیرکردنەوە و خەم و کەساسی.

ئۆفێلیا: (روو دەکاتە کلۆدیەس)
ها، ئەوەش شوویت، بۆ خۆتی بەرە
لەگەڵ "کۆلۆمباین".[٣] (ئەمجا روو دەکاتە گێرتروود)
لەوێ "روو" هەیە، بۆ تۆیە ببە،
لێرەشدا هەندێک هەیە، بۆ خۆمە.
ئێمە، دەتوانین ناوی لێ بنێین
بە گیای رەحمەت و بزووتنەوە.[٤]

---

(١) چونکە ئۆفێلیا، شێتە، قسەکانی زۆر پێوەندییان بەیەکەوە نییە. لەبەر ئەوە ئێمە نازانین مەبەستی ئۆفێلیا، بەتەوای چییە و لە کێیە. شێت، چی لە دڵدایە دەیڵێت، هەرچەندە وتەکانیان پووچ دیارن، بەڵام زۆر جار مانای قووڵ قووڵیان هەیە. یەکسەر هەستیان پێ ناکرێت.

(٢) رۆزمەری؛ جۆرە گیایەکی بۆن خۆشە. بۆ یادگار خەڵک دەیدەن بە یەکتری. لێرەدا ئۆفێلیا، دەیدات بە براکەی خـۆی، بەڵام لەوە دەچێت بیـری لای هاملێت بێت. پانسی؛ جـۆرە گـوڵێکی مـۆرە، دەدرێت بە خەفەتبار باری سوێداریی کەم بکاتەوە «دیارە ئۆفێلیا، بڕیاری داوە خۆی بکوژێت».

(٣) شوویت و کولۆمباین؛ دوو جۆرە گیان. مار حەزیان لێ دەکات. دەیاندات بە کلۆدیەس.

(٤) روو؛ جۆرە گیایەکی تاڵە و بۆنێکی تیژی هەیە بۆ دەرمان بەکار دەهێنرێت. وشەی Rue بە ئینگلیزی یەعنی پەشیمانییەکی زۆر. ئەوە، پێشکێشی گێرتروود دەکات. گیای "روو" ناوێکی تریشی هەیە بە مانای رەحمەت و بزووتنەوەی دەروون. ئۆفێلیا، هەندێکیش روو Rue بۆ خۆی گل دەداتەوە. وا دیارە،

"روو"ەکەت دەبێت، وەکو زرێپۆش،
تۆ هەڵی بگریت.[١]
هانێ، ها ئەوەش گوڵە بەهارە.
من "وەنەوشە"شم دەدایتێ بەڵام،
هەر کە باوکم مرد،
هەموویان سیس بوون.[٢]
دەڵێن کە گوایە؛
ئەو کۆچی دوایی خۆی کرد بە باشی.[٣]
(دەست دەکاتەوە بە گۆرانی)
چونکە "رۆبن"ی جوانی خوێنشیرین،
هەموو شادمانی ئەم دنیایەمە.[٤]

لێرتێس:
مات و مەلوولی و سۆز و سوێداری،
تا دۆزەخ، خۆشی؛
دەگۆڕێت دەیکات بە شۆخ و شەنگی.[٥]

ئۆفێلیا:
ئایا، ئەو ئیتر ناگەڕێتەوە؟
ئایا، ئەو ئیتر ناگەڕێتەوە؟
نا، نا، مردووە.
بڕۆ بۆ نوێنی

---

زۆر پەشیمانە کە بە قسەی باوکی دەکرد و بەو جۆرە مامەڵەی "هاملێت"ی دەکرد. ئێستا جگە لەوەی کە زۆر پەشیمانە، لە سزای خواش دەترسێت.

(١) روو، گیای رەحمەتە، وەکو زرێپۆش، گیانت دەپارێزێت لە سزای خوا.

(٢) وەنەوشە؛ هێمای خۆشەویستییە. پێوەندی بە باوکی "ئۆفێلیا" وە نییە. بەڵام ئۆفێلیا، بە هۆی شێتییەکەیەوە، ئەوەندە سەری لێ شێواوە، جار جار باوکی لێ دەبێت بە "هاملێت".

(٣) پۆڵۆنیەس باش کۆچی دوایی نەکرد؛ لە کاتی جاسووسیکردندا کوژرا (سەیری دێری ٣,٣,٨٥ بکە)

(٤) رۆبن؛ باڵندەیەکە، دەنگ و ئاوازی خوێندنەکەی زۆر خەمگینە، سۆز دەبووژێنێتەوە.

(٥) ئۆفێلیا، شێتبووە، ئیتر گوێ ناداتە دنیا؛ ئەو هەموو خەفەت و ناخۆشییانە دەبینێت، بەڵام، هەر گۆرانی دەڵێت. تاکو دۆزەخیش دەکات بەشتێکی جوان.

مردنت، ئەو، قەت ناگەڕێتەوە.
ریشی سپی بوو، وەک بەفر وابوو،
قژی کەتانی؛ سپی سپی بوو.
تەواو، گەشتی کرد، بۆ کۆچی دوایی
ئێمەش لە خەفەت، دەبێت وازبێنین.
هەزاران رەحمەت، دەک، لە گیانی بێت.
هەر وا لە گیانی گشت مەسیحییەک.
خواتان لەگەڵ بێت. (دەڕوات)

لێرتێس:

ئەمە دەبینیت؟
خوایە، رەحمت بێت!

کلۆدیەس:

لێرتێس، تۆ دەبێت رێگەم بدەیتێ
کە هاوبەشت بم لە سوێداریتدا.
ئەگینا دژی مافم دەوەستیت.
برۆ لە نێوان، دۆستەکانتدا
چەند زیرەکێکیان لێ هەڵبژێرە،
گوێمان لێ بگرن،
ببن بە دادوەر، لە بەینی ئێمە.
ئەوساکە ئەگەر تاوانبار دەرچووم
راستەوخۆ یاخۆ بە جۆرێکی چەوت؛
واز لە وڵات و تاج و ژیانم
وە هەرچییەکم هەیە، دەهێنم.
هەمووشی بۆ تۆ بەجێ دەهێڵم.
بیان بژێرە تۆ بە قەرەبوو.
بەڵام ئەگەر هات و تاوانبار نەبووم
ئەوساکە دەبێت ئارامت هەبێت،
تاکو پێکەوە هاوکاری بکەین؛

دڵی سوێداری تۆ رازی بکەین.

لێرتێس:

دەی، با وەها بێت.
چۆن و بەچی مرد،
بۆ نێژراوە وا بە نهێنی،
بەبێ پەیکەرێک، کە یادگاری بێت،[١]
شیر و سپەرێک، ئێسک و پرووسکی
پێ دابپۆشرێت.[٢]
بێ ئاهەنگێکی ٤,٥,٢١٠
بەڕێزی میری، بێ ماتەمینی؟
ئەم پرسیارانە، بە هاوارەوە،
وەکو لە ئاسمان بێنە خوارەوە،
بۆ سەر رووی زەمین،
زۆر سوورن لەسەر؛
پێویستە کە بۆم روون بکرێنەوە.

کلۆدیەس:

روون دەکرێنەوە.
تاوانبارەکە، هەچ کەسێ دەرچێت،
تەورە گەورەکە،
با بەسەر ئەودا، بێتە خوارەوە.[٣]
وەرە لەگەڵما، تکات لێ دەکەم.

---

(١) بۆچی وەکو هەموو پیاوێکی گەورە پەیکەرێکی بۆ نەکراوە بۆ یادگاری.

(٢) لێرتێس، باوکی خۆی بە پیاوێکی گرینگ و گەورە دادەنێت. بۆ پیاوی گەورە، وە بەتایبەتی بۆ سەرۆکی لەشکر، ئەگەر لە جەنگدا بکوژرێت، پەیکەرێکی بۆ دەکرێت بۆ یادگاری، گۆڕەکەشی بە قەڵغانێک "سپەرێک" و شیرێکی مەرمەڕ دادەپۆشرێت.

(٣) جاران، ئەوەی حوکمی ئیعدام بدرایە، بە تەورێکی گەورە، سەریان لە لەشی جیا دەکردەوە.

## دیمەنی ٦-٤

هۆراشیۆ و نۆکەرێک دەردەکەون

هۆراشیۆ:

کێن ئەوانەی ئارەزوو دەکەن
لەگەڵما بدوێن؟

نۆکەر:

بەگ، دەریاوانن،
نامەیان پێیە، پێت بگەیەنن.

هۆراشیۆ:

پێیان بڵێ با بێنە ژوورەوە. (نۆکەرکە دەروات)
لە "هاملێت"ەوە ئەگەر نەبێت ئایا،
ئەمان، لە کێوە،
لە چ لایەکی ئەم دنیایەوە،
سڵاو و درود بۆ من دەهێنن. (چەند دەریاوانێک دێنە ژوورەوە)

دەریاوانێک:

گەورەم، درودی یەزدانت لێ بێت.[١]

هۆراشیۆ:

با لە ئێوەش بێت.

دەریاوان:

خوا چۆن ئارەزووی لێ بێت، وا دەبێت.[٢]
نامەیەک هەیە، بەگ، بۆت هاتووە
لەو باڵیۆزەی کە

(١) درودی یەزدانت لێ بێت؛ خوا لێت رازیبێت.

(٢) ئەگەر خوا ئارەزوو بکات لە ئێوەش رازی دەبێت.

بە ڕێگەوە بوو بۆ ئینگلتەرە.[١]
ئەگەر جەنابتان، وەکو تێگەیشتووم،
بەگ، هۆراشیۆ بێت.
هۆراشیۆ: (نامەکە دەخوێنێتەوە)
هۆراشیۆ، کەی تۆ، ئەمەت خوێندەوە،
هەوڵێک بدە تا بەم کابرایانە،
ڕێگە بدرێت بچن بۆ لای شا؛
نامەیان پێیە، پێی بگەیەنن.
کەمتر لە دوو رۆژ بە ڕێگەوە بووین
تووشی کۆمەڵێک
چەتەی چەکداری زۆر جەنگاوەر بووین،
دوای ئێمە کەوتن.
دیمان کەشتییەکەی ئێمە هێواشە
ناچاربووین خۆمان بکەین بە ئازا.[٢]
کاتی جەنگین و زۆرانگرتن من،
بۆ سەر کەشتییەکی ئەوان خۆم هەڵدا.
یەکسەر دوای ئەوە،
لە کەشتییەکەمان دوورکەوتنەوە.
بەو جۆرە وا من،
بە تەنیا دیلی ئەوان مامەوە.
لێرە، وەک دزی دڵ بە بەزەیی،
مامەڵەم دەکەن.
بەڵام ئەوان، باش
دەزانن بۆچی و لەبەر چی دەیکەن؛
بەرانبەر بەوە،

(١) باڵیۆز؛ نووێنەر، سەفیر.
(٢) کە دەرکەوت کەشتییەکەی ئێمە هێواش دەڕوات و ناتوانین لە دەستیان رابکەین، خۆمان کرد بە ئازا و شەڕمان لەگەڵ کردن.

چاکەیان دەبێت من بدەمەوە.
با نامەکانم بگەن بە دەست شا.
خۆشت بۆ لای من،
وەرە، وا خێرا،[1]
وەک لە دەستی مەرگ، هەڵاتکردبێت.
٤,٦,٢٠ وتەی وام پێیە بە گوێتی بڵێم،
زمان لاڵ دەکەن.
لەگەڵ ئەوەشدا، ئا ئەو وتانە،
سووکن، ناتوانن کێشی گرانی
بارەکە بۆ تۆ روونبکەنەوە.[2]
ئەو کابرایانە، ئەتۆ دەهێنن
بۆ ئەو شوێنەی من، ئێستاکە تێیدام،
رۆزنکرانتز و گڵدنستێرن
هەر لەسەر رێگەن؛ بۆ ئینگلتەرە.
دەربارەی ئەوان،
وتاری زۆرم هەیە پێت بڵێم
ئیتر بە یەزدان تۆ دەسپێرم.
٤,٦,٢٥ لەو کەسەوەی تۆ، دەزانیت دۆستتە.

هاملێت

(هۆراشیۆ روو دەکاتە دەریاوانەکان)
وەرن، با رێگە و شوێنتان پیشاندەم؛
نامەکانتانی پێ بگەیەنن.
دەی خێرا بکەن
تا زوو بێنەوە و ببنە رابەرم
بۆ لای ئەو کەسەی کە نامەکانی
نارد لەگەڵ ئێوە. (دەڕۆن)

---

(١) وا خێرا؛ ئەوەندە خێرا

(٢) ئەو قسانەی کە بەتەمام بۆتی بگێڕمەوە، هەرچەندە ئەوەندە گرانن؛ زمانی پیاو لاڵ دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەندە گران نین کە بتوانن بارودۆخەکەت باش بۆ روون بکەنەوە.

# دیمەنی ٧-٤

کلۆدیەس و لێرتێس دەردەکەون

کلۆدیەس:

ئیتر ئێستاکە،
دەروونت دەبێت
گەردنی ئەمن، خۆش و ئازاد بکات.
لە دڵی خۆتدا بە دۆست دام بنێیت؛
دوای ئەوەی کە تۆ،
بە گوێی زیرەکی
خۆت، ئێستا بیستت؛
پیاوکوژی باوکە بەڕێزەکەی تۆ،
بە دوای ژیانی مندا دەگەڕا؛
من بووم ئامانجی.[١]

لێرتێس:

زۆر لەوە دەچێت.
بەڵام پێم بڵێ
دادپرسیت بۆچی
تۆ نەکرد دژ بە کردەوەیەکی
وا ستەمکار و سروشت شەڕانی؟[٢]
هەرچەندە بە پێی
دانایی و هەموو جۆرە شتێکی

(١) بە گوێی زیرەکی خۆت، بیستت؛ ئەوەی کە باوکتی کوشت، ئامانجە راستییەکەی من بووم. دەیوست من بکوژێت. بە هەڵە باوکتی کوشت.

(٢) بۆچی محاکەمە نەکرا تاکو سزا بدرێت بۆ کردەوەیەکی وا ستەمکار و سروشت شەڕانی.

تر،
سەلامەتی خۆت،
پێویستی دەکات بتورووژێنێت
کە سزای بدەیت؟
کلۆدیەس:
ئاخ،
بۆ دوو هۆی تایبەت،
دوور نییە لای تۆ لاواز دەرکەون،
بەڵام لە لای من بەتین و هێزن:
شاژن، دایکێتی؛
بە سەیرکردنی باڵای ئەو دەژێت.
ئیتر نازانم؛
ئایا باشییە یان دەردە بۆ من،
کە وا هەبوون و ژیان و گیانم
ئاوا، بەم جۆرە، پێوەی نووساون.
وەک چۆن ئەستێرە؛
لە گۆڕەپانی خۆیدا ئەگەر نەبێت،
ناتوانێت بڕوا و بجووڵێتەوە.[1]
منیش ناتوانم؛ نزیکم نەبێت.
هۆیەکەی ترم، کە بۆچی ناچم
بۆ دادگای گشتی:
ئەو ئەڤینەیە،
کە گەلی ریژگاو، بۆ ئەوی هەیە.
ئەوانەی هەڵە و بەدکارییەکانی
گشت دەخنکێنن،
لە ناو رووباری سۆزی ئەڤینیان.[2]

---

(١) گۆڕەپان؛ مەودا، مەجال.
(٢) گەلی بێمێشک ئەوی خۆش دەوێت.

ئەو ئەڤینەیان، کار دەکات وەکو
کانییەک تەختەی تێ بخەیت بیکات
بە بەردی پتەو،
زنجیری کۆتەی بکات بە خشڵی
پڕ شۆخ و شەنگی.[١]
هەر لەبەر ئەوە،
من، تیرەکانی خۆم سووک دەبینم،
بۆ زریانێکی
هەندە دەنگ بەرز و بە هێز و توانا؛
ئەگەر هەڵم دەدان، هەم دیسانەوە
بۆ کەوانی خۆم، دەگەڕانەوە،[٢]
نەک بۆ ئامانجی نیشانە لێکراو.

لێرتێس:

کەوابێت ئاوا،
باوکێکی باشم ئەمن لەکیس چوو،
خوشکەکەی خۆشم،
دووچاری دەردی نائومێدی بوو
ئەگەر رووی دەدا و
بگەڕێتەوە وەکو جارانی،
رەوشتی جوانی،
بۆ بەرەنگاری هەموو زەمانێک،
لەسەر گردێکی بەرزدا دەوەستا.[٣]
بەڵام تۆڵەی من، بەڕێوەیە، دێت.

---

(١) کۆتە؛ کەلەبچە. رووباری ئەڤینیان، زنجیری کەلەپچەکەی لە بەرچاوی خەڵکدا دەکات بە خشڵێکی جوان. مەبەستی ئەوەیە، ئەگەر بەند بکرێت ئەوسا خەڵکەکە ئەویان زۆرتر خۆش دەوێت.

(٢) دەگەڕێتەوە و لە خۆمی دەدات.

(٣) ئەگەر خوشکەکەم وەکو جارانی خۆی دەمایەوە و شێت نەدەبوو، هەموو کەسێک رێزی خۆی و جوانی سروشتی دەگرت. دەیتوانی لەسەر گردێک بوەستێت و بەرەنگاری هەموو زەمانێک بکات.

کلۆدیەس:

نەیەڵیت بەوە، خەوت بزڕێت.
قەت واش نەزانیت کەرەستەی گیانی
ئێمە بەو جۆرە وشک و بێ هەست بێت،
تاکو بهێڵین؛
مەترسی، ریشمان بگرێ و بیهەژێت،
ئێمەش بە یاری و گاڵتەی بزانین.
لەم زووانەدا، زۆرتر دەبیستیت.
ئێمە باوکتمان،
خۆش دەویست گەلێک؛ ئەوەندەی خۆمان.
من هیوادارم، ئەوە، پێت بڵێت،
تۆ، بە چ جۆرێک بیر بکەیتەوە.[1] (پەیامبەرێک دێت)
ئەرێ هیچ بووە، رووی داوە شتێک ؟

پەیامبەر:

لە هاملێتەوە، نامەم هێناوە.
ئەمە بۆ ئێوە، بەگ، خاوەن شکۆ
ئەوەش بۆ شاژن.

کلۆدیەس:

لە هاملێتەوە؟ ئەی کێ هێنانی؟

پەیامبەر:

سەروەرم، دەڵێن، چەند دەریاوانێک.
من بە چاوی خۆم، هیچیانم نەدی.
کلۆدیۆ، دایمێ. ئەو ئەوانی دی
کە هێنابوونیان.

کلۆدیەس:

لێرتێس، بە گوێی خۆت

---

(١) ئێمە باوکتمان ئەوەندەی خۆمان خۆش دەویست. لەبەر ئەوە بیرمەکەرەوە کە ئێمە لە کوشتنیدا، هیچ تاوانبارییەکمان هەبووبێت.

گوێیان لێ دەگریت–[١]
بەجێمان بهێڵە، بڕۆرە دەرێ. (پەیامبەرەکە دەڕوات)
(نامەکە بە دەنگێکی بەرز دەخوێنێتەوە تا لێرتێس گوێی لێ بێت.)
"خاوەن تەختی بەرز، دەسەڵات نەبەز،
دەبێت بزانیت کە من بە رووتی،
پێم خستە خاکی مەملەکەتەکەت.
ئەمن سبەینێ،
دێم بۆ دەرفەتێک دەپاڕێمەوە
چاوی شاهانی ئێوە ببینم.[٢]
نیازم وایە؛
یەکەم، لێبووردن ئەمن بخوازم.
دوای ئەوە باسی
ئەم گەڕانەوە سەیر و لەپڕەم،
بگێڕمەوە."
(هاملێت)
ئەمە، مانای چی؟
ئایا ئەوانەی تر گەڕانەوە؟
یاخۆ هەر تەنیا
گاڵتەم پێ دەکا و شتی وا، نییە؟

لێرتێس:

تۆ، دەستوخەتی، دەناسیتەوە؟

کلۆدیەس:

لە نووسینەکەی هاملێت خۆی دەچێت.
بێ جل، بە رووتی؟
لە خواریشەوە، دەڵێت "بەتەنیام".
تێم دەگەیەنیت ئەمە مانای چی؟

---

(١) هیچت لێ ناشارمەوە. هاملێت، هەرچییەکی نووسیوە گوێت لێ دەبێت.

(٢) دەرفەتێک؛ فورسەتێک. هاملێت، بە جۆرێک نووسیوییەتی وەکو گاڵتە بە شا بکات وایە.

لێرتێس:

بەگم، من سەرم زۆر لێ شێواوە.
بەڵام، دە با بێت–
دەردی ناو جەرگم، گەرم بکاتەوە؛
لە ژیانمدا دەرفەتم هەبێت[١]
بە روویدا بڵێم؛ " تۆ وات کردووە"

کلۆدیەس:

لێرتێس، ئەگەر وا بێت–
ئەگەر وا نەبێت، ئەی دەبێت چۆن بێت–
بە قسەم دەکەیت؟

لێرتێس:

ئا، گەورەم، دەیکەم، ئەگەر جەنابت،
ناچارم نەکات کە ئاشت بمەوە.[٢]

کلۆدیەس:

ئاشتبوونەوەی خۆت لەگەڵ دەروونتدا.[٣]
ئەگەر ئێستاکە ئەو
گەڕاوەتەوە و بڕیاریداوە،
نەڕوات بۆ ئەوێی بەڵێنی داوە،[٤]
کاری لێ دەکەم کە شتێک بکات
پالەوانێتی خۆی پیشان بدات.
ئەو بیرە ئێستا تێمدا گەییوە.
بە دی هێنانی،
هەڵبژاردنی ئەو بۆ نامێنێت؛
دەکەوێتە ناو داوی سەربەرزی.
بۆ مردنیشی هەناسەیەکی

(١) دەرفەت؛ فرسەت.

(٢) کە ئاشت بمەوە لەگەڵ (هاملێت) دا.

(٣) ئەگەر بە قسەم بکەیت، ئاشت دەبیتەوە لەگەڵ دەروونی خۆتدا. «تۆڵەی باوکت دەسەنیتەوە».

(٤) نەڕوات بۆ ئەوێی بەڵێنی داوە؛ بۆ ئینگلتەرە. هاملێت، بەڵێنی دابوو بچێت بۆ ئینگلتەرە.

سەرزەنشتی یان
لۆمە و گلەیی، نادرێتەوە.[١]
تاکو دایکیشی هیچ تاوانباری
تێدا نابینێت؛
بۆی دەردەکەوێت.
بە رووداوێکی ئاسایی قەدەر.

لێرتێس:

سەروەرم ئەمن،
لێتان دەخوازم، کە رابەرم بن.
ئارەزووش دەکەم، بە دی بهێنن
بە جۆرێک کە من ئامێرەکەی بم.

کلۆدیەس:

باش رێک دەکەوێت لەگەڵ نیازم.[٢]
لەوساوەی رۆیشتوویت، ٤,٧,٧٠
لێرە گەلێک جار باست کراوە.
هەر لە بەردەمی
خۆ "هاملێت" دا، خۆی؛ کە رەوشتێکی
جیاواز و گەلێک پڕشنگت هەیە.
لەو هەموو بەهرە
بەرز و جوانانەی، لە تۆدا هەیە،
بە هیچیان هاملێت،
هەندە حەسوودی پێ نەدەبردی.
هەرچەند بە رای من،
لە رووی نرخەوە،
نرخی ئەمەیان، کەمترینیانە.[٣]

---

(١) ئەگەر بیشیکوژێت، کەس لۆمەت ناکات.

(٢) من خۆشم نیازم وایە.

(٣) ئەو بەهرەیەی کە هاملێت، حەسوودی پێ دەبات «رەوشتی پڕشنگت» هیچ نییە ئەگەر بەراورد بکرێت بەو هەموو بەهرانەی تر، کە تۆ هەتە.

لێرتێس:

بەگ، ئەو بەهرەیە، پێم بڵێ چییە؟

کلۆدیەس:

ئەو قردێلەیەی،
کە بە کڵاوی گەنجانەوەیە و
سوودیشی هەیە،
چونکە هیچ نەبێت
هەندە لە گەنج دێت،
بە جل و بەرگی سادە و سووکییەوە،[١]
ئەوندەی فەرووی بەنرخ، لە پیاوی
هەندێک بەعومر و روو سەنگینەوە؛[٢]
سازگاری و توانای بۆ خەڵک بنووێنێت.[٣]
پێش دوو مانگ لێرە
کابرایەک هەبوو، خەلکی نۆرمەندی.
فەڕەنسییەکانم دیوە و جەنگیشم
دژیان کردووە؛
لەسەر پشتی ئەسپ زۆر بە هونەرن.
بەڵام ئەمەیان، ئەم جوامێرەیان،
هەر ئەفسوونباز بوو؛
لەسەر زینەکەی
خۆی، وەکو روابێت؛[٤]
جووڵەی سەیر سەیری بەو ئەسپە دەکرد،

---

(١) سادە و سووک؛ ساکار و بەسیت.

(٢) سەنگین؛ بەڕێز و هێژا.

(٣) گەنجەکان، قردێلە بە کڵاوەکانیانەوە دەبەستن، بۆ جوانی و سوودیشی هەیە وەکو چۆن پیاوی بە عومر جلی فەرووی بەنرخ لەبەر دەکات بۆ ئەوەی بەو جۆرە سازگاری و توانای خۆی پیشان بدات و رێزی بگیرێت. گەنجیش حەزدەکات بەوە، شۆخ و شەنگی خۆی بنووێنێت. «شێکسپیر، سروشت و رەوشتی "لێرتێس"مان بۆ روون دەکاتەوە. کە پیاوێکی تۆزێک بێ عەقڵە».

(٤) هەر وەکو روابێت؛ وەکو درەخت روابێت و رەگەکانی بە زینی ئەسپەکەوە داکوتابێت.

سەرت سوڕدەما.
خۆی و ئەو ئەسپە ئازایە ژێری
وەکو،
یەک گیانیان هەبێ؛
بزوێن و کاری ئاوای پێ دەکرد[١]
مەودای خیاڵی من نەیدەگەیشتێ.[٢]

لێرتێس:
گوتت نۆرمەندی؟

کلۆدیەس:
ئەرێ، نۆرمەندی.

لێرتێس:
بە ژیانم، ئەوە،
ئەو بووە، "لامۆرد".

کلۆدیەس:
ئەو بوو، خۆیەتی.

لێرتێس:
باشی دەناسم،
ئەو، بە ئیمانم،
گوڵی سەر سنگ و گەوهەری گەلە.

کلۆدیەس:
باسی دەکردیت،
ستایشتێکی زۆری دەکردیت
دەربارەی توانا و بەرزی هونەرت،
وە بەتایبەتی
لە بەرگریدا،
کە شیری "راپیر" بەکار دەهێنیت.[٣]

---

(١) بزوێن؛ جووڵە.
(٢) مەودا؛ مەجال
(٣) شیری راپیر؛ جۆرە شیرێکی باریکە و هەر دوو لای تیژە.

تا هاوارێکی
بەرزی لێ هەڵسا، کاتێک کە گوتی:
"چ دیمەنێکی جۆشهێنەر دەبوو،
ئەگەر هاوتایەکی بۆ پەیدا دەبوو"(١)
سوێندی دەخوارد کە
لە نێوان ئازا و پاڵەوانانی
گەلەکەی خۆیدا،
نییە چالاکی، یاخۆ وریایی
یاخۆ چاوێکی خێرای وای هەبێت،
دژت بوەستێت.
ئەم راپۆرتەی ئەو، حەسوودییەکی
ژەهراوی و تاڵی ئاوا بەتینی
خستە ناو جەرگی ئەو "هاملێت"ەوە؛
هیچی کەی لە خوا، نەدەویست زیاتر
لەوەی کە رۆژێک، تۆ لە ناکاودا،
بگەڕێیتەوە؛
تا بەرەنگاریی هونەرت بکات؛
گەمەی شیربازی لەگەڵتا بکات.
ئێستا لەمەوە ...

لێرتێس:

بەگ، لەمەوە چی؟

کلۆدیەس:

لێرتێس، تۆ باوکی
خۆت لا ئازیز بوو؟ یاخۆ تۆ تەنیا
وێنەی پەژارە و دیمەی بێ دڵیت؟(٢)

---

(١) هاوتا؛ یەکێک لە هونەری شیربازیدا وەکو ئەو باش بێت، بێتە مەیدانی.

(٢) یاخۆ هەر بە قسە و بە روو خەفەت بۆ باوکت دەخۆیت، بەڵام دڵت نییە تا پێی بسووتێت.

لێرتێس:

بۆچی شتی وام تۆ لێ دەپرسیت؟

کلۆدیەس:

نالێم تۆ باوکی
خۆت خۆش نەدەویست،
بەڵام دەزانم کە خۆشەویستی،
"زەمان"ە، ئەوەی دەستی پێ دەکات،
هەر "زەمان" خۆشی، بریسکە و گڕی
کەم دەکاتەوە و دای دەمرکێنێت.[1]
لە ناو ئاگری خۆشەویستیدا
پڵیتەیەکی سەرسووتاو هەیە؛
بە سووتاندنی گڕەکە، تینی
کەم دەبێتەوە.
هیچ لەسەر لووتکەی
شۆخ و شەنگی خۆی، نامێنێتەوە؛
وەک هەموو شتێک؛ تاکو رادەیەک
زل و زۆر دەبێت.
لە نێوان زۆری خۆشیدا دەمرێت.
ئەوەی ئارەزووی لێ دەکەین بیکەین،
پێویستە بیکەین،
لەو کاتەی ئێمە ئارەزووی دەکەین.[2]
چونکە " ئارەزوو"
هەندە جار تین و تامی دەگۆڕێت،
ئەوندەی دەست و

(١) خۆشەویستی، زەمان (لە کاتێکی گونجاودا) دەست دەکات بە پەروەردەکردنی. زەمان، خۆشی لە دوایدا دای دەمرکێنێتەوە.

(٢) ئەو ئارەزووەی ئەمڕۆ هەمانە بۆ سبەینێ لەوانەیە نەمانبێت. لەبەر ئەوە، ئەوەی ئێستا ئارەزووی دەکەین پێویستە کە ئێستا بیکەین.

زمان و قەدەر هەیە لە ژیندا.
ئەم "پێویستە" ش وەک
هەناسەی ساردی پەشیمانیەتی
دەست بڵاوێکە؛
کە دەری دەکات، بۆ دڵ ئاسانی،
برینەکانی دەکولێنێتەوە.(١)
با بڕۆینەوە،
دەی بۆ کرۆکی دوومەڵەکەمان.(٢)
هاملێت، دێتەوە؛ چ گفتێک دەدیت،
بۆ ئەوەی کە تۆ خۆت پیشان بدەیت،
بە کردن ڕۆڵەی باوکەکەی خۆتیت،
نەک هەر بە وتە.

لێرتێس:

لە پەرستگادا، گەرووی ببڕم.(٣) ٤,٧,١٢٥

کلۆدیەس:

هیچ جۆرە جێیەک، بێگومان، نابێت
بۆ پیاوکوژ ببێت بە جێی پەناگا.
تۆڵەش پێویستە سنووری نەبێت.(٤)
بەڵام "لێرتێس"ی

(١) ئەم "پێویستە"؛ مەبەستی لەو "پیویستە" یە کە لە سەرەوە دەڵێت «ئەوەی ئارەزووی لێ دەکەین بیکەین؛ 'پێویستە' بیکەین» ئەگینا لە دوایدا پەشیمان دەبینەوە و ئەو "پیویستە" وەکو هەناسەی ساردی پیاوێکی دەستبڵاو «دوای ئەوەی هەموو سامانەکانی خەرج دەکات و دەیان دۆڕێنێت» لە دڵ دەردەکەین بۆ ئەوەی باری دڵمان ئاسانکەینەوە. بەڵام کە دەری دەکەین برینەکانی دڵمان دەکولێنێتەوە. بێگومان، لێرەدا کلۆدیەس بە لێرتێس دەڵیت؛ ئەگەر ئێستا، هاملێت، نەکوژیت لە دواییدا پەشیمان دەبیتەوە.

(٢) هاملێت، کرۆکی دوومەڵەکەیە.

(٣) گفت؛ پەیمان، وەعد. گفتت دەدەمێ، ئەگەر پەنا بە پەرستگا «مزگەوت یان کەنیسە»ش بەرێت، هەر بیکوژم.

(٤) کە دەڵێت پیاوکوژ مەبەستی لە هاملێتە؛ چونکە پۆڵۆنیەسی کوشتووە. تۆڵەش سنووری نییە؛ لە هەر جێگەیەکدا بێت دەتوانیت بیکوژێت.

ئازیز، دەتوانیت ئەمەم بۆ بکەیت؛
لە ژوورەکەی خۆت، بمێنیتەوە.
کە گەڕایەوە هاملێت، بۆ ئێرە؛
پێی دەگوترێت
کە ئەتۆش لێرەیت، هاتوویتەتەوە.
چەند کەسێک دەچێت تا لە بەردەمی
ستایشتی تۆ و بەرزی هونەری
جەنابت بکەن.
ئەو ناوە باشەی کابرای فەڕەنسی،
دایتێ، بە دووباد وارنیشی بکەن.[1]
لە کۆتاییدا واتان لێ بکەن،
دژی یەکتری، ئێوە جەنگ بکەن.
ئێمەش، گرەوتان جا لەسەر دەکەین.
چونکە پیاوێکی
بێباک و گەلێک بەخشندە و پاکە،
بیر ناکاتەوە لە فێڵ و ساختە؛
منەکردنی شیرەکان ناکات.[2]
جا بە ئاسانی،
یان لەگەڵ کەمێک ساختە و فێڵبازی،
دەتوانیت شیری خۆت هەڵبژێریت؛
ئەوەی نووکەکەی کول نەکراوە.
بە یەک لێدانی بەدنیار، بەوە،[3]
تۆڵەی باوکی خۆت دەسەنیتەوە.

(١) دووباد؛ دووقات. وارنیش؛ بۆیەی ساف و جوانکردنی تەختە. ئەو ستایشتەی کابرا فەڕەنسییەکە کردتی، ئەوان دووقات وارنیشی لێ دەدەن و باسی دەکەن لە بەردەم هاملێت. بۆ ئەوەی تووڕەی بکەن.

(٢) چونکە هاملێت، پیاوێکی دڵپاکە، بیر لە فڕوفێل و ساختە ناکاتەوە. لەبەر ئەوە ئەو، منەکردنی "فەحسی" شیرەکان ناکات.

(٣) بەدنیار؛ بەد سروشت، مەبەست خراپ. شیرە نووک تیژەکە، ژەهری پێوە کراوە. «بە یەک لێدانی بەدنیار بەو شیرە، دەیکوژیت و تۆڵەی باوکی خۆت دەسەنیتەوە»

لێرتێس:

من ئەوە دەکەم.
بۆ ئەو ئامانجە،
نووکی شیرەکەی خۆم چەور دەکەم
باش بە رۆنێکی یەکجار ژەهاوی
که لە دەرمانچی کۆلان کڕیومە. ٤,٧,١٤٠
هەندە بکوژە،
ئەگەر کێردێکی تێ هەڵبکێشیت،
خوێنی برینی،
ئەو کێردە هەرگیز، ناوەستێتەوە.
خوای دەکرد هەرچی داوودەرمانی
دانسقە هەیە، دەرهاتوو لە گیای
دەگمەنی زۆر کەم،[١]
لەو جۆرەی تەنیا کاتی مانگەشەو
کۆ دەکرێنەوە، بەکار بهێنیت،
رزگاری گیانی ئەو کەسە ناکەیت.[٢]
ئەگەر برینەکەی،
رووشاندنێکی زۆر بچووکیش بێت.
نووکی شیرەکەم،
زۆر باش بەو ژەهرە، من چەور دەکەم. ٤,٧,١٤٥
بە ئاستەمێکیش برینی بکەم،
لەو باوەڕەدام؛ مەرگ، بەشی دەبێت.

کلۆدیەس:

با هەندێک بیری لێ بکەینەوە.
لە ناو تەرازوو، کات و ئەوزاری

(١) دانسقە؛ دەگمەن؛ نادر، کە بە ئاسانی دەست ناکەوێت.

(٢) گوایە ئەو گیا دەگمەنانەی کە دەرمانی زۆر بەهێزیان لێ دروست دەکرێت، ئەگەر لە کاتی مانگەشەودا کۆ بکرێنەوە، جۆرە سحرێکیان تیا دەبێت، هەموو جۆرە برینێک چاک دەکەنەوە.

بکێشین تاکو بۆمان دەرکەوێت
کامەیان باشتر
لەگەڵ مەبەستی ئێمە دەگونجێت.
بەڵام گەر هات و
پیلانەکەمان سەرکەتوو نەبێت،
بەوەش، مەبەستمان ئاشکرا ببێت،
بە هۆی خراپی بەدیهێنانی،
باشترە دەستی هەر لێ نەدرێت.
لەبەر ئەوە ئەم پیلانە دەبێت،
پشتیوانێکی یان دووانی هەبێت.[١]
تاکو ئەگەر هات و ئەمیان لە کاتی
بەدی هێنانی بە جۆرێک تێکچێت،
ئەوەکەی تریان،
بتوانێت بەرگەی کارەکە بگرێت.
لەسەرخۆ جارێ،
با من بیرێکی لێ بکەمەوە.
بە هەستێکی پڕ بڕوا و ڕێزەوە،
لەسەر زۆرزانی تۆ گرەو دەکەم.
وا دۆزیمەوە:
گەرمای ماندوێتی و جووڵانەوەتان،
ئێوە، هەردووکتان، وشک دەکاتەوە.
ئا لەو کاتەدا گوژمەکانی خۆت،
بەهێزتر بکە.
تاکو ناچاربێت داوای ئاو بکات.
ئاوسا، دێم جامێک جۆرە شەربەتێک،
پێشکێش بەو دەکەم.

(١) پیلانەکە پشتیوانی هەبێت؛ ئەگەر ڕێککەوت و پیلانەکە سەر نەگرێت، دەبێت پیلانێکی تر هەبێت کارەکە جێبەجێ بکات. ئەگەر ئەویش سەری نەگرت، دەبێت پیلانێکی تریش هەبێت.

بە مژلێدانێک،
«ئەگەر وا ڕێککەوێت،
ئەو، لە لێدانی شیری ژەهراویت،
ڕزگاری ببێت»
مەبەستی ئێمە جێبەجێ دەبێت.[١]
بەڵام، بوەستە، ئەو دەنگە چییە؟ (گێرتروود دەردەکەوێت)
ها،
شاژنی شیرین!
گێرتروود:
نەگبەتی بە دوای نەگبەتییەوە وا
بەخێرایی دێت؛
پێ بە پێی ئەوەی پێشییەوەی دەنێت.
لێرتێس، خوشکەکەت، مردووە، خنکا.
لێرتێس:
خنکا؟
ئاخ، چۆن، لە کوێدا؟
گێرتروود:
لەو جێگەیەی کە
شۆڕەبییەکی خواری تێدا ڕوواوە،
چەماوەتەوە بەرەو شیوەکە.
گەڵا سپییە ڕەنگ زیوییەکانی،
دەبریسکێنەوە،
لە ناو ئاوێنەی سافی چەمەکە.
بۆ ئەوێ ئەو هات لەگەڵ ئەلقەیەک
گوڵ و گەڵای دار،
گەلێک بە جوانی
بەدەستەکانی خۆی چنیبوونی،

(١) دەمرێت.

له گوڵەباخ و نێرگز و نەسرین
وە لەو گوڵانەی درێژ و مۆرن،
کە شوانەکان
ناوێکی سەیر و کێوی لێ دەنێن.[1]
بەڵام، لای خۆمان، کچە گەنجەکان،
پێی دەڵێن "پەنجەی زەلامی مردوو".
لەوێدا، کاتێ
سەردەکەوت بەسەر ئەو درەختەدا،
بۆ ئەوەی بچێت
لەسەر لقێکی شۆڕی، ئەلقەکەی
خۆی هەڵبواسێت.
کەچی سەیر دەکەیت؛
لقی بەدنیار لە پڕا شکا؛
خۆی و ئەلقەکەی کەوتنە خوارێ
بۆ ناو ئەو شیوەی کە بۆی دەگریا.[2]
چونکە جلەکەی پڕبوو لە هەوا؛
بتە جوانەکەی، وەک پەری دەریا،
لەسەر ئاوەکە هەندێک مایەوە.
هەموو ئەو کاتە،[3]
بەستە و گۆرانی کۆن کۆنی دەگوت.
وەکو نەزانێت
لە چ بارێکی پەرێشاندایە.
یاخۆ هەر وەکو گیانەوەرێک بێت
ئەو دەروبەرە،

(١) ئەو ناوە، ئەندامی زاووزیی پیاوە "کێر"، بۆیە شاژن پێی شەرمە ئەو وشەیە بەکار بهێنێت.
(٢) خــوڕە و تەوژمی ئـاوی شـیــوەکــە دەنگی ئاوازێکی خــەمگینی دەدایەوە هەر وەکــو بگریایە وا بوو. گێرتروود، ئۆفێلیای خۆش دەویست، لەبەرئەوە ناڵێت خۆی هەڵدایە ئاوەکەوە، چونکە خۆکوشتن، بە پێی ئاینی مەسیحی، حەرامە.
(٣) ئەو کاتە؛ ئەو کاتەی کە بەسەر ئاوەکەوە مایەوە، پێش ئەوەی نوقوم بێت.

لەگەڵ ڕەوشتی ئەودا، بگونجێت.
بەڵام ئەو بارە،
هەر هەندەی پێچوو
تا جلەکانی
ئاویان هەڵمژی و کێشیان گران بوو؛
دوای ئەوە یەکسەر،
کچی کلۆڵی، لە ناوەڕاستی
ئاوازی خۆشی بەستەکانییەوە،
ڕاکێشا و بردی
بەرەو مەرگێکی تەڕ و قوڕاوی.

لێرتێس:
کەوابێت خنکا، داخی گرانم.

گێرتروود:
ئا، خنکا، خنکا.

لێرتێس:
ئۆفێلیای داماو،
لە چوار لاوە ئاو، دەوری تۆی داوە.
فرمێسک ناڕێژم، بڕیارم داوە. (چاوەکانی پڕ دەبن لە فرمێسک)
بەڵام چی بکەم ئەگەر،
سروشت لە ئاسای خۆی بەر دەوام بێت.
شەرم هەرچییەک
دەڵێت با بڵێت.[1] (دەست دەکات بە گریان)
کەی سوێ و گریانم
کەم بووەوە و وەستا،

(١) خۆی پێ ناگیرێت، دەست دەکات بەگریان و دەڵێت "هەرچەندە شەرمە، بەڵام من گوێی نادەمێ" گریان تووڕەیی مرۆڤ کەم دەکاتەوە. لێرتێس، بڕیاری دابوو کە نەگری بۆ ئەوەی بە تووڕەیی بمێنێتەوە و کەس نەتوانێت وای لێ بکات واز لە تۆڵەی خوشکەکەی خۆی بهێنێت. لە هەمان کاتدا بە شەرمی دەزانێت؛ پیاو نابێت بگری.

ئەم ژنەی ناوم، دەردەچێت، دەڕوا.[١]
خوات لەگەڵ، بەگم،
من وتارێکی،
ئاگرینم لە ناو دەرووندا هەیە، ٤,٧,١٩٠
ئارەزوو دەکات کە زوو گڕ بگرێت.
بەڵام ئەوەتا، ئا ئەم ریژگاوە،
دای دەمرکێنێت.[٢]

کلۆدیەس:

گێرتروود، ئێمە،
دەبێت دوای کەوین.
من لەگەڵیدا،
خەریک بووم گەلێک؛
ساردم کردەوە.
دەترسم ئەمە، هەم دیسانەوە[٣]
تووڕەی کاتەوە و هەڵبچێتەوە.
لەبەر ئەوە، با،
ئێمە دوای کەوین.

(١) مەبەستی ئەوەیە؛ ئێستا دەگری و فرمێسک دەڕێژێت، جونکە، لە دەروونیدا، ئێستا ژنێک هەیە، ئەوە کە دەگری. «وەکو ژنم لێ هاتووە، بۆیە دەگریم. کەی گریانەکەم وەستا دەبمەوە بە پیاو.»

(٢) ریژگاو؛ کەر، بێ مێشک. لێرەدا مەبەستی لە فرمێسکەکانی خۆیەتی. چونکە فرمێسکەکانی ئەو گڕە دەکوژێننەوە و دای دەمرکێنن.

(٣) ئەمە؛ مەبەستی لە خنکاندنەکەی "ئۆفێلیا"یە.

# پەردەی پێنجەم

## دیمەنی ١-٥

دوو گۆڕهەڵکەن دەردەکەون

گۆڕهەڵکەن:

ئایا ئەم، وەکو

مەسیحییەکی راست دەنێژرێت،

ئەگەر بە ویست و خواستی خۆی گیانی،

رزگار کردبێت؟[١]

ئەوەکەی تر:

ئاخر پێم گوتی؛ وا دەنێژرێت.

لەبەر ئەوە دەی،

گۆڕێکی راستی بۆ هەڵبکەنە.[٢]

ئەمە بڕیاری پشکێنەرە خۆی.[٣]

گۆڕهەڵکەن:

ئاخر چۆن دەبێت؟

ئەگەر بۆ بەرگری لە ژیانی خۆی نەبێت،

ناشێت و نابێت خۆی بخنکێنێت.

ئەوەکەی تر:

ئا، دیارە ئاوا بڕیار دراوە.

گۆڕهەڵکەن:

هۆیەکەی دەبێت

---

(١) گیانی رزگار کردبێت؛ گیانی لە ژیان رزگارکردبێت «وەکو ژیان شتێکی زۆر ناخۆش بێت»

(٢) وا دیارە ئەگەر وەکو مەسیحی نەنێژێت، گۆڕەکەی خوار دروست دەکرێت.

(٣) پشکێنەر؛ موحەقق. بە پێی دینی مەسیحی، روح شتێکی پیرۆزە. خوا، خۆی داوێتی بە مرۆڤ، لە خوا بەولاوە کەس نابێت ئەو روحە بسەنێتەوە. تا خاوەن روحەکە خۆشی. لەبەر ئەوە مرۆڤ نابێت خۆی بکوژێت.

تەنیا بەرگری لە ژیانی خۆی بێت.
ئەگینا نابێت.
چونکە کێشەکە، ئا لەمەدایە:
ئەگەر بەقەستی خۆم بخنکێنم،
ئەوە کردنە.
گشت کردنێکیش، سێ پلەی هەیە؛
بیرکردنەوە، بڕیار لەسەردان،
جا بەدیهێنان.
کەوابێت،
بەقەستی دەبێت خۆی خنکاندبێت.[١]
ئەوەکەی تر:
نا، تۆ گوێ بگرە، وەستای گۆڕهەڵکەن-
گۆرهەڵکەن:
ئاخر گوێ بگرە.
بڵێین ئاوەکە، ئا لێرەدایە- باشە.
پیاوەکەش لێرە، لێرە وەستاوە- باشە.
ئەگەر پیاوەکە، خۆی بۆ ئاوەکە
بڕوا و لە ناویا خۆی بخنکێنێت،
ئەگەر بتەوێت و ئەگەر نەتەوێت،
بە پێی خۆی دەچێت- دیقەتی بدەرێ.
بەڵام، ئەگەر هات و
ئاوەکە خۆی هات تا بیخنکێنێت،
ئەوساکە ناڵێین خۆی خنکاندووە.
کەوابێت ئەوەی تاوانبار نەبێت
لە مردنی خۆی،
ماوەی ژیانی، کورت نەبووەتەوە،
بە ئارەزووی خۆی.

(١) گۆڕهەڵکەنەکان، دوو مرۆڤی ساکارن "سادە و بەسیتن" لەبەر ئەوە قسەکانیشیان ساکارە.

ئەوەکەی تر:

بەڵام، ئا ئەوە، ئایا یاسایە؟[١]

گۆڕهەڵکەن:

ئەرێ بە مەریەم.
ئەوەی پشکێنەر بیڵێت، یاسایە.[٢]

ئەوەکەی تر:

ڕاستییەکەی بڵێم؟
ئێستا ئەم ژنە، ئەگەر لە چینی
خانەدانەکان، بەخوا، نەبوایە،
لەسەر شێوازی دینی مەسیحی
نەدەنێژرا.

گۆڕهەڵکەن:

ئا، ئەوە ڕاستە.
ئەوەی جێی داخە؛
لەم دنیایەدا، خانەدانەکان،
زیاتر لە برا مەسیحییەکانیان،
ڕێگە دەدرێن خۆیان هەڵواسن،
یان بخنکێنن.
ئا دەی، بێڵەکەم. (بێڵەکەی هەڵدەگرێت و دەست دەکاتەوە بە هەڵکەندن)
یەک خانەدانی دێرین، نەبووە[٣]
دەمێک باخەوان، یاخۆ چاڵهەڵکەن،
یاخۆ گۆڕهەڵکەن پیشەی نەبووبێت.
هەر ئەوانیشن پیشەکەی ئادەم،
هەتاکو ئێستا، هەر دەپارێزن.[٤]

---

(١) یاسا؛ قانوون. ئەوەی تاوانبار نەبێت لە مردنی خۆی، خوا سزای نادات. ئەوە یاسایە.

(٢) چونکە پشکێنەر "موحەقق" دەڵێت؛ ئەو، تاوانبار نییە لە مردنی خۆی، ئیتر سزا نادرێت.

(٣) دێرین؛ کۆن، هی زەمانی کۆن.

(٤) لە کۆندا هەموو کەسێک باخەوان، یان چاڵهەڵکەن، یان گۆڕهەڵکەن بووە. جیاوازی نەبووە لە نێوان کەساندا؛ هەموویان خانەدان بوون.

ئەوەکەی تر:

ئەو، خانەدان بوو؟[١]

گۆڕهەڵکەن:

ئەرێ،

ئەو یەکەم کەس بوو

کە "ئارمس" هەڵبگرێ.[٢]

ئەوەکەی تر:

چۆن؟ ئەو هیچی نەبوو.[٣]

گۆڕهەڵکەن:

تۆ چیت، کافریت؟

تۆ، چۆن لە ئینجیل ئایا تێ دەگەیت؟

ئینجیل، خۆی دەڵێت؛

حەزرەتی ئادەم، زەوی کێڵاوە.

"ئارمس"ی نەبوایە.[٤]

ئەو قەت دەیتوانی، زەوی بکێڵێت؟

من پرسیارێکی ترت لێ دەکەم.

ئەگەر ناتوانیت رێک بە رەوانی

وەرامی بدەیت،

دانی پیا بێنە–

ئەوەکەی تر:

دە دەی، بپرسە!

گۆڕهەڵکەن:

کێیە ئەو کەسەی بەرهەمی کاری،

---

(١) ئەو؛ حەزرەتی ئادەم.

(٢) ئارمس Arms؛ نیشانەی خانەدانی. وشەی Arms بە ئینگلیزی زۆر مانای هەیە: یەکێک لەو مانایانە، کۆی دەستە Arm ئەوانەی تریان: چەک و ئامێری جەنگکردن، وەکو زرێپۆش. وە مانایەکی تریشی هەیە ئەویش جۆرە نیشانەیە کە هەنێک لە خانەدانان جاران هاڵیان دەگرت. لێرەدا مەبەستی لەو نیشانەیەیە. بەڵام لە دێرەکەی خوارەوەیدا، مەبەستی لە دەستە.

(٣) مەبەستی لەوەیە کە ئەو، ئادەم، نیشانەی خانەدانی نەبوو. لە کوێی بوو؛ ئەو هیچی نەبوو.

(٤) (ئارمس) ی نەبوایە؛ دەستی نەبیایە.

بەرگە زۆر زیاتر
لە هی بەردتاش و دارتاش و کەشتی
درووستکەر، دەگرێت؟[١]
ئەوەکەی تر:
سێدارە دروستکەر؛
ئەو سێدارەیە، سەری هەزاران
دەخوات و خۆی هەر دەمێنێتەوە.
گۆڕهەڵکەن:
من، بە ئیمانم، ئەم مێشکەی تۆم،
گەلێک بە دڵە.
بەڵێ، سێدارە، شتێکی باشە.
بەڵام، بۆ باشە؟
بۆ بەدکار باشە.
ئێستا کە دەڵێیت؛ بینای سێدارە،
بە هێزترە لە
بینای کڵێسە، ٥,١,٤٠
بەدکاری دەکەیت، بۆیە بۆت باشە.
دەی نۆرەی تۆیە؛ پرسم لێ بکە.
ئەوەکەی تر:
کێیە ئەوەی کە بەرهەمی کاری،
بەرگە زۆر زیاتر
لە هی بەردتاش و دارتاش و کەشتی
دروسکەر دەگرێت؟
گۆڕهەڵکەن:
دەی، خۆت پێم بڵێ و بەرۆکم بەردە.
ئەوەکەی تر:
بەو خوایە، ئێستا، دەتوانم بیڵێم.

(١) کەشتی دروستکەر؛ ئەوەی کە کەشتی دروست دەکات. بەردتاش، ئەوەی خانوو لە بەرد دروست دەکات.

گۆڕهەڵکەن:

دە فەرموو، بیڵێ.

ئەوەکەی تر:

بەخوا، نازانم. (هاملێت و هۆراشیو لە دوورەوە دەردەکەون)

گۆڕهەڵکەن:

بەسە، دارکاری مێشکت بکەیت.[١]
چونکە بە لێدان، هەنگاوەکانی
کەرە گێلەکەت، خێراتر ناکەیت.
بەڵام ئەگەر هاتو تۆ جارێکی تر
هەمان پرسیارت لێ کرایەوە؛
بڵێ ئەو کەسەی گۆڕ دروست دەکات؛
ئەو خانووەی کە دروستی دەکات،
دەمێنێتەوە،
هەتاکو رۆژی لێپرسینەوە،
دەی بڕۆ بۆ لای
یۆهان، گۆزەیەک،
بادەم، بۆ بێنە.[٢] (ئەو، دەڕوات. ئەمیشیان گۆرانی دەڵێت)

*تامی دڵداریم دەکرد بەگەنجیم،*
*وام لابو تامی گەلێک شیرینە.*
*واشم دەزانی کە تێپەڕینی*
*کات،*
*لە سوودی منە.*[٣]
*ئاخ، وام دەزانی کە لە دڵداری*
*خۆشتر، شت نییە.*

هاملێت:

ئایا ئەم پیاوە، هیچ هەستی نییە،

---

(١) بەسە، زۆر لە مێشکی خۆت مەکە.

(٢) دیارە گرەویان کردووە، ئەوەی بیدۆڕێنێت گۆزەیەک مەی بۆ ئەوەکەی تر دەکڕێت.

(٣) کە گەنج بووم، وام دەزانی دواڕۆژ خۆشتر دەبێت. لەبەر ئەوە حەزم دەکرد کات زوو تێپەڕ بێت.

بۆچی نازانێت خەریکی چییە؟
گۆڕ هەڵدەکەنێ و گۆرانی دەڵێت.

هۆراشیۆ:

راهاتن، کاری ئاسان کردووە.

هاملێت:

وایە، بەڕاستی،
ئەو دەستەی رەنجی زۆر نەبردووە،
ناسکە پێستی؛ هەست زۆرتر دەکات.

گۆڕهەڵکەن: (هەر گۆرانی دەڵێت)

بەڵام، تەمەن هات، بە هەنگاوی ورد،
ورد بە دزییەوە،
چڕنووکەکانی لە گیانم گیر کرد،
توند توند گرتمی، رەوانەی کردم
بۆ ناو ئەم خاکە،
وەکو قەت رۆژێک من گەنج نەبووبووم.
(گۆڕهەڵکەنەکە، لە چاڵەکەوە، کەللەیەک هەڵدەداتە دەرەوە)

هاملێت:

ئای، ئەو کەللەیە،
کاتێک زمانی لە دەمدا هەبوو،
لە توانایا بوو گۆرانی بڵێت.
ئەو زۆڵە، کەچی
چۆنی دەکێشێت بەسەر زەمیندا.
هەر وەکو ئێسکی چەنەی "قابیل" بێت؛
یەکەم پیاوکوژی دنیای سەر زەمین.[١]
دوور نییە سەری
رامیارێکی وا بەهونەر بووبێت،

---

(١) چەنە؛ چەن، چەناگە. ئادەم و حەوا، دوو کوڕیان هەبووە؛ گەورەکەیان ناوی قابیل دەبێت. "هابیل"ی برای خۆی دەکوژێت. ئەوە یەکەمین پیاوکوشتنی ئەم دنیایەیە.

لە خواش گرەوی بردبێتەوە.
کەچی سەیر دەکەیت،
بە دەست کەرێکی
واوە، بەم جۆرە، ریسوا دەکرێت.
ئەرێ، وا نییە؟

هۆراشیۆ:

بەڵێ، سەروەرم. ئا، لەوانەیە.

هاملێت:

یان هی یەکێکی خانەدان بووبێت
لەوانەی دەڵێت " رۆژباش شیرینم،
چۆنی سەروەرم، بەگی شیرینم"
یان هی یەکێک بێت
کە ستایشتی
ئەسپی بەگێکی هاورێی کردبێت،
بەڵکو ئەسپەکەی خۆیی بداتێ.
لەوانە نییە؟

هۆراشیۆ:

بەگ، لەوانەیە.

هاملێت:

ئەی، ئاخر دەبینیت
دوای ئەوەی خاتوون کرم، لێی بووەوە،[١]
ئێستاکە، کەللەی
بێ چەن، بە بێڵی گۆڕهەڵکەنەوە،
تێی هەڵدەدرێت.[٢]
ئەمە،
سووڕاندنەوەی چەرخی فەلەکە،

---

(١) دوای ئەوەی خاتوو کرم، لە خواردنی کەللەکە بووەوە.

(٢) بێ چەن؛ بێ چەناگە. ئێستاکە بێڵی گۆڕهەڵکەنەکە، تێی هەڵدەدات.

"بەهرە"مان هەیە، بۆیە دەیبینین.[١]
ئایا پەروەردەی ئەم ئێسقانانە،
هەندە بەجارێک هەرزان دەکەوێت؛
تا هەلووکێنیان وا پێ بکرێت؟[٢]
هەرچەند بەمەوە، خەیاڵ دەمگرێت،
گشت ئەوانەی خۆم ژان دەیانگرێت.[٣]

گۆڕهەڵکەن: (هەر هەڵدەکەنێت و گۆرانی دەڵێت)

هەر پاچ و بێڵێک،
لە خاکدا چاڵیان پێ هەڵکەنرێت.
لەگەڵ پارچەیەک کووتاڵی سپی،
لە میوانێکی ئاوا بگونجێت.[٤]
(کەللەیەکی تر هەڵدەداتە دەرەوە)

هاملێت:

ها، ئەوەش یەکێک.
بۆ ئەمە، کەللەی پارێزەر نەبێت؟[٥]
کوا فروفێڵە زیرەکەکانی
ئێستاکە کوانێ، بەرهەڵستییەکانی،
ئەرێ لە کوێدان کومپیالەکانی،
تاپۆکەی کوانێ، کوا بەڵگەکانی؟
بۆچی ئێستاکە، ئایا دەهێڵێت
تووتکەی ناکەسێک
بە بێڵێکی پیس
سەر و گوێلاکی دابشکێنێت،

---

(١) بەهرەمان هەیە؛ زیرەکیمان هەیە.

(٢) هەلووکێن؛ یارییەکە، منداڵان دەیکەن: پارچە تەختەیەک هەڵدەدەن بە ئاسماندا و بە دارێک پێیدا دەکێشن.

(٣) گشت ئەوانەی خۆم؛ گشت ئێسقانەکانی خۆم.

(٤) هەر پاچ و بێڵێکم هەبوایە خاکی پێ هەڵبکەنم، لەگەڵ پارچەیەک کوتاڵی سپی بگونجێت لەم میوانەی کە دێت، من هیچی ترم نەدەویست.

(٥) پارێزەر؛ محامی

بێ ئەوەی دەعوای لەسەر قەید بکات؟
ئەی بۆچی ناشێت،
ئەمە، کاتی خۆی، زەوی کڕێکی
زۆر گەورە بووبێت.
خاوەن کومپیالە و تاپۆ و خاک بووبێت.
تا بە دووقاتیش،
گەرەنتی ئەم و ئەوی کردبێت.[١]
ئاخر قەت دەبێت، ئەمەی دەیبینیت، ٥,١,٩٠
ئەنجامی هەموو رەنج و ئەرکی بێت؛
سەری نایابی،
بە وردە خۆڵی پیس پڕ کرابێت؟
گەرەنتییەکانی، ئایا گەرەنتی
خاکێکی تریان پێ نەدەکرا،
جگە لە خاکێک، درێژی و پانی،
لە جووتێک پەڕەی
پەیماننامەیەک گەورەتر نەبێت؟[٢]
لە هەمان کاتدا،
تەنیا هەر تاپۆی سامانەکانی
لەو سندووقەدا جێی نەدەبووەوە.[٣]
بۆ خاوەن سامان، ئاخر چۆن دەبێت،
هیچ زیاتر لەوە، نەمێنێتەوە؟
هۆراشیۆ:
بەڵێ، سەروەرم،

(١) لەوانەیە، تا بە دووقات کەفالەتی ئەم و ئەوی کردبێت.
(٢) جاران کە پەیماننامەیان دەنووسی لە نێوان دوو کەسدا، دوو نوسخەیان لەسەر یەک پێست دەنووسی، ئینجا خوار و خێچ دەیانبڕی و لە یەکتر جیایان دەکردەنەوە و هەر یەکەی لایەکی دەبرد. «لەسەر جووتێک پەرە دەیاننووسی»
(٣) لەو سەندووقەدا؛ لەو تابووتەدا. مەبەستی ئەوەیە، ئەوەی پشت بە سامان دەبەستێت، لە کۆتاییدا هیچی بۆ نامێنێتەوە.

تا یەک ئاستەمیش،[١]
لەوە زیاتر بۆی نامێنێتەوە.

هاملێت:

پێم بڵێ، پەیمان،
هەر لەسەر پێستی
مەڕ، دەنووسرێت؟

هۆراشیۆ:

نا، بەگم، لەسەر
پێستی گوێرەکەش.

هاملێت:

گوێرەکە و مەڕن، ئەوانەی ڕۆژێک
بە پەیمانەوە، پشتیان دەبەستن.
با هەندێک لەگەڵ ئەم پیاوە، بدوێم.
کوڕە، ئەم گۆڕە ئایا هی کێیە؟

گۆڕهەڵکەن:

بەگم، هی خۆمە. (گۆرانی دەڵێت)
ئەم چاڵە قوڕەی هەڵدەکەنرێت،
بۆ ئەو میوانەی
دێت، باش دەگونجێت.

هاملێت:

من وا بزانم، ئەمە، بە ڕاستی،
لە هی خۆت دەچێت؛
چونکە لە ناویا تۆ پاڵ دەکەویت.
«چونکە لە ناویا تۆ ڕۆدەکەیت»[٢]

(١) تا یەک "ئاستەم"یش زیاتری بۆ نامێنێتەوە.

(٢) بە ئینگلیزی وشەی Lie دوو مانای هەیە: درۆکردن و پاڵکەوتن. لەبەر ئەوە ئەگەر بڵێیت (For thou lie in it) دوو مانا دەگرێتەوە: ١– «چونکە تۆ، لە ناویدا، پاڵ دەکەویت» ٢– «چونکە تۆ، ناویدا، ڕۆدەکەیت».
لێرەدا هاملێت و گۆڕهەڵکەنەکە بە دوو ماناوە لەگەڵ یەکتریدا دەدوێن. کە هاملێت، بە گۆڕهەڵکەنەکە

گۆڕهەڵکەن:

لە دەرەوەیدا، بەگ، پاڵ دەکەویت،
«لە دەرەوەیدا، بەگ، درۆدەکەیت»
لەبەرئەوە، هی
جەنابتان نییە.
بەڵام دەربارەی خۆم من پیت دەڵێم؛
هەرچەند لە ناویا من پاڵ ناکەوم،
«هەرچەند لە ناویا من درۆناکەم»
بەڵام هی خۆمە.

هاملێت:

ئاخر لە ناویا، تۆ پاڵ دەکەویت؛ «ئاخر لە ناویا تۆ درۆدەکەیت»،
ئەگەر لە ناویدا بیت و پێم بڵێیت" ئەمە هی خۆمە".
چونکە ئا ئەوە هەر بۆ مردووە،
بۆ زیندوو نییە.
کەوابێت تێیدا تۆ پاڵ دەکەویت.
«کەوابێت ئەتۆ درۆی تیا دەکەیت».

گۆڕهەڵکەن:

پاڵکەوتنێکی زیندووە بەگم، «درۆیەکی زیندووە، بەگم»
لە لای منەوە
دەردەچێت بەرەو جەنابت دەچێت.

هاملێت:

کێیە ئەو پیاوەی کە تۆ ئەم گۆڕەی
بۆ هەڵدەکەنیت؟[1]

---

دەڵێت "تۆ لە ناویدا پاڵ دەکەویت"، مەبەستی ئەوەیە، تۆ لە ناویدا دڕۆدەکەیت. لەبەر ئەوە بە باشم زانی کە هەر دوو ماناکە بنووسم. یەکێکیان لە ناو دوو کەوانەدا.

(١) دیسانەوە وشەی man دوو مانا دەگرێتەوە ١- پیاو، ٢- مرۆڤ. هاملێت، دەیەوێت بزانێت کێ مردووە، دەپرسێت بۆ چ مۆرۆڤێکی هەڵدەکەنیت. بەڵام گۆڕهەڵکەنەکە بە جۆرێک وەرامی دەداتەوە وەکو لە مەبەستی هاملێت تێ نەگات.

گۆڕهەڵکەن:

گەورەم، بۆ پیاوی من هەڵناکەنم.

هاملێت:

کەوابێت بۆ ژن هەڵی دەکەنیت؟

گۆڕهەڵکەن:

نا، بۆ ژنیش نا.

هاملێت:

کێیە ئەو کەسەی تیای دەنێژرێت.

گۆڕهەڵکەن:

گەورەم، یەکێکە،
ژن بوو، بەڵام مرد.
خوا، لێی ببوورێت.

هاملێت:

(روو دەکاتە هۆراشیۆ)
ئای کە ناکەسە!
ئەگەر ئاگەداری زمانمان نەبین،
هەر وا بە وتەی دووڕوو و پێچاوپێچ
ئەنجامەکانی
ئەندامەکانمان هەڵدەوەشێنێت.
هۆراشیۆ، بە خوا،
لەم سێ ساڵەدا، سەرنجم داوە:
دنیاکە هەندە زۆر گۆڕراوە؛
جووتیاری رەنجبەر،
ئاوساوێکەی پەنجەکانی پێی،
ئەگەر بخورێنێت،
لە پاژنەی ئاغای هەڵیان دەسووێت.[١]

(١) ئاوساوی پەنجەی پێی؛ رەنجبەری هەژار، لەبەر سەرما، پەنجەکانی پێی دەئاوسێن و دەخورێن. هاملێت، لێرەدا، دەڵێت؛ رەنجبەرەکان، لەم دواییەدا، ئەوەندە زیرەک بوون، لە زیرەکیدا، خەریکن =

(روو دەکاتەوە گۆڕهەڵکەنەکە)

لە کەیەکەوە،

تۆ، گۆڕهەڵکەنیت؟

گۆڕهەڵکەن:

لە رۆژەکانی

ساڵدا، وا رێککەوت،

ئەو رۆژەی هاملێت، شا کۆنەکەمان،

کە زاڵ بوو بەسەر "فۆرتنبراس"دا.

هاملێت:

ئایا لەوساوە، ئەمە چەند ساڵە؟

گۆڕهەڵکەن:

گوایە، نازانیت؟

هەموو ریژگاوێک ئەوە دەزانێت.

هەر ئەو رۆژەی کە

هاملێتی کوڕی هاتە دنیاوە.

ئەوەی شێت بووە و

بۆ ئینگلتەرە رەوانە کراوە.

هاملێت:

ئەرێ لە رێی خوا،

پێم ناڵێت بۆچی

بۆ ئینگلتەرە رەوانە کرا؟

گۆڕهەڵکەن:

بۆ؟

چونکە شێتبووە.

مێشکی لەوێ چاک دەبێتەوە.

ئەگەر نەشبێتەوە،

---

= ئاغاکانی خۆیان بگرنەوە: پەنجەکانی پێیان ئەوەندە نزیک بوونەتەوە لە پاژنەی ئاغاکانیان، پەنجە ئاوساوییەکانی خۆیان بە پاژنەی ئاغاکانیان دەخورێنن.

لەوێ، شتێکی زۆر گرینگ نییە.

هاملێت:

بۆچی، لەبەرچی؟

گۆڕهەڵکەن:

چونکە لەوێدا، پێوەی دیار نابێت،
مرۆڤی ئەوێ، شێتن وەکو خۆی.

هاملێت:

ئەی، چۆن شێتبووە؟

گۆڕهەڵکەن:

بە شێوازێکی گەلێک سەیر، دەڵێن.

هاملێت:

بۆچی چی دەڵێن؟

گۆڕهەڵکەن:

بەخوا، تا دەڵێن،
گوایە مێشکی لێ بزربووە.[١]

هاملێت:

لەسەر چ خاکێک؟[٢]

گۆڕهەڵکەن:

بۆچی؟ هەر لێرە، لە دەنیمارکدا.
لێرەدا، وا من، بە کوڕێتی و پیاویم،
ئەمە سی ساڵە هەر گۆڕهەڵکەنم.

هاملێت:

چەند لە ژێر خاکدا، دەمێنێتەوە،

---

(١) بە ئیگلیزی کە دەڵێن (He’s lost his mind) یەعنی مێشکی تێک چووە. بەڵام گۆڕهەڵکەنەکە، بە جۆرێک دەیڵێت وەکو بڵێت مێشکی خویی لێ ونبووە.

(٢) لەسەر چ خاکێک (upon which ground)؛ هامێلت، دەپرسێت "لەسەر چ ئەساسێک، خەڵکەکە دەڵێن شێت بووە؟" بەڵام ئەو خۆی وا لێ دەکات وەکو لێی بپرسن لەسەر خاکی چ وڵاتێکدا مێشکەکەی لێ ونبووە؟. کابراکە، دەڵێت، هەر لە مناڵییەوە لەم ناوچەیەدا من گۆڕهەڵکەن بووم، لەبەرئەوە ئاگەداری زۆر شتی ئەم ناوەم.

مرۆڤ، بەر لەوەی،
هەموو جەستەکەی بڕزێتەوە؟[١]

گۆڕهەڵگەن:

بەخوا، بڵێم چی؛
ئەگەر نەڕزیبێت، بەر لە مردنی،
وەکو ئەو هەموو ئاوڵاویانەی
کە بە زۆر بەرگەی ئەو کاتە کورتەی
پێش ناشتن دەگرن،[٢]
ئەوساکە بەرگەی
هەشت ساڵێک، یاخۆ نۆ ساڵێک دەگرێت.
ئەگەر پیشەکەی دەباغچی بووبێت،
نۆ ساڵ دەمێنێت.

هاملێت:

ئایا بۆچی ئەو، لە کەسانی تر
زۆرتر لە ژێر خاک، دەمێنێتەوە؟

گۆڕهەڵکەن:

بەڕێزم، بۆچی؟
چونکە پێستەکەی
بە پیشەکەی خۆی دەبغ کراوە؛
بۆ ماوەیەکی
زۆر دوورودرێژ
ڕێ نادات بە ئاو توخنی بکەوێت.
ئاویش، یەکەمین هۆی رزاندنی
ئەو لەشە قەحبە–

---

(١) جەستە؛ لەشی مردوو.

(٢) لەو کاتانەدا، نەخۆشیی سفلس، زۆر بڵاو بووبوەوە. ئەوانەی تووشی دەبوون لەشیان زیبکە و دوومەڵی لێ دەهات و دەڕزی وەکو تووشی ئاوڵە بووبن. بەڵام شێکسپیر، مەبەستی لەوە نییە. مەبەستی لەوەیە کە پیاوی بێویژدان و داوێنپیس، دادەڕزێت، پێش ئەوەی بمرێت.

دایکەیەی ئێمە هەموو هەمانە.
ئەوەتا ئێستا، ئا ئەم کەللەیە:
بیست و سێ ساڵە لە ژێر خاکایە.[١]

هاملێت:
بۆ، کەللەی کێیە؟

گۆڕهەڵکەن:
کەللەی شێتێکی
زۆر قەحبە دایک بوو.
تۆ وا دەزانی ئەمە هی کێیە؟

هاملێت:
لە کوێ دەزانم.

گۆڕهەڵکەن:
تاعوون بیگرێت،
ئای کە پیاوێکی شێتۆکە و زۆڵ بوو؛
جارێکیان بوتڵێک
لە بادەی "راین"ی بەدەستەوە بوو.[٢]
رۆی کرد بە سەرما.
ئەم کەللەیە، بەگ، کەللەی "یۆریک"ە،
گاڵتەچییەکەی شا.

هاملێت:
ئەمە؟

گۆڕهەڵکەن
بەڵێ، ئا ئەمە.

هاملێت:
با سەیری بکەم. (کەللەکە دەگرێت بە دەستییەوە)
داخت بە جەرگم، "یۆریک"ی هەژار!

(١) چونکە پیاوی باش بوو، ئەوە ٢٣ ساڵە لە ژێر خاکدایە، هێشتا بەتەواوی نەڕزیوە.
(٢) بادەی راینی؛ مەیی ناوچەی رووباری راین. بە باشی بە ناوبانگە.

هۆراشیۆ، ئەمم، من باش دەناسی.
پیاوێکی ئێگجار
گاڵتەچی و سەیر بوو؛
خەیاڵی گاڵتە و گاڵتەکردنی،
سنووری نەبوو.
هەزار جار زیاتر، کە من مناڵبووم،
ئەم، لەسەر پشتی خۆی هەڵی گرتووم.
کە ئێستا بیری لێ دەکەمەوە،
دڵم تێکەڵدێت، بێز دەکەمەوە.[١]
ئەو لێوانەی کە
ئا بەم شوێنەوە هەڵواسرابوون،
نازانم چەند جار، من ماچم کردوون. (روو دەکاتە کەللەکەوە)
ئایا ئێستا کوان، تۆ نوکتەکانت، ٥,١,١٦٠
گۆرانییەکان و لاساییەکانت؟
یان گاڵتەکانت
کە گشت مێزەکەت دەخستە خەنین؛
قاقای پێکەنین گوێی کەڕ دەکردین؟
ئایا یەکێکت،
تۆ، پێ نەماوە بیگێڕتەوە[٢]
بۆمان، دەربارەی
ئەم ریچبوونەوە و چەنەی وەریوت؟[٣]
دە ئێستاکە تۆ،
بۆ ژووری نوێنی بانووەکەم بچۆ[٤]

(١) دڵم تێکەڵدێت کە بیر دەکەمەوە؛ ئەم شتە ناشیرینە. لەسەر پشتی خۆی هەڵی دەگرتم.

(٢) یەکێکت؛ گاڵتەیەکت.

(٣) ریچبـوونەوە (Grinning)؛ پێکەنینێک کە مـرۆڤ دەمی پان دەکاتـەوە و دانەکانی دەردەکـەوێت. چەنە؛ چەناگە. وەریو؛ هەڵوەریو. چەنەی وەریوت؛ چەناگەی هەڵوەریوت.

(٤) بانووەکەم؛ خاتوونەکەم، خانمەکەم.

پێی بڵێ ئەگەر
ئینجێکیش ئەستوور بۆیە بکرێت،
هەر ئەو رووەی تۆ،
وەک ئەوەی منی رۆژێک بەسەر دێت.
با بەوە، بۆ خۆی، هەندێک پێکەنێت.
توخوا، هۆراشیۆ،
تاکە یەک شتم، ئەتۆ پێ بڵێ.

هۆراشیۆ:

چییە، سەروەرم؟

هاملێت:

بڵێیت ئەسکەندەر،
ئەویش، لە خاکدا، وای لێ هاتبێت.[١]

هۆراشیۆ:

هەر بە تەواوی. (هاملێت، بۆنی کەللەکە دەکات)

هاملێت:

تفوو، بۆنێکی واشی، لێ دەهات؟

هۆراشیۆ:

بەڵێ، سەروەرم.

هاملێت:

ئێمە، هۆراشیۆ،
دوور نییە ببین بە کەرەستە بۆ
دروستکردنی شتی زۆر ریسوا.
بۆ، خەیاڵ، ناشێت
دوای خۆڵی پاکی ئەسکەندەر کەوێت،
بیدۆزێتەوە و بۆی دەربکەوێت؛
خۆڵی پیرۆزی، ئەو پاڵەوانە
ئێستاکە بووبێت

(١) ئەسکەندەر؛ ئەسکەندەری مەقدۆنی.

بە دەمەوانەی کووپەی مەیخانە؟[١]

هۆراشیۆ:

خەیاڵێکی زۆر

دوور و وردبین و زۆر فراوانە.

هاملێت:

نا، بە ئیمانم، هیچ ئاوا نییە؛

ئەگەر بەوردی، جێ پێی هەڵبگرێت،[٢]

دەشێت، بۆ ناشێت وا بۆی دەرکەوێت:

ئەسکەندەر، دەمرێت،

تەرمی ئەسکەندەر، جا دەنێژرێت،

ئەسکەندەر بۆ خۆڵ دەگەڕێتەوە.

ئەو خۆڵە، خاکە.

لەو خاکە یەکێک، قوڕێک دەشێلێت،

جا بۆ، لەو قوڕە،

دەمەوانەیەک دروست نەکرێت

بۆ کووپەی بادە؟

(گۆرانی دەڵێت) قەیسەری خاوەن شکۆ مردووە.[٣]

ئێستاکە بووە

بە تۆپەڵێک قوڕ.

کونی دیواریان، خەڵک پێ گرتووە؛

ڕێ لە با، بگرێت.[٤]

ئاخ، بۆ ئەو خۆڵەی کاتی خۆی ترسی،

سەرتاپا دنیای داگیر کردبوو؛

بووە بە پینەی دیوار هەتاکو

لە سەرمای زستان بمانپارێزێت!

---

(١) ئەم دێرەی شێکسپیر، هەندێک لە شیعرەکای عومەر خەیام دەچێت.(وەرگێڕ)

(٢) ئەگەر دوای بکەویت؛ ئەگەر دوای خۆڵی ئەسکەندەر بکەویت.

(٣) قەیسەر؛ یولیەس قەیسەر.

(٤) لەوانەیە خەڵکی، کونی دیواریان بەو قوڕە گرتبێت بۆ ئەوەی هەوای سارد، نەیەتە ژوورەوە.

ئیتر بەسێتی دەنگت دەرنەچێت.
دەی، با لێرەوە، دوورکەوینەوە؛
بۆ بەرەو ئێرە، شا، ئەوەتا دێت،
لەگەڵ شاژن و چەند خانەدانێک.
(کلۆدیەس و گێرتروود و لێرتێس دەردەکەون. بە دوای تابووتێکەوە لەگەڵ قەشەیەک و چەند خانەدانێک)
ئای، ئەمە کێبێت،
بە نەریتێکی کەلکراوەوە[١]
وا بەدوایەوە ئەمانە دەڕۆن؟
ئەوە، بێگومان، بە ئێمە دەڵێت؛
ئەو تەرمەی ئەوان، بە دواوەی دەڕۆن،
بە دەستی ناچاری
خۆی، خۆی کوشتووە.
دەبێت کەسێکی زۆر گرینگ بووبێت.
با، بۆ ماوەیەک، لێرەدا خۆمان بشارینەوە
سەرنجیان لێ دەین. (خۆیان دەشارنەوە)
لێرتێس:
ئایا هیچ جۆرە ئاهەنگی پرسەی
کەی بۆ دەکرێت؟[٢]
هاملێت: (روو دەکاتە هۆراشیۆ)
ئەوە "لێرتێس"ە،
گەنجێکی گەلێک خانزادە و چاکە،
سەرنجی لێ بدە.
لێرتێس:
ئایا هیچ جۆرە ئاهەنگی پرسەی

---

(١) نەریت؛ نەریتی ئاینی هی مردووناشتن. کەلکراو؛ شتێکی کەمە، تەواو نییە، پارچەیەکی لێ بووەتەوە.
(٢) لێرتێس، کە دەبینێت ئاهەنگی ناشتنی خوشکەکەی زۆر بچووکە و کەم کەس هاتووە، لە قەشەکە دەپرسێت؛ ئایا هیچ جۆرە ئاهەنگی پرسەی تری بۆ دەکرێت؟

کەی بۆ دەکرێت؟
قەشـە:
ناشتنەکەی ئەو،
ئەوەندە گەورە و باش بۆمان کرا،
ئەوەندەی رێگە بە ئێمە درا.
مردنەکەی ئەو، جێگەی گومان بوو؛
ئەگەر فەرمانی گەورەی پاشایی،
هێزی لە یاسا بەرزتر نەدەبوو،
لە ژێر خاکێکی ناپیرۆز، ئەوسا،
ئەو، دەنێژرا.(١)
تاکو دوایەمین
بلوێری رۆژی لێپرسینەوە.
لە باتی دووعا و نوێژ و تەڵقین
بەشی ئەو، تەنیا
بارانی گۆزەی
شکاو و بەرد و چەو و زیخ دەبوو.
بەڵام، ئەوەتا، لێرە دەهێڵن
ئەڵقە گوڵێنەی
کچێنی و گوڵی تری بۆ بێنن،(٢)
بە ئاوازەوە،
لەگەڵ لێدانی زەنگی کڵێسە،
بۆ نوێنی ماڵی هەتایی بەرن.
لێرتێس:
ئایا، هەر نابێت،

---

(١) قەشـەکە دەڵێت؛ چونکە ئەو لەوەدەچێت کە خۆی کوشـتبێت، بە پێی یاسای کڵێسە، نابێت نە لە خاکی پیرۆزدا بنێژرێت نە ئاهەنگی بۆ بکرێت. بەڵام، شا، فەرمانی دەرکردووە کە لە خاکی پیرۆزدا بنێژرێت. فەرمانی شا لە یاسای کڵێسە بەهێزترە.
(٢) نەریت وا بووە؛ ئەگەر ئافرەتێک بە کـچـێتی بمرێت، ئەلقـە گـوڵێنەیەکی تایبـەت لەسـەر تابووتەکـەی دادەنرا.

ئاهەنگێکی کەی بۆ رێک بخرێت؟

قەشە:

نا، بە هیچ جۆرێک،

نابێت بکرێت:

بەسەر تەرمیدا،

ئەگەر نوێژی مردوو بکرێت،

وەکو ئەو گیانەی

بە ئاشتی لەشی بەجێ دەهێڵێت؛

بەوە، نوێژ و نزای ئاینی،

ئەو پیرۆزییەی پێوە نامێنێت.[١]

لێرتێس:

بیخەنە ژێر خاک، با بنێژرێت.

لەسەر ئەو لەشە بژوینە جوانەی[٢]

گوڵە وەنەوشەی

جوان جوان دەردەچێت.[٣] (روو دەکاتە قەشەکەوە)

با بە تۆش بڵێم هەی قەشەی دڵپیس؛

خوشکەکەم، ئێستا،

دەبێت بە پەری و بۆ بەهەشت دەچێت.

ئەتۆش، رۆژێک دێت، لە ناو دۆزەخدا،

بە لوورە و وەڕین، دەنگت دەنووسێت.

هاملێت:

ئای،

ئۆفێلیای شیرین![٤]

---

(١) نزا؛ دووعا.

(٢) بژوین؛ پاک.

(٣) گوڵە وەنەوشە، هێمای خۆشەویستییە.

(٤) هاملێت، نەیدەزانی کە ئەو گۆڕە بۆ ئوفێلیا ئامادە کراوە. کە لێرتێس گوتی "خوشکەکەم" ئینجا پێی زانی.

گێرتروود: (گوڵ هەڵدەدات بۆ سەر تابووتەکەی ئۆفێلیا، بۆ ناو گۆڕەکە)

گوڵە جوانەکان،
لەگەڵ ئەو جوانە، دەی ئێوەش بڕۆن.
خواتان لەگەڵ بێت.
(روو دەکاتە تابووتەکەی ئۆفێلیا، کە لە ناو چاڵەکەدایە)
ئومێدم وابوو کە رۆژێک ببیت
تۆ بە هاوسەری هاملێتی کوڕم.
بەم گوڵانەشم،
کیژە جوانەکە، گیانەکەی گیانم،
نوێنی هاوسەری،
تۆ، برازێنم،
نەک هەڵیان بدەم بۆ ناو گۆڕەکەت.

لێرتێس:

دەک، بە دەیان جار
سێ قات لەعنەتی گەردوونی لێ بێت،
ئەو کەسەی ئاوا، بە کاری بەدی،
لەو هەستە ژیرەت، بێ بەشی کردی.
(بازێک دەدات بۆ ناو گۆڕەکە)
بوەستە خۆڵی تێ مەکە تاوێک،
با باوەشێکی تری پیا بکەم.
دەی ئیتر ئێستا خۆڵ با هەڵدرێت،
مردوو و زینووەکە، هەردووک داپۆشێت.
تاکو لەم خاکە رێکە، گردێکی
گەورە و بڵندی وا دروست دەبێت
لە لووتکەی پیری
پیلیۆن، یان لووتکەی[١]

(١) پیلۆن، شاخێکی کۆنی "پیری" بەرزە لە یۆنان. لە ئەفسانەی گریکیدا باسی کراوە؛ گوایە دێوەکان، هەوڵیان داوە هەڵی بگرن و بیخەنە سەر شاخی ئۆسا Ossa بۆ ئەوەی لەوێوە سەربکەون و بچن بۆ ئاسمان.

"ئۆڵیمپەس"ی شین، بەرزتر دەبێت.[١]
هاملێت: (خۆی دەردەخات و بەرەو خەڵکەکە دەچێت)
کێیە ئەوەی کە پەژارەی دڵی،
وا بە ئاشکرا لێرە دەنووێنێت.[٢]
ئەوەی کە رستەی سوێ و خەفەتباری[٣]
وا دادەڕێژێت،
ئەستێرەکانی ئاسمان هەریەکەی،
لەسەر مەداری خۆی دەوەستێنێت،
وەکو گوێگری سەر زۆر لێ سوڕماو.
من، ئەوەتانێم،
"هاملێت"م، پاشای خاکی دەنیمارک.[٤]
لێرتێس: (لە گۆڕەکەوە باز دەدات بۆ دەرەوە)
دەک، شەیتان گیانی
تۆ هەڵبکێشێت. (بینی هاملێت دەگرێت)
هاملێت:
ئەوەی دەیخوازیت، باشنییە، بەدە.
تکات لێ دەکەم، بینم بەربدە.
ئەمن، هەرچەندە ئارامم زۆرە،
بەڵام لە ناوما،
شتێک هەیە، ها، مەترسی زۆرە.[٥]
دانایت هەبێت تۆ لێی دەترسیت.
دەستت لابەرە.

(١) ئۆڵیمپەس؛ شاخێکی گەلێک بەرزە لە یۆنان. ئەوەندە بەرزە لووتکەکەی لە ئاسمان دەدات، بۆیە شینە. بە پێی ئەفسانەی یۆنانییەکان، هەموو خوایەکان لەوێدا دەژیان.
(٢) هاملێت، رەفتار و قسەکانی لێرتێس بە رووالەت دادەنێت.
(٣) رستە؛ جوملە.
(٤) لێرەدا، هاملێت، بە خەڵکەکە دەڵێت " شای راستی دەنیمارک منم، کلۆدیەس نییە"
(٥) لێرەدا هاملێت، دیارە مەبەستی ئەوەیە کە لە مردن ناترسێت، حەز دەکات بمرێت.

کلۆدیەس:

جیایان بکەنەوە.

گێرتروود:

هاملێت، ئای، هاملێت!

هەموویان:

خانەدانەکان!

هۆراشیۆ:

گەورەی بەڕێزم، هەندێک لەسەرخۆ. (یاوەرەکان جیایان دەکەنەوە)

هاملێت:

من، لەسەر ئەمە،
لەگەڵیا، شەرتبێت، ئاوا بجەنگم،
تا پێڵووەکانم،
لە تروووکاندن، پەکیان دەکەوێت.[١]

گێرتروود:

لەسەر چی کوڕم؟

هاملێت:

ئەمن، ئۆفێلیام، گەلێک خۆش دەویست،
چل هەزار برا، ئەگەر پێکیشەوە،
خۆشەویستییان کۆ بکەنەوە،
ناتوانن هەندەی منیان خۆش بوێت. (روو دەکاتە لێرتێس)
تۆ، چی بۆ دەکەیت؟

کلۆدیەس:

لێرتێس، لێی بگەڕێ!
کابرا، شێت بووە.

گێرتروود: (روو دەکاتە لێرتێس)

لە ڕێی خوا، هەندێک، ئەرکی بکێشە.

---

(١) تاکو ئەوەندە ماندوو دەبم، ماسووڵکەکانی پێڵووی چاوەکانم لە جووڵانەوە دەکەون.

هاملێت:

ئیتر بەسێتی.
پێم بڵێ تۆ چی بەتەمایت بکەیت؟
فرمێسک بڕێژیت، شەڕم لەگەڵ کەیت،
بەڕۆژوو ببیت، سنگت دادڕیت؟
سرکە بنۆشیت، تیمساح قووت بدەیت؟[١]
من، ئەوە دەکەم.[٢]
ئایە تۆ هاتوویت
بۆ ئێرە تاکو بکرووزێیتەوە؟
بەو خۆ هەڵدانەت،
بۆ ناو گۆڕەکەی، شەرمەزارم کەیت؟
ئایە دەتەوێت، کە بە زیندوویی،
لەگەڵیا ئێستا تۆ بنێژرێیت؟
منیش دەمەوێت.[٣]
ئەگەر چەنەبازی دەکەیت و باسی
شاخ و داغ دەکەیت،
با بەسەرماندا بە ملیۆنەها
دۆنەم رۆبکەن،
تا تەپڵی سەری گردەکەی ئێمە،
لە خولکەی رۆژدا، هەڵدەپرووزێت.
هەتاکو، "ئۆسا"،[٤]
لە چاویا، دەبێت بە بالووکەیەک.
ئەگەر هاتووشیت هەر بقیرێنیت

(١) گوایە، سرکە، جەرگی پیاو دەسووتێنێت و خەمی زیاد دەکات. تمساح فرمێسکی درۆ دەرێژێت.

(٢) منیش دەتوانم ئەوە بکەم. بەو کارە، نابیت بە پیاو.

(٣) هاملێت، بەڕاستییەتی، حەز دەکات لەگەڵ ئۆفێلیا، بینێژن. پیێ ناخۆش نییە بمرێت. لە ترسی خوا نەبێت، دەمێک بوو خۆی کوشت بوو.

(٤) ئۆسا (Ossa)؛ شاخێکی بەرزە لە یۆنان. لە ئەفسانەکاندا باسی کراوە.

منیش بەدەنگی بەرز دەقیرێنم.
گێرتروود:
شێتییەکەیتی؛ فێی لێ هاتووە.
ئاوا، بۆ تاوێک، دەمێنێتەوە،
تاکو فێیەکەی کپ دەبێتەوە.
وەک کۆتری مێ،
دوای ئەوەی هەردوو
جووچکەی زێڕینی،[(١)]
لە هێلکەکەوە سەر دەردەهێنن؛
هەمدیسانەوە،
بێدەنگ دەبێت و ژێر دەبێتەوە،
کەساسی تێیدا، دەنیشێتەوە.[(٢)]
هاملێت:
گوێ بگرە، بەگم،
بۆچی تۆ دژم ئاوا وەستاویت؟
من هەمیشە تۆم هەر خۆش ویستووە.
دەی، گوێی مەدەرێ.
هێرقل، با بیکات ئەوەی دەیەوێت؛
پشیلە، بۆ خۆی هەر دەمیاوێنێت،
سەگ لەسەر پیشەی
خۆی هەر دەمێنێت.[(٣)] (دەڕوات)
کلۆدیەس:
هۆراشیۆ، بڕۆ، ئاگەداری بە.(روو دەکاتە لێرتێس)
ئارامت هەبێت،

(١) جوچکی کۆتر، کە تازە لە هێلکە سەر دەردەهێنێت، رەنگی تووکەکەی زەردە وەکو ئاڵتوون.
(٢) دیسانەوە کەساسی بۆ دێتەوە.
(٣) هێرقڵ؛ پاڵەوانێکی ئەفسانەیی یۆنانییە. لێرەدا، هاملێت بە رسواکردنەوە لە گەڵ لێرتێس دەدووێت. دەڵێت؛ "هێرقل"یش ناتوانێت نەیەڵێت پشیلە بمیاوێنێت، یان سەگ بوەڕێت.

باسەکەی دوێنێ شەوت لە بیر بێت.
ئێستاکە دەبێت جێبەجێ بکرێت.
گێتروود، یەکێک
با ئاگەداری کوڕەکەی تۆ بێت. (روو دەکاتەوە لێرتێس)
ئەم گۆڕە، ئەمە،
یادگارێکی زیندووی بۆ دەبێت.[١]
زۆری پێ ناچێت،
کاتێکی هێمن هەموو دەبینین.[٢]
تا ئەو کاتە دێت،
ئارام، بە تەنیا، با رابەرمان بێت.

(٣) یادگاری زیندوو؛ ئەوە "هاملێت"ە، چونکە کلۆدیەس بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەمرۆ هاملێت، دەکوژرێت و دەبێت بە یادگارێکی زیندوو.

(٤) لەم زووانەدا، هاملێت، دەکوژرێت و هەموو سەرمان سووک دەبێتەوە.

## دیمەنی ٢-٥

هاملێت و هۆراشیۆ دەردەکەون

هاملێت:

دەی ئیتر، بەگم، ئەمەیانت دی،
ئەوەکەی تریان ئێستا دەبینیت.[١]
بارودۆخەکەت، خۆ لەبیر ماوە؟

هۆراشیۆ:

ئا، بەڵێ، گەورەم، لە بیرم ماوە.

هاملێت:

لە دەروونمدا،
جۆرە جەنگینێک، بەگ، دادەگیرسا،
نەی دەهێشت بنووم.
لام وایە رەوشم، بەدتر بوو لە هی
یاخیبوویەکی کەلەپچە کراو.[٢]
بە سەرەڕۆیی-
دەک رووسپی بیت هەی سەرەڕۆیی.
تۆ، تێت گەیاندین کە هەڵەشەیی،
ئەگەر پیلانێکمان، سەرگرتوو نەبێت،
جار بە جار سوودی زۆر لێ دەبینین.[٣]
پێویستە لەمە، وانە وەرگیرێت:[٤]

(١) تۆ، بەو نامەیەی بۆم ناردیت، دیت و تێگەیشتیت چۆن کەوتمە دەست چەتەکانەوە. ئێستاش پێت دەڵێم چی بەسەر (رۆزنکرانز و گڵدنستێرن) دا هات.

(٢) رەوش؛ بارودۆخ. رەوشم؛ وەزعم.

(٣) سەرەڕویی؛ سەرکەشی، موغامەرە. هەڵەشەیی؛ کارکردن بە عەجەلە و بێ لێکدانەوە

(٤) وانە؛ دەرس.

شێوەی پەیکەری ئاکامەکانمان، ١٠، ٥، ٢
ئێمە دەیتاشین، وەک دەمانەوێت،
بەڵام لە ئاسمان، بڕیار دەدرێت.[١]

هۆراشیۆ:
ئەوە، گومانی تیا نییە، گەورەم.

هاملێت:
لە کابینەکەی خۆمەوە هەڵسام،
خۆم بە پۆشاکە دەریاییەکەم،[٢]
باش پێچایەوە.
بە پەل کوتاندن،
لە ناو تاریکی شەوەکەدا چووم
بۆیان بگەڕێم.
ئەوەی ئارەزووم
لێی بوو، دەسگیربوو؛ ٥،٢،١٥
لە گرفانیاندا هەرچییەک هەبوو
دیزم و جا زوو
بۆ کابینەکەی خۆم گەڕامەوە.
چونکە ترسەکەم،
بیری لە نەریت نەدەکردەوە،[٣]
وێرام نامەکەی شا، بکەمەوە،
داخوازەکانی بخوێنمەوە.
لەناویدا، ئای، هۆراشیۆ، چیم دی،
ناکەسبەچەیی

(١) ئێمە هەر چەند لێک بدەینەوە و پیلان دابنێین، لە دواییدا هەر خوا خۆی بڕیار دەدات شێوەی چارەنووسی ئێمە چۆن دەبێت. «چۆن پێت خۆشە پەیکەری چارەنووسی خۆت بتاشیت، بیتاشە. بەڵام، لە کۆتاییدا، خوا خۆی بڕیاری شێوەی ئەو پەیکەرە دەدات»

(٢) پۆشاکی دەریایی؛ مشەمای بەحری. پیاو لە بەری دەکات بۆ ئەوەی تەڕ نەبێت.

(٣) بە ئاسایی، پیاو نابێت نامەی خەڵکی بخوێنێتەوە، بەڵام چونکە ترسەکەم گوێی نەدەدا بە نەریت "عادەت" لەبەرئەوە نامەکەی شام خوێندەوە.

پاشایی سەیرم، لە ناو دۆزییەوە؛[١]
فەرمانێکی زۆر روونی تێدابوو،
بە گەلێک جۆرە بیانوو و بەڵگەوە،
چەور کرابوو.
گشتیان پێوەندی بە سەلامەتی
شای دەنیمارک و ئینگلتەرەوە،
بە جۆرێک هەبوو.
ئای بیانووی سەیری لە ناودا هەبوو؛
کە بەردەوامیی من لە ژیاندا،
مەترسییەکی زۆر دڕندەیی لە ناوادایە.
ئینجا پێی دەڵێت؛
دوای خوێندنەوەی نامەکە، نابێت
یەک تاو دواخرێت،
تا چاوەڕوانی تەور، نەکرێت،
تا تیژ دەکرێت. هەر یەکسەر دەبێت
سەرم لە لەشم جیا بکرێتەوە.

هۆراشیۆ:
قەت ئەوە دەشێت؟

هاملێت:
فەرموو ئەوەتا فەرمانەکە خۆی.
بیخوێنەرەوە، کەی کاتت هەبوو.
بەڵام دەتەوێت ئێستا گوێ بگریت
تاکو بزانیت چێم کرد لە دوایی؟

هۆراشیۆ:
تکات لێ دەکەم.

هاملێت:
هەر کە پێم زانی؛

---

(١) ناکەسبەچەیی پاشایی؛ ناکەسبەچەیی. بێ گومان، بە گاڵتەپێکردنەوە دەڵێت پاشایی.

بە ناکەس، دەوری من تەنراوە و[1]
شانۆگەرییەکەش، دەست پێ کراوە؛
ئیتر دانیشتم، بەبێ پێشەکی،
یەکسەر مێشکی خۆم بەکار هێنا؛
زوو بە خەتێکی،
جوان فەرمانێکی ترم پێک هێنا.
تاکو سەردەمێک، هەر وەکو گەلێک
پایەبەرزانی وڵاتەکەمان،
من وام دەزانی کە دەستخەت جوانی
بەڵگەی نزمێتی چینی کەسانە؛[2]
هەر هەوڵم دەدا
کە ئەو هونەرم، لە بیر بچێتەوە.
بەڵام ئێستاکە، بەگم، دەبینیت؛
وەکو نۆکەرێک خزمەتی کردم.
ئارەزوو دەکەیت
بزانیت من چیم لە ناودا نووسی؟

هۆراشیۆ:

بەڵێ، سەروەرم.

هاملێت:

داخوازییەکی گرینگ لە ( شا ) وە:–
شای ئینگلتەرە،
کە باجدەرێکی زۆر دڵسۆزێتی،[3]
ئەو ئەڤینەی کە لە بەینیاندایە،
هیوادارم وەک
درەختی خورما، گۆپکە دەربکات.

---

(١) تەنراوە؛ چنراوە

(٢) دەستخەت خۆشی پیشەی پیاوی نزمە. پیاوی خانەدان نووسەری هەیە، بۆی بنووسێت.

(٣) باج؛ سەرانە، پارەیەکە وڵاتێکی ژێردەستە دەیدات بەو وڵاتەی کە لە جەنگدا زاڵ بووە. باجدەر؛ ئەوەیە کە باج دەدات. دیارە ئەوساکە ئینگلتەرە ژێردەستەی دەنیمارک بووە.

ئاشتیش، گوڵبەندی
گوڵەگەنمی خۆی، لەسەر بکات،
ببێت بە وێرگول،
بوەستێت لە بەین دۆستایەتییان.[١]
ئیتر بە گەلێک
لەم جۆرە وشە توندە سەختانە،
نامەکەم بارکرد.
لە دوایی، تێیدا نووسیومە دەڵێم:–
"تکات لێ دەکەم
دوای خوێندنەوەی ئا ئەم نامەیە،
بەبێ دواخستن یان کەموکورتی،
نامەبەرەکان، دەبێت بکوژیت."

هۆراشیۆ:

ئەی چۆن مۆر کرا؟

هاملێت:

ئاسمان لەوەشدا،
یاریدەدەر و رابەری من بوو؛
مۆرێکی باوکم،
ئەوەی دارێژگەی مۆرەکەی شایە،[٢]
لە جزدانەکەی ناو گیرفانما بوو.
نامەکەم قەد کرد، وەک ئەوەکەی تر،
لە ژێریم نووسی، مۆرم پێوە کرد،
بە سەلامەتی، خستمەوە جێی خۆی،
وەکو دەستکاری قەت نەکرابێت.
بۆ رۆژی دوایی، ئەوەبوو تووشی

(١) وێرگول؛ ئێست، ئاماژەی وەستاندنێکی کورت لە نووسیندا. مەبەستی ئەوەیە؛ ئەو ئاشتییەی کە هەیە لە بەینیاندا خوا بکات هەر بەردەوامبێت.

(٢) دارێژگە؛ قاڵب، ئەم مۆرەی کە لە گیرفانی هاملێتدا بوو. نوسخە رەسەنەکەی مۆرەکەی شایە.

ئەو شەڕە بووین کە
باسم بۆ کردی.
هۆراشیۆ:
کەوابێت ئەوان؛
گلدنستێرن و رۆزنکرانتز، خۆیان،
بۆ ئەویَ دەچن.[(١)]
هاملێت:
کابرا، ئەو کارەی ئەوان دەیانکرد،
حەزیان لێ دەکرد.
توخنی دەروونی من هیچ ناکەون؛
بە هۆی مەرایی
کردن تا بەڵکو خۆشەویست بن،
سەری خۆیان خوارد.[(٢)]
مەترسی زۆرە؛ کە پیاوی نزم،
خۆی دەخاتە بەر نووکی شمشێری
دوو جەنگاوەری
بەتوانا و گەلێک تووڕە و زۆر دژن.
هۆراشیۆ:
ئای، چۆن پاشایەکە؟
هاملێت:
ئایە تۆ وەک من، بیر ناکەیتەوە،
کە من ئەرکێکم لەسەرە بیکەم–
ئەوەی پاشامی کوشت و دایکمی
کرد بە قەحبەی خۆی،
دەرپەڕی و وەستا

(١) بۆ ئەویَ؛ بۆ مردن، بۆ دنیای داهاتوو.

(٢) دەروونم ئازار ناچێژێت؛ خـۆیان، ئەوەندە هەوڵیـان دەدا لە شـا خـۆیان نزیک بکەنەوە و بەڵکو خـۆشـی بوێن، تا سەری خۆیان خوارد.

لە نێوان من و هیواکانمدا،
بۆ ژیانیشم تۆڕی هەڵدەدا
بەشێوەیەکی
هەندە نەگریس و پڕ فێڵ و گزی–
ئایا کارێکی
گونجاو و بێ گەرد نییە ئەگەر من
بە دەستەکانی خۆم سزای بدەم؟
ئەی لەعنەت نەبێت، ئەرێ، لەو کەسەی
رێ بە شێرپەنجەی سروشتمان دەدات
هەر بەردەوام بێت لە کاری بەدی؟[١]

هۆراشیۆ:
لەم زووانەدا، بێ گومان، دەبێت،
لە شای وڵاتی ئینگلتەرەوە،
هەرچی رووی داوە، هەمووی ببیستێت.

هاملێت:
زۆری پێ ناچێت.[٢]
تاکو ئەوسا دێت، من کاتم دەبێت:
کوشتنی پیاوێک، زۆرتر ناکێشێت
لەوەی بڵێیت "یەک"[٣]
بەڵام ئازیزم، "هۆراشیۆ"ی بەڕێز،
زۆر پەشیمانم، کە لەگەڵ لێرتێس،
خۆم لەبیر چووەوە.
چونکە من لە ناو

---

(١) شێرپەنجە؛ دوومەڵی سەرەتان. ئەگەر زوو نەکوژرێت هەموو ئەندامێکی لەش تووشی دەبێت. بێگومان، ئەو شێرپەنجەیە کلۆدیەسە. لێرەدا، سروشت بە مانای ژیان دێت.

(٢) زۆری پێناچێت تاکو دەیبیستێت.

(٣) بەڵام من کاتم دەبێت؛ کوشتنی پیاوێک، بێگومان مەبەستی لە کلۆدیەسە، لەوە زیاتر ناکێشێت کە بڵێیت "یەک".

وێنەی کەساسی پەژارەکانم،
وێنەی ئەوانەی ئەویش دەبینم.[١]
پێویستە بچم ئاشتی بکەمەوە.
بەڵام بەو جۆرەی کە ئەو، پەژارەی
خۆی دەردەبڕی،
سۆزی جەرگمی درووژاندەوە.

هۆراشیۆ:
وس، دەنگت نەیەت.
ئەوە کێیە دێت بەرەو ئێرەوە؟ (ئۆزریک، دەردەکەوێت)

ئۆزریک: (کلاوەکەی دادەکەنێت و دەیگرێت بە دەستییەوە)
سەروەرم، گەلێک بەخێربێنەوە،
بۆ دەنیمارک.

هاملێت:
بە سەرکزییەوە،
گەورەم، من گەلێک سوپاست دەکەم. (روو دەکاتە هۆراشیۆ)
ئەرێ ئەم مێشی ئاوە، دەناسیت؟[٢]

هۆراشیۆ:
گەورەم، نایناسم.

هاملێت:
ئای کە بەختیاریت؛
بە ناسینی ئەم، پیاو ئابڕووی دەچێت.
زەوی زۆر هەیە، هەمووشی بەپیت.[٣]
ئاژەڵێک ئەگەر خاوەن ئاژەڵ بێت،[٤]

(١) وەک چۆن من خەفەتبارم بۆ مردنی ئۆفێلیا و باوکم؛ ئەویش وەکو من خەفەتبارە بۆ مردنی ئۆفێلیا و باوکی.

(٢) ئەرێ ئەم مێشی ئاوە، دەناسێت؛ ئەرێ ئەم بێنرخە، دەناسیت؟

(٣) بەپیت؛ بە بەرەکەت.

(٤) ئاژەڵ؛ گیانەوەر، حەیوان. هاملێت، دەڵێت هەچ کەسێکی حەیوان، ئەگەر دەوڵەمەندبێت «خاوەن مەڕ و مانگا بێت» شا، لە خۆیی نزیک دەکاتەوە؛ ئاخوڕی ئەو ئاژەڵە، لەسەر مێزی شا، دەبێت.

ئاخورِی لەسەر مێزی شا دەبێت.
قەلەباچکەیە،[١]
بەڵام وەک گۆتم، خاوەن زەوییە.

ئۆزریک:

بەگی شیرینم،
بێ زەحمەت ئەگەر رێگەم بدەنێ،
من لە جەنابی شکۆدارەوە،
پەیامم پێیە، کە بتان دەمێ.

هاملێت:

لێتان وەردەگرم، ٥,٢,٩٠
بەگم، من گەلێک گوێرِایەڵ دەبم.
تۆ کڵاوەکەت،
وەک چۆن دروستە، وای بەکار بێنە؛
بۆ لەسەرکردن.

ئۆزریک:

سوپاس، سەروەرم، هەواکەی گەرمە.

هاملێت:

نا،
برِوام پێ بکە، کە گەلێک ساردە،
هەوای باکوورە.

ئۆزریک:

ئەوەی راستیبێت، خۆ هەندێک، ساردە.[٢]

هاملێت:

لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ سروشتی من، ٥,٢,٩٥
لام وایە گەلێک گەرم و شێدارە.[٣]

---

(١) قەلەباچکە باڵندەیەکی زۆر بەد و زیانبەخشە.

(٢) چونکە ئۆزریک، پیاوێکی هەرزانە؛ چی بۆی باشتربێت، ئەوە دەڵێت؛ راستییەکەی ناڵێت.

(٣) شێدار؛ رتووبەتاوی.

ئۆزریک:

ئا، گەورەم، ئێجگار، گەرم و شێدارە
هەر وەکو– نازانم چۆنی من وەسف بکەم.[1]
بەڵام سەروەرم،
شکۆدار ئەمری
پێکردم پێتان رابگەیەنم؛
کە گرەوێکی گەورە و گرینگی
کردووە لەسەر هونەری ئێوە.[2]
گشت مەسەلەکە، ئاوایە، گەورەم–

هاملێت: (ئامـاژەی کـڵاوەکـە دەکـات بۆ ئەوەی ئۆزریک، لەسـەری بکاتەوە و رێزی خـۆی بگرێت)
تکات لێ دەکەم، لە بیرت نەچێت.[3]

ئۆزریک:

نەخێر، سەروەرم؛
بە راستی ئاوا، لام ئاسانترە.[4]
گەورەم، زۆر نییە،
"لێرتێس"ێک هەیە،
گەڕاوەتەوە بۆ کۆشکەکەی شا؛
بڕوام پێ بکە،
خانەدانێکی
گەلێک نیان و هێمن و قۆزە،
سەرەڕای ئەوەی، کە لە زۆر شتدا،
زۆر بە هونەر و دەسەڵات بەرزە.
من بە دڵەوە دەتوانم بڵێم

---

(١) هاملێت، لە لایەکەوە دەیەوێت رسوای شا، بکات کە گوێ لە پەیامبەرەکەی ناگرێت ، لە لایەکیشەوە رسوای ئوزریک خۆی بکات و پیشانی بدات کە چەند پیاوێکی رەوشت هەرزانە.

(٢) لەسەر پارەیەکی زۆر گرەوی کردووە.

(٣) لەبیرت نەچێت؛ جارێکی تر کڵاوەکەت دانەکەنیت. مەبەستی ئەوەیە؛ رێزی خۆت بگرە.

(٤) ئاوا، بەم جۆرە؛ بەدەستەوە کڵاوەکەم بگرم، لام ئاسانترە.

نموونەی پیاوی ڕەوا و تەواوە:
هەرچی مرۆڤی
خانەدان لە پیاو، چاوەڕوان دەکات؛
لە ناویایەتی.
هاملێت:
پیاهەڵدانی ئەو، بەو جۆرەی کردتان،
بەگی بەڕێزم،
هیچ کەموکورتی تێدا نابینم.
هەرچەند دەزانم،
ئەگەر بە وردی،
سفاتی باشی ئەو بژمێریت
سەرت کاس دەبێت،
فریا ناکەوێت بیان ژمێرێت.
بەڵام بە ڕاستی ئەگەر ستایشتی
بکەیت، من دەڵێم؛
کە ئەو کەسێکی وایە کە تاکی،
هەر لە ئاوێنەی خۆیدا دەبینی.
هەرچیش بیەوێت جێپێی هەڵبگرێت،
لە سێبەرەکەی ئەوەوە ئیتر،
ناچێت بەولاوە.[1]
ئۆزریک:
گەورەم، دەربارەی
ئەو، چیتان فەرموو،
هەمووی بێ هەڵە و ڕاست تەواوە.
هاملێت:
پێم ناڵێیت بۆچی،

(١) جێ پێی هەڵبگرێت؛ لاسایی ئەو بکاتەوە. ئەوەی بیەوێت لاسایی بکاتەوە زۆر زۆر دەگاتە سێبەرەکەی ئەو، بەڵام، خۆی قەت ناگرێتەوە.

بەگم، ئەم پیاوە، بەقسەی ئاوا،
بێتام و سادە، دەپێچینەوە؟

ئۆرزیک:
گەورەم؟[١]

هۆراشیۆ:
ئایا بۆ ناشێت تێگەیەنرێت،
ئەگەر بە زارێکی تر بگوترێت؟
نەختێک هەوڵ بدەیت
هەمووی تێ دەگەیت.[٢]

هاملێت:
من نازانم بۆ
باسی ئەم پیاوەم، هەندە بۆ دەکەیت؟

ئۆزریک:
کێ، لێرتێس؟

هۆراشیۆ: (لە لایەکەوە بە هاملێت دەڵێت)
چونکە گیرفانی بەتاڵە و هەرچی
وتاری زێڕی هەبوو خەرجی کرد.

هاملێت: (روو دەکاتە ئۆزریک)
ئا، بەگ، باسی ئەو.

ئۆزریک:
گەورەم، دەزانم، ئێوە نەزان نین–

هاملێت:
خۆزگە دەتزانی،[٣]
بەڵام بەڕاستی ئەگەر بشزانیت
لام گرینگ نییە.

---

(١) چیت فەرموو، گەورەم؟

(٢) بۆچی تۆ، لە یەکێکی تر تێ ناگەیت، ئەگەر بەو جۆرەی کە خۆت، قسە دەکەیت، ئەو قسە بکات. ئەگەر نەختێک هەوڵ بدەیت، تێ دەگەیت.

(٣) خۆزگە دەتزانی کە من، نەزان نیم.

بەڕێز، تێگەیشتیت؟

ئۆزریک:

بەگ، لە نایابی،
لێرتێس، بێ گومان، ئێوە شارەزان.

هاملێت:

ناوێرم دانی پیادا بهێنم،
نەوەکو بەوە، من بەراوردی
نایابییەکەی خۆم،
لەگەڵ هی ئەودا، لێردا بکەم.
بەڵام ئەگەر کەسێک، تەواو بناسیت،
پێویستی دەکات خۆشت بناسیت.

ئۆزریک:

بەگ، بە چەکەوە، مەبەستی منە؛[1]
بەڵام بەو جۆرەی باسی دەکرێت،
نییە بگاتە بەرزی هونەری.

هاملێت:

چەکەکەی چییە؟

ئۆزریک:

شمشێر و خەنجەر.

هاملێت:

باشە، ئەوە دوو، لە چەکەکانی.
بەڵام، دەی، باشە.[2]

ئۆزریک:

شا، گەورەم، مەرجی لەگەڵ کردووە؛
لەسەر شەش ئەسپی چاکی بەربەری.[3]

---

(١) بەگم، مەبەستم ئەوەیە کە بە چەکەوە خۆت لەگەڵ ئەودا بەراورد بکەیت.

(٢) دەی باشە، قسە بکە.

(٣) بەربەری؛ عەرەبی.

بەرامبەر ئەوە، وەکو بزانم،
شەش دانە شیر و
خەنجەری هەرە باشی فەڕەنسی
ڕەهن کردووە.(١)
بەو شتانەوەی لەگەڵیاندایە؛
وەکو کێلان و
پشتێن و ئیتر شتی ترەوە.
لە هەڵگرەکان،(٢)
سیانیان، بە دینم، هەر گەلێک جوانن؛
ئاوا راهاتوون
لەگەڵ دەسکەکەی چەکەکانیاندا،
هەڵگری گەلێک ناسکۆلە و جوانن؛
بە خەیاڵێکی گەلێک فراوان
وێنا کراون.(٣)

هاملێت:

چییە پێم ناڵێیت،
ئەوەی بە "هەڵگر" ناوی لێ دەنێیت؟

هاراشیۆ:

ئەمن، دەمزانی پێویست دەبێت
بە راڤەکردن،
هەر لە پێش ئەوەی پرسی لێ بکەیت.(٤)

ئۆزریک:

سەروەرم، هەڵگر،

---

(١) رەهن کردووە؛ گرەوی لەسەر کردووە.

(٢) هەڵگر؛ ئۆزریک، مەبەستی لە شیر هەڵگرە: ئەو پشتێن و کێلانەی کە شیری پێوە دەکرێت و دەبەسترێت بە ناوقەدی مرۆڤەوە.

(٣) وێنا کراون؛ لە خەیاڵدا، تەسەورکراون.

(٤) راڤەکردن؛ روونکردنەوە. «روونکردنەوەی پێویستە، چونکە پیاو لە قسەکانی ئۆزریک تێ ناگات»

ئەوەی پێیەوە هەڵیان دەواسن.

هاملێت:

وشەیەکی وا
باشتر دەگونجا لەم گفتوگۆیە،
ئەگەر تۆپهاوێژمان ئێمە پێ بووایە.[١]
مادەم دەربارەی شیر ئێمە دەدوێین،
لام وایە ناوی لێ بنێین "پشتێن".
بەردەوام بە، دەی؛[٢]
شەش ئەسپی چاکی بەربەری، دژی
شەش شیری گەلێک باشی فەڕەنسی
بە هەموو کەل و
پەلەکانیانەیەوە.
لەگەڵ سێ هەڵگر، هەڵگری کەشخە-
ئەمە گرەوی فەڕەنسییەکەیە
دژی دەنیمارک.[٣]
باشە پێم ناڵێیت
ئەمانە بۆچی، رەهن کراون،
وەکو دەفەرموویت؟

ئۆزریک:

سەروەرم، پاشا،
گەورەم، گرەوی لەگەڵ کردووە:
لە دووانزە کایەی شیربازیدا ئەو،[٤]
لە سێ خاڵ زیاتر،

(١) گەر لەباتی شیر، تۆپهاوێژمان پێ بووایە، ئەوسا هەڵگر "تۆپهەڵگر" مان پێویست دەبوو؛ وشەی هەڵگر، دەگونجا لە گفتوگۆیەکەمان.

(٢) دەی، بەردەوام بە، قسە بکە.

(٣) بێ گومان، لێرەدا، هاملێت، دیسانەوە گاڵتە بە قسەکانی ئۆزرک دەکات.

(٤) کایە؛ سووڕ، جەولە، نۆبە.

نەتوانێت پێشی جەنابت کەوێت.
ئەو، دووانزە بە نۆی، بۆتان داناوە.
ئێستاکە دەبێت دەستی پێ بکرێت،
ئەگەر بەرەنگاریی ئەو قبووڵ دەکەیت.

هاملێت:

ئەی ئەگەر من "نا" وەرامەکەم بێت؟

ئۆزریک:

گەورەم، مەبەستم ئەوەیە تەنیا
دژی بوەستیت.

هاملێت:

گەورەم، لێرەدا، لە هۆڵەکەدا،
من پیاسە دەکەم،
ئەگەر خاوەن شکۆ، ئارەزوو دەکات؛
ئێستاکە کاتی
وەرزشتکردنی رۆژانەی منە.[١]
شمشێر، بۆ ئێرە، با بهێنرێت،
خانەدانەکە، با ئامادە بێت،
(شا) ش، سووربێت لەسەر
هیوا و مەبەستی.
بۆی دەبەمەوە؛ خۆ من دەتوانم.
ئەگەر نەشم توانی، تەنیا هەر شەرم
بەشی من دەبێت،
لەگەڵ برینی شمشێر لێدانی.

ئۆزریک:

بەگم، هەر ئاوا، لە زمانتەوە بیگێڕمەوە؟

هاملێت:

بەم گوزارەیە.[٢]

---

(١) وەرزشت؛ ریازە، تەمرین.

(٢) بەم گوزارەیە؛ بەم مانایە.

گەورەم، ئیتر خۆت
بیرازێنەوە بە پێی سروشتت.

ئۆزریک:

خزمەتەکانی
خۆم، بە فەرمانی
جەنابتانەوە، ئەسپەردە دەکەم.[١]

هاملێت:

بە هی خۆتەوە، بە هی خۆتەوە. (ئۆزریک دەڕوات)
بەس نییە کە خۆی، ئەسپەردەی دەکات.
ئەگینا زمانی
کەسێکی تر قەت بۆ ئەوی ناکات.[٢]

هۆراشیۆ:

ئەم کەوی ئاوە، تۆکڵی هێلکەکە،
هێشتا بە تەپڵی سەرییەوە ماوە[٣]

هاملێت:

ئەمە، مەرایی
گۆی مەمکەکانی دایکی کردووە،
بەرلەوەی شیری لێ هەڵبمژێت.[٤]
ئەم و کەسانی تر زۆر دەناسم
ئا لەم بابەتە.
لەوانەی خەڵکی
ئەم کاتە بەدە نەگریسەی ئێمە،

---

(١) ئێوە چ ئەمرێکم پێ بکەن، دەیکەم.

(٢) بەس نییە کە بە زمانی خۆی ئەسپەردەی خزمەتی خۆی دەکات، ئەگینا کەس بۆی ناکات. «ئەگینا کەس خزمەتی ئەو، ئەسپەردە بە کەس ناکات»

(٣) کەوی ئاو؛ جۆرە باڵندەیەکە، نزیکی زەلکاو و ئاو دەژێت "وەکو شینەشاهۆ". هەر کە لە هێلکە دەردەچێت، یەکسەر دەست دەکات بە ڕۆیشتن. زۆر جار هێشتا تویکڵی هێلکەکە، وەکو کڵاو بە سەرییەوە ماوەتەوە. دیارە ئۆزریک، بە کڵاوەکەیەوە، کەوی ئاو، دەهێننەوە بیر هۆراشیۆ.

(٤) هەر بە سروشت، لە منداڵییەوە، مەراییکەر بووە.

دەیانپەرستن.[١]
ئەمانە تەنیا فێری لاسایی
زمان و سازی زەمانە دەبن،
لەگەڵ نەریتی پێشوازیکردن.[٢]
کۆمەڵە کەفێک بە رووی ئاوەوە
ئەمان هەڵدەگرێت
بە تاکە فوویەک
گشت بڵقەکانی فش دەبنەوە.[٣] (لۆردێک دەردەکەوێت)

لۆرد:

شای خاوەن شکۆ، لەگەڵ "ئۆزریک"ی
گەنجدا درودی گەرمی، ناردبوو
بۆتان. هاتەوە دەڵێت؛ لە هۆڵەکەدا،
کە چاوەڕوانی جەنابیان دەکەن.
منی ناردووە بزانێت ئێوە،
ئێستا، یاخۆ کەی ئارەزوو دەکەن،
لەگەڵ "لێرتێس"دا، شیربازی بکەن.
ئێستاکە، یاخۆ هەندێک دوای دەخەن.

هاملێت:

بڕیارەکانم وەک خۆیان ماون؛
بە دوای ئازووی پاشا دەکەون.
هەرچ کاتێ ویستی، ئامادەم ئیتر،
ئێستا بێت یاخۆ هەرچ کاتێکی تر.
بە شەرتێک توانای ئێستای خۆم مابێت.

لۆرد:

پاشا و شاژن و هەموویان بۆی دێن.

---

(١) دەیانپەرستن؛ زۆریان خۆشدەوێن.

(٢) زەمان هەرچۆنێک بێت، لەگەڵ ساز و ئاوازی ئەو زەمانەدا خۆیان رێک دەخەن.

(٣) بەسەر ئاوەوە ( بەسەر کۆمەڵگاوە)، کۆمەڵە کەفێک هەڵیان دەگرێت، بە فوویەک بڵقەکانی کەفەکە دەتەقن و فش دەبنەوە و مەعدەنە راستییەکەیان دەردەکەوێت و نوقوم دەبن.

هاملێت:

با بێن، بەخێر بێن، کاتێکی شاد بێت.

لۆرد:

شاژن حەز دەکات، کە بە روویەکی
خۆشەوە لێرتێس، پێشوازی بکەیت؛
پێش دەستپێکردن،
چەند قسەیەکی نەرم و ناسکی
لەگەڵدا بکەیت.

هاملێت:

ئامۆژگارییەکی باشی من دەکات. (لۆردەکە دەڕوات)

هۆراشیۆ:

گەورەم، تۆ دژی ئەو دەیدۆڕێنیت.

هاملێت:

نا، بڕوا ناکەم؛ چونکە ئەوەتی
ئەو بۆ فەڕەنسا گەشتی کردووە،
من، هەر بەردەوام؛ مەشقم کردووە.[١]
من، دەیبەمەوە،
بەو سێ خاڵەوەی بە منیان داوە.[٢]
بەڵام، هۆراشیۆ، ئەتۆ، نازانیت (دەست دەخاتە سەر سنگی خۆی)
چ دەردێکی پەست،
ئا لێرەمدایە؛ لە ناوچەی دڵم.
دەی، گوێی مەدەرێ.

هۆراشیۆ:

نەخێر، نازانم.

---

(١) مەشق؛ وەرزشت، تەمرین، تەدریب

(٢) پێش ئەوەی ئەو، دووانزە خاڵ وەربگرێت من، هیچ نەبێت نۆ خاڵ وەردەگرم. دیارە لێرتێس، لە شیربازیدا، بەڕاستی دەستێکی باڵای هەیە.

هاملێت:

هەرچەند دەزانم، کە ریژگاوییە؛[١]
من پێشبینینی شتێکی بەیووم
لەمەدا دەکەم: لەو بابەتەیە؛
کە نیگەرانی[٢]
دەخاتە دڵی هەندێک لە ژنان.

هۆراشیۆ:

ئەوەی دەروونت پەسەندی نەکات،
پێویستە نەیکەیت؛ بەقسەی بکەیت.
پێش ئەوەی ئەوان بگەنە ئێرە،
دەچم بۆ لایان، تا پێیان بڵێم؛
تۆ ئامادە نیت.

هاملێت:

نا بە هیچ جۆرێک.
بە بەربێژ، ئێمە، بڕوامان نییە.[٣]
تاکو کەوتنی چۆلەکە، چییە،
حیکمەتی زۆر و گەلێک تایبەتی،
لە ناودا، هەیە.[٤]
ئەوەی کاتەکەی، ئەگەر ئێستا بێت؛
لە ئایندەدا کاتی ئەو نایەت.
لە ئایندەدا ئەگەر کاتی نەیەت،
دەبێت ئێستا بێت.
ئەگەر ئێستا نەبێت، ڕۆژێک کاتی دێت.

---

(١) هەرچەند دەزانم کە ئەوەی هەستی پێ دەکەم، لە ریژگاوییەوە «لە بێ عەقڵییەوە» هاتووە.

(٢) لەمەدا؛ لەم گەمەی شیربازییەدا. نیگەرانی؛ قەلەق. پێشبینینەکەم لەو بابەتەیە، کە دڵی هەندێک ژنان دەخاتە قەلەقەوە.

(٣) بەربێژ؛ فاڵچی، دوارۆژبین «ئەوەی دەبێژێت چی لە ئایندەدا روو دەدات»

(٤) چیمان بۆ نووسراوە، ئەوە روو دەدات. تاکو کەوتنی "مردنی" چۆلەکە، کە چۆلەکە، هیچ نییە، چییە، هێشتا حکمەتێکی تایبەتی خوای تێدا هەیە (سەیری ئینجیلی مەتتی بکە ٢٩، ١٠)

پێویستە ئێمە، بۆی ئامادە بین.
مادەم هیچ کەسێک شتێک نەزانێت
دەربارەی دنیا و
ئەو ژیانەی کە بەجێی دەهێڵێت
چ جیاوازییەک
دەکات ئەگەر زووتر بەجێی بهێڵێت.
دە دەی با ببێت.[١]

(مێزێک ئامادە کراوە، بە مەسینە و جامی مەیەوە. لەگەڵ شیر و خەنجەر و دەستکێشی درێژ. کلۆدیەس، گێرترود، لێرتێس، لۆردەکان، لەگەڵ نۆکەر و یاوەرەکانیاندا دەردەکەون.)

کلۆدیەس:

دەی هاملێت وەرە،
وەرە و ئەم دەستە، لە من وەربگرە.
(هاملێت دەستی لێرتێس دەگرێت و تەوقەی لەگەڵدا دەکات)

هاملێت:

گەورەم، ببوورە، هەڵەم کرد دژت،
لێبووردنێکی پیاوی خانەدان.
ئەوانەی لێرەن هەموو دەزانن،
ئێوەش، بێگومان،
هەر بیستووتانە؛ چۆن سزا درام،
بەم وێرانییە تاڵەی کە تێیدام.[٢]
ئەوەی من کردم، بێگومان دەبێت
سروشت و ئابڕووی
ئێوەی بە جۆرێک وروژاندبێت.
ئاشکرای دەکەم؛ ئەوە شێتی بوو.
ئایا، هاملێت بوو

---

(١) دە دەی، با ببێت؛ دە دەی با بکوژرێم.

(٢) مەبەستی لە شێتییەکەی خۆیەتی

ئەوەی کە هەڵەی دژی لێرتێس، کرد؟
نا، هاملێت نەبووە.
گەر هاملێت لە خۆی جیا بکرێتەوە،
وە لەو کاتەی کە
هاملێت، خۆی نییە،
هەڵەیەک بکات لە دژی لێرتێس،
ئەوە، بێگومان، قەت هاملێت نییە.
هاملێت، ئەوەتا نکوولی دەکات.
کەوابێت کێ بوو، ئەوەی کە کردی؟
شێتییەکەی بوو.
کەوابێت هاملێت، ئا لەو ریزەیە،
کە بەزە و هەڵەی لە دژ کراوە.[١]
چونکە شێتییەکەی
دژی هاملێتی هەژار خۆیەتی.
لێرە، لە بەردەم، ئەوانەی لێرەن،
من لێت دەخوازم
نکوولکردنی کردەوەی بەدم،
ئازادم بکات
لەو بیرەی لە ناو مێشکی پاکتایە.[٢]
وای وێنا بکە؛ کە من تیرەکەم
بە هەڵە هەڵدا، بەسەر ماڵێکدا و
براکەی خۆمم پێ بریندار کرد.[٣]

لێرتێس:

من بەوە رازیم،

---

(١) بەزە؛ گوناح.

(٢) مێشکی پاک؛ ئەو مێشکەی کە هەر بیر لە کردەوی باش و پاک دەکاتەوە.

(٣) ئێمە براین، چونکە هەردووکمان "ئۆفێلیا"مان خۆش دەویست و هەردووکمان ئۆفێلیا و باوکمان کوژراون.

دەربارەی هەستی سروشتیی دڵم،
ئەوەی دەبووایە، لەم هەڵوێستەدا،
لە هەموو شتێک
زیاتر دەروونم بورووژێنێت،
بۆ تۆڵەسەندن.[١]
بەڵام هەر لەبەر ئابڕوو و شەرەفم
ئاشت نابمەوە؛
جارێ لە تۆوە، من دوور دەوەستم،
هەتاکو هەندێک
گەورە پیاوانی خاوەن ڕێز، نەیەن،
لەوانەی زانا و دانا و پسپۆڕن
لە کاروباری ئاشتبوونەوەدا،
ڕابەرم بن تا، ناوم بە پاکی بمێنێتەوە.
تاکو ئەو کاتە،
ئەو ئەڤینەی کە پێشکێشم دەکەیت،
وەک ئەڤین لێتی من قبووڵ دەکەم.
هەرگیز دژیشی هەڵەیەک ناکەم.[٢]

هاملێت:

به هەموو دڵمەوە،
دەستلەملانێی لەگەڵدا دەکەم،[٣]
ئەم شیربازییە برایانەش من،
بەدڵێکی پاک، لەگەڵتا دەیکەم.
دەی شیرەکانمان ئیتر بدەنێ.

---

(١) ئەو سروشتەی کە دەبووایە بمورووژێنێت تۆڵەت لێ بسەنمەوە، لێت دەبوورێت.

(٢) لێرتێس، خۆی ئامادە دەکرد هاملێت، بکوژێت. بەو قسانە تەنیا هاملێتی دەخەڵەتان. بەڵام هاملێت، بە هەموو دڵەوە بەزەیی بە لێرتێسدا دەهاتەوە بە بۆنەی مردنی ئۆفێلیای خوشکی، کە هاملێت، خۆشی زۆری خۆش دەویست و خۆشی هۆی مردنەکەی بوو. وە هەروەها کوشتنەکەی باوکی. لەبەرئەوە، هاملێت زۆر حەزی دەکرد لێرتێس لێی ببوورێت و ئاشت ببێتەوە.

(٣) لەگەڵ ئەو هەستە ناسکەتدا دەستلەملانێ دەکەم.

لێرتێس:

دەی، یەکێک بۆ من.

هاملێت:

لێرتێس، من دەبم
به پشتینەکەی وێنەی جەنابت؛[1]
لە ناو تاریکی نەزانینمدا،
پسپۆرییەکەی تۆ، دەدرەوشێتەوە
وەک ئەستێرەی گەش،
لە ناو ئاسمانی
شەوێکی گەلێک رەش و تاریکدا.

لێترێس:

گەورەم، تۆ گاڵتەم
دیارە، پێ دەکەیت؟

هاملێت:

نا، نا، بەم دەستەم، سوێندت بۆ دەخۆم.

کلۆدیەس:

دەی "ئۆزریک"ی گەنج شیریان بدەرێ.
ئامۆزام، هاملێت،[2]
مەرجی گەمەکە، ئایا دەزانیت؟

هاملێت:

بەڵێ، سەروەرم، گەلێک بە باشی؛
ئێوە جەنابتان، سێ خاڵتان داوە[3]
تاکو پاڵپشتی دیوی لاوازی

---

(١) کاتی وێنەگرتن، ئەگەر شتێک رەشی زۆر تێدا هەبێت پشتینەیەکی سپی بۆ دادەنرێت بۆ ئەوەی باش دەربکەوێت. ئەگەر سپی زۆر تێدا هەبێت، پشتینەی رەشی بۆ دادەنرێت. پشتینە؛ ئەو پەردەیە کە دەخرێتە پشت ئەو شتەی وێنەی دەگیرێت.

(٢) ئامۆزام؛ خۆشەویستم

(٣) هەرچ کامێکیان دوانزە خاڵ وەربگرێت دەیباتەوە. هاملێت، چونکە دیوە لاوازەکەیە، بڕیار دراوە کە هەر لە سەرەتاوە سێ خاڵی بدرێتێ.

گەمەکە بگرن.

کلۆدیەس:

هیچ ترسم نییە؛
من هەدووکتانم دیوە و دەناسم.
بەڵام چونکە ئەو،
ئێستاکە گەلێک خۆی چاک کردووە،
بۆیە خاڵی زیاد بە تۆ دراوە.

لێرتێس: (شیرێک وەردەگرێت)

ئەمەیان، هەندێک گران دەبینم،
ئەوەکەی ترم بەرێ بیبینم.[1]

هاملێت:

ئەمەم، بە دڵە.
ئایا درێژی شیرەکان هەموو،
هەر وەکو یەکن؟

ئۆزرک:

بەڵێ، ئا، گەورەم. (بۆ گەمەکە خۆیان ئامادە دەکەن)

کلۆدیەس:

جامەکان بە مەی با پڕبکرێن،
دانرێن لەوی، لەسەر ئەو مێزە.
ئەگەر خاڵی یەکەم یاخۆ هی دووەم،
هاملێت، بردییەوە،
یاخۆ لە سێیەم
کایەدا هات و ئەوی گرتەوە،
گشت تۆپەکانی سەنگەرەکانمان
هەموو پێکەوە دەنگ دەدەنەوە:
بۆ سەرکەوتنی

---

(١) لیرتێس، شیرێکی نووک کول کراو دەکەوێتە دەستی، دەیگۆڕێتەوە بۆ ئەوەی نووک تیژەکە بەرێت. شیرەکان، یەکێکیان نەبێت، ئەوانەی تر هەموو نووکەکانیان کول کراوە.

هاملێت، شا جامێک مەی دەخواتەوە،
بۆ ناو جامەکە،
مروارییەکی ئاوا هەڵدەدات،
هێژاتر لە گشت ئەوانەی تاجی
چوار لە (شا) یانی
دەنیمارک، بە ریز، رازانووەتەوە.[١]
دەی جامەکانم بدەنێ و دەی با
دەهۆڵ بۆ بلوێر قسەی خۆی بکات،
بلوێر،
بۆ تۆپچییەکانی شوورەی دەرەوە،
تۆپچییەکان، بۆ تۆپ. تۆپیش بۆ ئاسمان،
تا لەسەر زەمین دەنگ بداتەوە.
ئەوەتا ئێستا شا دەخواتەوە،
ئەمە، بۆ هاملێت. دەی دەست پێ بکەن.
دادوەرەکان دەی، چاو بکەنەوە،
ئاگەداریان بن. (بلوێر لێ دەدرێت)

هاملێت:

دەی، ئیتر، گەورەم.

لێرتێس:

فەرموو، سەروەرم. (گەمە دەکەن)

هاملێت:

ئەوە من یەکێک.

لێرتێس:

نا، بەرم نەکەوت.

هاملێت:

دادوەر، چی دەڵێت؟

---

(١) مرواریيەكی ئەوەندە بەنرخە؛ تاجی چوار شای دەنیمارگ بە ریز بیانگریت مرواریيەكی ئاوا بەنرخیان پێوە نییە.

ئۆزریک:

بەڵێ، لێدان بوو، بە روونی دیار بوو.

لێرتێس:

دەی، دیسانەوە.

کلۆدیەس:

بوەستن جارێ، با بخوینەوە.

ئەم مرواریيە، هاملێت، بۆ تۆیە.[1]

دەی، تەندروستیت.

(شا، دەخواتەوە. دەهۆڵ و بلوێر لێ دەدرێت و دەنگی گرمەی تۆپ دێت)

جامەکەی بەرێ.

هاملێت:

با ئەم کایەیەم، من تەواو بکەم.

جارێ دای بنێ! (ئینجا روو دەکاتە لێرتێس)

من ئامادەم دەێ.

(کایەکە دەستی پێ دەکاتەوە، هاملێت، خاڵێکی تر تۆمار دەکات)

یەکێکی تریش، ها، تۆ دەڵێیت چی؟

لێترێس:

راستە، بەرم کەوت، هەر بە ئاستەمێک،

دانی پیادەنێم.

کلۆدیەس:

کوڕەکەی خۆمان، هەر دەیباتەوە.

گێرتروود:

ئای چ ئارەقێکی کردووەتەوە،

چەند ماندوو بووە.

ها، دەستەسڕی من بەرە، هاملێت،

ناوچەوانتی پێ بسڕەرەوە.

هاملێت، وا شاژن،

(١) مرواریيەکە ژەهراوییە، دەیخاتە ناو جامی مەیەکە و دەیدات بە هاملێت.

بۆ بەختەوەری تۆ، دەخواتەوە.

هاملێت:

ئای، خاتوونەی باش.[١]

کلۆدیەس:

گێرتروود، نەکەیت، ها، نەیخۆیتەوە.

گێرتروود:

ببوورە، گەورەم، من دەیخۆمەوە. (دەیخواتەوە)

کلۆدیەس: (لەبەر خۆیەوە)

تازە، درەنگە؛ ژەهراوییەکە بوو. ٥,٢,٢٧٠

(دیارە گێرتروود، هەموو مەیەکە ناخواتەوە، هەندێک دەهێڵێتەوە بۆ هاملێت و دەیداتێ)

هاملێت:

خاتوونە جارێ،

ناوێرم لەوە هیچ بخۆمەوە.

دوای تۆزێکی تر.

گێرتروود:

نزیک بەرەوە، با دەموچاوت بسڕمەوە.

لێرتێس: (روو دەکاتە شا)

سەروەرم، ئەوا، ئێستا لێی دەدەم.[٢]

کلۆدیەس:

قەت باوەڕ ناکەم.

لێرتێس: (لەبەر خۆیەوە)

هەرچەند ئا ئەمە،[٣]

---

(١) هاملێت، هەست دەکات کە چەند دایکی خۆشی دەوێت. خۆشی دایکی زۆر خۆش دەوێت. کە دەڵێت "ئای، خاتوونەی باش" سوپاسی دایکی دەکات و سۆزی ناسکی بەرامەر دەردەبڕێت.

(٢) دیارە تا ئێستا، لێرتێس، لە هاملێتی نەدەدا، چونکە هەستی دەکرد کە ئەمە کردەوەیەکی نامەردانەیە؛ دڵی نەدەهات، زۆری نەمابوو پەشیمان بێتەوە لەو کارە بەدە.

(٣) لێرتێس، دەروونی ئازاری دەدات؛ دەزانێت کە کارێکی ناپیاوانە دەکات، هەر دەشیکات.

دژی دەروون و ویژدانی منە.

هاملێت:

دەی لە سێیەمدا.[١] ٥,٢,٢٧٥

لێرتێس، تۆ دیارە گاڵتەم پێ دەکەیت.

تکات لێ دەکەم؛

هەموو هێزی خۆت بەکار بهێنە.

لەوە دەترسم، نازدارم بکەیت.

لێرتێس:

تۆ، ئاوا دەڵێیت؟

دە دەی، خۆت بگرە. (گەمە دەکەن) ٥,٢,٢٨٠

ئۆزریک:

کەس بەری نەکەوت.

لێرتێس:

دەی، ئەوە یەکێک (هاملێت بریندار دەکات)

(لە کاتی شیربازییەکەدا شیرەکانیان لە دەست دەکەوێت. بە هەڵە، هەرکەس شیری ئەوەکەی تر هەڵدەگرێتەوە. کلۆدیەس، ئەوە دەبینێت.)

کلۆدیەس:

زۆر وروژاون، جیایان بکەنەوە.[٢]

هاملێت:

نا، بەردەوام بە، دەی دیسانەوە.

(ئەم جارە هاملێت، لێرتس بریندار دەکات. گێرتروود دەکەوێت)

ئۆزریک:

ئەرێ چاوێکتان با لە شاژن بێت.

هۆراشیۆ: (روو دەکاتە ئۆزریک)

هەردووکیان، خوێنیان لێوە دەردەچێت.

گەورەم، چۆن دەبێت؟

(١) لە سێیەمدا؛ لە کایەی سێیەمدا: هیچ نەبێت لە کایەی سێیەمیندا با خاڵێکت هەبێت.

(٢) کلۆدیەس، هەستی پێ دەکات. بۆیە داوا دەکات جیایان بکەنەوە.

ئۆزریک:

لێرتێس، چۆن دەبێت؟[١]

لێرتێس:

ئۆزریک،
من، بووم بەو مەلەی،
ئۆزریک کە داوی
داکوتا و قاچی خۆی کەوتە ناوی.
بە حەق کوژرام،
ناپاکی خۆم بوو، ئەوەی کوشتمی.

هاملێت:

ئەی، شاژن چۆنە؟

کلۆدیەس:

بووراوەتەوە، چونکە خوێنی دی.

گێرتروود:

نا، نا، وا نییە،
خواردنەوەکەیە، خواردنەوەکە-
ئای،
هاملێت، ئازیزم-
خواردنەوەکەیە، خواردنەوەکە-
ژەهری تێدایە.

هاملێت:

ئای لە نەگریسی!
دەرگەکان داخەن، بە شوێن ناپاکدا
بگەڕێن تاکو دەیدۆزنەوە.
(لێرتێس دەکەوێت)

---

(١) شیری گەمەی شیربازی، نووکە تیژەکانیان دادەپۆشرێت بۆ ئەوەی کەس بریندار نەبێت. لێرەدا، ئۆزریک، سەری لێ سوڕماوە کە برێندار بوون. گومان لە لێرتێس دەکات، بۆیە لەو دەپرسێت؛ چۆن دەبێت؟

لێرتێس:

هاملێت، لێرەیە. ئەو لێرەدایە.[١]
تۆ دەمریت، هاملێت،
لەسەر زەمیندا نییە دەرمانێک
چاکت بکاتەوە.
لە ژیانتدا،
نیو سەعاتێکت بۆ ماوەتەوە.
پێکاری غەدریش،[٢]
هاملێت، ئەوەیە،
ئەوەی کە ئێستا، بەدەست تۆوەیە.
نووکە تیژەکەی کول نەکراوە،
ژەهری کوژەری پێوە کراوە.
کاری نەگریسم، راپەڕی دژم ؛
ئەوەتا کەوتم.
قەت جارێکی تر هەڵناستمەوە.
مەیی ژەهراوی، دایکت، خواردەوە.
ئیتر ناتوانم- پاشایە، پاشا،
تەنیا ئەو دەبێت تاوانبار کرێت.[٣]

هاملێت:

شیرەکەش، ژەهری پێوە کراوە! (روو دەکاتە شا)
کەوابێت ژەهر، بۆ کاری بەدت. (شیرەکەی پیا دەدات)

هەموویان:

ئای لە ناپاکی، ئای لە ناپاکی.

کلۆدیەس:

دەی دۆستەکانم، بێنە فریادم،

---

(١) مەبەستی لە خۆیەتی.
(٢) پێکار؛ ئەدەوات.
(٣) ئیتر ناتوانم بدوێم.

تەنیا ئاستەمێک، ئازار دراوم.[١]

هاملێت:

هانێ، بێ ناموس، هانێ هەی پیاوکوژ،

شای خوالێگرتوو،

لەم ژەهرە، دەی تۆش،

قومێک بنۆشە.

مرواریيەکەت، لە ناویایەتی؟[٢] (بە زۆر دەرخواردی دەدات)

دوای دایکم کەوە.

لێرتێس:

مستەحەقێتی.

ئا ئەو ژەهرە خۆی، گرتبوويەوە.

خانەدان، هاملێت،

با لە یەکتری ئێمە ببووبرين:

نە باوکم خوێنی، بە ملتەوەیە،

نە خوێنی من، خۆم.

خوێنی تۆش، هاملێت،

هیچ بە گەردنی منەوە نییە. (دەمرێت)

هاملێت:

یەزدان گەردنت، خۆش و ئازاد کات.

من، دوات دەکەوم.

هۆراشیۆ، دەمرم. (روو دەکاتە دایکە مردووەکەیەوە)

شاژنی کڵۆڵ، ئەسپەردی خوا بیت.

ئێوەش، ئەوانەی

رەنگتان زەرد بووە و هەندێک دەلەرزن،

کە لەم کارەدا،

تەنیا بەشداری مات و بێدەنگن،

(١) مەبەستی ئەوەیە؛ من نامرم، چاک دەبمەوە و سزاتان دەدەمەوە.

(٢) ئەو جامەی مرواریيەکەی تێدایە، ژەهاویيەکەیە.

یاخۆ سەیرکەرن،
ئەگەر کاتم دەبوو
بەڵام، ئەوەتا؛
مەرگ، چاوەشێکی، بە زەبروزەنگە،[١]
توند بەندی کردووم–
چیرۆکی خۆمم دەگێڕایەوە.[٢]
بەڵام دەی چی بکەم.
هۆراشیۆ، دەمرم.
تۆ دەژیت، باسی من بە رەوانی
بگێڕرەوە،
بۆ گشت ئەوانەی کە گومان دەکەن.

هۆراشیۆ:

قەت بڕوا مەکە کە من بتوانم؛
زیاتر رۆمانی کۆنەپەرسم،[٣]
لەوەی من، هاملێت، دەنیمارکی بم.
لەم گیراوەیە، لێرەدا هەندێک،
ماوەتەوە بۆم.[٤]

هاملێت:

پیاویت، دەتناسم. جامەکەم بەرێ.
بە ئاسمان سوێندم ئەمن خواردووە؛
ئەو پاشماوەیە، خۆم بیخۆمەوە.[٥]
ئای خوایە، خوایە،
هۆراشیۆ، دەبێت ئەمن ناوێکی

---

(١) مەرگ، پۆلیسێکی "چاوەشێکی" بەزەبر و زۆردارە.

(٢) ئەگەر کاتم دەبوو، چیرۆکی خۆمم دەگێڕایەوە.

(٣) رۆمانییەکان، ئەگەر تووشی پەژارەیەکی گەورە بووبوونایە زۆر جار خۆیان دەکوشت.

(٤) لەم گیراوەیە؛ مەبەستی لە پاشماوەی بادەکەی شاژنە. ئەوەی کە هاملێت نەیویست بیخواتەوە. ژەهرەکە دیارە لە چەند جۆرە ژەهرێک گیراوەتەوە.

(٥) ماوەی ئەو مەیەی کە گێرتروود لێی خواردییەوە و دای بە هاملێت، بەڵام ئەو نەیخواردەوە.

چەند پیس و بیمار بەجێ بهێڵم.[١]
ئەگەر قەت رۆژێک
تۆ، خۆشەویستیت بۆ من هەبووبێت؛
لە دنیای شادی، هەر بۆ ماوەیەک[٢]
خۆت دوورخەرەوە.
لەم دنیا سەختە دڕندەیەدا،
بە ئازارەوە،
هەناسەی سارد و تاڵی بچێژە،
تاکو چیرۆکی
من، بۆ خەڵکەکە، دەگێڕیتەوە.
(دەنگی مارشی سەربازی و گوللە تەقاندن دێت)
دەنگەدەنگێکی جەنگاوەری دێت.
چییە ئەو دەنگە؟

ئۆزریک:

فۆرتنبراسی گەنجە، ئەو دەنگە؛
لە پۆڵەندەوە
بەسەرکەوتوویی گەڕاوەتەوە.
بەو فیشەکانەی، بەخێرهاتنی
نووێنەرەکانی
شای ئینگلتەرە بۆ ئێرە دەکات.

هاملێت:

ئاخ، هۆراشیۆ، من
ئەوەتا دەمرم،
هێزی ژەهرەکە، نەختە بە نەختە،

---

(١) هاملێت، دەترسێت خەڵک راستی چیرۆکەکەی نەزانێت و لە دوای مردنی، بە خراپ ناوی بهێنن.

(٢) هاملێت، دەمێکە دنیای لە بەرچاو کەوتووە. حەزی دەکرد بمرێت، بەڵام لە ترسی خوا، نەی دەوێرا خۆی بکوژێت. چونکە قەت ئازاری کەسی نەداوە، وا دەزانێت لە دنیای داهاتوودا دەچێت بۆ بەهەشت (دنیای شادی). وە هەروەها "هۆراشیۆ" ی دۆستی. بۆیە داوای لێ دەکات کە جارێ لەم دنیایەدا بمێنێتەوە.

زاڵ دەبێ و گیانم دەکاتە دەرێ.
ئەوەندە ناژیم، تا دەنگوباسی
ئینگلتەرە من، ئیتر ببیستم.
بەلام، لە دڵما، من پێشبینینی
هەڵبژاردنی فۆرتنبراس، دەکەم؛
ئەوا لە کاتی گیانکێشانمدا،
دەنگم بەو دەدەم.[(١)]
ئەوەی پێ بڵێ. ئەوانەی تریش؛
وەک چۆن روویان دا، گەورە و بچووکی،
هەمووی پێ بڵێ.
تاکو تێ بگات؛ چی بوو کە هانی
بە من دەدا و بۆ ئەمە وا رووی دا.
ئەوانەی تری،
ئیتر ماتییە. (هاملێت، دەمرێت و مات و بێدەنگ دەمێنێتەوە)

هۆراشیۆ:

ئەوەتا ئێستا،
دڵێکی زەنگین، لە لێدان وەستا.
شەو باش ئەی میری خانزادەی شیرین،
هەزاران پەری
بە ئاوازەوە، بە پیرتەوە بێن.
بتبەن بۆ خاکی سرەوت و شادی–[(٢)]
(لە نزیکەوە، دەنگی دەهۆڵ دێت)
بۆ دەهۆڵەکان، بەرەو ئێرە دێن؟
(فۆرتنبراس و نووێنەرەکانی ئینگلتەرە لەگەڵ نۆکەر و یاوەرەکانیاندا دەردەکەون)

---

(١) منیش فۆرتنبراس هەڵدەبژێرم ببێت بە شای دەنیمارک. «هاملت، دیارە پێی ناخۆشبووە کە کاتی خۆی باوکەکەی، باوکی فۆرتبراسی کوشتووە و موڵک و سامانەکانی لێ داگیر کردووە»
(٢) سرەوت؛ حەسانەوە.

فۆرتنبراس:

کوا ئەو دیمەنە؟

هۆراشیۆ:

چۆن دیمەنێکت دەوێت ببینیت؟
ئەگەر مەبەستت
حەپاسانەوەی سامناک و وەی بێت،
ئیتر مەگەڕێ.

فۆرتنبراس:

ئای ئەم کۆمەڵە کوژراوانە،
قەلاچۆیەکی[١]
دڕندە و گەلێگ پەست و خوێناوی
ئاشکرا دەکات.
ئای، مەرگی سەربەرز،
ئایا بە تەمایت
چۆن ئاهەنگێکی گەرم بگێڕیت،[٢]
لە هۆڵی دنیای هەتاهەتایی،[٣]
تاکو بێیت راوی هەندە شازادە،
بە یەک دەستڕێژی دڕ و خوێناوی
بەجارێک بکەیت؟

نووێنەر:

دیمەنێکی زۆر ناخۆش و پەستە.
ئەو دەنگوباسەی، کە هێناومانە
ئێمە لە پاشای ئینگلیزەوە،
درەنگ گەیشت بێرە.
بێ ئاگا و هەستە،

---

(١) قەلاچۆ؛ کوشتار، کوشتن و بڕینێکی زۆر "مەزبەحە"

(٢) لەگەڵ مەرگدا دەدوێت وەکو لەگەڵ راوچییەکدا بدوێت؛ لێی دەپرسێت: ئایا تۆ بەتەمای چۆن ئاهەنگێکی گەورە و کەشخە بگێڕیت، تاکو ئەم هەموو شازادانەی بۆ راوبکەیت؟

(٣) هۆڵ؛ ژوورێکی گەورە بۆ کۆبوونەوە و ئاهەنگ گێڕان. دنیای هەتاهەتایی؛ دنیای داهاتوو.

ئەو گوێیەی ئێستا، ئێمە دەبووایە
پێمان گوتایە
کە فەرمانەکەی بەدی هێنرا؛
رۆزنکرانتز و گڵدنستێرن، ئێستا،
هەرووکیان مردوون.
بۆ ئەو کردەیە، کێ ئیتر ئایا
سوپاسمان دەکات؟[1]

هۆراشیۆ:

لە زاری ئەوتان نەدەبیست ئێوە،
ئەگەر زیندووش بووایە و توانای هەبووایە،
سوپاستان بکات.
بۆ کوشتنیان، ئەم،[2]
هیچ فەرمانێکی پێتان نەداوە.
بەڵام، دەی مادەم، هەر لەناکاودا،
هاتوون بەسەر
ئەم ناکۆکییە خوێناوییەدا:
ئێوە لە جەنگی پۆڵۆنییەکان و
ئێوەش لە خاکی ئینگلتەرەوە؛
فەرمان دەربکەن،
با ئەم تەرمانە، لە شانۆکەدا،
لە جێگەیەکی بەرز دابنرێن
تا ببینرێن.[3]
رێشم بدەنێ، بۆ ئەم دنیایە،
ئەوەی تا ئێستا هەر بێ ئاگایە،

---

(١) نووێنەرەکان وا دەزانن کە فەرمانی "کلۆدیەس" یان بەدی هێناوە. بە تەمای ئەوە بوون کە سوپاسیان بکات، بەڵام مردووە.

(٢) ئەم؛ مەبەستی لە کلۆدیەسە.

(٣) لێیان دەخوازێت فەرمان دەربکەن چونکە ئەوانەی کە دەیانتوانی فەرمان دەربکەن، هەموویان کوژراون.

بگێڕمەوە؛
ئەم شتانە بۆ،
وە چۆن بەم جۆرە ئاوا روویان دا.
ئێستاکە گوێتان لە باسی کاری
ئاڵۆشی و نامۆ و گەلێک خوێناوی[١]
نائاسا دەبێت.
گوێتان لە حوکمی ناڕەوا دەبێت،[٢]
لە پیاوکوشتن بە
بوختانی درۆ و دەلەسە دەبێت.[٣]
لەگەڵ پیلانی غەدر و ناپیاوی،
ئەوەی لە دوایی، وەکو دەیبینین،
دژی دانەری خۆی ڕادەپەڕێت.
باسی گشت ئەمە، بەبێ کەم و زیاد،
چۆن بووە، ئاوای دەیگێڕمەوە.
فۆرتنبراس:
دەی خێرا وەرن، با گوێی لێ بگرین.
خانزادەکانێش با کۆبنەوە؛
گوێ لەمە بگرن.
دەربارەی خۆشم؛ بە سوێدارییەوە
دەستلەملانێی
بەختەوەرییەکم بە گەرمی دەکەم.
هەر لە کۆنەوە، جۆرە حەقێکم
هەبووە لەسەر ئەم مەملەکەتە.
لە هەڵوێستێکی گونجاودام ئێستا

(١) ئاڵۆشی؛ مەبەستی لەو پێوەندیەیە کە لە نێوان کلۆدیەس و گێرترووددا هەبوو.
(٢) حوکمی ناڕەوا؛ ئەو حوکمەی کە هاملێت، لەسەر گۆڕی ئۆفێلیا دژی لێرتێس دای.
(٣) بوختانی درۆ ؛ ئەو بوختانانەی کە کلۆدیەس دژی هاملێتی نووسیبوو، لە نامەکەیدا، بۆ شای ئینگلتەرە و لێی داوا دەکرد هاملێت بکوژێت.

داوای بکەمەوە.[١]

هۆراشیۆ:

دەربارەی ئەوە،
منیش هۆیەکم هەیە کە بدوێم،
لە زمان و زاری ئەوەوە دەدوێم،
ئەوەی دەنگەکەی
دەنگی کەسانی تر رادەکێشت؛
دەنگت بۆ بدەن.
بەڵام با ئەمە،[٢]
خێرا دەستبەجێ، جێبەجێ کرێت.
چونکە خەڵکەکە ئێستاکە مێشکی
روون نییە و سەری زۆر لێ شێواوە؛
نەوەک نەگبەتی ترمان تووش ببێت
دووچاری هەڵەی چەوتتریش بین.

فۆرتنبراس:

دەی با چوار کاپتن، هاملێت هەڵبگرن،
وەکو سەربازێک، بۆ سەر شانۆکە.
چونکە لام وایە ئەگەر ببووایە
بە شا، شایەکی زۆر شکۆداری
لێ دروست دەبوو.
بۆ کۆچی دوایی، با بە دەنگێکی
بەرز،
سازی سەربازی و جەنگ لێ بدرێت.
دەی تەرمەکانیان بەرز بکەنەوە.
دیمەنی ئاوا

---

(١) هەڵوێست؛ مەوقف. فۆرتنبراس، دەیویست ئەو خاکانە بە زۆر بسەنێتەوە. بەڵام ئەوەتا رێککەوت کە خۆی حوکمی هەموو دەنیمارک بکات بەبێ شەڕکردن.

(٢) ئەمە؛ ئەم دەنگدانە بۆ هەڵبژاردنی شایەکی تازە بۆ دەنیمارک.

هەر لە مەیدانی شەڕ و جەنگین دێت،
بەڵام لێرەدا،
ناسازییەکی زۆر پیشان دەدات.
دەی بڕۆ بڵێ، بە سەربازەکان،
با تۆپەکانیان، گرمەگرمیان بێت.[1] (تۆپەکان گرمەگرمیان دێت)

(١) بۆئەوەی جێگاکە لە مەیدانی جەنگ بچێت.

# پاشكۆكانی شانۆگەرییەكە

# پاشکۆی ١

## پاریس، ئەو کەسـەی وێرانکردنی بەسـەر شـاری تەروادەدا هێنـا

پاریس Paris، یەکێک بووە لە کوڕەکانی پرێیام Priam ی شـای تەروادە، لە ژنی یەکەمی، کـە ناوی هێکیـوبا Hecuba دەبێت. هـێکیـوبا، لەو کـاتەی کە سـکی بە پاریس پڕ دەبـێت لە خـەویدا منالّی دەبـێت. لەباتـی منالّ، پشـکۆ ئاگـرێکی گـەورەی لێــوە دەردەچێت و هـەمـوو شـارەکە دەسووتێنێت و وێرانی دەکات. لە ترسـاندا لە خەو رادەپەڕێت و سـام و مەراقێکی زۆر دەیگرێت. خـەوەکەی دەگێڕێتـەوە؛ دوارۆژبینەکان و ئەوانەی لە مانـای خەو تێ دەگـەن، یەکێک لەوانە کە کـەسـاندرا Cassandra ی خوشـکە گەورەی پاریس خـۆی دەبێت، لە ژنێکی تری پـرێیـام، هـەمــوو پێی دەڵێن؛ ئەم خــەوە مـانـای ئەوەیە کـە ئەم منـاڵە، دەبێت بە هـۆی وێرانبوونی تەروادە Troy. کە منالّەکە لە دایک دەبێت، هێکیوبا و مێردەکەی، بڕیار دەدەن بیکوژن؛ دەیدەن بە یەکێک لە نۆکەرەکانیـان بە ناوی ئەگیـلّۆس Agelaus کە بیبات بـۆ سـەر گردی ئیدا Ida[١] و لەوێدا بەجێی بهێلّێت تا لە برسا بمرێت. لە پاش پێنج رۆژ ئەگیـلّۆس، کـە دەچێـتـەوە بۆ سـەر گردەکە، سـەیر دەکـات سـاواکـە هـەر وەکو خـۆی زیندوو و جـوان مـاوەتەوە. کە بۆی دەردەکەوێت، ئەو پێنج رۆژە، دەلّەورچێک شیـری داوەتێ، زۆر بەزەیی بە سـاواکەدا دێتـەوە و بڕیار دەدات کە بیـبـات بۆ گوندەکـەی و بیکاتە کوڕی خـۆی. پاریس، گـەورە دەبێت و کـوڕێکی پالّەوان و گـەلێک قـۆزی لێ دەردەچێت. ئۆینۆن Oenoneی پەری[٢] دەکات بە هـاوسـەری خـۆی و لە گوندەکەدا دەمـێنێتـەوە و شـوانی دەکـات. بەلاّم، زۆری پێ ناچێت پیشـەکەی، دەیباتەوە بۆ تەروادە: رۆژێکیـان، یەکێک لە نۆکـەرەکانی شـا، دەچێت بۆ گوندەکە، بەشـوێن گایەکی بەهێز و چالاکدا بگەڕێت بۆ ئەوەی بەشـداری پێشـبڕکێی پێ بکات لـە ئاهەنگێکدا کـە بـە بۆنەی لەدایکبـوونی یەکـێک لە کـوڕەکـانی شـا، کـە دەمـێکە مردووە، دەکرێت. ئەو کوڕە تومەز پاریس خۆی دەبێت.

پاریس، گـایەکی وای دەبێت. ئیـتـر لەگـەڵ گایەکەدا خـۆشی دەچێت بۆ بەشـداریکردن.

---

(١) ئیدا؛ گردێکی پیرۆزە، نزیک تەروادە.

(٢) ئۆینۆن، پەرییە، کچی "سێبرێن"ی خوای رووبارە، جادووگەر و دوارۆژبین بووە.

پاریس و گایەکەی، لە هەموو گەمەکاندا دەیبەنەوە. براکانی پاریسیش لە گەمەکاندا بەشدارییان کردبوو، بەڵام هیچیان نەیانبردەوە. یەکێک لە براکانی(١)، ناوی دیفۆبەس Deiphobus، دەبێت، بەوە زۆر تووڕە دەبێت؛ شیر لە پاریس هەڵدەکێشێت. پاریس، ناچار دەبێت پەنا بەرێتە بەر پەرستگایەکی زیوس Zeus(٢). "کەساندرا"ی خوشکی، وا رێک دەکەوێت لەو کاتەدا، لەوێ دەبێت. چونکە کەساندرا، وەکو باسمان کرد، لە جادووگەری و دوارِۆژ بینیندا زانا بووە، دەیناسێتەوە. زوو بە "هێکیوبا"ی دایکی پاریس دەڵێت. ئیتر ئەو دایکەی، کە وەختی خۆی بڕیاری دابوو بیکوژێت، کوڕکەی خۆی، لە مردن رزگاری دەکات. پرێیام و هێکیوبا هەردووکیان زۆر شادمان دەبن بەوەی کە پاریس، شوکور ماوە و نەمردووە. لەماڵەوە، لای خۆیان گلی دەدەنەوە. بەڵام پاریس، هەر وەکو جارانی، لەسەر گردی "ئیدا"دا، شوانی خۆیی دەکرد. رۆژێکیان، زیوس، هەڵی دەبژێرێت ببێت بە دادوەر لە ناوان سێ بانووخوادا؛ هێرا و ئەسینا و ئەفرۆدیت، کە بڕیار بدات؛ کامەیان لە هەموویان جوانترە.

**دادوەریی پاریس**

ئەم دادوەرییەی پاریس، دەبێت بە یەکەم هەنگاو بەرەو نانەوەی ئەو شەڕە گەورەیەی تەروادە: کە تێتیس Thetis، بانووخوای دەریا، شوو دەکات بە پێلیوس Peleusی(٣) مرۆک، هەموو خوایەکان بانگ دەکرێن بۆ زەماوەندەکە، جگە لە ئێریس Eris، بانووخوای ئاژاوە و ناکۆکی. چونکە کەس خۆشی نەدەویست. لەگەڵ ئەوەشدا ئێریس، هەر دێت بۆ زەماوەندەکە و دیارییەک لەگەڵ خویدا دەهێنێت. دیارییەکە، سێوێکی ئاڵتوونی زۆر جوان دەبێت. لەسەری دەنووسێت؛ "ئەم سێوە، بۆ هەرە جوانەکەتان" و هەڵی دەداتە نێوان هێرا و ئەسینا و ئەفرۆدیت(٤). هەر یەکەیان دەیەوێت سێوەکە بۆ خۆیی بەرێت، چونکە خۆی لەوانی تر بە جوانتر دەزانێت. زیوس، پاریسی کوڕی شای تەروادە، لەو کاتەدا، دەبینێت لەسەر گردی ئیدا، شوانی دەکات. دەینێرێت ببێت بە دادوەر لە نێوانیاندا. هەرسێکیان، جیا بە جیا، دێن بۆ لای بەرتیلی بدەنێ:

(١) پرێیام، گوایە، پەنجا کوڕ و چواردە کچی هەبووە.

(٢) زیوس؛ بە پێی ئەفسانەی یۆنانی، گەورەی هەموو خوایەکانە.

(٣) پێلیوس، مرۆکە(مرۆڤە، دەمرێت)، نە جنۆکەیە، نە پەرییە، نە خوایە؛ ئەوانە نەمرن.

(٤) هێرا Hera؛ بانووخوایە، یەکێکە لە دوانزە خوایە گەورەکانی یۆنان، ژنی (زیوس) ە و بانووشای ئاسمانە. ئەسینا Athena؛ ئەویش بانووخوایە و یەکێکە لە دوانزە خوایە گەورەکانی یۆنان، پاکیزەیە، شووی نەکردووە، بانووخوای جەنگە. ئەفرۆدیت Aphrodite؛ ئەویش بانووخوایە و یەکێکە لە دوانزە خوایە گەورەکانی یۆنان، بانووخوای جوانی و خۆشەویستییە.

– هێرا، پێی دەڵێت؛ ئەگەر سێوەکە بدەی بە من، من شکۆداریت دەدەمێ.

– ئەسینا، دەڵێت؛ من لە هەموو جەنگێکدا سەرکەوتنت دەدەمێ.

– ئەفرۆدیت، دەڵیت؛ من ئەڤینی جوانترین ژنی دنیا، کە (هەلێن)ە،[١] ئەدەم بە تۆ.

پاریس، دوای ئەوەی هەندێک بیر دەکاتەوە، سێوەکە، دەدات بە ئەفرۆدیت.

## چوونی پاریس بۆ سپارتا

پاریس، ئێستا، کوڕی شایە، دەتوانێت بچێت بە میوانی بۆ لای شای وڵاتەکانی تر. بڕیاردەدات بچێت بۆ ماڵی شای سپارتا. تاکو لەوێ، ئەوەی کە ئەفرۆدیت بەڵێنی پێ داوە، دەستگیری بکات. هەرچەند "ئۆینۆن"ی ژنی و "کەساندرا"ی خوشکی، کە هەردووکیان دوارۆژبین دەبن، لێی دەپاڕێنەوە کە نەچێت، سوودی نابێت، هەر دەچێت. کە دەگاتە ئەوێ، شای سپارتا، مێنێلۆس Menelaus، وەکو شازادەیەک پێشوازی دەکات و بۆ نۆ رۆژ، رێزێکی زۆری دەگرێت. بۆ دەیەمین رۆژ، مێنێلۆس، باپیری دەمرێت. ئیتر ناچار دەبێت میوانەکەی لە ماڵەوە بەجێ بهێڵێت و سواری کەشتی ببێت و بچێت بۆ ناشتنی باپیری لە دوورگەی کرێت. لەو چەند رۆژەدا ئەفرۆدیت، ئەڤینێکی وا زاڵ دەخاتە دڵی هەردووکیانەوە؛ شەیدایان دەکات بۆ یەکتری. چەند شەوێک پێکەوە ڕادەبوێرن. لە دواییدا بڕیار دەدەن کە پێکەوە رابکەن و بچن بۆ تەروادە. هەر کە دەگەنە تەروادە زەماوەندێکی گەورە دادەمەزرێنن و یەکتری دەهێنن. کە مێنێلۆس، دەگەڕێتەوە و دەبیستێت چی رووی داوە، زۆری پێ ناخۆش دەبێت. دەچێت بۆ لای ئەگامینۆن Agamenonی برای، کە شای دەوڵەتی مەسینای دەبێت. پێکەوە و بە یارمەتی چەند دەوڵەتێکی یۆنانی ترەوە، سوپایەکی زۆر گەورە پێک دەهێنن و سواری کەشتی دەبن بەرەو تەروادە دەڕۆن. ئیتر گەمارۆی شارەکە دەدەن و دەبێت بەو شەڕە گەورەیەی کە دە ساڵ دەخایەنێت و بە کاولبوونی تەروادە و کوشتنی پاریس و باوکەکەی کۆتایی پێ دێت. هەلێن دەبرێتەوە بۆ سپارتا. بەڵام چونکە هەلێن، کچی خوایە "کچی زیوسە" کەس ناوێرێت ئازاری بدات یان دڵی بشکێنێت.

---

(١) هەلێن Helen کچی لێدا Ledaی ژنی شای سپارتا دەبێت. لێدا، ژنێکی زۆر جوان دەبێت. زیوس Zeus، کە گەورەی هەموو خوایەکانی یۆنانە، حەزی لێ دەکات. بڕیار دەدات بچێت لەگەڵیدا بنوێت. بۆ ئەوەی "هێرا"ی ژنی و کەسیکەش پێی نەزانێت، زیوس، خۆی دەکات بە (قوو) یەکی زۆر جوان و دەفڕێت بۆ ماڵی لێدا، بە جۆرێک، وەکو لە دەستی هەڵۆ خۆی رزگار بکات و پەنا بەو ماڵە بەرێت. «قوو؛ بەجەع، جۆرە باڵندەیەکە ملێکی درێژی هەیە و لە مراوییەکی گەورە دەچێت». لە دوای ماوەیەک لێدا، لە باتی منداڵ هێلکەیەکی دەبێت. هێلکەکە هەڵدێت و هەلێن، لێیەوە دەردەچێت. هەلێن، ژنێکی ئەوەندە جوان دەبێت، گوایە ئەوەتی دنیا هەیە، ژن لەو جوانتر، نەبووە و نە دەبێت.

## پاشکۆی ٢

### دیدۆ، دامەزرێنەر و یەکەم بانووشای قەرتاجنە

ئەلیسا Elissa، کچی بێلەس Belusی شای فینیقییەکان دەبێت. دیدۆ Dido ناوە یۆنانییەکەیەتی. لە سەدەی نۆیەمی پێش زایندا، شاری سوور Tyre ی ئێستای لوبنان، پایتەختەکەیان بووە.

دیدۆ، کچێکی زیرەک و بە هونەر و زۆر جوان دەبێت. شوو دەکات بە سیخایوس Sy-chaeusی مامی خۆی، کە پیاوێکی زۆر زۆر دەوڵەمەند دەبێت. دوای شووکردنەکەی بە ماوەیەک، باوکەکەی دەمرێت و پیگمالیۆن Pygmalionی برای دەبێت بە شا. پیگمالیۆن، پیاوێکی زۆر ستەمکار و چاوبرسی دەبێت. تەماح دەکاتە موڵک و سامانەکانی سیخایوسی مامی. لەبەر ئەوە بە غەدر دەیکوژێت و هەموو موڵکەکانی داگیر دەکات. کە سیخایوس دەمرێت، نە دیدۆ، نە کەسێکی تر دەیزانی گەنجینەی گەوهەر و ئاڵتوونەکانی لە کوێیە. رۆژێک، تارماییەکەی سیخایوس، دێت بۆ لای دیدۆ، باسی کوشتنەکەی خۆیی بۆ دەگێڕێتەوە و شوێنی گەنجینەکەشی پێ دەڵێت. لەو کاتەدا دیدۆ، پەیمانی دەداتێ کە قەت ئیتر پیاوێکی تری خۆش نەوێت و قەت جارێکی تر شوو نەکاتەوە.

شەوێکیان، بە نهێنی، دیدۆ، گەنجینەکە لەگەڵ هەندێک لە پیاوەکانی خۆی دەبات و بە سواری کەشتییەک دەرباز دەبێت. دەچێت بۆ باکووری ئەفریقیا. لەوێدا، بەسەرهاتنی خۆی بۆ شای ئەو ناوچەیە دەگێڕێتەوە و لەگەڵیدا رێک دەکەوێت کە خاکێکی پێ بفرۆشێت تاکو بتوانێت لەسەر ئەو خاکەدا، مەملەکەتێکی تازە بۆ خۆی دابمەزرێنێت. کە لێی دەپرسێت ئەو خاکەی تۆ دەتەوێت، دەبێت چەند گەورەبێت؟ دیدۆ، دەڵێت؛ من لە پێستەی تاکە یەک گا، دادەنیشم سیرمە[١] دروست دەکەم، درێژاییی ئەو سیرمەیە چەند دەرچێت، سنووری وشکی خاکی مەملەکەتەکەی منیش، کە حەز دەکەم لە شێوازی نیوبازنەییدا بێت، ئەوەندە درێژ بێت و دیوەکەی تری لەسەر دەریا بێت.

شایەکە، دیدۆی خۆشدەوێت و نەشی دەزانی کە دیدۆ، ژنێکی ئەوەندە زیرەک و بە

---

(١) سیرمە؛ پەتێک لە چەرم دروستکرابێت پێی دەڵێن سیرمە.

هونەرە کە بتوانێت سیرمەیەکی ئەوەندە درێژ، لە پێستەی تاکە یەک گا، دروست بکات؛ دەڵێت باشە و پارەکەی لێ وەردەگرێت. زۆری پێ ناچێت، دیدۆ، بەو گەوهەر و ئاڵتوونانەی کە مابوویەوە، خۆی و یاوەرەکانی شارێکی گەورەی زۆر جوان لەسەر کەناری دەریاکە، بە ناوی قەرتاجنە Carthage[(١)] دروست دەکەن و دەیکەن بە وڵاتی خۆیان. دیدۆ، دەبێت بە یەکەم بانووشایان. لەو کاتەدا شەڕی تەروادە Trojan war[(٢)] کۆتایی پێ دێت بە کاولبوونی شارەکە و سەرکەوتنی سوپای یۆنانی. ئیتر ئەوەی دەکوژرێت، لە بنەماڵەی شا و خانەدانەکانی تەروادە، دەکوژرێت و ئەوەی دەتوانێت خۆی رزگار بکات دەرباز دەبێت. یەکێک لەوانەی کە دەربازدەبن ئێنیەس (Aeneas) دەبێت.[(٣)]

ئەو کاتەی ئێنیەس بە رێگەوە دەبێت بەرەو ئیتالیا، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی رۆمانی، "ئەفرۆدیت"ی دایکی، بانووخوای جوانی و خۆشەویستی، دەبێت بە رابەری و دەیبات بەرەو قەرتاجنە بۆ لای دیدۆ. لە هەمان کاتدا خۆشەویستی بۆ "ئێنیەس"ی کوڕی، دەخاتە دڵی "دیدۆ"وە. لەو کاتەی کە ئێنیەس، باسی شەڕی تەروادەی بۆ دەگێڕایەوە، نەختە نەختە بە تەلیسمی ئەو جوانییەی کە هەیبوو، دڵی دیدۆ، بە تەواوی بەند دەکات بە خۆیەوە.

---

(١) کەلاوەکانی قەرتاجنە هێشتا هەر ماونەتەوە، لە توونسە.

(٢) شەڕی تەروادە لە پاشکۆی (١) ی ئەم پەڕتووکەدا، باسی کراوە.

(٣) ئێنیەس، یەکێک دەبێت لە خانەدانەکانی تەروادە. لە شەڕەکەدا، بریندار دەکرێت. خوای دەریا پەسێیدۆن Poseidon ، لە ئاسمانەوە کە ئەوە دەبینێت زوو دێت بە فریادییەوە و دەیبات بۆ دەرەوەی مەیدانی شەڕەکە. چونکە یوپیتەر Jupiter، گەورەی خوایەکانی رۆمان، ئێنیەسی هەڵبژاردبوو کە ببێت بە دامەزرێنەری دەوڵەتی رۆمانی لە ئیتالیا. باوکی ئێنیەس ناوی ئەنخیسێس Anchises دەبێت، یەکێک بووە لە بنەماڵەی شای تەروادە. گەنجێکی ئەوەندە کەشخە و جوان بووە تا ئەفرۆدیت خۆی، کە بانووخوای جوانی و خۆشەویستییە، حەزی لێ دەکات. رۆژێکیان لەو کاتەی کە ئەنخیسێس شوانی دەکرد لەسەر گردی (ئیدا) دا، ئەفرۆدیت دێت بۆلای لە شێوەی کچێکی گەنجی زۆر جواندا. .ئەنخیسێس حەزی لێ دەکات و ئەو شەوە بەیەکەوە لە ناو جێگەدا رادەبوێرن. بۆ بەیانییەکەی، ئەفرۆدیت، راستییەکەی بە ئەنخیسێس دەڵێت؛ پێی دەڵێت کە بانووخوایە. ئەنخیسێس، زۆر دەشڵەژێت و لەوە دەترسێت کە بیکوژێت. بەڵام، ئەفرۆدیت، پێی دەڵێت؛ مەترسە، من ئێستا سکم پرە بە کوڕی تۆ. کەی لە دایک بوو، لێرەدا، لەسەر گردی ئیدادا، فریشتەکانم بەخێوی دەکەن تا تەمەنی پێنج ساڵی. لە دوای ئەوە دەیهێننەوە بۆ لای خۆت. بەڵام، ها، نەکەیت رۆژێک باسی ئەوەی کە ئەم شەو لە نێوان ئێمەدا رووی دا بگێڕیتەوە بۆ کەس. رۆژێکیان، دوای ئەوەی کوڕەکەی بە پێج ساڵی دەهێننەوە بۆ لای ئەنخیسێس، بە سەرخۆشییەوە، باسی ئەو رووداوە دەگێڕیتەوە بۆ برادەرەکانی. زیوس، کە بە پێی ئەفسانەی یۆنانی، گەورەی هەموو خوایەکانە، یەکسەر برووسکەیەکی بۆ دەنێریت شەلی دەکات. بۆیە کە شەڕەکەی تەروادە دەست پێ دەکات، ئەو ناچێت بۆ جەنگ، لە ماڵەوە دەمێنێتەوە. لەباتی ئەو "ئێنیەس"ی کوڕی، کە ئێستا مێردی کچی شای تەروادەیە، دەبێت بە سەرۆک سوپایەک لە سوپاکانی تەروادە.

ڕۆژێکیـان، بەیەکــەوە دەچن بۆ ڕاو. لـە ناکـاودا، بارانـێکی ســەیر دەست پێ دەکـات. لە بارانەکە رادەکەن دەچن بۆ ئەشکەوتێکی نزیک، خۆیان بشارنەوە تا بـارانەکە دەوەستێت. هەر لەوێدا دەبن بە ژن و مێرد. بەوە، دیدۆ، ئەو پەیمانەی کە دای بووی بە مێردەکەی، کە هەرگیز خۆی بە پیاویکی تر نەدات، دەشکێنێت.

هەدووکیان، زۆر حەز لە یەکتری دەکەن. ئێنیەس ئەرکەکەی خۆیی هەر لە بیر دەچێتەوە. لەو کاتەدا پەیامبەر لە لایەن "یوپیتەر"ەوە(١) دێت بۆ لای بیـخاتەوە بیری کە دەبێت واز لە دیدۆ بهێنێت و بچێت بۆ ئیتالیا بۆ دامـەزراندنی دەوڵەتی ڕۆمانی. هەرچەند دیدۆ دەگری و لێی دەپاڕێتەوە کە نەڕوات، سـوودی نابێت. چونکە ئەو ئەرکەی کە یوپیتـەر بۆی داناوە، بە ئارەزووی خـۆی نییـە، دەبێت بچێت و جێبەجێی بکات. ئێنیـەس، دەڕوات. دیدۆ، دوای ئەوە ئیتر دنیای لە بەرچاو دەکەوێت و شەو ڕۆژ دەگریا.

دیدۆ، خـوشکێکی دەبێت بە ناوی ئـاننا Anna. بە دیدۆ دەڵێت؛ بۆ ئەوەی "ئێنیـەس"ت لە بیـر بچـێتـەوە، با ئاهەنگێک بکەین و لـە بەرچاوی خـەڵکەکـە ئاگرێکی گـەورە بکەینەوە و هەرچییەک ئێنیەس بەجێی هێشتووە بیسووتێنین. دیدۆ دەڵێت باشە.

دار و تەختـەیەکی زۆر کـۆ دەکـەنەوە و کۆمـەڵێکی گـەورەی لێ دروست دەکـەن و نەوتی بەسـەرا دەکەن. ئینجـا، دیدۆ، هەمـوو شـتـەکانـی ئێنیـەس کۆ دەکاتەوە و بـەدەستـی خـۆی دەیبات و سەردەکەوێتە سەر تەختە و دارەکان بۆ ئەوەی لەوێ دایان بنێت و ئینجا دابەزێت و گڕیان تێ بەربدات. لە نێوان ئەو شتـانەی کە ئێنیەس، بەجێی هێشتبوون، شمـشێرێک هەبوو. دیدۆ، هەمـوو شتـەکان دادەنێت بۆ سـووتاندن، بەڵام شمـشێرەکە بە دەست خۆیەوە دەگرێت و گڕ لە دارەکان بەردەدات. لە ناو ئاگرەکەدا، خـەڵکەکە دەیبـینن، شـمـشـێرەکەی ئێنیەس دەکات بە سنگی خۆیدا. ئیتر دەکەوێت و هـەر لەوێدا دەسووتێت.

ئێنیـەس، لە دواییدا، کە ئەمـە دەبیسـتێت، خـەفەتێکی زۆر دەخوات و دەیەوێت بە جۆرێک بچێت بـۆ لای دیدۆ، بۆ دنیـای ژێر خـاک، تاکـو لەوێدا داوای لێبـووردنی لـێ بکات. بە هۆی پیرێژنێکی جادووگەروە ئەوەی پێ دەکرێت.

کە دەچێت، لە وێدا، لە دوورەوە، یەکتـری دەبیـنن. کە ئێنیـەس، لە دیدۆ نـزیک دەبێتـەوە، دەبینێت لە برینەکەی سەر سنگییەوە هێشتا هەر خوینی ئاڵی گەش دەردەچێت. کە دەچێت لێی نزیکتـر ببێتـەوە و داوی لێبـووردنی لێ بکـات، دیدۆ، ڕوو دەکـات بەولاوە دەڕوات بەرەو سیخایوس، مێردە کۆنەکەی.

---

(١) یوپیتەر Jupiter؛ وەکو چۆن لای یۆنانییەکان (زیوس) گەورەی هەموو خوایەکانیانە، لای ڕۆمانییەکان، یوپیتەرە.

# پاشکۆی ٣

## یولیەس قەیسەر و ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترە

لە رۆمـادا، بەر لەوەی یولیـەس قـەیسـەر Julius Caesar،[١] بگاتـە سـەر حـوکم، پـەرلەمـان حـوکـمی وڵاتەکـەی دەکـرد. رژێمـەکـەیان کـۆمـاری بـوو: هەمـوو سـاڵێک دوو کـەسـیـان هەڵدەبژارد، پێـیـان دەگـوتن کـۆنسڵ Consul. ئەو دووانـە پێکەوە بۆ سـاڵێک حـوکـمی وڵاتەکەیان دەکرد.

قەیسـەر، جگە لەوەی کە سەرۆک سوپایەک دەبێت لە هەرە باشـەکانی مێژوو، رۆشـنبیر و مـێـژوونـووسـێکی ناسـراویش دەبێت. هەڵدەبژێررێت بـە جـێگری کـۆنسڵ. دوای ئەوە، بە لەشکرێکەوە دەچێت بـۆ جـەنگ بۆ ناوچەی "گـۆڵ"، کـە فـەرەنسـا و بەلجـیکا و بەشـێک لە هۆڵەندەی ئێستە دەگرێتـەوە. زۆربەی ئەو ناوچانە دەگرێت و لەشکرەکەی رۆژ بە رۆژ گەورە و بەهێزتر دەبێت. بەڵام، چونکە قـەیسـەر، زۆر بەرزخواز دەبێت و گەلەکـەش خۆشی دەویت، کاربەدەستەکانی رۆما دەترسان کە رۆژێک ئەو هێزە، دژی پەرلەمان بەکار بهێنێت و ببێت بە دیکتاتۆر. لەبەرئەوە پەرلـەمان بەسـەرۆکایەتی پۆمـپەی Pompey، داوای لێ کرد کە واز لە سـەرۆکایەتیی لەشکرەکە بهێنێت و بگەڕێتـەوە بۆ رۆمـا. کە قـەیسـەر ئـەوە قبـووڵ ناکـات، پەرلەمان بڕیار دەدات لای بەرێت لە سەرۆکایەتیی لەشکر و نەشـهێڵێت بـۆ سـاڵی داهـاتوو خـۆی پێشکێش بکـات بۆ هەڵبژاردن بۆ کۆنسڵ. کە ئەو فـەرمـانەی پێ دەگـات، قـەیسـەر، خۆی و لەشکرەکەی، لە رووباری رووبیکۆن Rubicon[٢] دەپەڕێنەوە و دەڕۆن بەرەو رۆما، بۆ داگیرکردنی. ئیتـر ئەوە دەبێت بە هۆی دەسـتپێکردنی شـەڕی ناوەخـۆ لە نێوان قەیسـەر و پۆمپەی.

---

(١) قەیسەر یاخۆ کەیسەر Caesar لێرەدا بە مانای شاهان شا، نایەت «ناوی کەیسەر، بە عەرەبی کراوە بە قەیسەر. ئێمەش لە عەرەبییەکەیەوە وەرمان گرتووە». ئەمە تەنیا ناوێکە. بەڵام، دوای ئەوەی کە قەیسەر دەکوژرێت، ئیتر بە هەموو ئیمپراتۆرێکی رۆمایان دەگوت "کەیسەر" بە عەرەبی "قەیسـەر"، بە رووسی "تسار" و بە ئەڵمانی "کەیسەر".

(٢) رووبیکۆن؛ ناوی رووبارێکە لە رۆژهەڵاتی باکووری ئیتـالیـادایە. لەو رووبارە هیچ سـوپایەک نەدەبوایە بپەڕێتەوە بەرەو رۆمـا، بە فـەرمـانی پەرلـەمـان نەبێت. لەوسـاوەی کە قـەیسـەر پەڕیوەتەوە، ئەوەی کە لە جەسارەتدا لە رادەی ئاسایی دەربچێت، پێی دەڵێن "لە رووبیکۆن پەڕیوەتەوە He crossed the Rubicon".

لە شەڕەکەدا پۆمپەی، دەشکێت و دەرباز دەبێت بۆ یۆنان و لەوێوە دەچێت بەرەو میسر. قەیسەریش، بێگومان، دوای دەکەوێت بۆ ئەوێ.

بۆ ئەوەی مێژوو و بارودۆخی ئەو ماوەیە روون ببێتەوە، بە پێویستی دەزانم، کە هەندێک باسی کلیۆپاترە و باری رامیاری ئەوسای میسر، لێرەدا بکرێت.[١]

## کلیۆپاترە

لە دوای مردنی ئەسکەندەری مەکیدۆنی Alexander the Great،[٢] ساڵی ٣٢٣ پ. ز، ئیمپراتۆرییەتی مەکیدۆنی دەکرێت بە چوار کەرتەوە. هەر ژەنەراڵێک لە ژەنەراڵە مەزنەکانی ئەسکەندەر، کەرتێکی دەبات بۆ خۆی و خۆی دەکات بە شای ئەو ناوچەیە. یەکێک لەوانە، ناوی پتۆلۆمی Ptolomy دەبێت. ئەو خۆی دەکات بە شای میسر. کلیۆپاترە، یەکێکە لە نەوەکانی ئەو ژەنەراڵە. کە پتۆلۆمی دوانزەیەم، ساڵی ٥١ پ. ز، دەمرێت، کلیۆپاترەی کچی، کە لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا دەبێت، بە هاوبەشی لەگەڵ برا منداڵەکەیدا "پتۆلۆمی سیانزەیەم"، کە لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا دەبێت، دەبن بە شای "فیرعەونی" میسر. بە پێی یاسای ئەوسای میسر، ژن نەدەبوایە شایەتی بکات بەبێ هاوسەر. لەبەر ئەوە شوو دەکات بە پتۆلۆمی برای. شووکردن بە باوک یان بە برا، ئەوساکە لە میسر، شتێکی ئاسایی بووە.

کلیۆپاترە، جگە لەوەی کە ژنێکی زۆر جوان دەبێت، رامیارێکی گەلێک زیرەکیش دەبێت. رێگەی نەدەدا بە برا بچووکەی حوکم بکات. لەبەر ئەوە، زۆری پێ ناچێت، دوشمنایەتی دەکەوێتە ناویانەوە. لە دواییدا بە یارمەتی چەند ژەنەراڵێک بە سەرۆکایەتی پۆسینەس Pothinus ی خەسێنراو The eunuch، براکەی پێی دەکرێت، کلیۆپاترە لە حوکم لابەرێت و خۆی ببێت بە شا. کلیۆپاترە، بە ناچاری، دەرباز دەبێت بۆ سووریا. لەوێ، لە سوورییەکان،

(١) باری رامیاری؛ وەزعی سیاسی.

(٢) ئەسکەندەری مەکیدۆنی، دوای ئەوەی میسر و ئێران و ئەفغانستان و بەشێکی زۆر لە هند داگیر دەکات، لە رێگە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، بۆ مەکیدۆنیا. لە رێگە، بۆ ماوەیەک بۆ حەسانەوە لە عێراقدا، لە شاری بابل دەمێنێتەوە. شەوێکیان زۆر مەی دەخواتەوە. بۆ بەیانییەکەی نەخۆش دەکەوێت و تای لێ دێت. لە دوای چەند رۆژێک، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٣٢٣ پ. ز ، لە تەمەنی ٣٣ ساڵیدا، دەمرێت. لەوە دەچێت کە تووشی مەلاریا بووبێت. دووریش نییە بە ژەهر کوژرابێت. بۆ ناشتنی، دەیبەن بۆ مسیر بۆ شاری ئەسکەندەریە. بۆ ئەوەی لە رێگە بۆگەنی نەکات، ناوسکەکەی دەردەهێنن و لەشەکەی دەخەنە ناو بەرمیلێک هەنگوینەوە. ئەسکەندەری مەکیدۆنی، هەرچ وڵاتێکی داگیر بکردایە، لەوێ شارێکی دروست دەکرد و بە ناوی خۆیەوە ناوی دەنا. شاری ئەسکەندەریەی میسر یەکێکە لەو شارانە. هەروەها شاری ئەسکەندەریەی عێراق و ئەسکەندەرۆنەی تورکیا.

لەشکرێک بۆ خۆی دروست دەکات.

ئا لەو کاتەدا، پۆمپەی، دێت بۆ ئەسکەندەریە بۆ پەنابردنە بەر پتۆلۆمی. بەڵام پتۆلۆمی، بۆ ئەوەی یولیەس قەیسەر لێی رازی بێت، هەر کە پۆمپەی دەگات، یەکسەر دەیکوژێت و سەرەکەی بە دیاری دەنێرێتەوە بۆ قەیسەر. قەیسەر، ئەو کارەی زۆر پێ ناخۆش دەبێت، دەشڵێن کە گوایە دەست دەکات بە گریان بۆ پۆمپەی.

چوار رۆژ دوای ئەوە، قەیسەر، بە لەشکرێکەوە، دێت بۆ ئەسکەندەریە. پتۆلۆمی، لەو کاتەدا، لەوێ نابێت. قەیسەر، خۆی یەکسەر دەچێت بۆ کۆشکی شاهانی هەر وەکو بچێت بۆ ماڵی خۆی. بەبێ ئەوەی هیچ گوێ بداتە پتۆلۆمی «لەو کاتەدا میسر، وەکو پارچەیەک دەبێت لە ئیپراتۆرییەتی رۆمانی» ، لەوێوە دەست دەکات بە فەرمان دەرکردن. پۆسینەسی خەسێنکراو، پتۆڵۆمی دەهێنێتەوە بۆ ئەسکەندەریە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ قەیسەردا.

بێگومان، کلیۆپاترە دەیویست خۆشی ئامادە بێت و لەو گفتوگۆیەدا و بەشداری بکات. بەڵام، چونکە سەربازەکانی براکەی دەوری کۆشکەکەیان دابوو، نەیدەتوانی بگاتە قەیسەر. لەبەر ئەوە بڕیار دەدات کە لە ناو بەڕەیەکدا بیپێچنەوە و بیبەن و بۆ لای. بۆ رۆژی دوایی قەیسەر، هەردووکیان، کلیۆپاترە و پتۆلۆمی، بانگ دەکات بۆ گفتوگۆ. بەڵام، لە ماوەی رۆژی رابوردوودا، کلیۆپاترە، بە جوانیتی و زیرەکی خۆی، فریا دەکەوێت خۆی بکات بە بانوویاری قەیسەر و شەوەکەی لەگەڵدا راببوێرێت. پتۆلۆمی، کە دێت بۆ کۆبوونەوەکە، زوو هەست بەوە دەکات و بە توورەیی دەڕواتە دەرێ و هاوار دەکات؛ خیانەتم لێ کرا. پۆسینەس، بە سەربازەکانی پتۆلۆمی، کە ژمارەیان نزیکەی بیست هەزار کەسێک دەبێت، گەمارۆی کۆشکەکە دەدات و دەبێت بە شەڕ. لە شەڕەکەدا، قەیسەر سەردەکەوێت.

پۆسینەس دەگرێت و ئیعدامی دەکات. "پتۆلۆمی"یش، لە کاتی دەربازبوونیدا، لە رووباری "نیل" دا دەخنکێت. ئیتر قەیسەر، کلیۆپاترە دەکات بە بانووشای میسر و بانوویاری خۆی.

کلیۆپاترە، لە دوای ماوەیەک، کوڕێکی لە قەیسەر دەبێت، ناوی دەنێت کەیسەریۆن Cae-sarion. لە تەمووزی ساڵی ٤٦ پ. ز، قەیسەر دەگەڕێتەوە بۆ رۆما. پەرلەمان، زوو بڕیار دەدات کە بیکات بە دیکتاتۆر بۆ ماوەی دە ساڵ. بە بۆنەی ئەوەوە لە مانگی ئەیلوولەوە بۆ دوو مانگ لە رۆمادا، ئاهەنگ دەکرێت. هەموو ئەو کاتە کلیۆپاترە لە ماڵی قەیسەردا دەبێت و پێکەوە لە ئاهەنگەکاندا دەردەکەون. کلیۆپاترە، ناوی خۆی دەنێت ئیسیس Isisی(١) نوێ و پەیکەرێکی ئاڵتوونی لە تەنیشت پەیکەری قەیسەرەوە، لە پەرستگای ڤێنەس Venus بۆ دادەنرێت. خەڵکی رۆما ئەوەیان زۆر پێ ناخۆش دەبێت: یەکەم، لەبەرئەوەی کە قەیسەر

(١) ئیسیس؛ بە پێی بیروباوەڕی میسرییەکان، بانووخوای (بەرداری) یە Goddess of Fertility

ژنی خـۆی هـەیە و بـە پێی یاســای رۆمــانی، پیــاو، نابێت ژنێکی زیاتر هـەبێت. دووەم، لەبەرئەوەی کە کلیۆپاترە ژنێکی بێگانەیە، رۆمانی نییە.

## کوشتنی قەیسەر

گەلێک مێژوونووس، کوشتنی قەیسەر، بە گرینگترین و بەناوبانگترین پیاوکوشتنی مێژوویی دادەنێن: یەکەم، چونکە بە هۆی ئەو کوشتنەوە، رژێمی کۆماری لە رۆمادا کۆتایی پێ دێت و رژێمی ئیمپراتۆری دەست پێ دەکات. دووەم، لەبەرئەوەی کە بەو جۆرە سەیرە، بەهێزترین پیاوی ئەوسای سەرزەمین دەکوژرێت و دەبێت بە هۆی نانەوەی شەڕێکی گەورەی ناوەخۆ.

وەکو لە سەرەوە باسی کراوە، قەیسەر، بە زۆری خۆی بوو بە حاکمی رۆما؛ هەڵنەبێژرا وەکو "کۆنسڵ"ەکانی پێش خۆی. ئێستاش دیسانەوە بە زۆری خۆی کرا بە دیکتاتۆر و لەوەش دەچێت بیەوێت ببێت بە ئیمپراتۆر. هەندێکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان زۆر لەو بەرزخوازییەی دەترسان. لەبەرئەوە نزیکەی شەست ئەندامێک، بەڵکو زیاتریش، بە سەرۆکایەتی کاسیەس Cassius و برووتەس Brutus ەوە، بڕیار دەدەن؛ کە بە کوشتنی قەیسەر نەبێت، بە هیچ جۆرێکی تر ناتوانن رۆما لە دیکتاتۆرییەت رزگار بکەن.

لە ناو خۆیاندا رێک دەکەون کە بە ئاشکرا بیکوژن و هەموویان لە کوشتنەکەیدا بەشداری بکەن، بۆ ئەوەی لە دواییدا، کەس نەڵێت؛ "من نەمدەویست بیکوژم".

چونکە زۆر کەس لەو پیلانەدا بەشداریان کردبوو، دەمگۆیەکی[1] ئاوا لە ناو گەلەکەدا بڵاو دەبێتەوە؛ کە هەندێک کەس بەتەمان قەیسەر بکوژن. بەڵام کەس بەتەواوی بڕوای بەو دەمگۆیە نەدەکرد. تا قەیسەر خۆشی. رۆژێکیان پیرەمێردێکی فاڵچی، لە سەر رێگەی قەیسەردا دەوەستێت. لە دوورەوە کە دەیبینێت، بەدەنگێکی بەرز هاوار دەکات کە رێگەی بدەنێ لەگەڵ قەیسەردا بدوێت. رێگەی دەدەنێ. دەروێشەکە، کە نزیکی دەبێتەوە، پێی دەڵێت: " لە ناوەڕاستی مارتدا(پانزەی مارت) ئاگەداری خۆت بە". قەیسەر، گوێی ناداتێ، پێدەکەنێت و دەڕوات.

## پیلانی کوشتنەکەی

لە شوباتی ٤٤ ی پ. ز، پەرلەمان بڕیار دەدات کە قەیسەر هەتا ماوە هێزی دیکتاتۆریی بدرێتێ. ١٨ی مارت، قەیسەر بەتەما دەبێت بچێت بۆ جەنگ دژی فارس. لەبەرئەوە بڕیار دەدات ١٥ی مارت پەرلەمان کۆببێتەوە بۆ ماڵئاوایی لێکردنی. هاوسوێندەکان، بڕیار

(١) دەمگۆ؛ قسەوقسەلۆک.

دەدەن کە لەو ڕۆژەدا، لە کاتی کۆبوونەوەکەدا، بیکوژن. چونکە بۆ ناو خانووی پەرلەمان ئەوەی ئەندام نەبێت ڕێگای نادرێت بچێتە ژوورەوە، لەبەرئەوە قەیسەر پاسەوانی لەگەڵدا نابێت. ڕێکیش دەکەون کە هەر کەسێک خەنجەرەکەی لەژێر جلەکانی خۆیدا بشارێتەوە و هەمووشیان بەشداری بکەن لە کوشتنەکەیدا.

وەکو باس کرا، دەمگۆ دەربارەی ئەم کوشتنە لە ڕۆمادا بڵاو بووبووەوە، بەڵام کەس نەیدەزانی ئەوانەی دەیکوژن کێن و بۆچی دەیانەوێت بیکوژن. لەبەرئەوە کەسوکارەکانی قەیسەر، لە مەراقێکی زۆردا بوون. ئامۆژگارییان دەکرد کە ئەو ڕۆژە نەچێتە دەرەوە. کالپوورنیا Calpurniaی ژنیشی ئەو شەوە خەوێکی سامناک دەبینێت، لەبەرئەوە بەیانییەکەی، خۆی بە مێردەکەیەوە هەڵدەواسێت و لێی دەپاڕێتەوە کە بۆ هیچ شوێنێک نەچێت. قەیسەر، ناچار دەبێت بچێت:

بەڵام "برووتەس"ی دۆستی، کە یەکێک دەبێت لە پیلانگێڕەکان، دێت بۆ ماڵەوە بۆ لای و پێی دەڵێت: "ئەندامەکانی پەرلەمان هەموو چاوەڕوانیت دەکەن. ئاخر چۆن دەبێت ئازایەکی وەکو جەنابت لەو جۆرە دەمگۆیانە بترسێت، یاخۆ بڕوا بە وتەی دەرویش و بەربێژ[1] بکات. وەرە لەگەڵما پێکەوە دەچین." ئیتر قەیسەر دەچێت.

کە بە ڕێگەوە دەبێت، کابرایەکی مامۆستا، لێوەی نزیک دەبێتەوە و نامەیەکی دەداتێ و پێی دەڵێت؛ گەورەم، تکات لێ دەکەم، بۆ هیچ کوێ نەڕۆیت تا ئەم نامەیە نەخوێنیتەوە. قەیسەر نامەکەی لێ وەردەگرێت بەڵام کاتی نابێت بیخوێنێتەوە. واش ڕێک دەکەوێت، لە دوای تۆزێک قەیسەر، ئەو دەرویشە دەبینێتەوە کە ئەوسا پێی گوتبوو "لە ناوەڕاستی مارتدا، ئاگەداری خۆت بە". خۆی لە دەرویشەکە نزیک دەبێتەوە و پێی دەڵێت؛ "ها، خۆ ئەمڕۆ پانزەی مارتە، هیچیش ڕووی نەدا." دەرویشەکە وەرامی دەداتەوە و دەڵێت؛ بەڵێ، گەورەم، ڕاستە. بەڵام پانزەی مارت، هێشتا تەواو نەبووە. دیسانەوە قەیسەر، گوێی ناداتێ و دەڕوات.

لەبەرئەوەی بینا ئەسلییەکەی پەرلەمان لە کاتی شەڕی ناوەخۆدا سووتابوو، لەو ڕۆژەدا، پەرلەمان، لە هۆڵێکدا کۆدەبێتەوە، پێیان دەگوت هۆڵی"پۆمپەی". کاتی خۆی پۆمپەی، دروستی کردبوو. لە ناویدا، پەیکەرێکی زۆر گەورەی پۆمپەی هەبوو. دوای ئەوەی کۆبوونەوەکە تەواو دەبێت، قەیسەر، بەڕێوە دەبێت بڕواتە دەرێ و نامەی کابرا مامۆستاکەی بەدەستەوە دەبێت بیخوێنێتەوە. لەو کاتەی، کە دەگاتە نزیک پەیکەرەکەی پۆمپەی، پیلانگێڕەکان، هێرش دەبەنە سەری؛ وەکو بڕیار درابوو، هەر یەکەی خەنجەرێکی

---

(١) بەربێژ؛ ئەو کەسەی دەبێژێت "دەڵێت" چی لە ئایندەدا ڕوو دەدات بەر لەوەی ڕوو بدات. "فاڵچی"

لێ دەدات. بەڵام قەیسەر، پیاوێکی ئازا و زۆر بەدەسەڵات دەبێت، لەگەڵیاندا هەر جەنگ دەکات و بەرگری لە خۆی دەکات. تا برووتەس، دەبینێت بە خەنجەرێکی رووتەوە بەرەو رووی دێت. قەیسەر، وا دەزانێت هاتووە لەسەری بکاتەوە. بەڵام کە ئەویش خەنجەرێکی لێ دەدات، قەیسەر زۆر دەحەپەسێت و دەڵێت؛" ئای برووتەس، تەنانەت تۆش؟ کەوابێت قەیسەر، ئیتر بکەوە" ئیتر قەیسەر دەکەوێت و بەرگری لە خۆی ناکات تا دەمرێت. کە دەمرێت نامەی مامستاکە، لە ناو چنگیدا دەبێت. وا دیارە بەختیش، بۆی نووسیبوو، کە لەو کاتەدا، سەری بکەوێتە بەر پێی پەیکەری (پۆمپەی)ی دوشمنی

قەیسەر و برووتەس، یەکتریان زۆر خۆش دەویست. بە لای زۆرەوە، ئەگەر قەیسەر نەبووایە، برووتەس نەدەبوو بە ئەندامی پەرلەمان. تا دەوترێت کە گوایە برووتەس، کوڕی قەیسەر دەبێت؛ بەرهەمی پێوەندییەکی نایاسایی دەبێت، بە گەنجی، لەگەڵ دایکی برووتەسدا . دەشڵێن گوایە برووتەس، کە خەنجەرەکەی لێ دەدات، قەیسەر، دەڵێت" ئای، برووتەس، کوڕم، تۆش" ئینجا دەڵێت؛ "کەوابێت قەیسەر، ئیتر بکەوە".

بێگومان، برووتەس، نەیدەزانی کە قەیسەر باوکێتی. هەرچەندە برووتەس، وەکو گوتمان، قەیسەری خۆش دەویست، لەگەڵ ئەوەشدا کوشتی. چونکە دەیویست رۆما، لەدەستی دیکتاتۆر رزگار بکات. بەڵام، رۆما، رزگاری نابێت؛ چونکە لە دوای کوشتنی قەیسەر، دیسانەوە شەڕی ناوەخۆ دەست پێ دەکاتەوە؛ ئەمجارە لە نێوان مارک ئەنتۆنیۆ Mark Antony و ئۆکتاڤیەس Octavius، لە لایەکەوە و برووتەس و کاسیەس (کاسیەس مێردی خوشکی برووتەس دەبێت) لە لایەکی ترەوە. شەڕەکە بە سەرکەوتنی ئەتۆنیۆ و ئۆکتاڤیەس کۆتایی پێ دێت.

ئەنتۆنیۆ، ژەنەڕاڵێکی زۆر بەناوبانگ دەبێت و پێوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ قەیسەردا دەبێت. وای دەزانی کە خۆی جێگەکەی قەیسەر دەگرێتەوە. بەڵام لە دواییدا دەرکەوت کە قەیسەر وەسێتی کردبوو کە ئۆکتاڤیەس[١] جێگای بگرێتەوە. لەبەرئەوە، لە دوای چەند

---

(١) ئۆکتاڤیەس، کوڕەزای برای قەیسەر دەبێت. قەیسەر مامی باوکی ئەو دەبێت. قەیسەر لە وەسیەتەکەیدا، تەبەنای دەکات و دەیکات بە کوڕی خۆی. لە دوای کۆتاییی شەڕی ناوەخۆ و سەرکەوتنی بەسەر ئەنتۆنیۆدا، ساڵی ٣١ پ. ز، ئۆکتاڤیەس دەبێت بە یەکەم ئیمپراتۆری رۆما و حوکمی کۆماری بەتەواوی کۆتایی پێ دێت. ئۆکتاڤیەس، ئیمپراتۆرێکی زۆر سەرکەوتوو دەبێت. ٤٥ ساڵ حوکم دەکات لە ٣١ پ. ز تاکو مردنی ١٤ ز. حەزرەتی عیسا لە کاتی ئەودا لە دایک دەبێت. ساڵی ٢٧ پ. ز، پەرلەمان ناوی دەنێت ئۆگەستەس Augustus بە مانای بەڕێز، پایەبەرز، یان خاوەن شکۆ. وەکو چۆن مانگی حەوتەمی ساڵ (یولیۆ) بەناوی یولیەس قەیسەرەوە ناو نراوە، مانگی هەشتەم (ئۆگەست) بە ناوی ئۆگەستەسەوە، ناودەنرێت.

ساڵێک دیسانەوە شەڕی ناوەخۆ دەست پێ دەکاتەوە؛ ئەمجارە، ئۆکتاڤیەس دژی ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترە.

وەکو دەبینین کلیۆپاترە، دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر شانۆی مێژووی ئەو کاتە. لەبەر ئەوە بە پێویستی دەزانم کە ئەو پێوەندییەی بەینی ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترە، بە کورتی لێرەدا باسبکرێت.

هەر لە دوای کوشتنی قەیسەر، کلیۆپاترە زوو لە رۆما دەرباز دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ ئەسکەندەریە. بۆ ئەوەی هیچ هاوچاوێکی[1] نەمێنێت، لە پێش هەموو شتێکدا، کوشتنی برا هەرە بچووکەکەی (پتۆلۆمی چواردەیەم) تەرتیب دەکات و "کەیسەریۆن" ی کوڕی، کە کوڕی "قەیسەر"یشە، لە تەمەنی چوار ساڵیدا، دەکات بە جێگری خۆی.

لە دوای سەرکەوتنی ئەتۆنیۆ و ئۆکتاڤیەس و کوشتنی کاسیەس و برووتەس، پەرلەمان بڕیار دەدات کە یولیەس قەیسەر بکرێت بە خوا (یەزدان).[2]

بەو بۆنەیەوە لە رۆما ئاهەنگێکی گەورە دەکرێت. لەبەرئەوەی لە کاتی شەڕەکەدا کلیۆپاترە، یارمەتی دەدان، ئەنتۆنیۆ، بانگی دەکات بۆ بەشداریکردن لەو ئاهەنگەدا. هەر لەوێدا، لە رۆمادا، ئەڤینێکی زۆر گەرموگوڕ دەکەوێتە بەینیانەوە. ئەنتۆنیۆ، زستانی ساڵی ٤١/٤٠ پ ز، لەگەڵ کلیۆپاترە، لە ئەسکەندەریەدا، رادەبوێرێت. دوای ئەوەی کە دەگەڕێتەوە بۆ رۆما، کلیۆپاترە، بە سکێک، کوڕ و کچێکی لێی دەبێت. دوای ئەو جیابوونەوەیە بۆ چوار ساڵ یەکتری نابینن. زۆری پێ ناچێت، "فولڤیا"ی ژنی ئەنتۆنیۆ نەخۆش دەکەوێت و دەمرێت. ئەنتۆنیۆ، بۆ ئەوەی ئەو ناکۆکییەی هەیەتی لەگەڵ "ئۆتاڤیەس" دا، چارەسەر بکات، "ئۆکتاڤیا"ی خوشکی دەهێنێت. ئۆکتاڤیا، ژنێکی زیرەک و زۆر جوان دەبێت، تازە بە سێ منداڵەوە بێوەژن بووبوو. یەکەم منداڵیان کچ دەبێت. لە دوای ئەوەی کچی دووەمیان دەبێت ساڵی ٣٦ پ ز، ئەنتۆنیۆ، دەچێت بۆ جەنگ دژی فارس. ژنەکەی لەگەڵیا دەچێت. بەڵام کە دەگەن بە جزیرەی کۆرسیرا (کە ئێستا پێی دەڵێن " کۆرفوو") لە ژنەکەی داوا دەکات بگەڕێتەوە. بە بیانووی ئەوەی کە نەوەکو لە کاتی شەڕەکەدا تووشی ناخۆشی ببێت. ئەویش دەگەڕێتەوە.

هەر کە ئەو دەگەڕێتەوە، ئەنتۆنیۆ، بە شوێن کلیۆپاترەدا دەنێرێت بێت بۆ لای. لەوێدا

---

(١) هاوچاو؛ مونافس.

(٢) لە کاتی حوکمی رۆمانییەکاندا، هەندێک لە ئیمپراتۆرە بە دەسەڵاتەکانیان، لە دوای مردنیان، ناوی (خوا) یان لێ دەنان و دەیانپەرستن. تا پەرستگای تایبەتیشیان بو دروست دەکرد و قەشە و مجێوریان بۆ دادنان.

بەیەکەوە ناو لە دوو مناڵەکانیان دەنێن؛ کوڕەکە "ئەسکەندەر هیلیەس" و کچەکە "کلیۆپاترە سێلینی". هەر لەوێشدا ئەنتۆنیۆ، خاکێکی زۆر؛ قبرس، سقلیە، سووریا، فەڵەستین و بەشێکی زۆر لە جزیرەی عەرەبی، دەدات بە میسر (یاخۆ بە کلیۆپاترە) بە دیاری.

لە شەڕەکەدا، هێزەکانی ئەنتۆنیۆ، بەتەواوی دەشکێن. ئۆکتاڤیای ژنی، بە خواردن و جل و بەرگەوە دەچێت بۆ یۆنان بە پیری مێردەکەی و ئەوانەی لە سەربازەکانی ماوەنەتەوە. کلیۆپاترەش هەر بەو جۆرە، لە سووریا، چاوەڕوانی دەکات. ئەنتۆنیۆ، دەچێت بۆ سووریا بۆ لای کلیۆپاترە. لەوێشەوە پێکەوە دەگەڕێنەوە بۆ ئەسکەندەریە. لە ساڵی ٣١ ی پ ز، ئۆکتاڤیا، تەڵاق دەدات و کلیۆپاترە دەهێنێت.

ئۆکتاڤیەس، بیر دەکاتەوە؛ ئەگەر ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترە پێکەوە هاوکاری بکەن دژی، بەو هەموو وڵات و سامانەی کە لە ژێر دەستیاندا هەیە، پاش ماوەیەک زۆر بە دەسەڵات دەبن. لەبەر ئەوە ساڵی ٣٠ ی پ. ز، هێزێکی گەورەی دەریایی دەنێرێت دژی کلیۆپاترە. ئەنتۆنیۆ هەوڵ دەدات ڕێگەی لێ بگرێت، بەڵام، لەشکرەکانی زۆر بەرگە ناگرن، دەشکێن. ئەنتۆنیۆ، بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەستی ئۆکتاڤیەس، خۆی دەکوژێت.

کلیۆپاترە، بە دیلی دەبرێت بۆ لای ئۆکتاڤیەس. لەوێ پێی دەگوترێت، کە ئۆکتاڤیەس، بەتەما نییە هیچ جۆرە گفتوگۆیەک لەگەڵ بانووشای میسردا بکات؛ هەر وەکو بەندەیەک لە ناو شارەکانی خۆیدا دەگێڕرێت، لە دواییشدا وەکو بەندەیەک لە بازاڕدا دەفرۆشرێت. کلیۆپاترە، کە بیر لەوە دەکاتەوە، بڕیار دەدات خۆی بکوژێت. مارێکی کۆبرای دەبێت، بەتایبەتی بەخێوی کردبوو بۆ ڕۆژێکی ئاوا ڕەش. لە ژنێک لە خزمەتچییەکانی خۆی داوا دەکات کە بۆی بهێنێت. ئەویش لە ناو سەبەتەیەکی هەنجیردا دەیشارێتەوە و بۆی دەهێنێت. مارەکە پێوەی دەدات و دەمرێت.

بە پێی بیروباوەڕی کۆنی میسرییەکان، ئەوەی بە پێوەدانی مار بمرێت، گیانی ئەو کەسە تا هەتاهەتا بە نەمری دەمێنێتەوە. بۆیە کلیۆپاترە، ویستی بەو جۆرە کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت.

کە کلیۆپاترە دەمرێت، زوو "کەیسەریۆن"ی کوڕی، کە کوڕی قەیسەر خۆی دبێت، دەکوژن. کوڕ و کچەکەی تری، کە ئەنتۆنیۆ باوکیان دەبێت، ئۆکتاڤیا، ژنە ناوەنجییەکەی ئەنتۆنیۆ، ئەوەی کە تەڵاقی دابوو، خوشکەکەی ئۆکتاڤیەس، دەیانبات لەگەڵ دوو کچەکەی تری ئەنتۆنیۆ و مناڵەکانی خۆیدا، بەخێویان دەکات.

کەیسەرۆن، دەکوژن، چونکە کوڕی قەیسەر خۆی دەبێت. دەترسان ڕۆژێک داوای تەختی ئیپراتۆرییەتەکە بکات. بەڵام لە کوڕ و کچەکەی ئەنتۆنیۆ، نەدەترسان.

چیرۆکی یۆلیەس قەیسەر و ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاتره یەکێکه له هەره بەناوبانگەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا. زۆر شاعر و نووسەری بەناوبانگ دەربارەی ئەم سیانەیان نووسیوە:

– شێکسپیر، دوو درامای نووسیوه؛ یەکێکیان به ناوی "یولیەس قەیسەر" و ئەوەکەی تریان به ناوی "ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاتره".

– جۆرج بێرنارد شۆ George Bernard Shaw 1856-1950 شانۆنووسی بەناوبەنگی ئیرلەنده، درامایەکی نووسیوه به ناوی " قەیسەر و کلیۆپاتره".

# پاشکۆ ٤

## نیرۆن Nero

دایکی، نیــرۆن، ئەگــریپــینا Agrippina، خــوشکی کــالیگولە Caligula دەبێت. وا رێک دەکــەوێت، ئەو ســاڵەی نیــرۆن لە دایک دەبێت، لە ســاڵی ٣٧ دا، کــالیگوڵەی خــاڵی، کــە پیاوێکی هەندێک شێتۆکە دەبێت، لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا دەکرێت بە قەیسەری رۆما. نیرۆن، لە تەمــەنی ســێ ســاڵیدا دۆمــیتــەس Domitusی باوکی دەمــرێت. پێش ئەوەش بە ســاڵێک دایکەکەی، بە فەرمانی کەلیگولەی برای، نەفی دەکرێت. ئیتر پوورەکەی (خوشکی باوکی) بە ناچاری نیرۆن دەبات بۆ لای خۆی بەخێوی بکات.

لە ساڵی ٤١ دا، دوای کوشتنی کالیگولە، کلۆدیەس Claudiusی مامی کەلیگولە، دەکرێت بە قەیسەر. کلۆدیەس، یەکسەر ئەگریپینای برازای، لە نەفی بانگ دەکاتەوە.

لە سیانزە ساڵی داهاتوودا، ئەگریپینا، هەوڵ دەدات هەر لە یەک شت و بیر دەکاتەوە؛ چۆن تەختی قەیسەر، دوای کلۆدیەس، بۆ نیرۆنی کوڕی دابین بکات:

لە ســاڵی ٤٩ دا شــوو دەکــات بە کــلــۆدیەس، کــە مــامــێــتــی و زۆر لە خــۆی گــەورەترە. ئەگــریپــینا، مــێــردەکــەی ئیــقناع دەکــات کــە ســێــنێکا Seneca[(١)]، کــە مــامــۆســتــایەک و فــەیلەســووفــێکی زۆر بەناوبەنگ دەبێت، لە نــەفی بانگ بکاتەوە و بیکات بە مــامــۆســتــای نیرۆنی کوڕی. ساڵی ٥٠ ، کلۆدیەس، بە تەبەنــنا، نیرۆن دەکات بە کوڕی خۆی. پاش دوو ساڵی تر، نیرۆن، "ئۆکتاڤیا"ی کچی کلۆدیەس دەهێنێت. ئینجا، دوای ئەوەی ئەگریپینا، کلۆدیەس ئیقناع دەکات سەرۆکی ئێشکگرانی ئیمپراتۆری لابەرێت و بەررەس Burrus، کە دڵسۆزی ئەگرپیینا خۆی دەبێت، لە جێگەکەی دابنێت، لە ساڵی٥٤ دا کلۆدیەس، بە ژەهر، دەکوژێت.

هەرچەندە کــلــۆدیەس، کــوڕێکی ١٣ ســاڵی خــۆیی دەبێت  بە ناوی بریتــانیکەس -Bri

(١) سێنێکا؛ فەیلەسووفێکی رۆمانی زۆر بەناوبانگە. ساڵی ٤١ بە فەرمانی کلۆدیەس، بە تاوانباری زینا لەگەڵ "جولیا"ی کچی برای ئیمراتۆر، خوشکی ئەگریپینا، نەفی دەکرێت بۆ کۆرسیکا. دوای ٨ ساڵ کلۆدیەس بانگی دەکاتەوە بۆ رۆما تا ببێت بە مامۆستای نیرۆن.

tannicus، له "میسالینا"ی ژنی «ئەوەی کە بە تاوانباری زینا، کلۆدیەس، ئیعدامی کرد»، بەڵام نیرۆن، دەکرێت بە قەیسەر.

لەو چەند ساڵەدا، سێنێکا، دەتوانێت نیرۆن فێری زۆر شت بکات و بە جۆرێک پەروەردەی بکات کە پایەی بەرزی قەیسەری شایانی بێت و لە رەوشتی بێت. کە بە ١٧ ساڵی دەبێت بە قەیسەر، گەلەکە خۆشی دەوێت و بە پەرۆشەوە[١] پێشوازی دەکات. "نیرۆن"یش، بەڵێنیان دەداتێ کە لەسەر شێوازی ئوگەستەس Augustus[٢] حوکم بکات؛ دڵی بە هەژار و رەنجبەر بسووتێت، باجیان کەمتر لێ وەربگرێت و نەیەڵێت کەس حەقیان بخوات. جگە لەوەی کە هەموو بەڵێنەکانی جێبەجێ دەکات، رێش دەدات بە ئەندامانی پەرلەمان کە بیروباوەڕی خۆیان بە ئازادی دەرببڕن. یەکەم پێنج ساڵی چەرخی نیرۆن، بە هۆی ئامۆژگاری سێنێکا و وریایی "بەررەس"ەوە، زۆر باش دەبێت. سێنێکا، هەر یەک شتی پێ ناخۆش دەبێت؛ ئەوەش ئەوە دەبێت کە دایکی نیرۆن زۆر تەدەخولی رامیاری و کار و کردەوەی دەوڵەتی دەکرد؛ دەیویست، لە رێی کوڕەکەیەوە، حوکمداریی رۆما بکات. لە بەر ئەوە سێنێکا، بە هەموو جۆرێک دەیویست نیرۆن لە دایکی دوور بخاتەوە.

لە ساڵی ٥٥ دا، نیرۆن، حەز لە کچێکی ئازادکراوی (لە بەندەیی ئازاد کراوە) جوان دەکات. ئەگریپینای دایکی، زۆری پێ ناخۆش دەبێت و بە هیچ جۆرێک خۆشەویستی کوڕەکەی بۆ ئەو کچە پایە نزمە، پەسەند ناکات. وەکو سێنێکا، چاوەڕوانی دەکرد، ئەوە دەبێت بە هۆی دوورکەوتنەوەی نیرۆن لە دایکی؛ تا رۆژێک دایکەکەی، پێی دەڵێت– "وەکو چۆن من تۆم کرد بە قەیسەری رۆما، ئاواش دەتوانم لات بەرم و بریتانیکەس، لە جێگەی تۆ، دابنێم." لە دوای ئەوە بە ماوەیەک، لە ئاهەنگێکدا، نیرۆن، یەکێک لە نۆکەرەکانی خۆی دەنێرێت ژەهر دەکاتە ناو جامی بادەی "بریتانیکەس"ەوە و دەیکوژێت.

ئەمجا ئەگریپینا، هەوڵ دەدات لەگەڵ ئۆکتاڤیای ژنی نیرۆن، بەرەیەک[٣] دابمەزرێنێت

(١) بە پەرۆشەوە؛ بە دڵەوە، بە جۆشەوە.

(٢) ئۆگەستەس؛ ناوە ئەسلییەکەی ( گایەس ئۆکتاڤیەس) ە. بە تەبەنا، یولیەس قەیسەر، دەیکات بە کوڕی خۆی. لە دوای کوشتنی یولیەس قەیسەر (باسی کوشتنی یولیەس قەیسەر کراوە لە پاشکۆی (٣) ی ئەم پەرتووکەدا) کە یەکەم دکتاتۆری رۆما دەبێت، شەڕی ناوەخۆ دەست پێ دەکات. شەڕەکە بە سەرکەوتنی ئۆکتاڤیەس دەبڕێتەوە. ئۆکتاڤیەس، پیاوێکی دڵنەرم و راست و ڕەوا دەبێت، گەلەکە خۆشی دەویست، هەروەها خانەدانەکانی رۆماش. پەرلەمان، ناوی دەنێت ئۆگەستەس، یەعنی پیرۆز یاخۆ زۆر بەڕێز و دەیکات بە ئیمپراتۆر. بەوە، حوکمی کۆماری لە رۆما، کۆتایی پێ دێت. وە هەموو ئیمپراتۆرێکی رۆمانی بە ناوی قەیسەرەوە ناو دەنرێت. وشەی "قەیسەر" لە ناوی یولیەس قەیسەرەوە هاتووە.

(٣) بەرەیەک؛ جەبهەیەک.

دژی کوڕەکەی. نێرۆن، دایکی خۆی لە ماڵەوە بەند دەکات و بۆ سێ ساڵ نایەڵێت بۆ هیچ کوێ بچێت. لەو سێ ساڵەدا هیچ شتێک روو نادات بە دڵی گەلەکە نەبێت. تا کوشتنی "بریتانیکەس" یان بە کارێکی ئاسا و پێویست دەزانی بۆ چەسپاندنەوەی ئاشتی لە وڵاتەکەدا.

هەموو شتێک باش بوو تا ساڵی ٥٨ کە نیرۆن دەکەوێتە ناو داوی خۆشەویستی ژنێکی ترەوە بە ناوی پەپاییا سابینا Pappaea Sabina. ژنەکە، سوور دەبێت لەسەر ئەوەی کە نیرۆن، لە پێش هەموو شتێکدا، دەبێت بیهێنێت و بیکات بە ژنی خۆی. شووشی پێ ناکات تا ئەگریپینای دایکی مابێت. نیرۆن ئیقناع دەکات کە دایکەکەی مەترسییەکی زۆری هەیە بۆ نیرۆن خۆیی و بۆ وڵاتەکەش. نیرۆن، لەگەڵ سەرۆکی هێزی دەریاییدا، ئەنیسێتەسAnicetus رێک دەکەوێت کە بە جۆرێک دایکەکەی سواری کەشتییەک بکات و کەشتییەکە نوقم بکات و لە ئاوەکەدا بیخنکێنێت.

ئەنیسێتەس، لە دوورگەیەکدا، ئاهەنگێک ساز دەکات و کەشتییەک دەنێرێت بە شوێن ئەگریپینا. کە کەشتییەکە نوقم دەکرێت، ئەگریپینا، چونکە مەلەوانێکی باش دەبێت، پێی دەکرێت بە مەلە بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. کە هەست دەکات ئەمە پیلان و کردەوەی کوڕەکەیەتی، زوو نامەیەکی بۆ دەنێرێت کە پیلانەکەی سەری نەگرت و بە ساغ و سەلامەتی گەڕاوەتەوە بۆ ماڵی خۆی. ئیتر نیرۆن، کۆمەڵەیەک سەرباز بە سەرۆکایەتی ئەنیسێتەس، دەنێرێت لە ماڵەوە بیکوژن. ئەگریپینا، کە دەیانبینێت لێیان دەپرسێت؛ ئایا هاتوون بۆ کوشتنم؟ کە دەڵێن ئا، پێیان دەڵێت من هەر یەک تکام هەیە؛ ئەو تکایەشم ئەوەیە؛ کە یەکەم خەنجەر بکەن بێرەمدا، "ئاماژەی رەحمی خۆی دەکات" چونکە ئەمە، ئەو ناکەسەی هێنایە ئەم دنیایەوە. ئیتر دەیکوژن.

نیرۆن، کە هەست دەکات چ تاوانێکی گەورەی دژی دایکی خۆی کردووە زۆر دەترسێت کە گەلەکە دژی بوەستێت، بەڵام لە دواییدا سەیر دەکات زۆر کەس چاوڕوونی لێ دەکەن بە بۆنەی رزگاربوونی لەو پێلانگێرە.

لە دوای نەمانی دایکی نیرۆن، بەتەواوی دەکەوێتە ژێر دەست پەپاییا و هاوڕێیەکانی. ساڵی ٦٢ بەررەس، بە ژەهر دەکوژرێت و سێنێکا واز لە ئیشەکەی خۆی دەهێنێت. پەپاییا و تیگێلینەس Tigellinus جێگەکانیان دەگرن؛ پەپاییا، دەبێت بە ئامۆژگاری و تێگێلینەس، چونکە گەوادی بۆ دەکرد، دەیکات بە سەرۆک ئێشکگیران لە جێگەی بەررەس.

نیرۆن، زۆر لە موئامەرە دەترسا، پەپاییا و هاوڕێیەکانیشی ئەو ترسەیان باش بەکار دەهێنا و ئاراستەیان دەکرد دژی دوشمنەکانی خۆیان. لە دوای ماوەیەک، ئۆکتاڤیا، تەڵاق

دەدرێت، نەفی دەکرێت لە دواییدا دەشکوژرێت. ساڵی ٦٣ کە شاری پۆمپەیی[1] بە بوومەلەرزە وێران دەبێت و فارسەکان ئەرمینا، لە دەوڵەتی ڕۆمانی داگیر دەکەن و دەیکەن بە پارچەیەک لە وڵاتەکەی خۆیان، خەڵکەکە دەڵێن؛ ئەوا خوایەکان، تۆڵەی ئەوانە، لە نیرۆن دەسەندنەوە.

## سووتاندنی شاری ڕۆما؛

شەوی ١٨ی تەمووزی ساڵی ٦٤ ڕۆما، ئاگر دەگرت. بۆ ٦ تا ٨ ڕۆژ ڕۆما هەر دەسووتێت. لە ١٤ گەڕەکەکانی ڕۆما، هەر چواریان لە وێرانی ڕزگاریان دەبێت. لە ناو گەلەکەدا وا بڵاو دەبێتەوە کە گوایە بە فەرمانی نیرۆن خۆی، شارەکە ئاگری تێ بەردراوە؛ بۆ ئەوەی لە جێی ئەو خانووە تەختە ناشیرینانەدا، کۆشکێکی جوان بۆ خۆی دروست بکات. دەشڵێن گوایە، لەو کاتەی کە شارەکە دەسووتا و وێران دەبوو، نیرۆن، بە سەرخۆشی، ئەو شیعرانەی دەخوێندەوە کە هۆمیرۆس Homer و ڤێرجل Virgil، وەختی خۆی دەربارەی سووتاندنی شاری تەروادە، نوسیبوویان.[2]

شارەکە کە بینا دەکرێتەوە، زۆربەی خانووەکانی بە بەرد و مەڕمەڕ دروست دەکرێن. هەر لەوێشدا، نیرۆن، کۆشکێکی نایابی زۆر جوان و مەزن بە باخ و باخچەیەکی گەورەوە بۆ خۆی درووست دەکات. ناوی دەنێت "کۆشکی "زێڕین"

لە سەرەتای ساڵی ٦٥ دا موئامەرەیک دژی نیرۆن، دەدۆزرێتەوە. گەلێک لە خانەدانەکانی ڕۆما، هاوبەشییان تێدا دەبێت. سێنێکا و لوکان Lucanی شاعیریش لەگەڵیاندا تاوانبار دەکرێن. نیرۆن، هەموویان لە خاچ دەدات، جگە لە سێنێکا، چونکە کاتی خۆی مامۆستای دەبێت، ڕێی دەداتێ خۆی بکوژێت. ئەویش ناچار دەبێت خۆی بکوژێت.

ئیتر نیرۆن، وەکو شێتی لێ دێت؛ جار بە جار وەکو جۆرە فێیەکی لێ بهاتایە وابوو. لە

(١) پۆمپەیی، شارێکی زۆر کۆنە نزیکی بناری شاخی ڤیسۆڤ (Vesuvius) ە. بە پێی ئەفسانەی یۆنانی، هیراکل (هرقل) بنجی ئەو شارەی داناوە. لە ساڵی ٦٣ دا بە بوومەلەرزە، سەرجەم وێران دەبێت. خەڵکی شارەکە سەرلەنوێ دەست دەکەنەوە بە بیناکردنی. پێش ئەوەی بەتەواوی لێ بنەوە لە بیناکردنەوەی، گڕکانی (بورکانی) ڤیسۆڤ، ساڵی ٧٩، سەرتاپا شارەکە بە خۆڵەمێش دادەپۆشێت. قووڵایی خۆڵەمێشیکە، لە هەندێ جێگەدا، دەگاتە ٢٠ مەتر. کەم کەس ڕزگاری دەبێت. شارەکە، هەر وا بە داپۆشراوی دەمێنێتەوە و لەبیر دەچێتەوە. ساڵی١٧٦٣ دەست دەکرێت بە هەڵکەندنەوەی ئەو خاک و خۆڵەمێشەی شارەکەی داپۆشیبوو. ئێستا، هەموو شارەکە کراوە بە مەتحەف.

(٢) هەرچەندە نیرۆن، پیاوێکی شێت بوو، بەڵام گەلێک ڕۆشنبیر بوو؛ زۆر لە شیعر و ئەدەب و مۆسیقای دەزانی. وەکو گوتمان، سێنێکا، کاتی خۆی مامۆستای بووە.

کاتی یەکێک لەو فێیانەیدا لەقەیەک دەکێشیت بە پەپاییای ژنیدا. پەپاییا، سکی پڕ دەبێت، لە دوای ماوەیک دەمرێت. دوای ئەوە ئەنتۆنینای کچی کلۆدیەس دەخوازێت. کە قبووڵ ناکات شووی پێ بکات، دەیکوژێت. ئەمجا، ستاتیلیا، دوای ئەوەی مێردەکەی دەکوژێت، دەیهێنێت.

لە ساڵی ٦٨ دا سوپای رۆمانی لە فەڕەنسا و ئیسپانیا، یاخی دەبن دژی. کە لەشکری ئێشکگرانی کۆشکەکەی خۆی، بڕیار دەدەن پشتگیری یاخیبووەکان بکەن و گالبا Galba بکەن بە قەیسەر، نیرۆن رادەکات و دەچێت لە ماڵێکدا، نزیکی رۆما، خۆی دەشارێتەوە. هەر لەویشدا ناچاردەکرێت خۆی بکوژێت.